# بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواردەهەمی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## کۆنگرەی گەشەکردن و بەجەماوەریترکردنی خەبات

۲۰ تا ۲٤ی خەرمانانی ۱۳۸۷ هەتاوی

۱۰ تا ۱٤ی سێپتامبری ۲۰۰۸ی زایینی

# پێڕست


- ✓ راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە
- ✓ بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب
- ✓ پەیامەکانی کۆنگرە بۆ ...
- ✓ پەیامی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ کۆنگرە
- ✓ پەیامی کەسایەتییە کوردستانییەکان بۆ کۆنگرە
- ✓ پەیامی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان بۆ کۆنگرە
- ✓ پەیامی کەسایەتییە ئێرانییەکان بۆ کۆنگرە
- ✓ پەیامی حیزبە بیانییەکانی دۆستی حیزب بۆ کۆنگرە
- ✓ پەیامی کەسایەتییە بیانییە دۆستەکانی حیزب بۆ کۆنگرە
- ✓ ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی

# ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بۆ کۆنگرەی ١٤

## سەرەتا

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

**خۆشك‌و برایانی خۆشەویست!**

لە لایەن كومیتەی ناوەندیی حیزبە تێكۆشەرەكەمانەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەكەم بۆ سالۆنی كۆنگرەی چواردەی حیزب، كۆنگرەی گەشەكردن‌و بە جەماوەریتركردنی خەبات.

لە كۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا زیاتر لە چوار ساڵ تێدەپەڕێ. لەو چوار ساڵەدا زۆر ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە رادەی نێونەتەوەیی‌و نێوخۆییدا روویان داوە كە، باسكردن‌و لێكدانەوەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە دەرفەت‌و دەرەتانی زۆری دەوێ، بۆیە ئێمە تێكۆشاوین ئەو ئاڵوگۆڕانەی كە بە شێوەیەك پێوەندییان بە چارەنووسی گەلانی ستەملێكراوی ناوچە، دێموكراسی، مافی نەتەوایەتی‌و بەتایبەت مافی نەتەوەی كوردەوە هەبێ، لێكیان بدەینەوەو، بە پێی ئەو لێكدانەوەیە، سیاسەت‌و ئەركەكانی خۆمان بۆ ماوەی دوای كۆنگرەی چواردە، كۆنگرەی گەشەكردن‌و بە جەماوەریتركردنی خەبات، دیاری بكەین.

بێگومان لێكدانەوەی زانستییانەی ئەم رووداوانەو قامكدانان لەسەر خاڵە هەستیارەكان، یارمەتیدەرێكی باشمان دەبن لە دۆزینەوەی هۆو ئاكامی ئاڵوگۆڕو رووداوەكان‌و بەرچاوڕوونییەكی باش دەبن بۆ نیشاندانی راستەڕێی ساڵانی داهاتووی تێكۆشان‌و خەباتی حیزبەكەمان.

بۆیە پێویستە ئێوە هاوڕێیانی خۆشەویست، بە بەشداریكردنی چالاكانەو بەرپرسانە لە باسەكانی راپۆرتی كومیتەی ناوەندیدا، كەم‌وكوورِی‌و هەڵەكانی راپۆرتەكە راست

بکەنەوە بۆ ئەوەی بە دەنگو بۆچوونی هەمووان، داهاتووی تێکۆشانی حیزبەکەمان دەستنیشان بکەین.

ئەو باسانەی کە لەم راپۆرتەدا پێشکەش دەکرێن، چەند تەوەری سەرەکیی وەك: ١ـ رەوشی نێونەتەوەیی ٢ـ رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ٣ـ رەوشی کورد ٤ـ رەوشی ئێران لە خۆ دەگرنو ئەو پرسە گرنگانەی کە پێوەندییان بە چارەنووسی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێرانەوە هەیە، دەیانهێنینە ئاراوەو لێکدانەوەمان لەسەریان دەبێ.

## ١ـ ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەیییەکان

دوای داڕووخانی بلووکی سوسیالیستی، جیهان لەگەڵ سیستمێکی نوێ بەرەوڕوو بۆتەوە کە چەند ناوەندێکی گرنگی هەیەو بریتین لە: دەوڵەت ـ نەتەوەکان، ناوەندە نێونەتەوەیییەکان، رێکخراوە ناحکوومییەکان (NGO)و، کۆمپانیا زەبەلاحو فرەنەتەوەیییەکان، کە هەرکام لەو ناوەندگەلە بە نۆرەی خۆیان لەسەر بەڕێوەبەریی جیهان کاریگەرییان هەیە. ئەمریکا لەم سیستمە جیهانییەدا گەورەترین زلهێزە، بەڵام بوونی ئەم زلهێزە تاقانەیە لە لایەن بەشێك لە دەسەڵاتەکانی دنیاوە بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکرێ.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی داوە کە ئەویش وەکوو هێزێکی بڕیاردەر دەوری خۆی بگێڕێ، بەڵام بە دوو هۆ لەو هەوڵانەدا سەرکەوتوو نەبووە:

یەکەم: توانای ئەو رێکخراوە بۆ بەرگریکردن لە کردەوە یەك لایەنەکانی وڵاتانی بڕیاردەر زۆر لاوازە.

دووهەم: تا ئێستاش ئەو رێکخراوە لە چوارچێوەی ئوسوولە نادادپەروەرانەکانی ئاکامی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی

پێویست بە سەر خۆیدا بێنێ. یەکێك لەو ئوسووله ناعادلانەیە بریتییە لەوەی کە بە پێچەوانەی ناوەکەی، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە، بەڵکوو رێکخراوی دەوڵەتەکانە کە زۆربەیان لە ئاکامی دابەشکارییە کۆلۆنیالییەکانی ئاکامی دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا دامەزراون. بەشێك لە ئاکامی ئەم دابەشکردنە نادادپەروەرانەیە، بێمافیی دەیان نەتەوەی بندەست و مافخوراو لە سەرانسەری جیهاندایە.

یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی دنیای ئەمڕۆ، ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە دەگرێتەوە کە لە پێوەندیی نێوان وڵاتانی دنیا بەتایبەت وڵاتە بڕیاردەرەکاندا هاتۆتە پێشێ. کەشی زاڵ بە سەر ئەو پێوەندییانە لە سەردەمی شەڕی ساردا بریتی بوو لە ململانێی توندو تەنانەت تێکهەڵچوونە ناڕاستەوخۆکان لە نێوان ئەواندا و هەروەها دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو ناوچەی ژێر کاریگەریی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، بەڵام ئەمڕۆکە کەشی زاڵ بەسەر پێوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتانەدا کەشی دیالۆگ و هاوکاری بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی ئاشتیخوازانە لە بۆچوونە جیاوازەکاندایە، بە چەشنێك کە بەرژەوەندیی هەموویان لە بەرچاو بگیرێ. ئەم هاوکاری و دۆستایەتییە لە چەند ساڵی رابردوودا، بەتایبەت دوای سەرهەڵدان و پەرەگرتنی تیرۆریزم، چەکی ناوکی و... کە بەرژەوەندیی هەموو ئەم زلهێزانە دەخاتە مەترسییەوە، پەرەی گرتووە و رۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەوپێش دەچێ. بەڵام هاوکات دەبینین کە دەوڵەتەکانی رکەبەری ئامریکا و رۆژئاوا، بەتایبەت چین و رووسیە، خوێندنەوە و بۆچوونی جیاوازیان بەرامبەر بەو پرسانە، وەك مەترسیی تیرۆریزم، بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان لە گۆشە و کەناری جیهاندا رەچاو دەکەن. بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینین کە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ لانیکەم هەڵسوکەوتی رێژیمە سەرەڕۆکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێ و لە هێندێ

نموونـــەدا، رێژیمـــەكانیان گـــۆڕی، بـــەڵام ئـــەو دەوڵەتانـــە تـــا ئـــەو جێگایـــەی بەرژەوەندییەكانیان رێگا بدا، پشتیوانی لەو رێژیمانە دەكـەنو ئامـادەی گوشـارهێنان بۆیان نین. لەو ململانێیە جیهانییـەدا، بەشـێك لـە سیاسـەتەكانی رۆژئـاوا بـۆ دژایـەتی لەگـەڵ تیرۆریـزمو پـەرەدان بـە دێموكراسـیو رەچـاوكردنی مـافی مـرۆڤ لـە جیهـانو بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ سیاسەتەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران یەك دەگرنەوە. بەتایبەت كە حیزبـی دێـموكراتی كوردسـتانی ئێـران زیـاتر لـە ٦ دەیەیە كە بۆ دابینبوونی دێموكراسـی خـەبات دەكـاو قوربـانیی تیرۆریزمـی دەوڵـەتیی كۆماری ئیسلامییە، بۆیە لـەو بوارانـەدا خـۆی لـە بـەرەی دژ بـە تـیرۆرو پـەرەدان بـە دێموكراسیدا دەبینێتەوە.

پێناسـەیەكی دیكـەی ئـەم سـەردەمە، پـەرەگرتنی دەوری رێكخـراوە نـاحكوومی (NGO)كانە لە راستای پشتگیری لە مافی مرۆڤ لە واتا بەرینو بەربڵاوەكـەی خـۆیدا. كـارو هەڵسـووڕانی ئـەم رێكخراوانـە لـە پێكهێنـانی وێنەیـەكی نـوێ لـە پێكـەوەژیانی جیهـانیدا، دەورێكـی بەرچـاوی بـووە. ئـەوان لـە بەربـەرەكانێ لەگـەڵ هێـزە سـەركوتكەرەكان، توندوتیـژیو ئیدئۆلۆژییـە چەقبەسـتوەكاندا، هـەنگاوی گرنگیـان ناوە. دەخالەتی مرۆڤانی كـە ئـەمڕۆ وەك ئەسـڵێكی بنـەڕەتی بۆتـە جێگـای پەسـندی جیهانی، یەكێك لە ئاكامەكانی كارو هەڵسووڕانی ئەم رێكخراوانەیە.

رەچـاوكردنی ئەسـڵی دەخالـەتی مرۆڤـانی زەربەیـەكی قـورس بـوو لـە جەسـتەی سیاسـەتی رێئـاڵ پولیتیـك لـە پێوەنـدی لەگـەڵ دەسـت وەرنـەدان لـە كاروبـاری دەوڵەتەكانـدا. گرتنەبـەری ئـەم سیاسـەتە، گیـانی بـە میلیۆنـان كـەس لـە خـەڵكی بێدەرەتانی لە بەرانبەر هێرشو تۆقاندنی حكوومەتـە سـەرەڕۆكاندا پاراسـتووە. وەك ئـەو دەسـتوەردانانەی كـە لـە كوردسـتانی عێـراق بـۆ پێكهـاتنی ناوچـەی پـارێزراو لـە سـەرەوەی مـەداری ٣٦ دەرەجـەو هـەروەها لـە بۆسـنی هێرزۆگـوڤین، تیمـووری

رۆژهەڵاتو کۆسۆڤۆ، بۆ خەڵکانی هەرەشەلێکراوی ئەو ناوچانەو دەستێوەردانی نێونەتەوەیی لە کێشەی دارفوورو ئێتیۆپیو رواندا و ... بەرێوەچوون.

بێگومان رێژیمە دیکتاتۆرو دژی گەلییەکان کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەهۆی تێکۆشانو پەرەگرتنی ئەم رێکخراوانە لە مەترسیدا دەبینن، لە هیچ چەشنە دوژمنایەتیو بەربەرەکانێیەك لەگەڵ ئەم رێکخراوانە درێغی ناکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەوتی مێژوو لە راستای دێموکراتیزاسیۆنو بەجیهانیبوونی بەهاکانی مافی مرۆڤ ـ هەرچەند بە لەسەرەخۆییش بێ ـ بەرەوپێش دەچێ. هیوادارین کە ئەسڵی دەستێوەردانی مرۆڤانی، حکوومەتی ئەو وڵاتانەش بگرێتەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردو نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکە لە دەست چەوساندنەوەو سەرکوت رزگاریان بێو بچنە ریزی ئەو نەتەوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بە مافەکانیان گەیشتوون.

یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی دنیای ئەمڕۆ، جیهانگیریی ئابووریو سیاسەتو ئەو بەرنامانەن کە بەشێك لە خاوەن نەزەران بە سیاسەتی "نئولیبرال"ی ناو دەبەن کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیو پێکهاتەیی قووڵیان لە بواری تێکنۆلۆژی، راگەیاندنو زانست بەدواوە بووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە بێجگە لە کاردانەوەیان بۆ سەر پێوەندییەکانی نێوان هێزە سەرەکییە سەرمایەدارییەکانو پەرەگرتنی هاوکاتی بەربەرەکانیو لێك نیزیکبوونەوەیان لە چوارچێوەی بەدەستەوەگرتنی بازاڕەکانو سەرچاوە سروشتییە ستراتیژیکەکانی جیهان، شوێنەواری نەرێنیی قووڵی لە سەر ژیانی رۆژانەی بە دەیان میلیۆن لە دانیشتووانی گۆی زەوی داناوە.

لە لایەکی دیکەوە بەجیهانیبوون لەسەر بناغەی پەرەپێدانو کەڵەکەبوونی سەرمایە دامەزراوە کە بازاڕی ئازاد، تایبەتیکردنو بەجیهانیکردن لە نیشانە بەرچاوەکانیەتی. لەم نیزامەدا کۆمپانیا زەبەلاحە نێونەتەوەییەکانی سەر بە وڵاتە گەورە

سـەرمایەدارییەکان، ژیـانی بەشـێکی بەرچـاو لـە دانیشـتووانی گـۆی زەوییـان بەدەستەوە گرتـووەو بـەم چەشـنە لـە پێکهێنـانی هـەژاریو نایەکسـانی لـە جیهانـدا، شوێنی بەرچاویان داناوە.

دیارە لە بەرانبـەر ئـەم سیاسەتەشدا، هێـزی نـوێ لـە رادەی جیهـانیو ناوچـەییدا هاتوونەتـە کایـەوەو بـە تونـدی دژی ئـەم دیاردانـە بەربـەرەکانێ دەکـەن. رێکخـراوە کرێکاریـیـەکان، سـەندیکاکان، بزووتنـەوە جووتیاریـیـەکان، رێکخراوەکـانی ژنـان، جووڵانـەوەکانی دژی زۆرداریو جیاوازیـدانان، رێکخـراوە ژینگـەپارێزەکان، رێکخـراوە ناحکوومییەکانو زۆری دیکە لەو بەرەیەدان.

رێکخراوەکانی ژنێواکاڵو یو ئێن پی ئۆو ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست کـە حیزبـی دێموکرات لە هەر سێکیاندا ئەندامە، لە رێزی ئـەو رێکخراوانـەدا جـێ دەگـرن. هاوکـات حیزبی دێموکرات دەبـێ لـەو جـۆرە رێکخـراوە جیهانییانـەی لایـەنگری ئاشـتی، مـافی مرۆڤ، پاراستنی ژینگەو پەرەدان بە دادپەروەری، نیزیـك بێتـەوە، چـوونکە پاراسـتنی کەرامەتی مرۆڤو دابینبوونی دەرەتان بۆ گەشەی ژیانی مرۆڤەکان، یـەکێك لـە ئارمـانو پرەنسیپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

## ٢ـ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، بـەهۆی هەڵکەوتـەی جوغرافیـایی، پێکهاتـەی دانیشـتووانو حەشـیمەتی زۆرو بـازاڕێکی گـەورەی شـتومەكو سەرچـاوە بەرفراوانـە ژێـر زەویو سەرزەوییەکانی، لە کۆنەوە جێگای ململانێو دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکـیو هێـزە نێوخۆییەکان بووەو، لە هـەمان کاتـدا ناوەنـدی گرفـتو کێشـەو ناکۆکیـە ئـایینیو نەتەوەیییەکانە. بەم پێیە سروشتییە کە هێزەکانی رۆژئـاوا یـانی ئـەمریکاو ئورووپـا، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شـەڕی سـارد، لـەم ناوچـەیەدا کەوتوونەتـە ململانـێ بـە

مەبەستی پەرەپێدانی نفووزو دەسەڵاتی خۆیان. هەرچەند لەو مەیدانەدا ئەمریکا شوێنپەنجەی دیار بووە، بەڵام ئوروپپاش هەوڵی داوە کە بە قەدەر خۆی لە ناوچەدا پەل باوێ‌و چارەسەری کێشەکان بە ئاقارێکدا بەرێ کە بەرژەوەندیەکانی دابین بکا، لە لایەکی دیکەوە رووسیەو لەم دواییانەدا چینیش بەدوای بەرژەوەندیی خۆیان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێن.

هێرشی تیرۆریستیی بناژوە ئیسلامیەکانی ئەلقاعیدە بۆ سەر ئەمریکا لە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١دا بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لەو ناوچەیەدا. ئەمریکا بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی لە بەرانبەر هێرشی تیرۆریستیداو، بەو نیازەی کە شەڕ لەگەڵ تیرۆریستەکان لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا بکاو تیرۆریزم لە ماڵی خۆیدا بە چۆکدا بێنێ، هێرشی کردە سەر حکوومەتی تالێبان لە ئەفغانستان‌و حکوومەتی بەعس لە عێراق‌و هەردوو رێژیمەکەی رووخاند. بەڵام بەهۆی بوونی سەرچاوەیەکی دیکەی تیرۆر کە رێژیمی ویلایەتی فەقیهی لە تارانە، نەك هەر بەو هێرشانە تیرۆریزم کۆتایی پێنەهات، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە جاران لە ناوچەدا کەوتە کارو تێکۆشان‌و بنکەو پشتیوانی تازەتریان بۆ پێك هات.

جووڵانەوەی شیعەکان لە عێراقدا کە زۆربەی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دێنن، پاشەکشەی هێزەکانی سووریە لە لوبنان‌و پڕکردنەوەی بەتاڵایی ئەو هێزانە لە لایەن حیزبوڵڵای لوبنانەوە کە هێزێکی شیعەی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیە لە لایەك‌و، بەسترانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان‌و عێراق‌و درێژەکێشانی شەڕی ئەمریکا لەو شوێنانەدا لە لایەکی دیکەوە، بوونە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە سەرەتاوە خەونی ئیمپراتۆریی ویلایەتی فەقیهی بەهۆی (ناردنە دەرەوەی شۆڕش)ی ئیسلامی لە ناوچەو جیهاندا دەبینی، بە نەمانی دوو دوژمنی بەهێزی وەك تالێبان‌و بەعس، بە یارمەتیدانی زیاتری تیرۆریزم، بۆخۆی بوو بە یەکێك لە ناوەندە هەرە

بەهێزەکانی ئاژاوەو تیرۆر لە ناوچەدا. بێجگە لەوانە پرۆژەی رێژیم بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، نیگەرانییەکانی ئەمریکاو ئورووپای زیاتر کرد.

سیاسەتی ئەمریکاو ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ناوچەو چارەسەرکردنیان کەمو زۆر لێک نیزیک بوونەتەوە. لە سێپتامبری ساڵی ٢٠٠٢دا دەوڵەتی ئەمریکا "ستراتیژیی ئەمنییەتی میللی (Notional Security Strategy) راگەیاندو بە "ستراتیژیی ئەمریکا بۆ دنیای پاش ١١ی سێپتامبر" یان "دوکترینی بووش" ناوی دەرکرد.

بەدوای ئەوەدا لە دیسامبری ساڵی ٢٠٠٣دا شووڕای ئورووپا (کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی وڵاتانی ئەندام) لە بروکسێل (ستراتیژیی ئەمنییەتیی ئورووپا)ی Europian Security Strategy پەسند کرد.

لە هەردووکی ئەم گەڵاڵانەدا، کێشەو هەڕەشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە:

- هەژاری، بێکاریو نزم بوونی ئاستی خوێندەواری
- بە چارەسەرنەکراو مانەوەی کێشە ناوچەیییەکان
- نەبوونی ئازادی، دێموکراسیو زاڵبوونی دیکتاتۆری
- شکڵنەگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی
- دیاردەی تیرۆریزم
- مەترسیی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا

دەبینن.

هەردووڵاش لە رێگاچارەی ئەم دیاردانەدا زۆر لێک نیزیکنو، سیاسەتیان لەو پێوەندییەدا تا ئێستاش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەڵوێستو چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردانەیە.

لە سەرەتای خولی یەکەمی سەرکۆماریی جۆرج بووشدا، ستراتیژیی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەمریکا ڕێگای دەدا بەو وڵاتە لە کاتێکدا کە هەست بە مەترسیی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە جێگایەك بکا - ئەگەر بە پێویستی زانی - بە بێ پەسندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - "زەبری بەرگریکەرانە" (Pre - emptive Strike)ی لێبوەشێنێ.

بێجگە لە چینو رووسیە کە بە تەواوی دژی دوکترینی بووش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون، وڵاتانی ئورووپاییش - جگە لە بریتانیا - ئەو هەڵوێستەی ئەمریکایان بە لەژێرپێنانی یاسا نێونەتەوەییەکانو رەچاوکردنی سیاسەتی "خۆ بە میحوەردانانو بایەخ نەدان بە لایەنەکانی دیکە" دەزانیو بە کۆسپی سەر ڕێگای هاوکاریو هاوهەنگاویی نێونەتەوەییان دادەنا.

ئەو برگەیە لە بەڵگەنامەی "ستراتیژیی ئەمنییەتی نەتەوەیی" هەرچەند تا ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە دەوری دووهەمی سەرکۆماریی سەرۆك بووشدا، بەکردەوە وەلا نراو، تەنیا جاروبار لە وەڵامی پرسیارەکاندا وەك ئامرازێکی گوشارو، وەك دوا ئاڵترناتیف ئاماژەی پێ دەکرێ.

ئەو گۆڕانە لە سیاسەتی ئەمریکا نەك هەر ڕێگای بۆ لێك نیزیکبوونەوەی سیاسەتو کردەوەکانی ئەم وڵاتەو ئورووپا لەو ناوچەیەدا خۆش کرد، بەڵکوو بوو بەهۆی نەرمبوونی هەڵوێستی چینو رووسیە لە بەرامبەر ئەمریکادا. یەکێك لە ئاکامەکانی ئەو هاودەنگییە لە ناوچەدا، پەسندکرانی ٣ بڕیارنامەیە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا.

لەم ماوەیەداو بەدوای گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا، ئەکتیف بوونی سیاسەتی ٢ دەوڵەتی بەهێزی ئورووپا، قورسایی هێزی بەتەواوی بەلای ئەمریکادا وەرسووڕاند.

گـۆڕانی حکوومـەت لـە ئاڵمـانو هاتنـە سـەرکاری حیزبـی دێمـوکرات مەسـیحیو بەتایبەت هاتنـە سـەرکاری سـارکۆزی لـە فەرانسـە وەك سـەرۆك کۆمـار، لـە ئـاڵوگۆڕە گرنگەکانی سیاسەتی ئورووپا لەم ماوەیەدا دەژمێردرێ. بـەدوای هێرشـی تیرۆریسـتیی ١١ی سـێپتامبرو هێرشـی ئـەمریکا بۆسـەر عێـراق، فەرانسـەو ئاڵمـان بـە تونـدی دژی هێرشەکە راوەستانو لە ئەمریکا دوور کەوتنەوە. لە حاڵێکدا ئێسـتا ئـەو دوو دەوڵەتـە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بـۆ دژایـەتی لەگـەڵ تیرۆریـزمو بەرنامـە ناوکیـیەکانی ئێـران کۆکنو هەموو پێکەوە سیاسەتی هاوبەش لە ناوچە دەبەنە پێش.

کۆمەڵـە فاکتـەرێکی دیکـەش شـوێنی خۆیـان هـەبووە لـە پێکهـاتنی ئـەو ئـاڵوگۆڕە بەرچاوانەدا کـە گرنگترینیـان پەرەئەسـتاندنی ئیسـلامی رادیکـاڵو مەترسـیی جیـددی تیرۆریزم لە ناوچەو جیهاندا بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانو کردەوەو سیاسـەتەکانی لە هەردووکی ئەم بوارانەدا یارمەتیدەرێکی بـەهێز بـوون بـۆ لێـك نیزیکبوونـەوەی ئـەو لایەنانـە، بەتایبـەت هەرەشـە ئاشـکراکانی لـە وڵاتـی ئیسـرائیل. ئـەو مەترسـییانەش پێویستیان دەکرد کە ئەو لایەنانە بە یەکگرتوویی بەرەورووی ببنەوە. دەرکەوتەی ئەو ئاڵوگۆڕو لێك نیزیکبوونەوانە ـ بەتایبـەت لـە نێـوان ئـەمریکاو ئورووپـادا ـ ئەوەیـە کـە ئەمریکاو ئورووپا رێك کەوتوون کە کێشەی ئیسرائیلو فلستینییەکانو وزەی ئەتۆمیی ئێران چارەسەر بکەن.

بۆ ئەو مەبەستە دوو سیاسـەتی هاوتـەریب لـە نـاوەوەو دەرەوە دەبەنـە پـێش: لـە نـاوخۆ، وتووێـژەکانی نێـوان ئیسـرائیلو رێکخـراوی فـەتح بـە سـەرۆکایەتی مـەحموود عەباس بەردەوامن، لە لایەکی دیکەوە وتووێژەکانی نێوان سووریەو ئیسرائیل هەنگاوی باشی بەرەوپێش هەڵگرتووە، لەو پێوەندییەدا تەنانەت ئیسرائیل بـاس لـە پاشەکشـە لـە بەرزاییـیەکانی گـولانو پاشەکشـە بـۆ هێڵـی ٣٦ دەرەجـەی پـێش شـەڕی نێـوان عەرەبو ئیسرائیل لـە سـاڵی ١٩٦٧ دەکـا. لـە دەرەوەش هـەردووك لایـەنی ئـەمریکاو

ئورووپاو وڵاتانی كەنداوی فارسیش بەرنامەی چڕوپڕیان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل‌و فلستین.

ئەوەی تاكوو ئێستا وەك گرێ كوێرەیەك لەو ناوەدا ماوەتەوەو كۆسپە، ئەو دووبەرەكی‌یەیە كە لە نێوان لایەنەكانی فلستینی‌دا بەردەوامەو تا كاتێك سازانێك لە نێوان حەماس‌و حكوومەتەكەی مەحموود عەباسدا نەیەتە كایەوە، وتووێژی ئیسرائیل لەگەڵ یەكێك لەوان بە ئەنجام ناگا. كۆماری ئیسلامیی ئێران دەوری هەرە سەرەكیی هەیە لە بەهێزكردنی دووبەرەكایەتیی نێوان لایەنی رێكخراوی فەتح‌و حەماس‌و بێ‌ئاكام هێشتنەوەی هەوڵەكانی ئاشتی لە هەموو لایەكەوە. هەرچەند لەم چەند مانگەی رابردوودا وەك باس كرا هەنگاوی بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ كۆتایی‌هێنان، یان لانیكەم كەمكردنەوەی گرژی‌یەكان لەو ناوچەیە هەڵگیراوە، بەو حاڵەش كارو تێكۆشانی زۆرتر هەڵدەگرێ، چونكە مەسەلەكان زۆر ئاڵۆزو پێكەوە گرێدراون.

بەو حاڵەش لە لێكدانەوەو هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەكان، وا چاوەڕوان دەكرێ كە لە ئەگەری سەركەوتنی ئەو هەوڵانەدا ئاڵۆزی‌یەكانی ناوچە بەرەو كەمبوونەوە بچن‌و سەردەمی هێزنواندن‌و دەستتێوەردانی كۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا مەودای بەرتەسك بكرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر هەروا لە سەر بڕیاری پیتاندنی یۆرانیۆم سوور بێ.

لە پێوەندی لەگەڵ كێشەكانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەڵوێستی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ئەوەیە كە:

١ـ پشتیوانی لە مافی فلستینی‌یەكان دەكا بۆ دامەزراندنی وڵاتێكی سەربەخۆو، ژیانێكی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە. لە هەمان كاتدا مافی ئیسرائیلی‌یەكانیشە كە ژیانێكی پڕ لە ئاسایش‌و دوور لە ئاڵۆزی لەگەڵ جیرانەكانیان هەبێ. باشترین رێگاش بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە رەوایانە، وتووێژی ئاشتیخوازانەو سنگ فراوانی‌یە كە پێویستە لە هەردووك لاوە هەنگاوی جیددیی بۆ هەڵگیرێ.

لەم پێوەندی‌یەدا رادەگەیەنین کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیچ چەشنە دوژمنایەتی‌یەکیان لەگەڵ ئیسرائیلدا نیە.

٢ـ لە هەنگاوەکانی ئاشتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشە لەمێژینەیە لە لایەن هەر لایەنێکەوە هەڵگیرێ پشتیوانی دەکاو، دژی هەموو دەستێوەردانێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پەکخستنی ئەم پرۆسەیە.

٣ـ بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کە تا ئێستا لە بۆچوونی رۆژئاوایی‌یەکاندا بە نیسبەت ئەو ناوچەیە باو بووەو، ویستوویانە کێشەی ئەو ناوچەیە لە چوارچێوەی کێشەی نێوان ئیسرائیل‌و فلستینی‌یەکاندا بەرتەسك بکەنەوە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە کێشەی کوردەکان کەمتر لە کێشەی فلستینی‌یەکان نیە.

٤ـ جێگیربوونی سیستمی دێموکراتیك‌و رەچاوکردنی مافی مرۆڤ‌و یەکسانی لە نێوان نەتەوەو ئایین‌و ئایینزاکان، خواستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ سەقامگیری لە ناوچەیە.

کوردەکان بە حەشیمەتێکی نیزیك بە ٣٥ میلیۆن، یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی بێ‌دەوڵەتن کە خاکیان بەدوای شەڕەکانی چالدران‌و یەکەمی جیهانی‌دا دابەش کراوەو ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە لە دژی زوڵم‌و زۆری دەسەڵاتداران بۆ بەدەستهێنانی سەرەتایی‌ترین مافەکانی خۆیان خەباتیان کردوە. ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرانەی خاکی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی دەرحەق بەو گەلە کۆتایی‌یان نەکردوە. هەر ئێستاش کوردەکان لە بەشەکانی تورکیا، ئێران‌و سووریە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی‌و دێموکراتیکی خۆیان خەبات دەکەن.

بۆیە چارەسەری کۆتایی کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کاتێك بە ئەنجام دەگا کە کوردەکانیش بتوانن لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین، لە ژێر زوڵم‌و زۆرداری رزگاریان

بێو بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان بگەن. داخوازی‌یەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچـەکانی کوردسـتاندا، لـە چوارچـێوەی جاڕنامـەی گـەردوونیی مـافی مرۆڤـدا دەگونجێن‌و ئەمەش بەو مانایەیە کە دۆزی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە نیە کـە کوردیـان تێـدا دەژی، بـەڵکوو مەسـەلەیەکە کـە پێوەنـدیی بـە کۆمـەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە هەیەو پێویستە کۆمەڵگای نێونەتـەوەیی بەرپرسـایەتی‌یەکانی خـۆی لەو پێوەندی‌یەدا وەئەستۆ بگرێ‌و نەتەوەی کورد نەك هەر نابێ ببێتە قوربانیی رەوتی ئاشتی‌و سەقامگیری لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەڵکوو دەبێ یـەکێك بـێ لـە بنـەماکانی ئاشتی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست.

## ٣ـ پرسی کورد

لـە سـەردەمی شۆڕشـی زانیـاری‌و پێوەندی‌یـە خێراکانـدا، ئـەو حکوومەتانـەی کـە کوردیان بەسەردا دابـەش کـراوە، نـاتوانن وەك رابـردوو و بـە بێـدەنگی کـورد قەلاچـۆ بکـەن، چـونکە لـە سـایەی ئـەم ئـاڵوگۆڕە بەرینانـەی راگەیانـدن پێکیـان هێنـاوە، داپلۆسین‌و ستەم‌و سەرکوتی ئەو خەڵکـەو هـەروەها نێـوەرۆکی مافخوازانـەی خـەباتی رزگاریخوازیی ئەوان، تاڕادەیەکی زۆر لە جیهان ناسراوە. بەو حاڵەش تا ئێستا کـورد ـ بێجگە لە کوردەکانی کوردستانی عێراق ـ وەك گەورەترین نەتەوەی بێ‌حکوومـەت هـەر لە ژێر ستەم دایەو لە سەرەتایی‌ترین مافەکانی خۆی کە خوێنـدن بـە زمـانی زگمـاکی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە دەسـتی خۆیـەتی، بێبـەش کـراوە. تـا ئێسـتا پرسـی کورد وەك نەتەوەیەك نەکەوتۆتە رۆژەڤی ناوەندە دەسەلاتدارەکان‌و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

ـ لە تورکیە کە بەرینترین خاك‌و زۆرترین حەشـیمەتی کـوردی تێـدا هەڵکـەوتوە، بـە هەزاران گوند بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لەگەڵ خاك یەکسـان

کراون، هەروا بە وێرانی ماونەتەوەو دانیشتوانیان لە پەراوێزی شارە گەورەکان، لە خراپترین وەزعدا ژیان تێپەڕ دەکەن. لەگەڵ ئەوەی کە لەم ٣ ـ ٤ ساڵەی دوایی‌دا زەختی نێونەتەوەیی بۆ سەر حکوومەتی تورکیە بە مەبەستی چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لەو وڵاتەدا کەم‌و زۆر بەردەوام بووە، بەڵام، تا ئێستا حکوومەت دەیەوێ پرسی کوردی ئەو وڵاتە وەك پرسی تیرۆریزم بە جیهان بناسێنێ‌و بە هەموو تواناوە هەوڵی سەرکوتکردنی داوە.

کوردەکان لەو وڵاتەشدا وەك باقیی وڵاتانی حاکم بەسەر کورددا، لە ریزی بێبەشترین حەشیمەتی دانیشتووی ئەو وڵاتەدان. جێی خۆشحاڵی ئەوەیە کە کوردەکانی ئەو وڵاتەش لە خەبات کردن بە چۆکدا نەهاتوون‌و ملیان بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورك کە تواندنەوەی کوردە، رانەکێشاوە. جیاوازی‌یەك کە لەو بەشە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقیی بەشەکانی کوردستان دەبینرێ، ئەوەیە کە خەباتی سیاسی‌و مەدەنی کەم‌و زۆر رێگای بۆ کراوەتەوەو خەڵکی وشیاری ئەو بەشەش بە خۆشی‌یەوە لەو شێوە خەباتە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ویستە دێموکراتیکەکانیان کەڵکی باش وەردەگرن.

ـ خەباتی کورد لە سووریە وەك کوردی هەرکام لە بەشەکانی دیکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە لەو وڵاتەدا کورد خەباتی چەکدارانەی نەکردوە، خەباتی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بەردەوامە. ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ جیاوازی‌دانانی زۆر لە لایەن حکوومەتەوە بەرەوڕوون‌و بە دەیان هەزار کەس لە ناسنامەی ئەو وڵاتەش بێبەش کراون‌و بەم چەشنە تەنانەت مافی هاووڵاتی‌بوونیشیان لێ سەندراوەتەوە. لە ٢ ـ ٣ ساڵی رابردوودا چەندین حەرەکەتی ئیعترازیی خەڵك بە دژی رێژیم رووی داوەو ئەوەش بۆتە هۆی کوژران‌و زیندانی‌کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك‌و پێکهێنانی وەزعی ئەمنییەتیی توندوتیژ بەسەر خەڵکەکەدا. بە عەرەب

کردن‌و گۆڕینی دێموگرافیای ئەو بەشە لە کوردستان بـە هـۆی کۆچـپێدانی عەرەبـەکان لە لایەن حکوومەتەوە، بەتایبەت لە ناوچە سنووری‌یەکانی تورکیەو عێراق.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك پرەنسیپی نەتەوەیی هەمیشـەیی خـۆی، پشتیوانی لە خەباتی مافخوازانەو دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی تورکیـەو سـووریە دەکاو هیواداره حیـزبو هێـزە بەپرەنسـیپو مەسـئوولەکانی هـەرکام لـەو بەشـانە بـە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی‌یە سیاسی ـ ژێئۆپۆلیتیکی‌یەکانی ئـەو بەشـانە، هەلـەکانی بەردەم خەباتی رەوای کورد بقۆزنەوەو هەنگاوی روولـەپێش بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە نەتـەوەیی ـ دێموکراتیکـەکان هـەڵگرن. هـەروەها خوازیـاری ئەوەیـە کـە رێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان‌و بـاقی ناوەنـدە نێونەتەوەیی‌یـەکانی بڕیـار بەدەسـتی جیهـان، رێگایەك بدۆزنەوە بۆ زەخت خستنە سەر حکوومەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان بـە سـەردا دابەش کراوە تا رێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد رەچاو بکەن‌و دەسـت لـە قەڵاچۆ کردنی کوردستان هەڵبگرن.

## کوردستانی عێراق

لـە چوارچـێوەی ئاڵوگۆڕەکـانی پێکهـاتوو لـە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتو لـە گۆشەنیگای کێشەی کوردەوە، رووخانی حکوومـەتی سـەددام حسـێن، بـە گـرنگترین‌و شوێندانەرترین ئاڵوگۆڕ دەژمێـردرێ. بـە پێکهـاتنی حکوومـەتی نـوێی عێـراقو یاسـای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە، کوردستانی عێراق یەکەم بەش لە کوردستانی دابەشکراوە کـە بـە یاساو بەکردەوە دەبێتە خاوەن حکوومەتو دەسەڵاتی بـەڕێوەبردنی نـاوخۆیی‌و کـورد لە پلەی بەرزی دەسەڵاتدا لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی عێراقدا بەشدار دەبێ. لـە دوای ١١ مانگ تەمەنی حکوومـەتی کۆمـاری کوردسـتان لـە شـەڕی دووهـەمی جیهـانی بەملاوە، ئەم ئاڵوگۆڕە گرنگترین ئاڵوگۆڕی ناوچەیە کە بە قازانجی کورد هاتۆتە پێش.

هەرچەند تاكوو ئێستاش كورد لەم بەشە لەگەڵ كۆمەڵێك كۆسپ‌و تەگەرەی نێوخۆیی‌و دەرەكی ڕووبەڕوویەو هێشتا بە بەشێك لەو مافانەی كە لە یاسای ئەم وڵاتە دەستنیشان كراون، نەگەیشتووە، بەڵام هەمووی ئەوانە شتێك لە گرنگیی ئەو دەسكەوتە مێژووییە ناگۆڕن. هەربۆیەش ئەگەر دوژمنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی كورد لە نێوخۆی عێراق‌و دەرەوە، ئەم ئاڵوگۆڕە بە دژی بەرژەوەندی‌یەكانی خۆیان دەزانن‌و بۆ نەهێشتنی یان بەرتەسكردنەوەی تێدەكۆشن، نەتەوەی كوردیش لە هەر كوێی گۆی زەوی بێ، ئەم دەسكەوتە بە دەسكەوتی خۆی دەزانێ‌و بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەكا. ئەم هەستە بێگومان ئەركی سەرشانی بەڕێوەبەرانی حكوومەتی كوردستان‌و نەتەوەی كورد بەگشتی قورستر دەكا، بەم واتایە كە گەلی كورد لە هەموو بەشەكاندا پێویستە بە گوێرەی توانا بەرگری لەو دەسكەوتە بكاو لە سیاسەت‌و كردەوەدا بۆ بەهێزتركردن‌و سەقامگرتوویی ئەم دەسەڵاتە هەوڵ بدا. لە بەرانبەردا حكوومەتی هەرێمی كوردستانیش وەكوو ئەركێك، پێویستە یارمەتیدەری جووڵانەوەی بەشەكانی دیكە بێ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی‌و مافە دێموكراتیكەكانیان، پێكهێنانی هاوسەنگی‌یەكی گونجاو لە نێوان ئەم دوو چاوەڕوانی‌و ئەركەدا، پێویستی بە وردبینی‌و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە لایەن هەموو بەشەكانەوە هەیەو دابینبوونی بەرژەوەندیی هیچ بەشێك نابێ زەرەر بە بەرژەوەندیی بەشی دیكە بگەیەنێ.

## ٤- ئێران

### دیكتاتۆری ئاشكراتر لە رابردوو

ئێران وڵاتێكی فرەنەتەوەیەو هەركام لە نەتەوەكانی پێكهێنەری ئەم وڵاتە - كورد، فارس، تورك، عەرەب، بەلووچ‌و توركمەن - بە شێوەی گشتی لە سەر خاكی خۆیان

نیشتەجێن. بەهۆی زاڵ بوونی حکوومەتە دژی گەلییەکانی پەهلەوی‌و کۆماری ئیسلامییەوە ئەو نەتەوانە لە هەموو مافە نەتەوەیی‌یەکانیان بێبەش کراون.

رەوتی رووداوەکان لە ئێراندا لە ماوەی نێوان کۆنگرەکانی ١٣ ـ ١٤ (١٣٨٣ ـ ١٣٨٧)دا درێژەی ئەو رەوتەیە کە لە ساڵانی پێشترەوە دەستی پێکردبوو، بەو جیاوازی‌یەوە کە رۆژ لەگەڵ رۆژ رادەی دیکتاتۆری‌و زەبرو زەنگ، هەژاری، بێکاری، گەندەڵیی دەزگای بەڕێوەبردن، پشتگیری لە تیرۆریزم، لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ، سەرکوتی جووڵانەوە نەتەوەیی‌یەکان‌و ...، بەرەو ژوورتر هەڵکشاوە.

لەو ماوەیەدا هەرچەند بە رواڵەت هەڵبژاردنێك بۆ مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌و هەڵبژاردنێکیش بۆ سەرۆك کۆمار کراوە، بەڵام هەڵبژاردنەکان لە چەشنی هەڵبژاردنەکانی پێشوو سەرەڕای پێهەڵگوتنەکانی رێژیم‌و هەراوهووریا ساز کردن بۆ چەواشەکاریی رای دەرەوە، دەسکەوتێکیان بۆ خەڵك نەبووە. بەناو نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە چەندین پاڵوێنەدا پاڵێوراون تا هیچ ئاسەوارێکیان لە بیری ئازادو خەمی خەڵکیان پێوە نەبێ‌و ملکەچی بێ‌ئەملاو ئەولای نیزام بن‌و بەرژەوەندی‌یەکەی بپارێزن، بۆیە دەبینین کە مەجلیس هەروا بێ‌دەسەڵاتەو لە بەرامبەر ئەو هەموو بێ‌قانوونی‌و لەژێرپێنانی مافی ئاشکرای خەڵك، نەك هەر بێدەنگو چاولێکەرە، بەڵکوو بێعەداڵەتی‌و ستەمەکان دەسەلمێنێ. ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی مەحموود ئەحمەدی‌نژادیش وەك سەرۆك کۆمار، بەپێچەوانەی هەموو ئەو دروشمانەی کە لە سەردەمی هەڵبژاردندا بە خەڵکی دا، وەرچەرخانێکی تەواو بوو بۆ دواوە، بەو واتایەی کە سەرکوتی جیابیران، جیاوازی دانان‌و هەڵاواردن، سەرکوت‌و بێحورمەتی بە ژنان، کرێکاران‌و هەڵسووڕاوانی مافی نەتەوایەتی‌و باقی توێژەکانی هەژاری وڵات، زیاتر لە رابردوو پەرەی گرت‌و دیکتاتۆری ئاشکراتر خۆی نواند. لەو ماوەدا بەتایبەت لە دوو ساڵی رابردوودا سەرەڕای بەرزبوونەوەی زیاتر لە سێ قاتی نرخی نەوت، هەژاری‌و بێکاری لە وڵاتدا بە

شێوەیەكی بێوێنە پەرەیان گرتو جیرەبەندی بێنزین بە هۆی كەمیو هەروەها بڕانی چەندین كاتژمێر كارەبا لە رۆژدا ئاكامی ئیدارەی سەركۆمارن.

ئەگەر بمانەوێ خاڵێكی ئەرێنی لە ماوەی سەرۆكایەتی ئەحمەدینژاددا باس بكەین، هیچ شتێك نابینینەوە بێجگە لەوەی كە سیاسەتو كردەوەكانی ئەو، رووی درێوی حكوومەتی كۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ ئەو بەشە لە دنیای پێشكەوتوو ئاشكرا كرد كە پێشتر بە گوێرەی پێویست شارەزای سیاسەتە دواكەوتووانەكەی رێژیم نەبوون. گرنگترینی ئەو سیاسەتانە بریتی بوون لە حاشا كردن لە هولوكوستو هەڕەشەی سڕینەوەی وڵاتی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی، دەستێوەردانی ئاشكرا لە كاروباری وڵاتانی ناوچە بەتایبەت عێراق، فلستین، سوریەو لوبنان بە ناردنو پشتگرتنی تیرۆریزمو هەوڵدان بۆ سەرنەگرتنی هەوڵەكانی ئاشتی لەو ناوچەداو، پێداگری لە سەر پیتاندنی ئۆرانیۆم.

پێویستە هەر لێرەدا جارێكی دیكە ئەو راستییە دووپات بكەینەوە كە ئەحمەدینژادو باقی ئورگانو مۆرە وردو درشتەكانی ئەم حكوومەتە، كەمو زۆر وەك یەك بێدەسەڵاتنو تەنیا ئەركیان بەڕێوەبردنی بڕیارو فەرمانەكانی ولایەتی فەقیهە. بۆیە لە دیاریكردن یان بەناو هەڵبژاردنیشیاندا تەنیا پێوانە وەفاداری بە ویلایەتەو هیچی دیكە. ئاكامی ئەو چەشنە سیاسەتانەش هەروەك تا ئێستا ئەزموون كراوە، بێجگە لە خراپتربوونی رۆژبەرۆژ زیاتری ژیانی خەڵكی ئێران شتێكی دیكە نیە. هەر بۆیە هیواداری بە رێفۆرم، ئاڵوگۆڕی بەرەوپێشو باشتربوونی ژیانی خەڵك لە ناوخۆو، حورمەت دانان بۆ یاسا نێونەتەوەییەكان، پشت كردن لە تیرۆریزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم رێژیمەدا، هیوادارییەكی بێئاكامەو بێجگە لە رووخاندنی كۆماری ئیسلامیو هێنانە سەركاری حكوومەتێكی گەلیی دێموكرات، رێگایەكی دیكە بۆ رزگاربوون لە چنگ ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە نیە.

بۆ روونبوونەوەی زیاتری وەزعی ئێران لە ژێر دەسەلأتی کۆماری ئیسلامیدا، هێما بە چەند لایەنی دیکەی کەم و کووڕییەکان دەکەین:

### ئا- لەشساغیو دەرمان

بە وتەی پسپۆڕانی بواری دەرمانی، کەمکردنەوەی بوودجەی دەرمانیو بێهداشت بۆتە هۆی ئەوە تێچووی چارەسەریی نەخۆشییەکان بە رادەیەکی ئەوتۆ هەڵکشێتە سەرەوە کە ئەگەر لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا کەس یان کەسانێك دوچاری نەخۆشی بن، خەرجی چارەسەری نەخۆشی وەزعی ئەوان دێنێتە خوارەوەی هێڵی هەژاری. بە پێی ئەم راپۆرتانە، ئێران لە نێوان ١٩١ وڵاتی دنیادا پلەی ١١٢ی هەیە، کە ئەوەش بە بوونی داهاتی زۆری نەوت، وەزعێکی زۆر خراپە. لە ١٠٪ی بنەماڵە هەژارەکان، ١٥٪ تێچووی پێداویستییەکان خەرجی دەرمانە، لە حاڵێکدا ١٠٪ی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان تەنیا ١/٥٪ تێچووی پێداویستییەکانیان خەرجی دەرمان دەکەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم: لە ساڵانی دواییدا خواردنی مەوادی نشاستەیی چونکە لە لایەن دەوڵەتەوە سوبسیدی بۆ دەدرێو نرخی هەرزانترە، بنەماڵە هەژارەکان ئەو مەوادەیان لە جیاتی گۆشت، میوەو سەوزی بەکار هێناوە، لە ئاکامدا دوو لەسەر سێی خەڵك بەهۆی کەمیی کەلسیۆم دوچاری پووکیی ئێسكو باقیی نەخۆشییەکان هاتوون.

دووهەم: بەهۆی بەرزبوونەوەی خەرجی چارەسەریی نەخۆشییەکان، بنەماڵەکان لە تواناياندا نیە کە لە ژێر چاوەدێریی دوکتوردا بن یان ئەگەر هەستیان بە نەخۆشی کرد، زووتر بڕۆنە لای دوکتور، بۆیە کاتێك بە ناچاری دەچنە لای دوکتور کە نەخۆشییەکانیان زۆر سەخت بووەو چارەسەرکردنەکەی خەرجی یەکجار زۆری تێدەچێ.

راپۆرتی ئەم شارەزایانە هەروەها ئیشارە بە وەزعی خراپی رەوانیی خـەڵك دەكـاو، دەڵێ ٢٠ ـ ٢٥٪ی خەڵك لەگەڵ مەترسیی نەخۆشی‌یە رەوانی‌یەكان بەرەورووون.

نـەبوونی بیمـەی بەساڵداچـووان لـە داهـاتوودا وەزعەكـە لـەوەش خـراپتر دەكـا. راپۆرتەكە دەڵێ ٢٠٪ی ئەو كەسانەی لە شارەكان كـار دەكـەن‌و هێنـدێك لـە كارگاكـان كەمتر لە ٥ كەس كاری تێدا دەكەن، بیمەی خانەنشـینی‌یان نیـە. ٢٠٪ لـە حەشـیمەتی ئێران كە نیزیك بە ١٤ میلیۆن كەس دەگرێتەوەو زیاتر لە قەراخ شـارەكان دەژیـن لـەو حاڵەتەدان. بەكورتی بە پێـی ئامـاری بـانكی ناوەنـدی لـە مـاوەی سـاڵێكدا (٨٤ ـ ٨٥) خەرجی دەرمـان ١٨/٧٪ زیـادی كـردوەو بـە پێـی ئـەم لێكدانەوەیـە رادەی بـەرەوژوو چوونی خەرجی دەرمانی لە ساڵەكانی ٨٦و ٨٧دا زۆر لەو رەقەمە تێدەپەڕێ.

ئێمە لەو باوەڕەداین كە لە ئێرانی داهاتوودا پێویستە دەرمان‌و لەشساغی بۆ چین‌و توێژە كەم داهات‌و هەژارەكان دابین بكرێ.

## ب ـ هەژاری‌و بێدەرەتانی

هەژاری‌و بێدەرەتانی یەكێك لە دیاری‌یەكانی كۆماری ئیسلامی بۆ خەڵكی ئێرانە كە بەداخەوە ساڵ بـە سـاڵ پـەرەگرتووتر دەبـێ. خـەڵكی ئێـران كـە بـە بـوونی وڵاتێكـی دەوڵەمەند لە باری سەرچاوە سەرزەوی‌و ژێرزەوی‌یەكان دەبوایە خەڵكێكی بەختەوەرو خوەشـــگوزەران بـــان، بـــەهۆی سیاســـەتی ئـــابووریی هەڵـــە، بێكیفایـــەتیی دەسەڵاتبەدەسـتان‌و بەتایبـەتی گەنـدەڵی‌و فەسـادی ئیـداری، دوچـاری رەوشـێكی وا هاتوون كە جاری وایە بۆ پەیدا كردنی نانی شـەو یـان چارەسـەری نەخۆشـی منـداڵیان دەست دەدەنە هەموو كردەوەیەكی ناشایست‌و ناڕەوا. دیـارە ئاسـەوارە ناڵـەبارەكانی سـزا نێودەوڵەتی‌یـەكان لـە سـەر ئـابووریی ئێـران بەبۆنـەی پێـداگری رێـژیم لـە سـەر پیتاندنی ئۆرانیۆمیش بەشێك لە هۆیەكانی ئەم هەژاری‌و گرانیەن.

"ناوەندی پارێزەرانی مافی مرۆڤ" لە ساڵی ١٣٨٤دا دەنووسێ لە خۆشبینانەترین هەڵسەنگاندنی رەسمیی دەوڵەتدا، ١٠ تا ١١ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران ناتوانن لانیکەمی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خۆیان دابین بکەن. بەڵام بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی "آفتاب یزد" کە لە رێکەوتی ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٨٧دا بڵاو بۆتەوە، ١٤ میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، کە دەبێتە ٢٠٪ لە حەشیمەتی گشتیی وڵات.

بە پێی ئەم ئامارانە، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٤ ـ ٨٧، لانیکەم ٣ میلیۆن کەس چوونەتە ژێر هێڵی هەژاری.

گۆڤاری ئابووریی "شونیکس" ئاستی ئاوسانی رەسمی لە ١٨٠ وڵاتی دنیا لە ساڵی ٢٠٠٧ی بڵاو کردۆتەوە. بە پێی ئەو ئامارانە، وڵاتی وێنزۆئێلا بە نرخی رەسمی ئاوسانی ١٨٪و کۆماری ئیسلامی بە نرخی ئاوسانی ١٩٪ی لە روتبەی ١٧٥ و ١٧٦ دانو تەنیا چوار وڵاتی ئێریترە، گینە، میانمارو زیمبابوە کە تووشی قەیران بوون، نرخی ئاوسانیان لە ئێران زیاترە.

بێجگە لەوە کە ئەو ئامارانە جێگای بڕوا نین، چونکە لە لایەن ناوەند یان کاربەدەستانی رەسمیی وڵاتەوە راگەیەندراون، شارەزایانی ئابووری لەو باوەڕەدان کە ئاماری راستەقینە لە ئێران زۆر لەو رادەیە زیاترە.

هەڵدانی واقعی ئابووری "رشد واقعی اقتصادی" لە سەرمایەدانانەوە سەرچاوە دەگرێ، لە حاڵێکدا بە پێی ئامارێك کە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە بڵاو کراوەتەوە، نرخی هەڵدانی سەرمایەدانانی ناخالیس لە ١٤٪ لە ساڵی ١٣٨٠ گەیشتۆتە نێزیك بە سفر لە ساڵی ١٣٨٦دا.

بە لەبەرچاوگرتنی وەستانی هەڵدانی سەرمایەدانان، چۆن دەکرێ لەگەڵ بێکاری بەربەرەکانێ بکەی. قووڵایی ئەم تراژیدیایە کاتێك روونتر خۆی دەنوێنێ کە لە بیرمان

نەچێ ٨٠٪ی داهاتی ئەرزیی ئێرانو ٦٠٪ی بوودجەکەی لە داهاتی نەوت دەست دەکەوێو، ئەگەر سەیرێکی قیمەتی نەوت بکەین لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا قیمەتی نەوت زیاتر لە ٣ قات چۆتە سەرێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هەموو داهاتانە، خەڵك رۆژبەرۆژ زیاتر برسیو بێکار دەبێو، حەشیمەتی زیاتر دەکەونە ژێر هێڵی هەژاری.

لێکۆڵینەوەیەکی دیکە باس لەوە دەکا کە پێکهاتەی ئابووریی ئێران، پێکهاتەیەکی نەوتییە. بوونی دامەزراوە هاوتەریبەکان (نهادی موازی)و بونیادە جۆراوجۆرەکان، فەزای ئابووریی وڵاتیان ناڕوون کردوە.

ـ ئەم بونیادانە نیزیك بە نیوەی بەرهەمی ناخالیسی نەتەوەیی (ملی)یان لەبەردەست دایەو، تا ئێستا لە دانیماڵیات چاوپۆشییان لێ کراوەو زۆربەیان سەر بە سوپای پاسداران یان ئاخوندە دەسترۆیشتووەکانن.

ـ لە ساڵی ١٣٨٧دا ٢ میلیاردو ٦٤٣ میلیۆن دۆلار سەرمایە لە ئێران چۆتە دەرێ، ٢٠٠ شیرکەت بەهۆی ئێرانییەکانەوە لە دوبەی سەبت کراون.

ـ لە بەندەرەکانی ئێراندا ١٦٠ ئێسکلە هەیە کە هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەرەوە نیە. گومرگی مێهرئابادی ٥ لە کۆنترۆڵی بەرپرسانی ئەو فرۆکەخانەیەدا نیە، بایی ساڵانەی قاچاخی شتومەك لە ئێراندا لە نێوان یەك میلیاردو ٦٠٠ میلیۆن دۆلار تا ٧ میلیارد راگەیەندراوە، کە زۆربەی لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسداران دایە.

تا رێژیمی کۆماری ئیسلامیو باندە جۆراوجۆرە ئابووریو تاڵانچییەکان لەسەر کار بنو دەستیان بەسەر ئابووریی ئێراندا گرتبێ، قەیرانەکان زیاترو زیاتر دەبنو خەڵکی ئێران هەژارترو کێشەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە.

## ج ـ پەرەگرتنی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی‌یەکان

لە وەزعێکی ئابووریی ئەوتۆدا کە پێشتر ئیشارەی پێ کرا، چوونەسەری رۆژبەرۆژی ئاستی بێکاری، شتێکی چاوەڕوان کراوە. ناوەندی ئاماری ئابووریی ئەمریکا، رادەی بێکاری لە ئێراندا ١١٪ باس دەکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستی‌یەی کە تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە ئێراندا کاریشیان هەیە، رادەی داهاتەکەیان ئەوەندە نزمە کە وەڵامدەری پێویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی ژیانیان نیە، دەکرێ بێنینە بەرچاومان کە حاڵو گوزەرانی ئەو حەشیمەتە بێکارە چەندە سەختو تاقەت پڕووکێنە. بەڵام بێگومان ئاستی بێکاری هەر بەوەندەی کە هەیە راناوەستێو پێ بە پێی چوونەسەری ئاوسانی دراو، داخرانی کارخانەکان، وەزعی خراپی جووتیاران بەتایبەت لەم وشکەساڵی‌یەداو، بەگشتی ئاڵۆزتربوونی وەزعی ئابووریی ئێران، روو لە پەرەگرتن دەکا.

دەردی سەرباری ئەو دەردانەش کە خەڵکی ئێران دوچاری بووە، رووڵە زیادبوونی رادەی موعتادەکانە، کە پڕئێش‌وئازارترین دەردی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی خەڵکی ئێرانەو لە دیاری‌یەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. فەزای حاکم بەسەر خەڵکی ئێراندا بەهۆی گرانی، بێکاری، ناهومێدی بە داهاتوو، نەبوونی سەرگەرمیی سالمو لەوەش زیاتر ئامادەکاریو ئاسانکاریی رێژیم لە بڵاوبوونەوەی ئەم ماددەماڵوێرانکەرەدا، رادەی موعتادەکان بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیادبوون دەکا.

زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، قوتابخانە ناوەندی‌و تەنانەت هێندێك لە سەرەتایی‌یەکان، مەکۆی دوچاربوونی لاوەکان بەو ماددانەن. بۆیە ئێستا یەکێك لە گەورەترین نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێی بنەماڵەکان ئەوەیە کە چۆن منداڵەکانیان لە دوچاربوون بەو بەڵایە بپارێزن، یان ئەگەر کەس یان کەسانێك لە بنەماڵەکانیاندا دوچاری ئەم دەردە بوون، چۆن رزگاریان بکەن.

هەمووی ئەم وەزعەش دەستیان داوەتە یەك‌و فەزایەکی ئالوودەیان پێك هێناوە بۆ پەرەگرتنی لەشفرۆشی، هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکان‌و دەیان دەردی بێدەرمانی دیکە. دیارە رێژیمیش هەروەك لە رابردوودا نەیتوانیوەو زۆرجاریش نەیویستوە بەرگری لە پەرەگرتنی ئەم دیاردە دزێوانە بکا، لە داهاتووشدا ناتوانێ‌و بەداخەوە دەبێ چاوەڕوانی پەرەگرتنی زیاتری ئەو دیاردانە بین. چونکە دەسەڵاتدارانی رێژیم بێجگە لەوەی کە تەنیا لە فکری خۆیاندان‌و ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە سەلامەتی کۆمەڵگاو بەختەوەریی خەڵکە، تەنانەت ئەگەر بیشیانەوێ، بەم عەقڵییەت‌و ئیدئۆلۆژییە دواکەوتووانەیە ناتوانن گرفتەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن. تەنیا رێگایەك کە ئەوان بیریان لێ کردۆتەوە، سەرکوت‌و زەبرو زەنگ نواندن بەسەر خەڵکدایە. ئاکامی ئەم کارەش هیچ نەبووە بێجگە لە تووڕەیی‌و بێزاریی زیاتری خەڵکی وەزاڵەهاتوو کە رۆژبەڕۆژ زیاتر لە رێژیم دوور دەکەوێتەوەو لە بەرانبەریدا رادەوەستێ.

لێرەدا بۆ روونبوونەوەی زیاتر ئاماژە بە ئامارێك دەکەین کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی رێژیمەوە راگەیەندراوە. ماڵپەڕی رەسمیی مەجلیسی رێژیم لە راپۆرتێکدا رادەگەیەنێ: "بە پێی ئامارەکانی ستادی بەرگری لە مادده سڕکەرەکان کە لەبەر دەستدایە، نیزیك بە ٢٠ هەزار قوتابی کەوتوونەتە داوی ئێعتیادەوە."

سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە بە پێی راگەیەندراوی ئەو ماڵپەڕە "لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد، بوودجەی بەرگریی لە ئێعتیاد لە ٢٠ میلیارد تمەنڕا بۆتە نێزیك بە ٢ میلیارد تمەن. ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس رەوتی ئێعتیاد، خۆکوژی، دزی، هەڵاتن لە ماڵ، قەتڵ، شەڕو تاوانە جنسی‌یەکانی (جرائم جنسی) خستۆتە بەر لێکۆڵینەوەو رایگەیاندوە کە لە ئاکامی لێکۆڵینەوە لەو خەسارانەدا دەرکەوتووە کە هێندێك لەوان وەك ئێعتیاد، رەوتێکی بە تەواوی بەرەو هەڵکشانیان هەیە، بەشێوەیەك کە لە دەورەیەکی ٧ ساڵی‌دا، دەگاتە دوو بەرانبەر."

ناوەندی خەبەریی "ئیسنا"، ڕۆژی ٧ی نوامبری ٢٠٠٧ لە قەولی ڕەوانپزیشکی ڕێکخراوی بێهزیستیی خوراسان رادەگەیەنێ ڕادەی موعتادان لە وڵاتدا لە نێوان ٢ تا ٤ میلیۆن کەسە. ئاماری ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی بێهداشت لە ساڵی ١٣٨٠دا بوونی ٣ میلیۆنو ٧٦١ هەزار موعتاد لە وڵاتدا دەسەلمێنێ. ئەو ڕەوانپزیشکە دەڵێ ئەگەر وای دابنێین کە هەر کەسێکی موعتاد لەگەڵ ٥ کەس لە نێزیکانو ئەندامانی بنەماڵەی خۆیدا پێوەندیی هەبێ، ١٠ تا ٢٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئەم وڵاتە بە دەردی "ئێعتیاد"ەوە دەناڵێنن.

دوایین بابەت کە لەو پێوەندیەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، بڵاوبوونەوەی مەواددی موخەددیر لە زیندانەکاندایە. سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێران بەشێوەی فەرمی دانی بەوەدا ناوە کە ماددەی سڕکەر لە زیندانەکاندا بڵاو دەبێتەوەو مەسرەف دەکرێ. ئەو دەڵێ لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا ٨٠ کیلۆگرەم هیرۆئین لە زیندانەکاندا دۆزراوەتەوە.

پرسێکی گرنگو جێگای ئافەرین کە لەپێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانێ دژ بە ئێعتیاد دەبێ ئاماژەی پێبکەین، ئێقدامی ژمارەیەك لە خەڵکی نیشتمانپەروەرو خێرخواز لە کوردستاندایە کە لەگەڵ ئەو هەموو بێدەرەتانییە دەستیان داوەتە دەستی یەکو شوێنگەلێکیان پێکهێناوە بۆ فریاکەوتنی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکانو، لەو ڕێگایەوە توانیویانە ژمارەیەکی بەرچاو لەو تووشبووانە ڕزگار بکەن. ژمارەیەك لە پسپۆڕو شارەزایانی بواری ئێعتیاد لەو شوێنانە خۆبەخشانە کار دەکەنو زەحمەت دەکێشن.

حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە ئەم کارە مرۆڤانییە بێجگە لەوەی کە گیانی ژمارەیەك لە تووشبووان ڕزگار دەکا، هیواش دەبەخشێ بەو بنەماڵانەی کە جگەرگۆشەکانیان تووشی ئەم بەڵا پڕمەترسییە بوون، لە هەمانکاتدا بەربەرەکانییە

لەگەڵ سیاسەتەكانی ڕێژیم كە لە كوردستاندا بە پێی بەرنامە گەنجەكان تووش دەكاو هەر بۆیە پشتیوانییان لێدەكاو داوا دەكا كە خەڵك بەتایبەت دەوڵەمەندەكان هەرچی زیاتر لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵبگرنو بە فریای لاوەكانی وڵاتەكەیانەوە بێن.

***

سەرەڕای هەموو ئەو گرفتو قەیرانە ئابووری، كۆمەڵایەتی، لەشساخیو دەروونییە كە بەهۆی كردەوەو سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامییەوە تووشی كۆمەڵگای ئێران بوون، ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی درێژە بە سیاسەتی بێدەنگو سەركوتكردن، قبووڵنەكردنی هیچ دەنگو ڕەنگێكی جیاوازو هەوڵی فاشیستی بۆ یەكدەستكردنی كۆمەڵگا دەدا.

هەموو داواكاریی مافو ئازادییەك سەركوت دەكا، هیچ ڕەخنەو تەنانەت بۆچوونێكی ساكاری جیاوازیش قبووڵ ناكاو دوژمنی تێكنۆلۆژیی پێشكەوتووی گەیاندنی زانیاریی دروست بە خەڵكە. ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه لەم چوار ساڵەی دواییدا بە دەیان جارو لە دەیان ڕاگەیەندراوی كۆڕو كۆمەڵە جیهانییەكانی لایەنگری مافی مرۆڤو ئازادیدا، وەك پێشێلكەری مافی مرۆڤو سەركوتكەری ئازادی مەحكووم كراوەو بە هاتنە سەركاری ئەحمەدینەژاد، سیمای ڕاستەقینەی كۆماری ئیسلامی بۆ هەموو جیهان ڕوون بۆتەوە.

قەیرانە جۆربەجۆرەكانی نێو كۆمەڵگا، چینو توێژەكانی خەڵكی ئێرانی وەدەنگ هێناوەو خەباتی بەربڵاو بۆ گەیشتن بە مافو ئازادییەكان بەڕێوەن.

ئەمڕۆ لە هەموو گۆشەو كەناری ئێراندا، ئێمە شاهیدی دەربڕینی ناڕەزایەتیی كرێكاران، ژنان، مامۆستایان، خوێندكارانو بەشێك لە كەسایەتییە ئایینییەكانین. ئێستا كەلێنی نێوان خەڵكو حكوومەت زیاتر لە هەموو ساڵانی ڕابردوو بەرینتر بۆتەوەو بەربەرەكانێی خەڵك ڕادیكاڵتر بۆتەوە.

بـەڵام بەداخــەوە ئێســتاش لەبــەر ئــەوەی بەربــەرەکانێی خــەڵك کــەمتر لــە ژێــر ڕێبەرایەتیی حیزبە سیاسیو سەندیکاکانو بە شێوەی یەکگرتوو بەڕێوە دەچێ، ڕێـژیم ئاسانترو بـە نرخێکـی هـەرزانتر بـۆ ڕێژیمەکـەی، حەرەکەتـە ئێعترازیـیەکان سـەرکوت دەکا. هەربۆیەش لەم کاتەدا گرنگترین ئەرکی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی دێمـوکرات ئەوەیە کە یەکگرتوویییەك لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پێك بێـننو بـەم چەشـنە لەسـەر یەکگرتوویی ریزەکانی خەڵکی دژ بە ڕێژیم، شوێندانەر بن.

خاڵی گرنگی جێـی سـەرنج ئەوەیـە کـە لەبـەر جۆربـەجۆریی ویسـتەکانی کۆمـەڵانی خـەڵکی ئێـرانو جیـاوازیی نەتـەوەییو فرەنەتـەوەییبوونی کۆمـەڵگا، تاکـە حیزبێکـی سیاسی بە هەر بیروباوەڕێکەوە، ناتوانێ هەموو ویستو داواکارییەکانی خەڵکی ئێـران لــە خــۆیدا کــۆ بکاتــەوە، بــەڵکوو بــۆ بەرەوپێشچــوونی خــەباتی مافویســتانەو دێموکراسیخوازانە لە ئێران، پێویست بە ڕێککەوتنی هێزو حیزبەکانو پێکهاتنی بەرەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات دەکا.

حیزبی دێموکرات لە مێژ ساڵە لەو پێوەندییەدا هەوڵی داوە، هەرچەند ئاکـامی ئـەو هەوڵانە زۆر کەمتر لـە رادەی چـاوەڕوانییەکانە، بـەو حاڵـەش ئێمـە بـێهیوا نـەبووینو پێویستە لەو بوارەدا هـەوڵی زیـاتر بـدەین. کـۆنگرەی نەتـەوەکانی ئێرانـی فێـدراڵ تـا ئێستا باشترین دەسکەوتی حیزبو باقیی هێزەکانی نەتەوە چەوساوەکانی ئێرانە. ئـەو کۆنگرە سەرەڕای خاڵە لاوازەکانی، تەنیا هاوبەندیی (یەکگرتنی) گشتییە کە تا ئێستا لە ئێرانـدا هەیـە. ئـەرکی حیزبـی دێمـوکرات، پشـتیوانیو بـەهێزترکردنی زیـاتری ئـەم کۆنگرەیەیە.

## خەباتی نەتەوە ستەملێکراوەکان

لەم چەند ساڵەی دواییدا بینەری هەڵکشانی ویستی نەتەوەکان لە ئێران بۆ گەیشتن بە مافو ئازادییەکانیان بووین. لە هەموولایەکی ئەم وڵاتە، نەتەوە ماف لێ زەوتکراوەکان، خەباتی مافویستانەیان گەشەی سەندو هاوکات سەرکوتو زەبروزەنگی رژیم بۆ سەر ئەو نەوتەوانە توندتر و درندانەتر بوو. لە بەلووچستان زۆر بێبەزەییانە خەڵك دەکوژنو بە ناوی "ئەشرار"، دەیان کەسیان ئێعدام کردوە. لە تازەترین نموونەدا رۆژنامەنووسو چالاکی مەدەنی، "یەعقووب مێهرنەهاد"یان لە بەرچاوی هەموو دنیاو سەرەڕای نارەزایی جیهان ئێعدام کرد.

لە ئازەربایجان هێنانە ئارای ویستە سەرەتاییەکانی نەتەوەیی لەگەڵ زیندانو ئەشکەنجە بەرەوڕوو دەبێو سووکایەتیی بە نەتەوەی تورك گەیشتە ئاستی بڵاوکراوە رەسمییەکانی حکوومەت. لەو پێوەندییەدا سووکایەتیی رۆژنامەی "ئێران" لە کاریکاتۆرێکدا نارەزایی بەربڵاوی تورکەکانی لێکەوتەوە. لە سەرانسەری ناوچە تورکنشینەکانی ئێراندا، تورکەکان رژانە شەقامەکانو بە دروشمەکانیان ئەو بێحورمەتییە بە خۆیان مەحکووم کرد. ئاکامی ئەم رێپێوانانە بوو بە هۆی کوژران، بریندار بوونو زیندانی کردنی سەدان کەس لە تورکە ئازەرییەکان.

رێژیم لە خووزستانو دژ بە عەرەبی ئەهوازی، هەموو شێوەکانی سیاسەتی سرینەوەو بێدەنگ کردن بەڕێوە دەباو خۆپیشاندانی خەڵکی عەرەب دژ بە سیاسەتی قەلاچۆی بێدەنگ، بە شێوەیەکی درندانە سەرکوت کردو ئێستاشی لەگەڵ بێ چالاکانو رۆژنامەنووسانی خووزستان، بە تاوانی ئەو خۆپیشاندانە دەخاتە زیندانو ژێر ئەشکەنجەو لە دوایین کردەوەیدا "یووسێف بەنی توروف" چالاکی عەرەبی ئەهوازیی بە تۆمەتی داواکردنی خوێندن بە زمانی زگماکی ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

تورکمەنەکان کە لە باری ئابووری‌یەوە لە هەژاری‌دا راگیراون‌و زۆربەیان لە باری ئایینی‌یەوە لەگەڵ ئایینی رەسمیی ئێران جیاوازی‌یان هەیەو لە ژێر زەبروزەنگی دوولایەنەدان. هەڵسووڕاوانی سیاسی‌یان بە تاوانی جیایی‌خواز، قاچاخچی‌و بەکرێگیراوانی بێگانە زیندانی‌و ئێعدام دەکرێن.

رێژیم سەرەڕای حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی جیاوازو سووکایەتی بە شوناسی ئەو نەتەوانە، بەرامبەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان درێژە بە سیاسەتی هەمیشەیی کوشت‌وبڕو قەڵاچۆکردن‌و سەرکوتی بێ‌بەزەیی‌یانە دەدا. بە خۆشی‌یەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە بە بەشداری چەند رێکخراوی سیاسی‌و ئەنجومەن لە نەتەوەکانی ئێران پێکهاتووە، رادەی ئەندامەکانی ئێستا گەیشتۆتە پازدە رێکخراوو ئەنجومەن. هەوڵی یەکگرتووی ئەم کۆنگرەیە پێکهێنانی ئێرانێکی فیدراڵە کە لەوێدا هەموو نەتەوەکان ئیدارەی ناوچەی خۆیان بەدەستەوە بگرن‌و لە ژێر زوڵم‌و زۆری حکوومەتەکانی ناوەندی رزگاریان بێ، تا ئێستا ئەم کۆنگرەیە تەنیا یەکگرتنێکی ئۆپۆزیسیۆنە کە لە ئێراندا بوونی هەیە.

لە بەرانبەر ئەم یەکگرتنەو برایەتی‌و هاوخەباتیی نەتەوە ستەم لێکراوەکان، رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە لە بەکرێگیراوانی خۆی هێندێك رێکخراو لەو نەتەوانە پێك بێنێ کە ئەرکی پێ‌ئەسپێردراویان بریتی‌یە لە پێکهێنانی دووبەرەکی‌و دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران. لەم دوایی‌یانەدا رێژیم تێکۆشانی خۆی لەم بوارەدا چڕتر کردۆتەوەو، بەتایبەت کار دەکا بۆ دووبەرەکی پێکهێنان لە نێوان کوردو تورکەکانی ئازەربایجان. بۆیە ئەرکی هەموو نەتەوەکانی ئێران ئەوەیە کە وریا بن‌و بە برایەتی‌و خەباتی هاوبەش ئەم پیلانانەی رێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر بەوە نەوەستاوەو تێکۆشاوە بە شێوەیەکی نهێنی‌و لەسەرەخۆ پیلانی گۆڕینی دێموگرافیای ناوچەکانی غەیری فارسنشین

بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان بەڕێوە بەرێ، کە دیارە ئەو پیلانەش نهێنی نەماوەتەوەو نەتەوە وشیارەکانی ئێران لێی ئاگادارن‌و بەپێی توانا بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە پێی سیستمە ئیدئۆلۆژیکی‌یە چەقبەستووەکەی، توانای وەدیهێنانی هیچ داواکاری‌و ویستێکی کۆمەڵگای ئێرانی نیەو تا دێ ستەم‌و سەرکوت بەرامبەر بە خەڵکی ئێران زیادتر دەکا. سەرکوت‌و چەوساندنەوەو کپ کردنی دەنگی مافخوازانەی خەڵك، ڕەوتی هەمیشەیی سیاسەتی ڕێژیم بووەو لەم ساڵانەی دوایی‌دا خێراترو دڕندانەتر بەڕێوە چووەو بەرامبەر بە ویست‌و داواکاریی کۆمەڵانی خەڵك، تیغی لە کالان دەرکێشاوە. لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی ڕێژیمیشدا، هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بە هەموو چین‌و توێژەکانەوە، هاتوونەتە مەیدانی خەبات‌و مافخوازی‌و خەباتی چین‌و توێژە جیاجیاکان پەرەی گرتوە. قووڵتر بوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان، دەرەنجامی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم‌و وشیار بوونەوەی زیاتری خەڵکە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندێك لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یانە دەکەین کە لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا ڕەوتێکی خێراتریان وەپێش گرتوەو گۆڕەپانی خەباتیان پڕ جۆربەجۆری‌و پلۆرال کردوە.

## ـ بزووتنەوەی کرێکاران

سەرەڕای پەسندکردنی یاسای دژە کرێکاری لە مەجلیس‌و دام‌و دەزگاکانی ڕژیم دا، دەستبەسەرکردن‌و بانگکردنی کرێکاران بۆ بێدادگاکانی ڕژیم، پەرەیان ئەستاندوە. دەستبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری لە هەموو شارەکانی ئێران، سەرکوتی ئەندامانی سەندیکای ئوتوبووسڕانیی تاران، سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەی هەموو ناڕەزایەتی‌یەکی کرێکاران‌و بەتایبەت هێرشی دڕندانە بۆ سەر کرێکارانی نارازیی نەیشەکەری هەفت

تەپە، ئـازارو ئەشـكەنجەی چـالاكانی كرێكـاری‌و ... سیاسـەتی رەچـاوكراوی كۆمـاری ئیسلامی بوون.

هەمووی ئەم ستەم‌و زەبروزەنگەش تەنیا لە بەر داخوازی رەوای كرێكاران وەك زیاد كردنی مووچەی كار بە گوێرەی گرانی بـازاڕ، دانـی مووچـەی دواكـەوتوویان كـە جـاری وایە بۆ ماوەی ٨ مانگ نادرێ‌و، لەكار دەرنەكرێن‌و بێكار نەبن. بەڵام وەزعی كرێكارانی كوردستان لەونێوەدا خراپتر لە كرێكارانی بەشەكانی دیكەیە. بە هۆی نەبوونی كـار لـە كوردستان خەڵكی هەژارو بێ‌دەرەتان بۆ پەیدا كردنی كار روو دەكەنە كوورەخانەكان‌و شوێنە دوورەدەستەكان. لەو شـوێنانەش بـە مووچـەی كـەمتر لـە كرێكـارانی خـۆجێی دەیانچەوسێننەوەو هیچ ئۆرگانێكیش بەرگری لە مافە زەوت كراوەكانیـان لـە بەرانبـەر خاوەن كاردا ناكا. بەشێكی زۆر لەو كرێكارانە ساڵانە بـەهۆی نـەبوونی ئاسایشـی كـار، یـان بـە هـۆی هەلومـەرجی دژواری كـار، نـەخۆش‌و كەمئەنـدام دەبـن یـان دەكـوژرێن. بەشێكی دیكەش كە لەبەر نـاعیلاجی روو دەكەنـە كـاری تاقـەتپڕووكێنی كۆڵبـەری لـە ناوچە سنووری‌یەكان، رۆژانە دەكەونـە بـەر دەسـڕێژی بـەكرێگیراوانی رێـژیم‌و گیانیـان لەدەست دەدەن.

كۆماری ئیسلامی رێگەی بە كرێكاران نەداوە كە رێكخراوی كرێكاریی سەربەخۆ پێك پێنن‌و ویست و داواكاری‌یەكیان وەڵام نەدراوەتەوە.

## ـ بزووتنەوەی ژنان

لـەم چـەند سـاڵەی دوایـی‌دا بزووتنـەوەی ژنـان بـۆ دەسـتەبەركردنی مافـەكانیان گوڕوتینێكی زۆری بـەخۆوە بینـی‌و سـەرەڕای سـەركوت و داپڵۆسـینەكانی رژیـم، ئـەم بزووتنەوە كۆڵی نەداوە. رژیم بە دەركردنی یاسای دواكەوتوانەی دژ بـە ژنـان‌و هێنانـە ئارای پلانی بەناو ئەمنییـەتی‌و كۆمەڵایـەتیی جۆربـەجۆر، گوشـاری سـەر ژنـانی زیـاتر

کــردوەو لــە بەرامبــەردا ژنــانی یەکســانیخوازیش بــە کۆبوونــەوەو دەربڕینــی ناڕەزایەتییەکانو خۆپیشاندانو وەڕێخستنی کەمپەین بۆ لابردنی هەڵاواردنو ستەم خەباتیان کردوە.

سەرەڕای سیاسەتەکانی دەسەڵات، ژنان لە ئێران بە دەست کەلتوورە دواکەتوانەکانی کۆمەڵگاشەوە دەناڵێنن.

خاڵی جێگای سرنج لە چالاکیی ژنان لە ئێران، ڕۆڵی بەرچاوو پێشەنگیی ژنانی کورد لەو خەباتە مافخوازنەدایە. لە پێناو ئەم خەباتەی کە ژنانی کورد لە کوردستان دەیبەنە پێش، ژمارەیەکی بەرچاویان تا ئێستا زیندانی کراون. بەڵام هەمووی ئەوانە نەیانتوانیوە وڕەی بەرزی ژنانی وشیاری کوردستان دابەزێنن.

## ـ بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە

توێژی زەحمەتکێشی مامۆستایانی قوتابخانە لە ئێران، تووشی وەپەراوێزخران و ئاوەڕنەدانەوە لە ویستەکانیان بوونو چالاکیی هێمنانەی ئەم توێژە بەتایبەت کۆبوونەوەی هێمنانەیان لە ٢٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٥ لە بەردەم مەجلیسی ڕێژیم بەرەورووی خراپترین سەرکوتو لێدان بۆتەوەو جگە لە سووکایەتی پێکردنو دەسبەسەرکردنی چالاکانی ئەو بەشە، وەڵامێکی دیکە بە ویستەکانیان نەدراوەتەوە. لەم بوارەشدا دەوری مامۆستایانی کورد لە کوردستان بەرچاوە. هەر ئێستا ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان لە زیندانداندو سزای قورسیان بۆ دیاری کراوە.

## ـ بزووتنەوەی خوێندکاران

ڕێژیم وەك هەمیشە زانستگاو خوێندکاری ڕەخنەگری پێ قبوول ناکرێو بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد، هەوڵی سەپاندنی زەختی نیزامی ـ ئیدئۆلۆژیکی لە زانستگاکاندا زیاتر بووە، مامۆستایانی جودابیر وەدەر نراونو پرۆژەی ئیسلامیکردنی زانستگا درێژەی پێ دەدرێ. هەڵسوکەوتی دڕندانەو سەرکوتکەرانە بەرامبەر بە چالاکانی خوێندکاری لە ئێراندا توندتر بۆتەوەو بە دەیان خوێندکار تووشی دەرکردن لە زانستگا، گرتن، ئەشکەنجەو زیندانی درێژماوە بوون. بزووتنەوەی خوێندکاری بە جیاکردنەوەی ڕێگای خۆی لە قۆڵەکانی نێو حاکمیەت، ڕەوتی دێموکراسیخوازی و ڕەخنەی رادیکاڵی گرتۆتە پێش.

***

لە سەرتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم، بەتایبەت لەم ٣ ـ ٤ ساڵەی دواییدا، داخستنی رۆژنامە جیابیرەکان، فیلتەرکردنی سایتەکانو کاناڵە ماهوارەیەکان، محاکمە کردنی رۆژنامەنووسەکانی ناحکوومیو سەپاندنی سزای قورس بەسەر ئەواندا، لە دیاردە بەرچاوەکانی نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێران بوون.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە چۆکدا نەهاتوونو ئەوانیش ئازایانەترو لێبڕاوانەتر لە پێشوو بە گژ هێزە سەرکوتکەرەکەکانی ڕێژیمدا هاتوونەتەوە. بەگژداهاتنەوەی خەڵكو سەردانەنواندنیان، دژکردەوەی توندوتیژیی بەدواوە بووە، بۆیە دەبینین لەو ساڵانەدا ڕادەی ئێعدام تەنانەت ئێعدامی مێرمنداڵان روو لە زیاد بوونە.

لەو ناوەدا، وەزعی منداڵو مێرمنداڵان لەوپەڕی خراپیدایە. بێجگە لەوەی کە لەبەر زۆر بوونی ژمارەی ئەو توێژەو کەم بوونی ڕادەی قوتابخانەکانی پێویستو، هەروەها بەهۆی دابین نەبوونی خەرجی خوێندنی منداڵان لە بنەماڵە هەژارەکاندا، ژمارەیەکی

زۆر لەوان ساڵانە لە دەرس خوێندنو قوتابخانە دوور دەکەونەوەو تووشی چەندەها گرفتی کۆمەڵایەتی دەبن. ئەوانەش کە لە قوتابخانەکاندان، بیرو زەینیان بە کلتووری دواکەوتووانە، توندوتیژی، ئیدئۆلۆژی ئایینی ڕێژیم دەئاخێندرێن. نموونەی بەرچاوی ئەم شێوە پەروەردەیە بەسیجە کە فێر دەکرێن لە سەر هاوکلاسو تەنانەت دایكو بابو دانیشتوانی گەڕەکەکانیشیان خەبەر بێننەوە. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم گەورەترین زەربەیە لە سایکۆلۆژی ئەم مندالانە کە لە داهاتوودا دەبنە بەڕێوەبەری وڵاتو بنەماڵەو، لە ئاکامدا ئەم کلتوورە دژی مرۆڤانییەی کە تێیدا پەروەردە بوون، دەگوێزنەوە بۆ نەسڵەکانی داهاتوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆی لە خەباتو چالاکیی مافویستانەی نەتەوە ستەملێکراوەکان، کرێکاران، ژنان، خوێندکارانو مامۆستایانو بەگشتی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەردەبڕێو بڕوای وایە کە قووڵتربوونەوەی خەباتی نەتەوەکانو چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هیچ وەڵامێکی سەردەمیانەی بۆ ویستەکانی ئەو بزووتنەوەگەلە پێ نیە، بەرەو دارمانو هەرەسهێنان دەباو ئەو بزاڤانە، هۆی قووڵبونەوەی دێمۆکراسیو گەرەنتیی سەقامگیریی سیستمی دێموکراتیك و دادپەروەرانەی داهاتوون.

## د ـ سیاسەتی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی

یەکێك لە بنەماکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنە سەر حوکمی ئەو ڕێژیمە، ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە بوو. دیارە ئاکامی ئەم سیاسەتەش یارمەتیدانو بەهێزکردنی تاقمو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی دیکەو پێکهێنانی ئەم چەشنە گرووپانە بەتایبەت

لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە بەمەبەستی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی. مەبەست لەو کارەش بێهێزکردنی حکوومەتەکانی ناوچەو پێکهێنانی حکوومەتو دەسەڵات لە چەشنی دەسەڵاتی خۆیان بووە. رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئەو ئامانجەدا لە بواری ماڵی، لۆجستیکی، چەکو پەروەردەکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری تەقینەوەو تیرۆر لە هیچ چەشنە یارمەتی‌یەکی ئەو گرووپانە کۆتایی نەکردوە. هەرچەند ئەو رێژیمە لە سەرەتاوە لە راگەیاندنی ئەم دروشمە بە ئاشکرا باکی نەبووەو ئەو ئەرکەی وەکوو ئەرکێکی ئیسلامی خۆی زانیوەو شانازیی پێوە کردوە، بەڵام حکوومەتەکانی ئورووپاو بە تایبەت رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم پرسەیان بە هێند نەگرت تا ئەو کاتەی کە مەترسی‌یەکانی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە بەرۆکی یەك یەکی ئەوانی گرتەوە.

ئاکامی ئەم سیاسەتە بۆ خەڵکی ئێرانیش، هەزینەیەکی زۆری بووە کە قورسایی خستۆتە سەرشانی ئەوان. یارمەتیدان بە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان لە گۆشەو کەناری جیهان، گرتنەبەری پڕۆژەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، دەستتێوەردانی ئاژاوەگێڕانە لە پرسە ناوچەیی‌یەکان، سزای زۆری بۆ ئێران بەدواوە بووەو ئەم سزایانە، یەکێك لە هۆیەکانی هەژاریو برسیەتیی خەڵکی ئێرانە.

لەبەر ئەوەی رێژیم دژی بڕیارو پەیماننامەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەو تەنیا باس لە بایەخە ئیسلامی‌یەکانی شێوەی خۆی لە جیهاندا دەکا، لە دنیادا وەك وڵاتێکی سەرەڕۆ لە ئوسوولو پرنسیپە نێونەتەوەیی‌یەکان ناسراوە. درێژەی ئەم سیاسەتە بەتایبەت لەم ٢ ـ ٣ ساڵەی دواییدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران بەرەو لێواری شەڕێکی پڕمەترسی بکێشرێ کە ئاکامەکەی بۆ کەس پێشبینی ناکرێ.

لـە پێوەنـدی لەگـەڵ سیاسـەتە نێونەتەوەییـەكانی كۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا، رادەگەیەنین كـە ئـەو سیاسـەتە لـە دژایـەتیی تـەواو دایـە لەگـەڵ ویسـتو ئاواتـەكانی خەڵكی كورد لە كوردستانی ئێرانو حیزبی دێموكراتی كوردستان. بۆیە ئێمە:

- پشتیوانی لە ئاشـتی لـە ناوچـەو چارەسـەری ئاڵۆزییـەكان لـە رێگـای دیالۆگـەوە دەكەین

- دژی پەرەگرتنی چەكی ناوكی لە جیهانو ناوچەداین

- بە پێچەوانەی دروشمـەكانی كۆمـاری ئیسـلامی كـە بـە نیـازی دەستڕاگەیشـتن بـە وزەی ناوكییـە بـە مەبەسـتی وەدەستخسـتنی چـەكی نـاوكیو دەیـەوێ ئـەوە بكاتـە ویستێكی نەتەوەیی خەڵكی ئێران، ئێمە رادەگەیەنین كە خەڵكی پێویستییان بـە كـار، نان، ئازادی، دێموكراسیو مافی نەتەوایەتیی خۆیان هەیە.

حیزبـی دێمـوكرات بـە گـوێرەی توانـای خـۆی لەسـەر ئـەم سیاسـەتانە كـە جێگـای پەسندی گەلی كوردو بگرە هەموو نەتەوەكانی ئێرانە، پێ دادەگرێ، تـەبلیغی دەكـاو لە پشتی رادەوەستێ.

## كوردستانی ئێران

كوردستانی ئێران چوار پارێزگای ئیلام، كرماشان، كوردستانو ئازەربایجانی رۆژئاوا لەخۆ دەگرێ. حەشیمەتی ئەم چوار پارێزگایە، بە پێـی ئـەو سـەرژمێرییەی لـە لایـەن رێژیمـەوە سـاڵی ٢٠٠٠ كـراوە، ٧٨٥١٠٠٠ كەسـە كـە نێزیـك بـە ١١/٥٪ی حەشـیمەتی تـەواوی ئێرانـە. بـەرینایی كوردسـتان ١٠٦٥٧٧ كیلـۆمێتری چوارگۆشـەیەو یـەك لـە پازدەی خاكی تەواوی ئێرانە، (شەهید دوكتور قاسملوو لە كتێبی كوردسـتانو كـورددا پێوانـەی ناوچـە كوردنشـینەكانی ئێـران بـە ١٢٤٩٥٠ كیلـۆمێتری چوارگۆشـە بـەراورد دەكا).

هەمووی ئەو وەزعە نالەبارەی كە لە باری ئابووری، سیاسیو كۆمەڵایەتی‌یەوە بەسەر ئێراندا زاڵەو پێشتر باسیان كرا، بە چەند قات بەسەر كوردستانیشدا زاڵە.

كوردستان لە باری ئابووری‌یەوە یەكێك لە دواكەوتووترین بەشەكانی ئێرانە. كارخانەو كارگایەكی ئەوتۆی تێدا نیە كە لانیكەم بەشێك لە پێداویستی‌یەكانی ئەم ناوچەیە بەرهەم بێنێو لە هەمان حاڵدا ببێتە شوێنی كاركردنی ژمارەیەكی بەرچاو لە كرێكاران. روانینی رێژیم بۆ كوردستان، روانینێكی ئەمنییەتی‌یەو بۆیە سەرمایەدارەكانی ئێران ناوێرن لە كوردستان سەرمایەیان وەگەڕ بخەن. تەنانەت بەشێك لە سەرچاوە ژێرزەوی‌یەكان كە لە كوردستان دۆزراونەتەوە وەك كانگای بەردو زێڕ، لە كوردستان بار دەكرێنو لە شارەكانی دەرەوەی كوردستان بە تێچوویەكی زۆرەوە ئامادە دەكرێنو دەنێردرێنە بازاڕەكانی نێوخۆو دەرەوەی وڵات.

زۆربەی ئاوی بەنداوەكانی كوردستان، دەگوێزرێنەوە دەرەوەی كوردستانو بەم هۆیەوە بەهرەیەكی ئەوتۆیان بۆ كوردستان نیە. ئەم شێوە هەڵسوكەوتەی رێژیم لەگەڵ كوردستان بۆتە هۆی ئەوەی كە سەرمایەدارەكانی كوردیش سەرمایەكانی خۆیان لە كوردستان وەگەڕ نەخەنو، ئەگەر بیانەوێ ئەو كارە بكەن، لەگەڵ كۆسپو تەگەرەی جۆراوجۆر لە لایەن رێژیمەوە بەرەوڕوو دەبن. زەرەرو ئاكامە نالەبارەكانی ئەم سیاسەتگوزاریە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانیش روونو ئاشكرایە، بەڵام بۆ ئەوەی كوردستان لە دواكەوتوویی‌دا بمێنێتەوە، ئامادەی قبووڵكردنی ئەو زەرەرو زیانانەشن.

سەرۆكی "ستاد توسعەی پایدار"ی شاری تاران، دەڵێ: "بە پێی ئاخر سەرژمێریی وڵات لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨١دا ٥٤٢٣٦٠ یەكەی پیشەسازی لە پارێزگای تاران ناسراوە، كە ٣٦٠ هەزاری لە مەحدوودەی شاری تاران هەڵكەوتووە. كەڵەكەبوونی یەكە پیشەسازی‌یەكان لە پارێزگای تاران لە هەر كیلۆمیتری چوارگۆشە ٤٧٠ یەكەیە، لە حاڵێكدا كە لە باقیی پارێزگاكان ١٧ یەكە لە هەر كیلۆمیتر دایە."

ئەو لە درێـژەی قسـەکانیدا دەڵـێ: "ئـەو ئامـارە نیشـان دەدا کـە هـۆی بنـەڕەتیی گرفتەکان، نەبوونی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی وڵاتە... ."

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو راستییە بکەینەوە کە لە پارێزگـای کوردسـتانو بـاقیی پارێزگاکـان کـە کوردیـان تێـدا نیشـتەجێیە، نـەك هـەر ١٧ یەکـەی سـەنعەتی لـە کیلۆمیترێکی چوارگۆشەدا نیە، بەڵکوو زۆر لەوە کەمتریش بوونی نیە.

لە "هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتنی پارێزگاکـانی وڵات کـە لـە مـاوەی ساڵەکانی ١٣٨٢ ـ ١٣٦٥" کـراوەو، لـە یەکـەم "کـۆنگرەی ناوچـەیی رێگاکـانی پێشـکەوتنی ئابووریی پارێزگای کوردستان" کە لە رۆژانی ١٧و ١٨ی رەزبـەری ١٣٨٤ لـە دانشـگای ئازادی ئیسلامیی سنە بەڕێوە چوو، خراونەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە.

"ئاکـامی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە دەریدەخـا پارێزگاکـانی بەهرەمەنـدی وڵات وەکـوو سمنان، تاران، یەزد، ئیسفەهانو... وەکوو پارێزگاکـانی پێشـکەوتوو و، پارێزگاکـانی وەك کوردستان، سیستانو بەلووچستان، کرماشان، ئازەربایجـانی رۆژئـاوا، ئـیلامو... وەك پێشنەکەوتوو لە تەواوی برگە ئامارییەکانی ژێر لێکۆڵینەوەدا، لە جیگـای خۆیـان (پێشـنەکەوتوو) ماونەتـەوە. سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە ٤ پارێزگـا کـە کوردیـان تێـدا نیشتەجێیە لەو ئاستەدان."

بێگومان ئاسـتی نزمـی پێشـکەوتوویی پارێزگاکـانی کوردسـتان، لـە سـاڵی ٨٢ڕا تـا ئێستا ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیان لەو بـارەوە بەسـەردا هاتبـێ، ئـاڵوگۆڕ بـەرەو دواوە بـووە نەك بەرەو پێشەوە.

ئـەم جیاوازییـە ئابووریيـەی کـە بەسـەر کوردسـتاندا سـەپاوە، هاوکـات لەگـەڵ سەرکوتو زەبرو زەنگی بێوچانو نەبڕاوەی سەر خەڵك بەتایبەت خوێنـدکاران، ژنـان، کرێکاران، مامۆستایانو رۆژنامەنووسان، ژیانی خەڵکی بە شێوەیەکی ترسناك سەختو دژوار کردوە.

کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆیو بەتایبەت لە ماوەی ٣ ـ ٤ ساڵی دواییدا جینایەتەکانی خۆی بەرانبەر خەڵکی کوردستان درێژە پێ داوە.

بە پێی ئامارێك کە لە سەرچاوەکانی "کوردستان میدیا"، "چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران"و "ئاژانسی هەواڵی موکریان" کۆ کراونەتەوە، لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨دا، لانیکەم ١١٣ کەس گیراون، زیاتر لە ٢٥ کەس کوژراون، ١٤ کەس بریندار کراون، ١٧ خوێندکار دەستبەسەر کراون، ٦٨ چالاکی مافی مرۆڤو NGOکان حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوە کە ماوەی زیندانیەکانیان لە نێوان ساڵێك تا ئەبەدە، ٤ چالاکی سیاسی دوور خراونەتەوە، ١٢ کەس بە شێلاقکاری لەبەر چاوی خەڵك سزا دراون، ١١ کەس بەهۆی مینە چێندراوەکانی رێژیمەوە گیانیان لە دەست داوە.

تەنانەت منداڵانو مێرمنداڵانیش لەو توندوتیژیە بێبەش نەبوونو بە پێی راپۆرتەکان لەو ماوەیەدا، ٤ منداڵ کوژراون کە یەك لەوان ٨ ساڵ تەمەنی هەبووە، ٣ منداڵی دیکە بریندار کراون کە یەکێکیان ٩ ساڵان بووەو دوو کەسیش کە یەکیان ١٢و ئەوی دیکەیان ١٤ ساڵان بووە، گیراون.

ماڵپەڕی "ایران پرس نیوز" دەنووسێ کە تەنیا لە پارێزگای کوردستان ١٨١٢٥٠ نەفەر نیروی ئینتیزامی، نیزامیو ئیتیلاعاتی تێکۆشانیان هەیە، یانی لە بەرانبەر ٨ کەس لە خەڵکی ئەو پارێزگایە ١ نەفەر هێزی سەرکوتکەر خەریکی کارو چالاکیە.

هۆی بنەڕەتیی ئەم هەموو ستەمە ئاشکرایەی کە رێژیم بەسەر خەڵکی کوردیدا سەپاندوە، بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ وشیاریی خەڵكو مل دانەنواندن بۆ ویستی رێژیم.

سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوتو تەبلیغو پیلانانەی کە رێژیم لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا، دژی خەڵکی کورد بەکاری هێناوە، نەك هەر نەیتوانیوە سرنجی خەڵك بۆلای

خۆی رابکێشێ‌و پردێکی بڕوا بە یەکتربوون لە نێوان خۆی‌و خەڵکدا دروست بکا، راست بە پێچەوانە ئەگەر لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی رێژیمدا، ژمارەیەك لە کوردەکان بەهۆی جۆراوجۆرو بەتایبەتی نەناسینی ناوەرۆکی راستەقینەی ئەو رێژیمە لە دەوری هاڵابوون، بە ناسینی رێژیم‌و ئامانجە دژی کوردییەکانی لێی دوور کەوتنەوە.

حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد سەرەڕای پیلانەکانی رێژیم، هەر یەکەی بە گوێرەی توانای خۆی لە نێو خەڵکدا حوزووریان بووەو بە شێوەی نهێنی توانیویانە خەڵکەکە ئۆرگانیزە بکەن‌و ورەیان بەرز رابگرن. بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێین کوردەکان خاوەنی زۆرترین وشیاریی نەتەوەیی‌و رێکخراوترین خەڵکی ئێرانن. بەرچاوترین بەربەرەکانێی گشتی دژی رێژیم لە ماوەی ٤ ـ ٥ ساڵی رابردوودا لە کوردستان رووی داوەو خەڵك ئامادە بوون بایی ئەو بەربەرەکانێ‌یانە بە تەحەممولی زیندان، ئەشکەنجە، جەریمەو تەنانەت ئێعدامیش بدەن. خوێندکارانی کورد نەك هەر لە کوردستاندا دانیشگاکانیان کردۆتە مەکۆی دەربڕینی ناڕەزایەتی بە دژی رێژیم، بەڵکوو لە باقیی دانشگاکانیشدا ئاڵاهەڵگرو پێشڕەوی خەباتی دێموکراسیخوازی‌و نەتەوەیی بوون‌و، ورەیان بە باقیی خوێندکارەکان داوە.

ژنانی پێشکەوتنخوازی کورد لە بەربەرەکانێ دژی رێژیم‌و بەدەستهێنانی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگادا رچەشکێن بوون‌و بە دەیان کەسیان لەو پێناوەدا زیندانی‌و بە شێوەیەکی وەحشیانە ئەشکەنجە کراون. لاوەکانی کورد درەوشاوەترین دەوریان نواندوە لە بەربەرەکانێ دژی رێژیمی ملهۆڕی سەدەکانی نێوەڕاست. ئەوان لە خەباتی چەکداری‌ڕا بیگرە هەتا خەباتی مەدەنی، لە هیچ مەترسی‌یەك سڵیان نەکردۆتەوەو هەمیشە لە ریزی پێشەوەدا بوون.

مامۆستایانی قوتابخانە، کرێکاران، بازاڕیانو باقیی چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریش لەم ساڵانەی دواییدا، ماندوو نەناسانەو نەترسانە لە مەیدانی بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمدا ئامادە بوون.

ڕۆژنامەنووسانو ڕووناکبیرانی دەروەست (متعهد) ئامادە بوون بچنە زیندان، بەڵام لە دەربڕینی دەنگی حەق وێژی خەڵکە ستەمدیدەکەیان ساتێك دوچاری گومانو دوو دڵی نەبوون.

هونەرمەندو ئەدیبو نووسەرانی کورد سەرەڕای ئەوە زمانی زگماکیان لێ قەدەغە کراوە، هونەر لەو وڵاتەدا وەك یەکێك لە بێبایەخترین شتەکان سەیری دەکرێو سەرکوت دەکرێ، بەو حاڵەش ئەم توێژە ملیان بۆ ویستی ڕێژیم رانەکێشاوە. لە تەواوی ئەو ماوەیە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، بە کاری نەپساوە پەرەیان بە زمان، ئەدەبو کلتوور داوەو لە ئاستی ئێرانو تەنانەت دنیادا هونەرو ئەدەبی سەرکوتکراوو لە سێدارەدراوی کوردستانیان بە دنیا نیشان داوە. ئەوان بەم زەحمەتو تێکۆشانە بە دنیایان نیشان داوە کە خەڵکی ئێرانو بەتایبەت گەلی کورد جیاواز لە ڕێژیمی دواکەوتوو و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هۆگری پێکەوەژیانی بە ئاشتی، پێشکەوتنو دێموکراسین.

لەو بوارەدا زۆرن ژمارەی ئەو هونەرمەندو نووسەرانەی کورد کە لە ئاستی جیهاندا ناسراونو خەڵات کراون.

ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی لە ژێر هەموو زەختو بێحورمەتییەکانی ڕێژیم، لایەنی کوردایەتیو نیشتمانپەروەرییان بەر نەداوەو نەبوونەتە بڵیندگۆی تەبلیغی سیاسەتە چەوتو دژی گەلییەکانی ڕێژیم.

ئـەوەی روونـە، کەشـێکی ئەوتۆلـە کوردسـتان دا، دڵخـوازی رێـژیمی دواکـەوتووی کۆماری ئیسلامی نیە، گۆمی مەنگی ئـارامی لـێ دەشـڵەقێنێو رووی راستەقینەی بـە دنیا نیشان دەدا.

مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی، ئازادیو یەکسانی کە زیـاتر لـە نەتـەوەکانی دیکـەی ئێـران ویسـتو داخـوازیی نەتـەوەی کـوردەو لـە پێنـاوی وەدەسـتهێنانیاندا لـە هـیچ مەترسییەك سڵ ناکاتـەوە، لـە قامووسـی رێژیمـدا جێگایـەکیان نیـە، هەربۆیـە رێـژیم تێکۆشەرانی کورد بە شێواندنی رای گشتی، شەڕ لە گەڵ خوداو دژی شۆڕش دەناسێو حیزبــە سیاســییەکانمانو بەتایبــەت حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێــران بــە "تجزیەطلب"و بەستراوە بە ئەمریکا، ئیسرائیلو سەردەمانێك بە شـورەوی ناسـاندوەو بەم پێیە قورسترین سزای بۆ هەڵسووڕاوانی ئەم حیزبانە دیاری کردوون.

حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران کـە هــەڵقوڵاوی ئـەو کۆمــەڵگا زینــدوو و پێشکەوتنخوازەیە، شانازی بە قارەمانەتی، لەخۆبردوویی‌و بوێریی هەموو چینو توێژە جیاجیاکانی خەڵکی وشیاری کوردسـتان دەکـاو، ئامادەیـە لـە پێنـاو گەشـەکردنو بـە جەماوەریکردنی هەرچی زیاتری خەباتی رۆڵە بە ئەمەگـەکانی گـەل، زیـاتر لـە رابـردوو تێبکۆشـێو بـە پشـتیوانیو ئـیرادەی لـەبڕان نـەهاتووی گـەلی کـوردو بـاقیی گـەلانی ستەملێکراوی ئەم وڵاتە، زەمینەی داهاتوویـەکی گەشـترو ژیـانێکی سـەردەمیانەتر بـۆ مرۆڤ لە ئێرانو کوردستاندا بڕەخسێنێ.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

ئێستا کە لە "کۆنگرەی چواردەیەم، کۆنگرەی گەشـەکردنو بـە جـەماوەریترکردنی خەبات" ئامـادەین، لـە حـەوتووەکانی سـەرەتای دەسـتپێکردنی شەسـتو چـوارەمین

ساڵی خەباتی بێوچانی حیزبە خۆشەویستەکەمانین. ٦٣ ساڵ تێکۆشان لە پێناوی ئازادیو رزگاریی گەلێکی ستەملێکراو کە بەرهەمی کارو تێکۆشانی سەدان هەزار کادر، پێشمەرگەو ئەندام، بە نرخی زیندانی، ئەشکەنجەو شەهیدبوونی دەیان هەزار کەس، مێژووی خەباتێکی نەپساوەی خوێناویی پڕ لە ئەزموونە کە نەك هەر لە ئێراندا، بەڵکوو لە ناوچەدا کەم وێنەیە. حیزبی دێموکرات بە درێژایی ئەم تەمەنە سەختو دژوارە، رێبەرانی لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی، لە ژیانی شاخ، زینداناو قوربانیدان‌دا شانبەشانی یەك چوونەتە پێش. رادەی شەهیدبوونی رێبەرانی لە مەیدانی خەباتو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنانی گەلو ئازادی، باشترین شاهیدی ئەو راستی‌یەن.

حیزبەکەمان، بەو مێژووە خوێناویو پڕلە شانازی‌یە، ئێستاش گرنگترینو شوێندانەرترین حیزبی کوردستانی ئێران لە نێوخۆو دەرەوە دایە، بەشێك لە هۆیەکانی ئەم وەزعییەتەش دەگەڕێنەوە بۆ:

### ئا- پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب

سەربەخۆیی سیاسی بە مانای بڕیاردان لە چوارچێوەی قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی نەتەوەیی، بە تایبەت نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانداو بە پێی لێکدانەوەی خودی حیزب، نەك قازانجو ویستی گرووپ یان لایەنێکی دیکە. ئەم سیاسەتە زۆر جاری واش بووە کە لە کورتخایەندا تەنگوچەڵەمەی بۆ حیزب دروست کردوە، بەڵام لە درێژخایەندا قازانجی حیزبو گەلی لێ کەوتۆتەوە.

### ب ـ واقیع بینی

حیزبی دێموکرات لە برگە جیاجیاکانی ساڵانی خەباتو هەلومەرجە سەختو دژوارەکان، یان رۆژانی سەرکەوتنو زێڕینی خەباتدا نە بە چۆکدا هاتوەو نە لەخۆبایی

بووەو دواڕۆژی فەرامۆش نەکردوە، بۆیە دوچاری خۆشخەیاڵی یان داماوی نەبووە. لە ڕۆژانی پرشنگداری کۆمارو سەرەتاکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو حیزبەدا بووە، دوچاری بەرزەفڕی نەبووەو، لەو ڕۆژە سەختو دژوارانەشدا کە ڕێبەرە خۆشەویستو بژاردەکانی بەدەستی غەدرو خەیانەتی حکوومەت شەهید کراون، پشتی نەچەماوەتەوەو ورەی بەر نەداوەو لە ڕێڕەوی ڕاستی خەبات لای نەداوە.

دروشمە بریقەدارو رادیکاڵەکانی لایەنە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کوردو سەرانسەری، پێدا هەڵگوتنو چەپڵە لێدانەکان یان رەخنە وێرانکەرەکان، هیچکام نەیانتوانیوە حیزب لە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیدا بە لاڕێدا بەرن.

## ج ـ ڕاستوێژیو شەفافییەت لەگەڵ خەڵك

حیزبی دێموکرات لەو ماوەیەدا هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ خەڵکی خۆی ڕاستوێژ بێ، بۆیە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە، فریوکارانە، وادەو بەڵێنی بێبنەما، کە ڕەنگە بتوانێ بۆ ماوەیەك دڵخۆشیو ڕەزامەندیی خەڵك فەراهەم بکا، خۆی پاراستوە. ئەم ڕەوشە بۆتە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات جێی متمانەی خەڵك بمێنێتەوەو، ڕاگەیەندنەکانی وەك سەرچاوەی ڕاستییەکان چاوی لێ بکرێو، تەنانەت زۆرجار دوژمنانیش بە سرنجو گرنگیی تایبەتەوە ڕوانیویانەتە ڕاگەیەندنەکانی حیزب.

## د ـ هێزی گەل پشتیوانی لەبڕان نەهاتووی حیزبی دێموکرات

وێڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەمەنی ٦٣ ساڵەی خۆیدا، بێوچان هەوڵی داوە لە ناوخۆی ئێرانو لە دەرەوە، دۆستو لایەنگر بۆ خۆیو جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا زیاتر بکاو لەو پێناوەدا بەشێك لە ئیمکاناتی خۆی سەرف

بکا، بەڵام هیچکات لە بیری نەچۆتەوە کە بەهێزترینو جێی متمانەترین پشتیوانی بزووتنەوەو حیزبەکەمان، نەتەوەی کورد بەگشتیو گەلی کورد لە ئێراندا بەتایبەتییە. باوەڕ بە خەڵك بۆتە هۆی ئەوە کە بۆچوونەکانیان بە گرنگ وەربگیرێ، ڕێز بۆ باوەڕو ئایینیان دابنرێ، حیزب نەبێتە دیاردەیەکی باڵاتر لە خەڵکو ئامانج، بەڵکوو حیزب وەك کەرەسەیەك چاو لێ بکا کە لە خزمەت ئامانجەکانی گەل دایە.

## هـ ـ دیالۆگی ئاشتیخوازانە ڕێگاچارەی ناکۆکییەکان

حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕە پێداگر بووە کە باشترین ڕێگای چارەسەری ناکۆکییەکان، وتووێژی ئاشتیخوازانە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی لایەنەکانە. هەرچەند بە داخەوە زۆر جار دوژمن لەو سیاسەتەی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی زەربەوەشاندن کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆی سوورەو، ئەو ڕووداوە تاڵانەی کە لەو پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاراوەو ئەو زەرەرانەی کە حیزب لەو پێوەندییەدا کردوویەتی، شتێك لە ئەسڵی ئەو مەسەلەیە ناگۆڕێ، بەڵکوو لەو هەنگاوانە ئەزموونی وەرگرتوە بۆ پێداچوونەوەو کەم کردنەوەی خاڵە لاوازەکانی.

## و ـ بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت کردنی سەردەمیانە

یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی سیاسەتو کردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ بیرو هزرە سەردەمیانەکانو پێڕەوکردنو بەرچاوگرتنی دەسکەوتە بەرزە مرۆڤانییەکان بووە. زۆرجار حیزبی دێموکرات بۆ ئەو شێوازە سیاسەتو کردەوەگەلە چ لە نێوخۆی حیزبو چ لە لایەنی دەرەکییەوە کەوتۆتە بەر توانجو پلار، بۆ وێنە لە هێنانەبەرباسو ئەندێشەی سوسیالیزمی

دێموکراتیك لە لایەن ڕێبەری مەزنمان، دوکتور قاسملووی نەمرەوە باسێکی زۆری لە نێوخۆو دەرەوەی حیزبدا هێنایە پێش، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان ڕاستیو دروستیی سیاسەتی حیزبی دێموکراتیان دەرخست. یان دەتوانین ئاماژە بە شێوازی دروستی خەباتی حیزبی دێموکرات لە هەموو کاتەکاندا بکەین کە قەت پەنای بۆ تیرۆرو مرۆڤ رفاندنو بارمتەگرتن نەبردوەو مێژوو سەلماندوویەتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی، حیزبێکی سەردەمیانەیە کە سیاسەتو بۆچوونەکانی مرۆڤتەوەرانەیە.

کۆنگرەی چواردە، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات، وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر درێژەدانی ئەم پرەنسیپانەی کە ئاماژەمان پێکردن، بە پێویستی دەزانێ کە لە سەر ئەم بنەمایانەش پێ داگرێتەوەو بیکاتە چرای ڕێگای خەباتی داهاتووی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لە ساڵانی دوای کۆنگرە.

## ئینزباتو قانوونمەندی

حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددیو بەرپرسەو، دۆستو دوژمنانیش هەر بەو چاوە لێی دەڕوانن. لە خۆڕا نیە کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە، دەکەونە ژێر زەختی کۆماری ئیسلامیو بە سزای قورس مەحکووم دەکرێن. بۆیە ئەو حیزبە هەمیشە لە مەترسیی هەڕەشەو هێرشو پیلانگەلی جۆراوجۆری ڕێژیمدا بووەو دەبێ. ئەگەر ڕەوتی خەبات لە ئێراندا بەرەو گەشەکردنەو هیوا بە سەرکەوتنی دوارۆژ بۆ خەڵك زۆر بەهێزە، لە هەمان کاتدا پێویستە حیزبی دێموکرات لە چاوەڕوانیی ڕۆژانی سەختو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکاندا بێو، تا ئەو کاتەی سەرکەوتنی یەکجاری دەست نەکەوتووەو بەربەرەکانی بەردەوامە، هیچ کات ئەم حاڵەتانە پشت گوێ نەخاو بەردەوام لە ئامادەییدا بێ.

بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم ئامادەییە پێك بێنێو بیپارێزێ، لە پێش هەموو شتێكەوە دەبێ حیزبێكی بەهێز لەباری بیروبڕوا، قایمو یەكگرتوو لە مەیدانی كردەوەدا، قانوونمەندو بە دیسیپلین لە بەڕێوەبردنی قانوونو بڕیارەكاندا بێ. ئێمە كاتێك دەتوانین لە بەرامبەر ڕەشەبای ڕووداوەكاندا بە سەربەرزی بمێنینەوە كە خاوەنی ڕێبەرایەتییەكی یەكگرتووو فیداكار، بەدەنەیەكی ئاگاو ئەركشناس بین. هەرچەند ئەو تایبەتمەندییانە لە ڕابردووشدا لە سەرتاپای حیزبی دێموكراتدا بووە، بەڵام لەم سەردەمەدا، پێویستییەكەی زیاتر هەست پێ دەكرێ، چونكە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا زیاتر لە ڕابردوویەو، ئامادەیی بۆ قۆزتنەوەی هەرچی باشتری بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی گەل، بە هێزی بە نەزمو قانوونمەند دێتە دی. دەبێ جێگەو پێگەی حیزبی دێموكرات لە كوردستانو ئێران بە دروستی بناسینو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئەو پێگەیە بەهێزتر بكەین. ئەو ڕاستییە دەبێ جارێكی دیكە دووپات بكەینەوە، حیزبێك كە ڕیزەكانی لە كەسانی بێباوەڕ، لەرزۆكو دوودڵ پێك هاتبێ، لە بەرامبەر ڕووداوە چاوەڕوان نەكراوەكاندا ناتوانێ خۆ ڕاگرێ.

كۆنگرەی چواردە، "كۆنگرەی گەشەكردنو بە جەماوەریتركردنی خەبات"، لەسەر بڕوای قووڵ بە ئامانجو ویستەكان، یاسامەندیی ڕێكخراوەییو دیسیپلینی ئاگایانەی نێو هەموو ئەندامانی حیزب پێ دادەگرێتەوە.

## ئازادیی ڕادەربڕین

ئازادیی ڕادەربڕین كۆڵەكەی بنەڕەتیی دێموكراسییە. دێموكراسی بە بێ ئازادیی ڕادەربڕین شتێكی نەگونجاوو نامومكینە. ئازادیی ڕادەربڕین لە نێو حیزبدا بە بۆچوونی ئێمە بریتییە لەوەی كە هەر كەسێك لە هەر پلەیەكی تەشكیلاتیدا بێ، مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی خۆی لە هەموو كۆبوونەوەیەكی حیزبیدا دەربڕێ، ڕەخنە بگرێ،

پێشنیار بدا یان بە نووسراوە بیگەیەنێ بە بەرپرسو ئۆرگانەکانی سەرەوە. پێویستە ئۆرگان یان بەرپرسانی پێوەندیدارو هەموو هاوڕێیان، گوێ لە بۆچوونەکانی بگرنو بە حورمەتەوە وەڵامی بدەنەوە.

دەبێ کلتووری ئاوەزی گشتی، راوێژکردنو رێزدانان بۆ رای جیاواز، زۆرتر لە رابردوو بکرێتە کولتووری زاڵ، بە چەشنێك کە جێگایەك بۆ خۆ سەپاندن، خۆ بەزلزانیو سەرەڕۆیی نەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا بڕیارەکانی حیزبی لە لایەن موخالیفو موافقانەوە وەك یەكو بە جیددی بەڕێوە بچێ. حیزبێکی دێموکرات بەو واتایە، حیزبێکی واقیعبینو خاوەن توانای ئاڵوگۆڕە، بڕیارەکانی لە حاڵەتی راوەستاوو چەقبەستوو دێنە دەرێو بە پێی راستییەکانی سەردەم دەگۆڕێن، هەرکات هەست کرا کە بڕیارێك هەڵەی تێدایە، یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی کارەکان ناکاو بە زەرەری حیزب تەواو دەبێ، پێویستە لە زووترین کاتدا بگۆڕدرێو ئەوەی مافی گۆڕینی هەیە ئۆرگانە بڕیاردەرەکەو ئۆرگانی سەرەوەترە، بێجگە لەوە کەس یان کەسانێکی دیکەو ئۆرگانی دیکە مافی گۆڕینی هیچ بڕیارو یاسایەکیان نیە.

هەموو ئەو ئەرکانە لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی رادەربڕیندا، دەبێ بەڕێوە بچن. بۆ ئەوەی هیچ هۆیەك بۆ رەخنەگرتن بەدوور لە چوارچێوەی حیزب نەمێنێتەوە.

رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی گەشەکرنو بەجەماوەریترکردنی خەبات، وێڕای لەبەرچاوگرتنو بەڕێوەبردنی ئەم ئەسڵە گرینگە، ئەرکی سەرشانیەتی کە میکانیزمێك دیاری بکا کە یاسادەروەریو ئازادیی رادەربڕینی نێوخۆی حیزب، پێکەوە پێش بچنو لە سەرتاپای حیزبدا ئەو ئەسڵانە جێگرتووتر بن.

## حیزبی دێموکرات لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ ـ ١٤دا

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب یەکێك لە کۆنگرە گرینگەکانی حیزب بوو. لەڕاستیدا ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەی ئاڵوگۆڕ بوو، دروشمی حیزبی دێموکرات پاش چەند دەیە، لە "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" گۆڕدراو جێگای خۆی دا بە "دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا"، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان پەسند کرا، ژمارەیەکی زیاتر لە کادرە لاوەکان لە ریزی رێبەرایەتیی حیزبدا خۆیان دیتەوە، بەڵام بەدوای بەڕێوەچوونی ئاخربەشی کاری کۆنگرە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب بوو، بەهۆی ناڕەزایەتیی ئەندامانی کۆنگرە لە شێوەی بەڕێوەبردنو هەڵسوکەوتی ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی پێشوو و لە ئاکامدا، دەنگی متمانەیان پێنەدرا. ئەوانەی ساڵانێك لە نێو حیزبی دێموکراتدا بوونو ئیددیعای دێموکراسییان دەکرد، بەدوای دەنگ نەهێنانەوە لە کۆنگرەیەکی دێموکراتیکدا کە بۆخۆیان ئامادەیان کردبوو، بە پێچەوانەی هەموو بڕیارو پرنسیپەکانی حیزبی، دەستیان دایە کارشکێنیکردن دژی رێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە، نەفی کردنەوە، هاندانی ئەندامانو کادرو پێشمەرگە بە لەژێرپێنانی دیسیپلینی حیزبی، هەوڵدان بۆ شکاندنی کەسایەتییەکانی ناو حیزب کە لەگەڵ ئەوان نەبوونو بە کورتی دژایەتی کردنێکی ئاشکرا لەگەڵ حیزب. ئەم وەزعییەتە نیگەرانییەکی قووڵی لە نێو سەرجەم ریزەکانی حیزبدا پێك هێناو تۆوی نیگەرانی بەرامبەر درێژەدانی خەباتی لە دڵی خەڵکدا چاندو دڵی کۆماری ئیسلامیی خۆش کرد.

باسو قسەی جیناحیی بێئاکام، سەرتاپای ئۆرگانەکانی حیزبی گرتەوەو زۆربەی تواناو کاتی حیزبی بە خۆیەوە خەریك کردو لەڕاستیدا حیزبی گەیاندە بونبەست. کۆبوونەوەو وتووێژی رێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ ئەو جەماعەتە لەسەر ویستو

داخوازەكانیان كە ویستو داخوازیی گرووهـی بـوونو لەگـەڵ ئوسـوولو پرنسـیپەكانی حیزب نەدەهاتەوە، ببوو بە كارێكی بێئاكامی رۆژانەو تاقـەت پـڕووكێن. بـەو حاڵـەش رێبەرایەتیی حیـزب بـە هەسـت بـە بەرپرسـایەتیكردنو لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەنـدیی حیزب، ئامادە بـوو بـە لـەخۆبردوویی چـەندین مـانگ ئـەو دانیشـتنانە درێـژە بـداو لـە ئاكامدا لەگەڵ زۆربەی داخوازەكانی ئەوان موافقەت بكا، تەنانەت ئامادە بوو كۆنگرەی چواردەهەم پێش بخا بۆ ئەوەی بە یـەكگرتوویی جـارێكی دیكـە لـە كـۆنگرەدا بەشـدار بینو ئاكامی كاری كۆنگرە قبووڵ بكەینو ملی بۆ راكێشین، بەڵام ئەمجارە كە زانیـانو بەهۆی هەست بە بەرپرسایەتی كردنی رێبەرایەتیی حیزب وتووێـژەكان بـەرەو بـەئاكام گەیشـتن دەچـنو وەڵامـی ئـەرێنی بـە زۆربـەی داخوازەكـانی ئـەوان دەدرێتـەوەو بـەم شێوەیە پاساوێك بۆ كارشكێنییەكانیان نامێنێتەوە، چەندین خاڵیان وەك پێشـمەرجی درێژەدانی دانیشتنەكان دیاری كردو بەم چەشنە ویستی نهێنیـی ئـەوان بـۆ دابـڕان لـە حیزب بۆ هەموو لایەك روون بۆوە.

لە رەوتی ئەم وتووێژو باسو خواستەدا كە لە ماوەی نێوان كـۆنگرەی ١٣ تـا كـاتی جیابوونەوەیان لە حیـزب نێزیـك بـە ٣٠ مـانگی كێشـا، بـە سـەدان كەسـایەتی، حیزبـە كوردییـەكان، نوێنـەری ئەنـدامان لـە نـاوخۆی وڵات، كـادرو پێشـمەرگە، ئەنـدامانی بنەماڵەی شەهیدانو... بە حوزووری یان بە نامە تكایان كرد كـە ئـەو كێشـانە كۆتـایی پێ بێنن بۆ ئەوەی رووداوی ناخۆش لە حیزبدا نەیەتە پێش ـ هەرچـەند ئـەوان زۆرجـار رایانگەیاند كە بە هیچ جۆر مەبەسـتیان جیابوونـەوە لـە حیـزب نیـە ـ بـەڵام سـەرەڕای ئەوەش، لە رێكەوتی ١٣٨٥/٩/١٥دا بە راگەیاندنێك حیزبیان بەجێهێشتو بەم چەشنە زنجیرەیەك كێشەو گرفتی دیكەیان بە شـێوەیەكی دیكـە بـۆ حیـزب پێكهێنـا كـە دوای تێپەڕكردنی نیزیك بە ٢ساڵ ئێستاش درێژەیان هەیە.

دوای ئەوەی حیزبیان بەجێهێشت دیسان دڵسۆزانی حیزب لە هەموو لایەك، کەوتنە نێوانو هەوڵیان دا بۆ یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبو هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب داواکەی ئەوانی قبووڵ کرد، بەڵام بۆ بە ناکام کردنی ئەو هەوڵانەش، ئەو لایەنە پێشنیاری دانانی مەرجی نادێموکراتیکی هێنا ئاراوە کە بێجگە لە روونتربوونەوەی زیاتری ئامانجی ئەم تاقمە بۆ بەجێهێشتنەکەیان، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ نەکەوتەوە.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەدوای ئەم کارەی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم رووداوەی خستە بەر باسو لە ئاکامدا بەرپرسانە بڕیاری دا کە حیزبی دێموکرات هیچ دوژمنایەتی‌یەکی لەگەڵ ئەم جەماعەتە نیەو ئامادەی وتووێژو دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵیانە، تەنیا ئەوەندە کە ئەوان ئێستا کە بە ویستی خۆیان حیزبیان بەجێهێشتووەو رێگایەکی دیکەیان هەڵبژاردوە، ناوێك لەسەر خۆیان دابنێن کە غەیری ناوی حیزبی دێموکرات بێ بە شێوەیەك کە خەڵك بەدیتنی ناوەکان جیاوازیی نێوان حیزبو ئەوان هەست پێ بکەن، ئەو داخوازە داخوازێکی رەواو ئەساسنامەیی بوو، چونکە ئەوان لە کاتی رۆیشتیاندا ٦ ئەندام لە سەرجەم ٢٣ ئەندامی کومیتەی ناوەندیو کەمایەتی‌یەك لە بەدەنەی حیزبیان لەگەڵ بوو، بۆیە ئەم پێشنیارە خرایە بەرچاویانو داوایان لێکردن کە بە مەبەستی قازانجو بەرژەوەندیی جووڵانەوە لە کوردستانی ئێرانو دوورکەتنەوە لە هەر چەشنە ناکۆکی لە داهاتوودا، ئەم پێشنیارە دڵسۆزانەیە پەسند بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵدانە دڵسۆزانەیەش بێئاکام مایەوە.

وێڕای هەموو ئەمانەو پێداگریی ئەم گرووپە لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی خۆیان، کۆنگرەی چواردەیەم، دیاریکردنی چۆنیەتیی شێوەی رەفتار لەگەڵ ئەم گرووپە بە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ دەسپێرێ بۆ ئەوەی، هەرکاتێك

زەمینەی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەو جەماعەتە پێك هات، هەنگاوی پێویست هەڵگرێ.

لەگەڵ تەواوی ئەو گرفتانەدا، تەنیا ئاماژەمان بە بەشێك لەوان لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ ـ ١٤دا کرد، بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات بە تێکۆشانی هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی دڵسۆز، توانی چەند دەسکەوتێکی بەرچاو بەدەست بێنێ.

ناردنی دەنگی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بۆ سەر ماهوارە، دامەزراندنی تلویزیۆنێکی ماهوارەیی لە بواری راگەیاندن، ئەندامەتیی حیزب لە رێکخراوەکانی UNPO، Geneva Callو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، چوونەسەری پلەی ئەندامەتیی حیزب لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست، بە ئەندامبوونی یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنان لەو یەکیەتی‌یانەی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستو بەشداریی نوێنەرانی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی گرنگی نێونەتەوەیی، رێکخستنی چەند حەرەکەتی ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستانو دامەزرانی رێکخراوی خوێندکاری لە ریزی ئەو دەسکەوتانەن کە حیزبەکەمان لەو ماوەیەدا بەدەستی هێناون.

مەسەلەیەکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بەدوای رۆیشتنی ئەو تاقمە لە حیزب، بۆ ماوەیەك هەلومەرجێکی زۆر دژوارمان بۆ هاتە پێش. بەشێك لە ئیمکاناتی راگەیاندن بەهۆی وەزعی تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی حیزبدا نەمان، ژمارەیەك لە هەڵسووڕێنەرانی کاروباری حیزبی لە ئۆرگانە جیاجیاکاندا لەگەڵ ئەو جەماعەتە کەوتنو پشتیان لە حیزب کرد، گوێزتنەوەی شوێنی پێشووی کارکردنمانو نیشتەجێبوون لە شوێنگەلی ناجۆرو نالەبار، سەرەڕای گێرەو کێشەی نەخوازراوی رۆژانە کە یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم کردەوە نابەجێیە بوو، هاوڕێیانمان بە کاری چەند بەرانبەرو ماندوونەناسانە شانیان دایە بەرو جێگا بەتاڵەکانیان پڕ کردەوەو بە

ئیمکاناتێکی زۆر سەرەتایی کارەکانیان راپەڕاند، بە چەشنێك کە کەموکووڕیو بەتاڵایی بە کارەکانەوە بەدی نەدەکرا.

کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەو هەلومەرجە ناسکەدا پشتی رێبەرایەتیی حیزبەکەیان گرتو، رێبەرایەتیش بە کارو هەڵسووڕانی بەرچاو بە بێ دوودڵیو بە هیوابەخشین بە بەدەنەی حیزب، فەزایەکی کەم وێنەیان لە کارو یەکدڵی پێك هێنا کە تەنیا لە حیزبی دێموکراتو لە رۆژانی سەختدا چاوەڕوان دەکرێ.

لە ماوەیەکی کورتدا ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیو ئاشکرا لە حاڵەتی ئەم شۆکەی کە ئەم جەماعەتە پێکیانهێنابوو، هاتنە دەرو وێڕای بەداخبوون لەو رووداوە، لێبڕاوانە رێگای حیزبە خۆشەویستەکەیان گرتە بەرو وەك هەمیشە بە پشتیوانیی بێدریغیان، هیوایان بە رێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەکان بەخشی.

لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی لە هەر جێگایەك سازماندەهی کرانەوەو ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی نیشتمانپەروەر روویان لە ریزی ئەندامەتیو پێشمەرگایەتیی حیزب کرد، بە چەشنێك کە نەك هەر جێگای بەتاڵی هاوڕێیانی پێشوو پڕ بۆوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرچاو، ئەندامانی حیزب روویان لە زیادبوون کرد. بە نیشانەی پێزانینو وەفاداری بۆ ئەو هەموو تێکۆشانو لەخۆبردوویی‌یەی کادر، پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی چواردەهەم، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات، سوپاسو رێزی خۆی پێشکەش بە هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەکا کە لەم برگە هەستیارەی مێژووی حیزبەکەیان ماندوونەناسانە بە کارو تێکۆشانی بێوچان، سەری حیزبەکەیان بەرز راگرت. ئێستا دوای تێپەڕکردنی ئەم ماوەیە هەمووما‌ن حەقمانە شانازی بە حیزبەکەمان، ورەی بەرزی ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکان بکەینو دڵنیا بین کە ئەم بڕوا قایمیو فیداکاریە، دەتوانێ لە رۆژانی سەختریشدا رزگاریدەری حیزبەکەمان بێ.

بەڕێزان!

پەسندکردنی "گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات" بۆ ناوی کۆنگرەکەمان، بڕیارێکی سەردەمیانەو پێویستی‌یەکی هەرە گرنگی خەباتی ئێستامانەو لە هەمان کاتدا قورسایی‌یەکی زیاتر دەخاتە سەر شانمان.

گەشەکردنی حیزب لە باری گەشەپێدانی ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، پێوەندی‌یەکانو باقیی بەشەکانی حیزب، هەروەها گەشەی هزرو زانیاریی یەك یەکی ئەندامانی حیزب، گەشەی ستراکتۆری حیزب لە باری وەگەڕخستنی خوێنی تازە لە شادەمارەکانی حیزبەکەمان بە ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ پەروەردەکردنی زیاتری لاوانو سپاردنی ئەرکی بەرپرسایەتیو بەڕێوەبردن لە ئاستی ڕێبەرایەتیو باقیی ئۆرگانەکانی حیزبی بە لاوانی پێگەیشتوو کە بە خۆشی‌یەوە لە ریزەکانی حیزبەکەماندا ژمارەیان زۆر بەرچاوەو گەشەکردنیانو هەڵدانیان لە تەنیشت کادرە بە ئەزموونەکانی حیزبی کە لە کورەی خەباتی چەندین ساڵەدا قاڵ بوونەتەوە، بەشێك لەو ئەرکە قورسەیە.

سەبارەت بە جەماوەری‌تر کردنی خەبات، دەبێ بڵێین هەرچەند حیزبی دێموکرات هەمیشە حیزبێکی جەماوەری بووە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان وا دەخوازن کە خەباتەکەمان لەوەش زیاتر بە جەماوەری بکەین. پێوەندی‌یەکانمان لە ڕێگای ڕێکخستنو ڕاگەیاندنەوە لەگەڵ خەڵك زیاتر پەرە پێ بدەین، سیاسەتو بەرنامەکانی حیزب کە سیاسەتی ئەمڕۆییو پێشکەوتوون، هەڵسووڕتر لە پێشوو بەرینە نێو کۆمەڵانی خەڵك. دەبێ هەرچی زیاتر خەبات لە نێو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا، قووڵتر کەینەوەو خەڵکی زۆرتر بە هەر شێوەیەکی گونجاو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەو ئازادیو یەکسانیخوازانەدا بەشدار بکرێن، تا هەم سەرکەوتنی خەبات مسۆگەرتر بکرێو هەم لە سەرکەوتندا هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بەشداربنو بە هەموان

داهاتوو دیاری بکرێ. حیزبی ئێمە پوتانسیەلی ئەوەی هەیەو دەتوانێ ئەم ئەرکە قورس‌و چارەنووسسازانە وەئەستۆ بگرێ‌و بە سەربەرزی‌یەوە بیانگەیەنێتە ئامانج. بۆ بە جەماوەریترکردنی خەبات، پێویستمان بە ورەو ئیمانی بەرز، سنگ فراوانی، نرخدانان بۆ بیرو باوەڕی خەڵك‌و لێبوردەیی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە لە هەموو شێوەکارێکی دێموکراتیك‌و پێشکەوتووانە کەڵك وەربگرین تا سیستمی داهاتوو بە مانای دروستی وشە دێموکراتیك‌و خەڵکی بێ.

ــ سەرکەوێ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبەکەمان، کۆنگرەی گەشەکردن‌و بەجەماوەریترکردنی خەبات

ـ سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری‌و دێموکراسی، لە سەروویانەوە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی

ـ سڵاو لە گەلی وشیارو قارەمانی کورد، پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ـ سڵاو لە زیندانیانی سیاسی، بەتایبەت زیندانیانی سیاسیی کوردستان کە هێمای ورەو وشیاری نەتەوەکەمانن

ـ سڵاو لە ژنان، خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان، کرێکاران، لاوان‌و هەموو ئەو چین‌و توێژانەی کوردستان کە بۆ دابینبوونی مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن

ـ سڵاو لە حیزبی دێموکرات، ئاڵاهەڵگری خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان

ــ پتەوتر بێ هاوخەباتیی نەتەوەکانی ئێران لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانیان

ـ نەمان بۆ ڕژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

***

# بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# پەسندکراوی کۆنگرەی چواردەهەم

# پێشەکی

کوردستان نیشتمانی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵکەوتوە، ناوچەیەك کە کۆمەڵێك ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو ناوچەیە شوێنی سەرهەڵدانی چەند ئایینی جیاوازە، کە هەرکام لقی جۆراوجۆریان لێ بۆتەوە. هەروەها چەندین نەتەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێن کە هەرکام خاوەنی فەرهەنگو کەلتووری تایبەت بە خۆیانن. ئەو پێکهاتە فرەچەشنە، لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەبەر بێبەشکرانی بەشێك لە گەلانی ئەو ناوچەیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیانو جێگیرنەبوونی دێموکراسی بووە بە مەکۆی کێشەو گرفتەکان.

کورد گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لەو ناوچەیە دایە. خاکی کوردستان لەپاش شەڕی چاڵدران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینیدا لە نێوان دوو ئیمپراتۆری عوسمانیو سەفەویدا بە کردەوە دابەش کراو لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینیدا بە واژۆی پەیمانێکی دژە کورد لە نێوان شاعەبباسی سەفەویو سوڵتان مورادی عوسمانیدا، بە فەرمی ڕاگەیەندرا. دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی، خاك و خەڵکی کوردستان جاریکی دیکە بەرەورووی دابەشکردنێکی تازە بوونەوە و بە سەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا دابەش کرایەوەو لە هەموو بەشەکانیدا مافی نەتەوایەتی پێشێلکراو ڕەوتی بێمافیی نەتەوەی کورد، لایەنی یاساییو حقووقی بە خۆیەوە گرت.

## خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان

تێکۆشانی نەتەوەیی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە کوردستانی ئێران، بەشێك لە خەباتی گشتیی نەتەوایەتیی کوردە کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە، بە گەشەکردنی هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

سەری هەڵداوە. لە ساڵی ١٨٨٣ بەدواوە بە دەستپێكردنی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە دژی هەر دوو دەسەڵاتی عوسمانیو قاجارو بە هێنانەگۆڕی داخوازیی دامەزرندانی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی، بەردی بناغەی بیری نەتەوەیی لە هەموو كوردستاندا دانرا. بەڵام بەهۆی گەشەنەكردنی بواری ئابووریو پیشەسازیو رێگانەدان بە گەشەكردنی سیستمی پەروەردەو بەڕێوەبەرییەكی خۆماڵی لە شارەكانی كوردستانی ئێرانداو كاناڵێكی پێوەندی بۆ بڵاوكردنەوەی هزری نەتەوەیی لە نێو كۆمەڵانی خەڵكداو لەم رێگەشەوە خەباتێكی رێكخراوەیی هەمەلایەنە بۆ رزگاریی نەتەوەیی تا نێوەڕاستی سەدەی ٢٠ لەو دوو بەشەی كوردستاندا شكڵی نەگرت. سەرەڕای ئەمەش پێشەنگەكانی كۆمەڵی كوردستان ساتێك لە بیری رزگاریی نەتەوەیی غافڵ نەبوون. بۆیە یەكەم هەوڵی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ دامەزراندنی سیستمێكی بەستراو بە ناوەندەوە لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵكی كوردستان بەرەوڕوو بوو. لە ساڵانی كۆتایی شەڕی جیهانیی یەكەمدا، بە هاتنە سەركاری رەزاخانی پەهلەوی، لە هەرێمەكانی باكووری كوردستانی ئێران، سمایل ئاغای شكاك، بەرخۆدانێكی بەرینی دەست پێكرد. هاوكاتبوونی راپەڕینی سمكۆ لەگەڵ سەرهەڵدانە نەتەوەییەكانی شێخ مەحموودی بەرزنجیو شێخ سەعیدی پیران لە كوردستانی عێراقو كوردستانی توركیەو لە بەرامبەر دەوڵەتە تازە دامەزراوەكانی عێراقو توركیەدا، دەرەفەتێكی مێژوویی بۆ كورد رەخساند كە بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بی. بەڵام هەلومەرجی دژواری نێونەتەوەیی كە بە هۆی شۆڕشی سۆسیالیستی پێكهاتبوو، زیاتر ناوچەی كردە مەیدانی گەمەی زلهێزەكان، ئامادەنەبوونی زەمینەی نێوخۆییو هێرشە هەمەلایەنەكانی هەر سێ دەوڵەتو پشتیوانەكانیان هەر سێی ئەو راپەڕینانەی تێك شكاند.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی ناوچەو جیهان لە نێو بژاردەی خەباتکارانو ڕووناکبیرانی کورد لە کوردستانی ئێراندا، پێویستی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە بتوانێ هەستی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا پەرە پێ بدا، بە قووڵی هەست پێ دەکرد. لە ئاکامدا ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی ڕێکخراوێکی نهێنی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) دامەزرا. دوای سێ ساڵ خەباتی نهێنیو ئەزموونی ڕێکخراوەیی، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی لەسەر بنەمای نەتەوەییو تەشکیلاتی ئەم ڕێکخراوەیە، بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەو سەردەمیانە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەك ڕێکخراوێکی مودێڕن دامەزرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، وەڵامێکی بەجێو مێژوویی بوو، بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك ڕێبەرو ڕێکخەری جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا بە خاڵێکی وەرچەرخان دەژمێردرێو لە ڕووی مێژووییەوە، یەکەمین حیزبی کوردستانی بوو، کە هەستی بە گرنگی ئۆرگانیزاسیۆنی سیاسی کردو بە ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە پێشڕەوە بوو، کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا، خەڵکی کوردستان بوونە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتمانیو دێموکراتیك لە فۆرمی کۆماریداو ڕێبەری هەڵکەوتووی ئەم حیزبە پێشەوا قازی محەممەد، بوو بە یەکەمین سەرکۆماری کوردستان. تەمەنی ئەم کۆمارە هەر چەند لە ١١ مانگ تێنەپەڕی، بەڵام کۆمەڵێك دەسکەوتی بەنرخی بۆ گەلی کورد بە دیاری هێنا.

لە ڕووخانی ئەو کۆمارەوە تا ئێستا، حیزبی دێموکرات لە لایەك بۆتە ڕووگەی ئەویندارانی ڕزگاریو ئازادیو مەکۆی خەباتی ڕۆڵە شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرەکانی

کوردو لە لایەکی دیکەشەوە بووەتە درێژەپێدەرو وەدیهێنەرەوەی ئامانجە بەرزەکانی کۆمارو حیزبی رێنوێنو رێکخەری بزاڤی میللی ــ دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

خەباتی چەکدارانەی ٤٦ ـ ٤٧ی هەتاوی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، جارێکی دیکەش دوای کۆماری کوردستان، دەنگی ئازادیخوازیی کوردی لە کوردستانی ئێران بە گوێی جیهانیان گەیاند. هەرچەند ئەو جارەش پۆلێك لە رێبەرانی شۆرشگێری دێموکرات خوێنیان رژایە سەر خاکی کوردستانو لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیو حەماسەیان لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا تۆمار کردو ئەو راستییەیان بە دۆستو دوژمنانی ئازادیو نەتەوەکەمان سەلماند، کە رێبەرانی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەباتو گیانبازی دان، ئەو فیداکاریو لەخۆبردووییەیە کە بووەتە یەکێك لەو هۆکارانە کە حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێرانی کردۆتە حیزبی خۆشەویستو جێگای بڕواو متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

پاش سەرکوتی ئەم جووڵانەوەیە، رێبەری هەمیشە زیندووی کود، د. قاسملوو، رێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی ــ دێموکراتیکی نەتەوەکەمانی بە دەستەوە گرتو بەرنامەو پێرەوو ساختاری حیزبی لەسەر بنەمای فەرهەنگی شۆرشگێرانەو ئوسووڵو پرنسیپە دێموکراتیکەکان رێك خستەوە.

دوای راپەرینی بەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داخوازە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی بە شێوەی ئاشتیخوازانە خستە بەر دەست رێبەرایەتیی نوێی ئێرانەوە، بەڵام بە شەڕو سەرکوت وەڵامی درایەوە. رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو هەر لەو کاتەدا شەپۆلێکی توندئاژۆییو دوژمنایەتی لەگەڵ گەلانو وڵاتانی جیابیر دەست پێکرد.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەستی بە ناوەڕۆکی دواکەوتوانەی ئەم ڕێژیمە کردبووو ریفراندۆمی دیاریکردنی نیزامی تەحریم کرد، هەروەها کاتێک کە ڕێژیم بە پێچەوانەی ڕێو شوێنە نێونەتەوەییەکان باڵوێزخانەی ئەمریکای لە تاران داگیر کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوێرانە ئەم کردەوە پێشێلکارانەیەی مەحکووم کرد.

لەو کاتەوە داخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە بەردەوامی، بەڵام بە داخوازیی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم، بووە بە هاندەرو هەوێنی گشت چالاکییە سیاسییەکانی کۆمەڵانی خەڵك. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران هەر لەو کاتەشدا بوو بە مەکۆی خەبات لە دژی کۆنەپەرستی، دیکتاتۆریو چەوساندنەوە. بە شێوەیەك کە نە تەنیا هەموو ئازادیخوازانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەڵکوو تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش لە کوردستانەوە هاواری ئازادیخوازیی خۆیان بە گوێی نەتەوەکەیانو بە ئاگاداریی جیهان گەیاندوە. بۆیەش خەباتی هەنووکەیی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران لەسەر دوو هێڵی نەتەوەییو دێموکراتی دەچێتە پێش.

## بنەما فیکریو سیاسییەکانی

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر بنەمایەك راوەستاوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرنگترین بەهای ژیان دەزانێ. لە فیکری سیاسیی مۆدێرندا، کەرامەت وەك بەهایەکی گەردوونی ناسراوەو لە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤدا لە ساڵی ١٣٤٨، گرنگییەکی سەرەکیی پێ دراوەو وەك "بناخەی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی لە جیهاندا" جەختی لەسەر کراوە.

لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە، کەرامەت دوو سەرچاوەی سەرەکیی هەیە: لە لایەکەوە دابینکردنی پێداویستیی ماددیی مرۆڤو لە لایەکی دیکەوە پێکهێنانی فەزایەکی سیاسیی ئازادە بۆ ئەوەی هەر تاکێك بەهرەمەند بێ لە ناسنامەی ئیتنیکی، ئایینیو نەتەوەیی خۆی. مرۆڤێك کە لە هەژاریدا دەژی، مرۆڤێکە کە کەرامەتی لێ زەوت کراوە. مرۆڤێك کە ناسنامەی ئیتنیکی، ئایینی یان نەتەوەیی نکۆڵی دەکرێ یان دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی تواندنەوەو سووکایەتیپێکردن، مرۆڤێکە کە کەرامەتی لێ زەوت کراوە. ئەم پێناسەیە لە کەرامەت، لە دوو ئامانجی سەرەکیی حیزبی ئێمەدا رەنگ دەداتەوە. واتە سوسیالیزمی دێموکراتیكو رزگاریی نەتەوەی کورد.

ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا تەنیا بە کێشەیەکی مادی نابینین، بەڵکوو مەسەلەی ئێمە، مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە هەروەك ئەندامانی نەتەوە ستەملێکراوەکان مافی نەتەوەوایەتییان پێشێل دەکرێ، سیاسەتی خۆسەپاندنی رێژیمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێرانیش بە پێڕەوکردنی سیاسەتێکی چەوت بووەتە هۆی شێواندنی ناسنامەی نەتەوەکان لە ئێران دا.

سیاسەتی ئینکارکردنو تواندنەوە بۆ زیاد لە سەد ساڵ بە کەڵکوەرگرتن لە زەبروزەنگی فیزیکیو سایکۆلۆژی، نەیتوانیوە، کورد بە چۆکدا بێنیو لە ویستەکانی خۆی پاشگەزی بکاتەوە. ناسنامەی ئیتنیکیو نەتەوەیی، بنەمایەکی بابەتیی هەیە (خاك، زمان، مێژووی هاوبەشو هتد)، بەڵام هاوکات لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی دیکەدا بەرژەوەندی هاوبەش شکڵ دەگرێ. کەوابوو، دانپێدانان بە ناسنامەی یەکتر لە ئێراندا، پێشمەرجی پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ئێران لە داهاتووی ئەم وڵاتە دایە.

چوارچێوەی فیكریی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانو ئەو فەلسەفەیەی كە لە سەری راوەستاوە، بە روونی لە دژایەتی دایە لەگەڵ ئەو تیۆكراسییەی كە "كۆماری ئیسلامی" لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لەسەری بونیاد نرا. تیۆكراسی (حكوومەتی دینی) لەگەڵ دێموكراسیدا (حكوومەتی خەڵك) لە نێوەرۆكدا لە تەزاددان لەگەڵ یەكتر.

سەبارەت بە نیزامی سیاسیو شێوەی رێكخستنی كۆمەڵگا، حیزبی دێموكرات بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی مێژوویيو هەنووكەیی سیاسیی ئێرانو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، نیزامی فێدراڵی بە گونجاوترین سیستمی سیاسی دەزانێ بۆ ئەوەی ئەندامانی نەتەوەكانی ئێران، بە مافە نەتەوایەتییەكانیان بگەن.

بە لەبەرچاوگرتنی فرەنەتەوەییبوونی ئێران، دەبێ سنووری یەكە پێكهێنەرەكانی ئێرانی فیدراڵ لەسەر بنەمای نەتەوەیی دیاری بكرێن. هەروەها دەبێ دەسەڵاتو توانستەكان لە نێوان حكوومەتی ناوەندیو حكوومەتی هەرێمەكاندا وا دابەش بكرێ كە مافی نەتەوەكانی ئێران لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیاندا، دەستەبەر بكاو هەروەها بەشداریان بكا لە بەڕێوەبردنی وڵات بەگشتی.

## سوسیالیزمی دێموكراتیك

لە روانگەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە، پێكهێنانی كۆمەڵگایەكی بەختەوەر لەسەر بنەمای یەكسانیی كۆمەڵایەتی، ئامانجێكی نەگۆڕە. بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە ساڵانێكە كە حیزبی دێموكرات سوسیالیزمی دێموكراتیكی وەك ئامانج دیاری كردوە.

خاڵە سەرەكییەكانی ئەو كۆمەڵە دێموكراتو سۆسیالیستییە ئەمانەن:

ـ بۆ ئەوەی ئازادی بۆ هەموو ئەندامێكی كۆمەڵ دەستەبەر بێ، پێویستە لە پاڵ یەكسانیی سیاسی (دێموكراسی)دا هەوڵ بدەین بۆ دادپەروەریی كۆمەڵایەتی (سوسیالیزم).

ـ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە نیزامێکی وەك نیزامی سەرمایەداریدا، ئامانجێکە کە دەبێ هەمیشە خەباتی بۆ بکرێ، چوونکە سەرمایەداری ئەگەر لە ڕێگای سیاسەتێکی سوسیالیستیو دێموکراتیکەوە چوارچێوەیەکی بۆ دانەنرێو ئەو سەروەتەی کە تێیدا بەرهەم دەهێنرێ، بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش نەکرێ، نایەکسانیو کێشەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ.

ـ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پێکهێنانی سیستمێکی ڕەفاهییەوە بە باشترین شێوە دەستەبەر دەکرێ، چونکە ئەو سیستمە پێداویستی ماددی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لەبەرچاو دەگرێو هەوڵی دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی بۆ هەموان دەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پابەندبوونو پێداگری لەسەر ئەم پرەنسیپانەو بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، خەباتو تێکۆشانی خۆی بە هەموو تواناوە درێژە دەدا.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەموو ئاستەکانو بە گشتی لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی ڕەوای کورددا، باوەڕی بە ئاشتیو دیالۆگی بنیاتنەر هەیەو هەمیشە خۆی بە پابەندی ئەو پرەنسیپە شارستانییە دەزانێ.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆڤانیو نەتەوەییەکانی لە هەموو شێوازەکانی خەبات کە لەگەڵ بنەما فیکریو سیاسییەکانی حیزبو پێوانە نێونەتەوەییەکانی خەباتی ڕەوا دەگونجێن، کەڵك وەردەگرێ.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی ئێرانو هێزە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی وڵات بە هاوپەیمانی ئیستراتیژیکی خۆی دەزانێو لەسەر پێوەندیو هاوخەباتیی توندو تۆڵی نێوان نەتەوەکانی ئێران پێ دادەگرێتەوە.

* حیزبی دێموکراتی کوردستان، پابەندە بە سەربەخۆیی بڕیاردان، خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی هێزەکانو لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنەو هاوکاریی دۆستانە پێداگری دەکات.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پابەندی پاراستنی هەموو مافەکانی مرۆڤەو خۆی لە بەرەی دژە تیرۆریزمو دژە کۆنەپەرستیدا دەبینێتەوە.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوهەنگاوە لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تەنیا سیستمێکی دێموکراتی فێدراڵی، دەتوانێ مافی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێرانو یەك لەوان نەتەوەی کورد دەستەبەر بکا.

بۆ ئەو مەبەستەش ئەم بەرنامەیە دەخاتە بەرچاوی خەڵکی کوردستانو داوا لە هەموو دانیشتوانی کوردستان دەکا، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە، شێلگیرانە تێبکۆشن. ئەرکی سەرشانی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبە ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو سەرجەم بەندەکانی بۆ خەڵك شی بکەنەوەو سیاسەتو ستراتیژییەکانی حیزب بە ئاگاداری کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان بگەیەنن. هەروەها پێویستە هەموو خەڵکی ئێران بە گشتیو نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران بە تایبەت لە ویستو داخوازە نیشتمانیو دێموکراتیكو نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان ئاگادار بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەورەترین هێزو ئۆرگانیزاسیۆنی سیاسیو نەتەوەیی کوردستانی ئێرانەو زۆربەی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لێ دەکەن، هەر بۆیە دەبێ تێبکۆشین هێزی لەبڕان نەهاتووی نەتەوەکەمان بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەی حیزبەکەماندا دارێژراون بکەوێتە کار، لە وەها ڕەوشێك دایە، کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددیو کاراو دەتوانێ مافە دێموکراتیكو نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا وەدی بێنێ.

***

# بەشی یەکەم
# بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ✓ فەسڵی یەکەم:

### ئامانجە گشتییەکان

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوو ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێرانەو هاودەنگ لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران‌و شان بە شانی هێزە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتی لە ئێران‌و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢ـ ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سوسیالیستی‌یە.

٣ـ دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی‌یە لە ئێران‌و دابینکردنی مافی نەتەوەیی‌یە بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

٤ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەتەوەکانی ئێران بە هاوپەیمانی ئیستراتیژیی خۆی دەزانێ‌و لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پشتیوانی دەکا.

٥ـ پشتیوانی لە خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕێبازی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

٦ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی دێموکراسیخوازانەو نەتەوەیی هەموو نەتەوەکانی جیهان پشتیوانی دەکاو لایەنگری دۆستایەتیو ئاشتیی هەموو نەتەوەکانی جیهانە.

## ✓ فەسڵی دووهەم:

## بنچینەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

١ـ کوردستان یەکێك لەو هەرێمانەیە کە بە شێوەی دڵخوازانەو هاوشان لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێراندا، کۆماری فێدراڵیی ئێران پێك دێنن.

٢ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای سەروەریی خەڵكو سەربەخۆیی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، راپەڕاندنو داد وەك دامەزراوی جیاواز لە یەکتر پێك دێ.

٣ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای سێکولاریزم دادەمەزرێو بۆ پاراستنی پیرۆزیی ئایین، هەردوو دامەزراوەی ئایینو حکومەت لە یەکدی جودا دەکاتەوە.

٤ـ هەرێمی کوردستان، هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە، چوارچێوەی جوغرافیایی هەرێمی کوردستان بە پێی پێوەرە جوغرافیاییو قەومیو ویستی زۆربەی دانیشتوان دیاری دەکرێ.

٥ـ لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی دەسەڵات خەڵکە، کە ئەو دەسەڵاتە لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیان لە پارلمانی کوردستانداو لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی هەرێمەوە بە کاری دێنن.

٦- پێوەندیی نێوان حكوومەتی هەرێمی كوردستانو دەوڵەتی فێدراڵی ئێران، لەسەر بنـەمای رەزامەنـدیی دوولایەنـە دیـاری دەكـرێ. ناسـنامەی نەتـەوەكانی پێكهێنـەری سیستمی فێدراڵی ئێران، دەبێ لـە كاروبـاری هاوبەشـی وەك پێوەندییـەكانی دەرەوە، پاراســتن، دانــانی بەرنامــەی درێژخایــەنی ئــابووری، سیســتمی دراوو ســەمبۆلە هاوبەشەكانی وڵاتدا دیار بێ. خەڵكی هەرێمی كوردستان وەك گەلانی دیكەی ئێـران لـە رێگەی دەزگاكانی فێدراڵەوە بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك لە بەڕێوەبردنی كاروبـاری وڵاتدا بەشدار دەبن.

٧- هەرێمی كوردستان، ئاڵاو سـروودو جێـژنی نەتـەوەیی خـۆی هەیـە. لـە هـەرێمی كوردستاندا، ئاڵای كۆماری فێدراڵی ئێران لە تەنیشت ئاڵای كوردستاندا هـەڵ دەكـرێو ئاڵای كوردستان لە پارلمانی كوردستاندا بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٨ ـ دادگای بەرزی فێدراڵ كە لە پسـپۆڕانی هـەموو نەتـەوەكانی ئێـران بـە شـێوەی بەرامبــەر پێــك دێ، بــە كێشــە یاســاییەكانی نێــو دەوڵــەتی فێــدراڵو دەوڵەتــە هەرێمییەكاندا دەچێتەوەو باڵانسی دەسەڵات لە نێوانیاندا رادەگرێ.

٩- پارلمانی كوردستان بەرزترین ئۆرگانی یاسادانانی هەرێمی كوردستانە. نوێنەرانی پارلمان لە رێگای هەڵبژاردنێكی گشتی، وەك یەكو نهێنیو راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

١٠- پارلمانی كوردستان، حكوومەتی هەرێمی كوردستان دیاری دەكا كە بەرامبەر بە پارلمانی كوردستان وەڵامدەرە.

١١ـ پاراسـتنی هێمنـیو نـەزمی نێوخـۆیی هـەرێمی كوردسـتان لـە ئەسـتۆی هێـزە خۆجێییە ئینتیزامییەكانی حكوومەتی هەرێمدایە. ئەركی هێزی پێشمەرگە، پاراسـتنی بەرژەوەندییەكانی هەرێمی كوردستانە.

١٢ـ زمانی کوردی، زمانی فەرمیی هەموو ئاستەکانی خوێندنو پێوەندییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە، زمانی فارسی لە هەرێمی کوردستانیش لە پاڵ زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێ.

١٣ـ پێوندییە فەرمییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئۆرگانەکانی سەر بە دەوڵەتی فیدراڵ لە کوردستانو هەرێمەکانی دیکەی ئێراندا بە زمانی فارسی دەبێ.

١٤ـ کەمینە نەتەوایەتیو کولتورییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەموو مافەکانی دیاریکراو لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بەهرەمەند دەبنو لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرەپێدانو پاراستنی کەلتووری خۆیان یارمەتی دەدرێن.

١٥ـ پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانو ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی کوردیان تێدایە لە رێگای نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی کۆماری فدراڵدا بەڕێوە دەچێ.

## ✓ فەسڵی سێهەم:

## مافەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان

١ـ هەموو ئەو مافو ئازادییانە کە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤو پەیماننامە پێوەندیدارەکانیدا دەستنیشان کراون، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانداو لە هەموو هەرێمەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێنو هەموو دانیشتوانی کوردستان بە بێ هیچ جیاوازیدانانێکی جینسی، نەتەوەیی، رەگەزیو مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو فەرهەنگیی وەك یەك کەڵك وەردەگرن.

٢ـ ژنو پیاو لەنێو خێزانو لەنێو كۆمەڵدا، مافی وەك یـەكیان هەیـەو بـۆ كـاری وەك یەك مووچەی وەك یەك وەردەگرنو بۆ سڕینەوەی كولتـوری پیاوسـالاری، حكوومـەتی هەرێمی كوردستان بەرنامەیەكی تۆكمە دادەرێژێو لـە كۆمـەڵگادا پراكتیـزەی دەكـات. حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێ مافی كەڵك وەرگرتن لە مەرەخسـی بـە حقووقـەوە لە دەورانی دووگیانیو زەیستانیدا بۆ ژنانی كارمەندو كرێكار دابین بكا.

٣ـ بـۆ دەسـتەبەركردنی بەرابـەریی رەگـەزی، راسـتكردنەوەی ئـەو بێعەدالەتییـە سیاسی، كۆمەلایەتیو كولتوورییەی كە ژنانی كوردستان لەگەڵی بەرەوڕوون، لـە كـارو شوێنە گرینگەكانی سیاسەتو بڕیارداندا هەلاواردنی ئەرێنی بۆ ژنان پێك دەهێنرێ. بـۆ بردنە سەری ئاستی بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریدا، حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتان هەوڵ دەدا رادەی ئەندامانی دەزگاكانی بەڕێوەبەری، لـە هـەر رەگـەزێك لـە ١/٣ كـەمتر نەبێ.

٤ـ حكوومەتی هەرێمی كوردسـتان بەرامبـەر بـە دەسـتەبەركردنی هـەموو مافـەكانی منداڵان خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ.

## ✓ فەسڵی چوارەم:

### سیاسەتی ئابووریو كۆمەڵایەتی

١ـ بەرەوپێشبردنو گەشـەپێدانی ئـابووری لـە رێگـای بەرنامـە دارشـتنێكی زانسـتی یـەوە لـە هـەرێمی كوردسـتاندا لـە ئەسـتۆی حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتانە. بـۆ قەرەبووكردنـەوەی دواكـەوتوویی ئـابووری كـە بەرهـەمی سـتەمی نەتەوایـەتیو بوروكراسـیی ناوەندگەرایـە، پێویسـتە دابەشـكردنی داهـاتی گشـتیی وڵات لـە لایـەن دەوڵەتی فیدراڵەوە بە چەشنێك بێ كە بەشی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان بە پێـی رادەی دواكەوتوویی زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

٢ـ ڕێگای ئەسڵیی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان‌و سەرانسەری ئێران سەنعەتی کردن بە پێی دەسکەوتەکانی زانست‌و تێکنیك لە لایەك‌و پێداویستی‌و ئیمکاناتی سروشتیی وڵات لە لایەکی دیکەوەیە. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کە بۆ سەنعەتی‌کردن پێویستە، یەکێك لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی فێدراڵی‌و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٣ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابووری یە، سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێ‌و هەموو ئاسانکاری‌یەك دەکا بۆ بەشداریی سەرمایەی تایبەتی‌و دەرەکی لە پێشخستنی ئابووریی وڵات‌و بە تایبەتی سەنعەتی‌کردنداو هەر لەو کاتەدا لە سەنعەتە خۆماڵی‌و نەتەوەیی‌یەکانیش پارێزگاری دەکا.

٤ـ سەرچاوە سروشتی‌و ژێرزەمینی‌یەکانی کوردستان وەك هەموو هەرێمەکانی ئێران سامانی گشتین‌و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

٥ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی دەداتە بواری مێکانیزەکردنی کشتوکاڵ وەك بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ئابووری چاوی لێ دەکات‌و ڕێوشوێنی گەشەسەندنی بۆ دابین دەکات.

٦ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوار بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆو برەوپێدانی کەسب وکارو پیشەسازی لە کوردستان دا دەرەخسێنێ.

٧ـ بردنەسەرەوەی ئاستی ژیانی خەڵك بە تایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی ئەسڵیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم حکوومەتە هێزو توانای خۆی وەکار دەخا بۆئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکرێ.

٨- سەعاتی رەسمیی کار لە حەتوودا نابێ لە ٤٠سەعات تێ پەڕێ. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی هەقدەستی کرێکاران بە پێی خەرجی بەڕێچوون دیاری دەکرێ‌و لەگەڵ چوونەسەری خەرجی گوزەران زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کارو نەخۆشیو پەککەوتەیی وبێکاریو پیری بیمە دەکرێن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ، نابێ کاریان پێ بکرێ.

٩- خاوەندارێتی زەوی تا ئێستاش هێندێ بێعەداڵەتیی تێدا هەیە. بۆیە دەبێ لە شێوەی ئیستای خاوەندارێتی زەوی دا ئاڵوگۆڕێکی پێویست بە قازانجی زەحمەتکێشانی بێزەوی رووبدا.

١٠- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە پێی گەڵاڵەیەکی زانستیو بە پێی رێکەوتن لەگەڵ جوتیاران، رێگا لە بەش بەشبوونو پارچەبوونی زەوی بگرێ، پارچەبوونێك کە زیان بە چوونەسەرەوەی بەرهەمی کشتووکاڵی دەگەیەنێت.

١١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێ یارمەتیی وەرزێران بدا بۆ ئەوەی بتوانن ئامرازی پێشکەوتووی کشتوکاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵیان بە نرخی تەزمینی لێ بکڕێ‌و بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵ قەرزی درێژماوەیان بە سوودی کەمەوە بداتێ. جوتیاران لەپێش دا بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کارو نەخۆشیو پاشان بەرامبەر بە پیریو پەککەوتەیی بیمە دەکرێن.

١٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە لێوردبوونەوەو سەرنجو روانگەیەکی خەسارناسییەوە، ئاوڕ لە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوەو بەرنامەیەکی زانستی بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردە دزێوانە دابڕێژێ.

١٣- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرنجێکی تایبەتی دەداتە پێگەیاندنو پەروەردەکردنی منداڵانو لاوانو ئیمکاناتی پەروەردەییو فێرکارییان بۆ پێك دێنێ.

١٤- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە پلانی ئاژەڵداریی زانستی بە کەڵك وەرگرتن لە تکنیکی نوێ دابڕێژێت.

١٥- پارێزگاریی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێرەوارەکان، دەریاچەکانو پارێزگاریی ژینەوەر، یەکێك لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەربۆیە دەبێ لە راوی بێ سەرەوبەرە پێشگیری بکرێو لە هەڵبژاردنی جۆرو جێگای سەنعەتی تازەو لە لێدانی رێگاو کێشانی رێگای ئاسندا، پێویستە پاراستنی ژینگە لە بەرچاو بگیرێ.

١٦- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بناخەکانی پیشەسازی توریسم دادەرێژێو بەرنامەی گونجاو بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژوویی یەکانو نۆژەن کردنەوەیان دادەڕێژێ.

## ✓ فەسڵی پێنجەم:

### ئا: سیاسەتی فەرهەنگی

١- هەموو منداڵانی کوردستان، هەتا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لەنێوبردنی نەخوێندەواری هەنگاو هەڵ دێنێتەوە. لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەزگای دەوڵەتی یەو خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بە خۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە قوتابخانە ئایینی یەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خەرجی خوێندنی منداڵانی چینو توێژەکانی کەم داهات لە تەواوی فێرگە پیشەییو هونەرستانەکان دابین دەکاو خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەتو هەڵکەوتووی کەم داهات لە زانستگەو فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی فەرهەنگیی گەلو دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگیو زانستی وەك : فەرهەنگستان، سینەما، تیئاتری میللی، بنکەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکانو زانستگاکان هەنگاو هەڵدێنێتەوەو بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی کەلەپووری کورد تێدەکۆشێ.

٣- بایەخدان بە پێشکەوتنی زمانو ئەدەبیاتی کوردیو پیشتیوانی لە نووسەرانو هونەرمەندان، پسپۆرانو زانایانی کورد، رێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٤- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەوڵ بدات، لە سیستمی خوێندندا کولتووری پێکەوە هەڵکردنو تلۆرانس جێگیر بکاو قوتابیان بەدوور لە کولتووری توندوتیژی پەروەردە بکرێن.

## ب: سیاسەتی لەشساغی

١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی لەشساغیی هەموو خەڵك تێدەکۆشێو هەلومەرجێك پێك دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتی پزیشکیو دەرمانی کەڵك وەربگرن.

٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگەو زایینگە، هەنگاو هەڵ دێنێتەوە، بۆ بەخێو کردنی کەمئەندامانو بەساڵاچوانی رەبەنو بێ خاوو خێزان بنکەو بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

## ✓ فەسڵی شەشەم:

### كۆماری فێدراڵی ئێران: دەستووری فێدراڵو دابەشكردنی دەسەڵات

١ـ دابەشكردنی سەروەری، بنەمای سیستەمی فێدراڵیستییەو دەبێ دابەشكردنی سەروەری لە نێوان هەرێمە جوگرافیایی ـ نەتەوەیییەكان لە دەستووردا دەستەبەر بكرێ.

٢ـ لە كۆماری فێدراڵدا هەركام لە دەسەڵاتەكانی یاسادانان، دادوەریو راپەڕاندن لە یەكتر سەربەخۆن.

٣ـ لە كۆماری فێدراڵیی ئێراندا، بڕیارەكان لە دوو پارلمانی شووراو فێدراڵدا پەسەند دەكرێن. پارلمانی فێدراڵ لە نوێنەرانی نەتەوەكانی وڵات بە رادەو مافی وەك یەك پێك دێو هەموو ئەو بڕیارانەی شوورا كە پێوەندییان بە مافو بەرژەوەندییەكانی هەرێمەكانەوە هەیە، دەبێ لەلایەن پارلمانی فێدراڵەوە پەسند بكرێن.

٤ـ مافی پەسندكردنی هەموو ئەو یاسایانەی كە پێوەندییان بە هەرێمەكانەوە هەیە، بە پێی بنەما دەستوورییەكانی كۆماری فێدراڵیی ئێران بە هەرێمەكان دەدرێ.

٥ـ هەموو نەتەوە پێكهێنەرەكانی ئێران، بێ هەڵاواردن لە دامەزراندنی كۆماری فیدراڵی ئێران دا بەشدارنو ئەم ڕێسایە لە یاسای بنەڕەتیی كۆماری فیدراڵدا پەسەند دەكرێ.

٦ـ یاسای بنەڕەتیی كۆماری فیدراڵ، بە پێی پێوەرە جیهانییەكانی مافی مرۆڤو لەوانە كولتووری، سیاسی، ئابووریوو پەیماننامە نێونەتەوەیییەكان بە جۆرێك رێك دەخرێت كە مافی هەموو پێكهاتە نەتەوەیی، ئێتنیكی، ئایینی، زمانیو كۆمەڵایەتییەكانی نێو ئەو كۆمارە فێدراڵە لە چوارچێوەی سنووری پێناسەكراوەی جوگرافیایی ـ نەتەوەیی هەرێمەكاندا بە فەرمی بناسرێ.

٧- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر چەشنە تیرۆریزمێك مەحکوومو دژی ئەم دیاردە دژە مرۆییە خەبات دەکا.

## ✓ فەسڵی حەوتەم:

### سیاسەتی دەرەوەی کۆماری فێدراڵ

١- کۆماری فیدراڵی ئێران لە گەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی دوولایەنەو ناسینی مافی سەروەریی نیشتمانی پێوەندی دامەزرێنێو لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخوازو دێموکراتو ئەو وڵاتانە کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن پێوەندیی دۆستانە پێك دێنێ.

٢- کۆماری فیدراڵی ئێران لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانو لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە لە ئاشتیی جیهانیو پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە نێو نەتەوەکاندا پشتیوانی بکاو لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەیی‌یەکان لە ڕێگای وتووێژەوە بە بێ بەکارهێنانی زۆر بێ، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە پێویستی بزانێ.

٣- سیاسەتی دەرەوەی کۆماری فێدراڵ، دەبێ بۆ نزیك بوونەوەو یەکیەتیی نەتەوەکانو پێکهێنانی یەکیەتیی سیاسی، ئابووریو کولتووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەوڵ بدا.

٤- پێویستە، کۆماری فیدراڵ پشتیوانی لە چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسی لە هەموو جیهان دا بکاو لە خەباتی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان داکۆکی بکاو پەنابەریی سیاسی بداتە مرۆڤە دێموکراسیخوازو نیشتمانپەروەرە خەباتکارەکانو تێکۆشەرانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانو لە سیاسەتی پەنابەریو نیشتەجێبووندا، پارلمانی کوردستان بەپێی هەلومەرج بڕیار دەدا.

## ✓ فەسڵی هەشتەم:

### سیاسەتی بەرگری

١ـ سیاسەتی بەرگریی کۆماری فێدراڵی ئێران، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەکانی پێکهێنەری کۆماری ئێرانی فێدراڵ دادەمەزرێ.

٢ـ ئەرتەشی کۆماری فێدراڵ لە کۆی یەکە چەکدارەکانی هەرێمە فێدراڵەکان پێک دێ‌و فەرماندەییەکی هاوبەشی دەبێ کە بە رێکەوتن لەنێو هەرێمەکاندا دادەمەزرێ.

٣ـ کۆماری فێدراڵی ئێران لە درووست کردنی چەکی کۆمەڵکوژو قەدەغەکراو، خۆ دەپارێزێ‌و پێبەند دەبێ بە هەموو رێکەوتنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە کاتی شەڕەوە.

# بەشی دووهەم

# پێڕەوی نێوخۆی
# حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

✓ **ماددەی یەكەم: ناوو نێوەرۆكی حیزب**

١ـ ناوی حیزب **"حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران"ـە.**

٢ـ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوو شۆڕشگێڕی خەڵكی كوردستانی ئێرانەو چین وتوێژە نیشتمانپەروەرو ئازدیخوازەكانی نەتەوەی كورد لە ریزەكانی خۆیدا كۆ دەكاتەوە.

٣ـ ئارمی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پێكهاتووە لە:

بازنەیەك بە رەنگی شین كە لە لای چەپیەوە گوڵە گەنمێكە بەڕەنگی زەردو لە لای راستییەوە، چەرخێكی پیشەسازییە بە رەنگی سپی كە لە حەوت دەندە پێك هاتووە. ناوەندی بازنەكە خۆرێكە كە دە تیشكی لێ بۆتەوەو كێوەكە بە رەنگی سەوزە. خوارەوەی ئارمەكە لە نێوان گوڵە گەنمو چەرخە پیشەسازییەكەدا، زەمینەیەكی سوورە كە كتێبێكی سپیی لەسەرەو ١٣٢٤ لە خوارەوەی كتێبەكەدا نووسراوە كە ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانە.

### ✓ ماددەی دووهەم:ئەندامەتی حیزب

هەموو کوردو هاونیشتمانێکی کوردستانی ئێرانو هەموو کوردێکی دانیشتووی وڵاتی ئێرانی فێدراڵ، دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێك:

- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.
- بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکا.
- بە مرۆڤێکی خۆشناوو نیشتمانپەروەر بناسرێ.
- بە تاوانی جینایی وەك قەتڵ، فرۆشی ماددەسڕکەرەکانو بازرگانی بە مرۆڤەوەو هتدەوە سزای لەسەر نەبێ.

**تێبینی ١:** هەموو کوردێکی هاووڵاتی ئێرانو ئەو کوردە ئێرانیانەی کە پەڕیوەی هەندەران بوون یان لە تاراوگە لە دایك بوون، دەتوانن ببنە ئەندامی حیزبو هەروەها کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەتوانن لە ڕێکخراوو ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکرات دا ببنە ئەندامو ئەگەر زیاتر لە ٢ ساڵ لە کوردستانی ئێران ژیابن ، دەتوانن ببنە ئەندامی حیزب.

**تێبینی ٢:** ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ کوردێکی ئێرانی پێك هێنابێ، ئەگەر داوای ئەندامەتی بکەن، بە ئەندام وەردەگیرێن.

### ✓ ماددەی سێهەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام

بۆئەوەی کەسێك بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

- بەفەرمی داوای ئەندامەتی بکا.
- دووئەندامی حیزب بی ناسێنن.
- لانیکەم شەش مانگ لە ژێر تاقیکردنەوەدا بێ.

- لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزبی یان ئۆرگانێکی سەرەوەتر بە ئەندام وەربگیرێ.

- ئەندامی حیزبو رێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

**تێبینی:** ئەو بەندەی سەرەوە کوردەکانی دانیشتوی وڵاتانی رۆژئاوایی ناگرێتەوە کە ئەندامیرێکخراوە پێشکەوتنخوازو دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتانەن.

### ✓ ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، تێبکۆشێ.

- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنو گەشەکردنی یەکیەتیی سیاسیو تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

- بە پێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسپلینی حیزب بێ.

- لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی حیزب دا تێبکۆشێ.

- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

- پلەی زانیاریی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرێ.

- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵكو پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکاو لە بیروڕاو ئەزموونەکانیان کەڵك وەربگرێ.

- بڕیارەکانی حیزبیو رێکخراوەیی بەڕێوە بەرێ.

- هەقی ئەندامەتی بدا.

تێبینی:

ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن، بەڵام ئەرکەکانی ئەندام بە تەواوی بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتیی حیزب دەناسرێن.

### ✓ مادەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

ـ لە هەڵبژاردن‌و هەڵبژێراندا، بەپێی یاسا پێوەندیدارەکان بەشداری بکات.

ـ بە ئەندامی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ‌و هەڵبژێران بۆ ئۆرگانە سەرەوەکانی حیزب، بە پێی مەرجی دیاریکراو دەبێ.

ـ لە هەر ئەندام یا ئۆرگانێك لە کۆبوونەوەکانی حیزبی‌دا رەخنە بگرێ.

ـ لە رێگای تەشکیلاتییەوە بە هەموو ئۆرگانێکی حیزب پێشنیار بکا، بیروڕای خۆی رابگەیەنێ‌و پرسیارەکانی بخاتە ڕووو وەڵام وەربگرێتەوە.

ـ لە هەر ئۆرگانێك لە لای ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا.

ـ لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆی دا کە تێکۆشانی حیزبی‌و سیاسیی ئەو هەڵ سەنگێنێ‌و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ

### ✓ مادەی شەشەم: دیسیپلینی ئەندام

١ـ ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەجوڵێنەوە، یان کردەوەیەك ئەنجام دەدەن کە زیان بە پریستیژو سامانی حیزب دەگەیەنێ بە پێی رادەی پێشێلکردنی دیسیپلینەکانی حیزب، بڕیاری لەسەر دەدرێ، بەم چەشنەی خوارەوە:

ـ سەرکۆنە بەدەم

ـ سەرکۆنە بە نووسراوە

ـ ئەستاندنەوەی لێپرسراوی

ـ هەڵپەساردن

ـ وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی لە حیزبدا

**تێبینی:**

**١ــ درێــژترین مــاوەی هەڵپەســاردن ســاڵێكە، ئەنــدامی هەڵپەســێراو لــە مــاوەی هەڵپەسـێراندا، نـاتوانێ بـە ئەنـدامی هیچـكام لـە ئۆرگانـەكانی حیـزب هەڵبـژێردرێ‌و بەرپرسایەتی پێ بدرێ.**

**٢ـ سزای حیزبی لە لایەن رێكخراوی حیزبیی پەیوەندیدار وبە زۆربەی دەنـگ دیـاری دەكرێ‌و بـۆ وەرگرتنـەوەی مـافی ئەندامـەتی، پێویسـتە ئۆرگـانی سـەرەوەتر بڕیـاری لەسەر بدا.**

**٣ـ مەبەسـت لـە سـزای حیزبـی، پێگەیانـدنی ئەندامـەو تـەنیا ئەوكاتـە ئەنـدام سـزا دەدرێ كە رێگای دیكە وەك رەخنەو رێنوێنی‌و ئێقنـاع لـە بـاش كردنـی ئاكـاری ئـەودا كاریگەر نەبووبێ.**

**٤ـ ئەندامی دەركراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سـەرەوەتر داوای پـێ راگەیشـتن بكاو دەتوانێ ئەو داوایەش بۆ كۆنگرە بنێرێ.**

**٥ـ ئەندامی هەڵپەسێراو پاش ماوەی هەڵپەساردن، رابـردووی حیزبیـی بـۆ لەبەرچـاو دەگیرێ‌و لە رێگای ئۆرگانی سەرەوەترەوە كاری بۆ دیاری دەكرێ.**

### ✓ ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب

**ئەسڵی بنەڕەتیی داڕشتنی قەوارەی حیزب لە سەر ئەو بنەمایەیە كە:**

**ـ هەموو ئۆرگانێكی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.**

**ـ ئۆرگانەكانی حیزب بە رێكوپێكی راپۆرتی تێكۆشانی خۆیان هـەم بـەو ئەندامانـەی كە هەڵیان بژاردوون‌و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.**

**ـ ئەندام پەیڕەوی رێكخراوو كەمایەتیی ئەندامان، پەیڕەوی زۆرایەتی ئەندامانە.**

- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بە پێی ئەساسنامەو بێ جیاوازی یەك دیسپلین هەیە.

- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر جێ بەجێ دەکرێ.

- داڕشتنی پلانو بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان بە کۆمەڵە. تەك ڕەویو سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نیە.

### ✓ ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب

١- بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە.

٢- کۆنگرەی حیزب هەر چوار ساڵ جارێك لە ئەندامانی ئەسڵیو جێگرو موشاویرانی کومیتەی ناوەندیو بە رادەیەك کە کومیتەی ناوەندی دیاری دەکا لە نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب پێك دێ.

٣ـ کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کومیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێی پێرسۆنێلی تەواو وەختی حیزب پێك دێ.

**ئەركو دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:**

- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە تاوتوێ دەکاو بڕیاری لەسەر دەدا.

- ڕێبازی گشتیو سیاسەتە ستراتیژیەکانی حیزب پاش تاوتوێکردن دیاری دەکات.

- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب تاوتوێ دەکاو ئەگەر پێویست بوو دەستکاری دەکاو پاشان پەسەندی دەکا.

- ئەندامانی ئەسڵیو جێگرەکانی کومیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێرێ.

تێبینی ١:

کومیتەی ناوەندی هەقی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ئەندازەی یەك لە سێی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب بە هەقی دەنگدانەوە لە کۆنگرە بەشدار

بکا. ئەم کارە دەبێ پێش بەستنی کۆنفرانسەکانی حیزب بکرێو ئەو جۆرە کەسانە لە کۆنفرانسەکان دا هەقی دەنگدانیان نابێ.

تێبینی ٢:

کەسانێك دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانیکەم سێ ساڵ رابردووی ئەندامەتییان لە حیزب دا هەبێ.

### ✓ ماددەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب

١ـ کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
- گیرو گرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
- لە هەلومەرجێکی وادا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢ـ کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵیو جێگر وموشاویرانی کومیتەی ناوەندیو نوێنەرانی کومیتەکانی شارستانو ناوەندو کومیتەو کومیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی پێك دێ.

٣ـ رادەی نوێنەرانی ئەو کومیتەو کۆمیسێونانە لەلایەن کومیتەی ناوندییەوە دیاری دەکرێ. بەڵام لە هەرحاڵ دا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیو جێگرو موشاورانی کومیتەی ناوەندی زیاتر بێ.

### ✓ ماددەی دەهەم: کومیتەی ناوەندی

١ـ لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبەو کاروباری حیزب بەرێوە دەبا.

٢ـ ئەرکو دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە:

- بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.

- بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە گەڵ حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەیە.

- دەفتەری سیاسیو سکرتێری گشتیو جێگری سکرتێری حیزب هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسیارن.

- ڕادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا.

- ئاییننامەی نێوخۆیی بۆ کاوباری خۆیو هاوئاهەنگیی نێوان کومیسیونەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی دادەنێ.

- لانیکەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگرو موشاوێرانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبنو دەنگی مەشوەرەتییان هەیە.

تێبینی:

١- کومیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی، موشاویر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

٢- کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداری لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەت پەیدا دەکەنو بڕیارەکانی وەختێك قەتعی دەبن کە زیاتر لە دوو لە سێی ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەدا دەنگیان بۆ بدەن.

٣- لە هەلومەرجێکدا کە پاش دەعوەتی دەفتەری سیاسی بۆ پێکهاتنی پلێنۆم ٢/٣ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئامادەی بەشداری نەبوون، لە قۆناغی دووهەمدا دەفتەری سیاسی دەتوانێ پلێنۆم بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێك بێنێ، لەو حاڵەتەدا پلێنۆم ڕەسمیەتی هەیەو بڕیارەکانی بە ٢/٣ی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەشدار لە پلێنۆمدا ڕەسمیەت پەیدا دەکا.

### ✓ ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی

١ـ لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا، دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆ دەگرێو بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.

٢ـ دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بە پێی پێویست پێك دێنێو راپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

### ✓ ماددە دوازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب

١ـ بناخەی ڕێکخراوی حیزب، شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢ـ لە هەلومەرجی تایبەتیدا کومیتەی ناوەندی بە پێی هەلومەرج، شێوەی گونجاوی دیکە بۆ ڕێکخراوی حیزب پەسند دەکا.

٣ـ کومیتەی هەر ڕێکخراوێك لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵ دەبژێردرێ.

٤ـ بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێك، کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێك لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی ئەو ڕێکخراوە پێك دێ.

### ✓ ماددەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب

داهاتی حیزب بریتی یە لە:

- هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.
- داهاتی بنکەو بنیاتەکانی حیزب.
- یارمەتیی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب.

# پەیامەکانی کۆنگرە بۆ ...

# پەیامی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکرات، بۆ بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان

**ئازیزان، خۆشەویستان، ئەندامانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی گەشەکردنو بەجەماوەریتر کردنی خەبات، سلاوی ڕێزو ئەمەگناسیتان پێشکەش دەکاو لەو بڕوایەدایە کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە، بۆیە بەشدارانی کۆنگرە وەك نوێنەرانی ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکانو هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی حیزب ئەو بەڵێنییە دووپات دەکەنەوە کە ڕێبازی شەهیدان، یانی خەبات تا گەیشتن بە ئامانجو ئاواتەکانیان درێژە بدەنو بە باوەڕە سیاسیو نەتەوایەتییەکانیان وەفادار بمێننەوە.

ئەگەر خەباتی نەتەوەی کورد لە ئێران بە بەشداری زۆربەی زۆری یەکەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەڕێوە دەچێو هەر کەسو هەر لایەنێك بە جۆرێك ئەرکی خۆی بەرانبەر بە کوردو لابردنی ستەم لەسەری بەئەنجام دەگەیەنێ کە جێگای ڕێزو پێزانینە، شەهیدان وەك فیداکارترین، لە خۆبردووترین ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە سەیر دەکرێن کە بە نرخترینو خۆشەویستترین سەرمایەی ژیان یانی گیانیان لە پێناو ئازادیو مافی نەتەوایەتی کورددا بەخت کردووەو وەفاداری بە ئامانجەکانی کوردیان بە خوێنی خۆیان مۆر کردووە. بۆیە شەهیدان مافێکی زیاتریان بەسەرمانەوە هەیەو دەوری سەروەریمان بۆ دەگێڕن.

ئاشکرایە ئێوە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدان وەك یادگاری ئازیزی ئەو ئازیزانە، بە لەدەستدانی خۆشەویستێکی خۆتان شوێنێکی تایبەتییان لە خەباتو لە نێو خەڵکدا بۆ خۆتان دەستەبەر کردووە. بە تایبەت کە بێجگە لە هەڵگرتنی خەمی قورسی لەدەست دانی ئازیزانتان باری گرانی ژیانی پڕ کەمو کوڕیو بێبەشیشتان کەتۆتە سەرشانو بەو حاڵەش هەرگیز لە بەرانبەر دوژمنو قورسایی ژیانی پڕ نەهامەتیدا، بە چۆکدا نەهاتوونو زۆر جاریش هەر لە چوارچێوەی بنەماڵەدا جێگای ئازیزانی شەهیدتان لە ریزەکانی خەباتو خۆڕاگریدا پڕ کردۆتەوە.

لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئێوە یەك بە یەك خەباتگێڕو خۆڕاگرنو بە چاوی رێزەوە سەیر دەکرێن. جێگای خەفەت بۆ حیزبی ئێمە ئەوەیە کە ئیمکاناتو هەلومەرج رێگایان نەداوە کە ئەو حیزبە پڕ بە دڵو بارتەقای حەزو ویستی خۆی، خزمەت بە یادگاری ئازیزانی لە دەست چوو بکاو بە ژیانو گوزەرانیان بە شێوەیەکی شایان رابگاو بە رادەیەکی پێویست وەدی بێنێ کە ئەوە نە لە کەمتەرخەمییەوە، بەڵکوو لە بێ دەرەتانیو دژواری هەلومەرجەوە بووە.

جێگای رێزو سوپاسی زیاتر ئەوەیە کە یەکە یەکی ئێوە لە ژیانی پڕ گیروگرفتی خۆتاندا هەمیشە حورمەتی شەهیدانی خۆتانو نەتەوەکەتان پاراستووەو بە گشتی کارێکتان نەکردووە کە لەتمە بە ئێعتیبارو گەورەیی شەهیدان بگەیەنێو گیانیان ئازار بدات. نەك ئەوە بەڵکوو لە پێگەیاندنو پەروەردەکردنی یادگارەکانیان یانی ئازیزانو جگەرگۆشەکانیاندا ئەو پەڕی هەوڵو هیمەتتان داوە بە جۆرێك ئەو یادگارانە ئەمڕۆ لە نێو کۆمەڵدا هەم بە ئازیزی لەدەست چوویانو هەم بە کەسایەتیی خۆیان سەربەرزو جێگای رێزو حورمەتن.

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریتر کردنی خەبات بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی ئەم کۆنگرەیە بسپێرێ کە سەرەڕای کەم ئیمکاناتیو کەم دەرەتانی، ئاوڕێ زیاتر لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بداتەوەو سێبەرێکی بەرینتر لە نەوازشو پێڕاگەیشتن بەسەر ئەو ئازیزە ژیان شێواوانەدا بکێشێ.

**سەربەرزی بۆ شەهیدانو بنەماڵە داغدارو زام هەڵگرتووەکانیان**

**سەرکەوتن بۆ رێبازی پڕ لە شانازی شەهیدان**

**کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی ١٤ بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران!

کـۆنگرەی چـواردەهـەمـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، کـۆنگرەی بەرینترکردنەوەو بەجەماوەریترکردنی خەبات، گەرمترین سڵاو بۆ ئێوە خەڵکی خەباتگێڕی کوردسـتانی ئێـران دەنێـرێ‌و لـە بـەرامبـەر خـۆڕاگریی ئێـوەو ئـیرادەی بـەرزو لـەشکان نەهاتووتاندا بۆ درێژەدان بە بەربـەرەکانێ لـەگـەڵ سیاسـەتـی سـەرکـوتو زەبـروزەنگـی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، سەری رێزو ئەمەگناسی دادەنەوێنێ.

مێژووی پڕ لە سەروەری‌و گیانبازیی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلەکـەمـان لـە کوردستانی ئێران ئەو راستییە دەردەخـا کـە ئێـوە کۆمـەڵانـی هـەراوی خـەڵـك هـەمیشـە پشتیوانی بێ ئەملاولای ئـەو بزووتنـەوەیـە بـوون‌و سـەرکـوتو زەبـروزەنـگ نـەیتوانیـوەو ناتوانێ لەو هەڵوێستە نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانەیەتان دوور خاتەوە.

ئەو خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و خورۆشە جەماوەرییـەی کـە ئێـوە ئـەمسـاڵ لـە سـاڵڕۆژی شەهیدبوونی رێبـەری مـەزنـی گـەل، شـەهید دوکتـور قـاسملوو، واتـە لـە رێکـەوتـی ٢٢ی پوشپەڕدا، بەڕێوەتان برد، جارێکی دیکەش ئەو راستییەی دەرخستەوە کە سیاسەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردسـتاندا شکسـتیان خـواردوەو ئـەو رژێمـە جگـە لـە حـوزوری نیزامی‌و پۆلیسی، هیچ جێیەکی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نیە.

کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان، بـە هـەڵسـەنگانـدنی هـەلومـەرجـی سیاسیی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی‌و بە لـەبـەرچـاوگرتنی ئـاڵوگۆڕە سیاسـییەکـانی ئێـران‌و ناوچەو هەروەها بە سەرنجدان بەو راستییە کە کۆماری ئیسـلامی نـە توانـای وەڵامدانـەوە بە داخوازە رەواکانی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێرانی هەیەو نـە دەشـتوانێ ئـاڵوگۆڕ لـە ماهییەتی ئیستبدادی‌و دواکەوتووانەی خۆیدا پێك بێنـێ، جـارێکی دیکـەش پـێ لـە سـەر درێژەدان بە خەباتو بەربەرەکانێ بۆ وەدیهاتنی مافـە نـەتـەوەیـی‌یـەکـانی گـەلـی کوردو

دابینكردنی دێموكراسی لە وڵاتەكەماندا، دادەگرێتەوە، كە دیارە پێشمەرجی دەستەبەربوونی ئەو ویستانەش وەلانانی رێژیمی كۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدایە.

روونە، ئەو كارەش بە بێ خەباتێكی بەرینو جەماوەری لە هەموو ئاستەكاندا ئیمكانی نیە. هەر بۆیە كۆنگرەی چواردە لێبڕاوە كە هەموو تواناو زەرفییەتەكانی حیزبو بزووتنەوە بۆ خزمەت بە پێكهێنانی زەمینەی زیاترو گەشەپێدانو رێكخستنو پاراستنی ئەو خەباتە جەماوەرییە وەگەڕ بخا.

حیزبی دێموكرات لە خەباتو تێكۆشانی سەختو دژواری خۆیدا، رێگایەكی دوورو درێژی بڕیوەو گەلێك ئەزموونی وەسەریەك ناونو لە كوورەی خەباتو بەربەركانێدا قاڵ بۆتەوە. زۆرجار كەوتۆتە بەر شاڵاوی پۆلیسیو پیلانی جۆراوجۆری دوژمنانی گەلو بزووتنەوە. بەڵام هەرگیز ئاڵای خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵكی كوردستانی هەڵنەساردوەو مەیدانی خەباتی خاڵی نەكردوە. شتێك كە حیزبی دێموكراتی لەو مەیدانە سەختو دژوارەی خەباتدا هێشتۆتەوە، ئەوە بووە كە ئەو حیزبە لە هەموو هەلومەرجێكدا پشتی بە قەڵای لەگیران نەهاتووی خەڵكی كوردستانەوە بووەو ئیلهامی لە خەباتو ئامانجە سیاسیەكانی ئێوە، وەرگرتووە.

كۆنگرەی چواردەی حیزب، بۆ جارێكی دیكەش پەیمان بە ئێوە دەدا كە لە داهاتوودا، هەروەك رابردوو، حیزبەكەمان هەروا سوارچاكی مەیدانی خەباتو بەربەركانێ دەمێنێتەوەو ئاڵای خەباتی میللی ـ دێموكراتیكی خەڵكی كوردستان، بەرزترو شەكاوە رادەگرێ. دیارە لەو رێگا دژوارەداو لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەركە مەزنەدا، كە ئەركێكی نەتەوەیی‌و نیشتمانییە، پێویستی بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئێوە هەیە.

با هەموو پێكەوەو لە هەموو ئاستەكاندا، بۆ لێكگرێدانی شێوە جۆراوجۆرەكانی خەباتو بەرینتركردنەوەی بەربەركانێی رەوای گەلەكەمان، دەست لە نێو دەستی یەكتر بنێینو هەموو هێزەكانمان بخەینە خزمەت ئەو ئامانجە سەرەكییە.

**بە ئومێدی سەركەوتن! بۆ پێشەوە**

# پەیامی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکرات بۆ زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی

**زیندانیانی مافویستو خۆڕاگری سیاسی!**

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

ئێوە هەنووکە لە نێو چاڵە رەشەکانی کۆماری خومەینیدا، گەرووی پڕ لە هاواری نەتەوەیەکی ماف پێشێلکراوو بندەستن، ئێوە ئەو مۆمە رووناکیدەرانەن، کە دوژمنانی رووناکی بۆ بەرگرتن بە تیشك پرژێنیتان، بە نارەواو بە دوور لە هەرچەشنە پرنسیپێکی مرۆڤانی، خراونەتە ئەو چاڵە رەشانەی کە لە رەشیدا، هاوشێوەی دەروونی جەلادانو کاربەدەستانی کۆماری خوێنو جینایەتن.

خۆڕاگریو سووربوونو پێداگریتان لەمەڕ ستەمو تێکۆشانتان بۆ دابینبوونی هەموو ئازادییەکانی گەلی کوردستان، لە لایەکەوە دەربڕی کەسایەتیی بەرزو شۆڕشگێڕانەتانەو لە هەمان کاتیشدا، ورەبەخشو ئیلهام بەخشی تێکۆشەرانی رێگای ئازادیی کوردستانە.

کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەری رێز بۆ ورەو باوەڕی قووڵتان بە ئازادی، دادەنەوێنێو هیوادارە، ئێوەی هەتاو، بە خەباتی بێپسانەوەی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانو بە گوشاری ناوەندو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان بۆ سەر رێژیمی سەدە ناوەڕاستیی ئاخوندی، لە ژێر ئەو هەورە رەشو چڵکنەدا بێنە دەرو کۆمەڵگاکەمان بتوانێ لە ئەزموونو رووناکیتان کەڵکی شیاو وەربگرێت.

بەو هیوایە کە تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان، لە باتیی زیندانو شکەنجە، میدالیای رێزلێنان لە سینگیان بدرێو ئێران لە چنگی دێوەزمەی رێژیمی ئاخوندی رزگار ببێو نەتەوەکەمان بە هەموو مافو ئازادییەکانی شاد ببێ.

سڵاو لـە زینـدانییانی خـۆڕاگری سیاسـی، مۆمـە ڕووناکیـدەرەکانی چاڵەڕەشـەکانی ڕێژیمی ئاخوندی

سڵاو لە بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی، ورەبەخشی تێکۆشەرانی نێو گرتووخانەکان

مەرگو نەمان بۆ ڕێژیمی زیندانو شکەنجە

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# پەیامی کۆنگرەی چواردە
# بۆ شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

PDKI بە پێی سوننەتی دێموکراتیکی خۆیو بڕوا بە بایەخە دێموکراتیکەکان، هەر چوارساڵ جارێك تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجدا، کۆنگرەی خۆی پێك دێنێ.

ئەمجارە، حدکا کۆنگرەی ١٤ی خۆی لە کاتێکدا دەبەستێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی کەم دیتراو هێرشی کردۆتە سەر ئازادییە دێموکراتیکەکانو بە شێوەی سیستماتیك مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا.

لەو بەینەدا گەلی کورد کە لە سەرەتاییترین مافە سیاسی، ئینسانیو فەرهەنگییەکانی بێبەشەو تەنانەت خوێندن بە زمانی زگماکی لە منداڵانی کورد قەدەغە کراوە، کەوتۆتە بەر پەلاماری دەزگای قەزاییو دەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی. ئەوڕۆ لە کوردستانی ئێراندا خەباتی مەدەنیی ڕووناکبیرانو چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ وەدیهێنانی ئازادیو مافە سیاسیو مەدەنییەکانی بەردەوامە. حدکا وەك هێزی سیاسیی سەرەکیی کوردستانی ئێران بە ٦٣ ساڵ ڕابردووی خەباتو تێکۆشان لە پێناو سەربەستیو مافە مەشرووعەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا، هەمیشە لە سەر ئەو ڕاستییە پێی داگرتووە کە ئێرانی فرە گەلی تەنیا لە ڕێگای دێموکراتیزەکردنو دابینکردنی مافە نەتەوایەتیو ئینسانییەکانی گەلانی بندەست لە ئێرانێکی فیدراڵیو دێموکراتیکدا دەتوانێ کۆتایی بە دیکتاتۆریو تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بێنێو مافەکانی مرۆڤ بپارێزێو یارمەتی بە سەقامگیریی سیاسیو ئەمنییەتی ناوچەکە بکا. مەسەلەی مافی مرۆڤ بە گشتیو پێشێلکردنی ڕۆژانەی مافە ئینسانییەکانی گەلی کورد بەتایبەتی، چەند ساڵە بە هۆی کێشەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەییو تەنیا لە پەراوێزدا گرنگی پێ دەدرێ.

ئێمـە لـە هـەمان کاتـدا کـە هەسـت بـە مەترسـیی دەسـت پێڕاگەیشـتنی رێـژیمی غەیرەمەسئوولی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی بۆ ئەمنییـەتی جیهـانی دەکـەین، پێمـان وایـە، هـەروەك لـە ٢ ـ٣ سـاڵی رابـردوودا دەرکـەوتووە بێـدەنگیی کۆمـەڵگای نێونەتـەوەیی لـە ئاسـت سـەرکوتو پێشـێلکردنی مـافی مرۆڤـ لـە ئێرانـدا، کۆمـاری ئیسلامی نـەك هـەر لـە درێژەپێـدانو بـەکارهێنانی سـەرکوتو زۆر دژی ئـازادیخوازانو چالاکانی بواری مافی مرۆڤـ دڕتر کراوە، بەڵکوو هیچ یارمەتییەکیشی بە مـل راکێشـانی کۆماری ئیسـلامی بـە داخوازەکـانی کۆمـەڵگای نێونەتـەوەیی لـە مەسـەلەی بەرنامـەی ناوکیدا نەکردوە !

گەلی کوردو حدکا چاوەڕوانییان لە رێکخـراوە نێونەتەوەییـەکانی پـارێزەری مـافی مرۆڤـ بەتایبەتی شووراى مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە کە بە بـێ لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەندییـە سیاسـیو ئابوورییـەکان کۆمـاری ئیسـلامی بخەنـە ژێـر فشار کە دەست لە ئیعدامی تێکۆشەرانی کوردو ئازادیخوازانی ئێـران هـەڵ بگـرێو رێـز لە مافە ئینسانیو سیاسییەکانی گەلانی ئێران بگرێ.

**کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی كۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵ

ڕێكخراوەكانو حیزبەكانی ئەندامی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فیدراڵ، لەگەڵ ڕێزێكی تایبەتیدا!

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران وەك ئەندامێكی ئەم كۆنگرەیە، چواردەهەمین كۆنگرەی خۆی "كۆنگرەی گەشەكردنو بە جەماوەریتركردنی خەبات"ی لە خەرمانانی ١٣٨٧ی هەتاویدا بەڕێوەبرد. ئەم كۆنگرەیە لە پرسو باسەكانی پێوەندیدار بە ئێرانو تاوتوێ كردنی هەڵكەوتەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموكرات، پێكهێنانی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی بە دەستكەوتێكی پڕبایەخ لە چوارچێوەی هاودەنگیو هاوئاهەنگی نەتەوەكانی ستەملێكراوی ئێران بۆ گەیشتن بە دێموكراسی لە ئێرانداو دابین بوونی مافە نەتەوایەتیەكانی نەتەوەكانی ئێران ناودێری كرد. یەكگرتوویی‌یەك كە لە پرۆسەی خەباتی ئازادیخوازانەی ئێران بێ وێنە یان كەموێنە بووە.

بێگومان گەیشتن بە وەها دەسكەوتێك سەرەتا بۆ هاودەردیو هەستی هاوبەشێك دەگەڕێتەوە كە نەتەوەكانی ستەملێكراوی ئێران لە هەمبەر یەكتردا هەیانەو هەروەها بۆ داخوازییو دروشمێكی هاوبەش كە لە ئێرانێكی دێموكراتو فیدراڵدا سەری هەڵداوە. هەبوونی وەها ڕێكخراوێك نەتەنیا بۆ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیمی نادێموكراتیكو ڕەتكەرەوەی مافی مرۆڤو پێشێلكەری مافە نەتەوایەتییەكانی نەتەوەكانی ئێران جێگەی داخە، بەڵكوو بۆ ئەو تاقمە لە هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆنیش كە لەگەڵ وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەكانی نەتەوەكانی ئێرانی ناكۆكنو بە نۆرمگەلی جۆراوجۆر خۆیانی لێ گێل دەكەن، دڵخواز نیە.

هەر بەم هۆیەوە لە سەر ئەو بڕوایەین کە نەتەنیا بۆ مانەوەی ئەم ڕێکخراوە دەبێ هەوڵ بدرێت، بەڵکوو دەبێ بۆ بەهێزکردنو چالاکتر کردنی ئەم ڕێکخراوەیە لە بوارگەلی جۆراوجۆری خەباتدا، دەبێ کارگەلێکی زیاتر ئەنجام بدرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پێوەندییەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێو ئامادەیە کە لە ڕێگای ناسراوتربوون، چالاکتر کردنو کاریگەرتر بوونی ئەم ڕێکخراویە کە حیزبەکانی ئەندامی لە روانگەی فیکری، سیاسیو کردەکی، نوێنەرایەتی نەتەوەکانی ئێران دەکەن، زیاتر لە جاران هەوڵ بداتو کاری بۆ بکات. دەبا ئەم ڕێکخراوەیە لە پرۆسەی ڕووداوەکانی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاوتر کار بکاتو لە ئێرانی داهاتوودا رۆلێکی کاریگەرتر بگێڕێ.

دەستی هاوکاریی یەك بە یەکی ئەندامانی کۆنگرە دەگوشینو لە سەر هاوکاریی لە چوارچێوەی خەبات بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەمدیس جەخت دەکەینەوە.

**پتەوتر بێ هاوپێوەندیی نەتەوەکانی ستەملێکراوی ئێران بۆ گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێرانو وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیەکانی نەتەوەکانی ئێران**

**کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی چواردەهەم
# بۆ ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

بە پێی ئوسووڵی دێموکراتیکی حیزبەکەمان بە خۆشییەوە کۆنگرەکانی حیزب لە هەر هەلومەرجێکی تەنانەت سەختو دژواریشدا بەڕێوە چوون بۆ ئەوە بە وەخت وەزعی گشتیی جیهان، ناوچەو ئێران و کوردستان و سەرجەم ئاڵوگۆڕەکان هەڵسەنگێندرێنەوەو بەکارو چالاکییەکانی رابردوودا بچینەوەو رێبازی شیاو بۆ درێژەی خەبات دەست نیشان بکەین.

کۆنگرەی ئەمجارەمان کۆنگرەی چواردەهەم، کۆنگرەی گەشەکردن و بەجەماوەریتر کردنی خەبات لە مانگی خەرماناندا بەڕێوە چووو هەروەك پێشبینی دەکراو بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو بە شێوەیەکی رێكو پێك ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاند.

بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە سڵاوی رێزو ئەمەگناسییان پێشکەش دەکەن و سوپاسی کارو تێکۆشانی یەك یەکی ئێوە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن کە لە ماوەی چوارساڵی رابردوودا بێوچان فیداکاریو چالاکیتان لە خۆتان نیشان داو لە بەرەوپێشبردنی خەباتە رەواکەماندا شوێندانەر بوون. کۆنگرە لە لێکدانەوەی خۆیدا هەوڵو هیمەتو فیداکاریی ئێوەی بە یەکێك لە هۆیەکانی سەربەرزیو درێژەی رەوتی خۆڕاگریی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبە تێکۆشەرەکەمان داناو لەو پێوەندییەدا بە رێزەوە سەیری دڵسۆزیو هەوڵی ماندوویی نەناسانەی ئێوەی کرد. بەشدارانی کۆنگرە لەوە بەداخ بوون کە جێگای نوێنەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات یانی ئەوانەی بە حەرەکەتە ئێعترازییەکانی خۆیان پشتی رێژیمیان لەرزاند بە تاڵ بوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلو مەرجێك کە کۆنگرەی تێدا گیرا. هیوادارین کە کۆنگرەکان داهاتوو لە کوردستانی ئازادو بە ئامادەبوونی ئەو ئازیزانە بەڕێوە بچن.

بێگومان دروشمی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب یانی "گەشەکردنو بە جەماوەریتر کردنی خەبات" ئەرکێکی گەلێك گرینگ دەخاتە سەرشانی کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب لە هەر شوێنێك بۆ ئەوەی ئەو دروشمە بەرگی بە کردەوە بپۆشێو ئامانجەکانی خۆی بە گوێرەی پێویست بپێکێ.

بۆ وەدیهاتنی ئەو مەبەستە نیازمان بە نەزمو دیسپلینێکی زیاترو ئاگاهانەترو قانونمەندییەکی پتر لە کارو پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکاندا هەیە، ئاشکراشە هەرچی رەوتی خەباتەکەکان بەرەو پێشتر بچێو بەرینیی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو رێژیمێکی دژی گەلی هارترو هەروەك تا ئێستاش نیشانی داوە دەورێکی زیاتر لە پیلانگێڕیو سەرکوتو راونان دەگێڕێ. بۆیەو بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر پیلانێکی رێژیم پێویستە ئەندامان، لایەنگران، کادرو پێشمەرگەکانی حیزب زیاتر لەسەر هەست بن، وریاترو چاوکراوەتر هەڵسو کەوت بکەن، چوونکە سەرمایەی ئەسڵیو بڕبڕەی پشتی حیزبەکەمانن . ئەو حیزبەی نەتەوەیەك بە چاوی هومیدەوە سەیری دەکاو بۆتە چقڵی چاوی دوژمنانی نەتەوەی کورد. لە هەمان کاتدا پێویستە هەر کردەوەیەكو هەڵسوکەوتێکی تێکۆشەرانی دێموکرات وەڵامدەری ئەو پرستیژ، ئێعتبارو ئەو سیما دێموکراتە بێ کە رازێنەرەوەی قەڵافەتو ناسێنەری نێوەرۆکی حیزبەکەمانن لە یەك قسەدا دەبێ خۆمان بۆ رەوتێکی نوێ لە خەبات ئەویش بە کردەوەو هەڵسوکەوتێکی دێموکراتییانە ئامادە بکەینو قۆناخێکی دیکە بەرەو سەرکەوتن ببڕین. لەو پێوەندییەدا لە سەر هەوڵو هیمەتو کاری ماندوونەناسانەی ئێوە حیسابێکی تایبەتی دەکرێ.

جارێکی دیکە دەستی هاوڕێیەتیتان دەگوشین، هەنگاوتان قایمترو، رێگای سەرکەوتنتان کەم مەوداتر، خۆشەویستیتان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا زیاترو زیاتر بێ.

**کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بەوەی کە هێزی لاوان، لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە لایەك خاوەن ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگەیەو لە لایەکی دیکەوە، ئەرکدارە بۆ دۆزینەوەی پێناسە بۆ خۆی‌و نیشتمانەکەمان، حیزبی دێموکرات، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لەو باوەڕەدابووە، ئەو توێژە چالاکترو کارامەتر بکاتو بۆ ئەو مەبەستەش رۆڵی سەرەکی بۆ دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان گێڕاو یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی لاوی کورد، وێڕای ئەوەی خەبات دەکات، لە پێناو گەیشتنی نەتەوەکەی بە مافەکانی خۆی، هەوڵی بێوچانو زانستی بدات بۆ دەستەبەربوونی مافە سێنفییەکانی‌و لە ئاکامدا لە دەنگدان، بەڕێوەبەری‌و دەسەڵاتو بنیادنانەوەی وڵاتو داڕشتنی یاساو سەرجەم بوارەکانی دیکە، پڕ بە پێستی وشەی بەشداربووان، بەشدار بێ‌و ئاسوودە بژی‌و ئاوەڵاترو ئاسوودەتر هەست بە بوونی خۆی وەك هاووڵاتییەك، بکاو رۆڵی خۆی وەك هاووڵاتی بگێڕێت.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە مرۆڤایەتی بە دەسکەوتی بەرچاوی مرۆیی‌و زانستی گەیشتووەو تێکنۆلۆژی زۆر خێرا، زیاتر پەرە دەگرێ‌و ماسمێدیا تەقینەوەیەکی بەرینی بەخۆوە دیوەو باس لە بەجیهانیبوون بۆتە وێردی سەر زمان، ئەرکی لاوی کورد قورستر لە جارانەو پێویستە لەم قۆناغەدا، ئامادەیی تەواویان هەبێ‌و لەو کاروانە بەجێ نەمێنن.

هەنووکە لە ئێرانو کوردستاندا، رۆژانە لاوانی نووسەر، رۆژنامەوان، رۆشنبیرو چالاکی بوارەکانی مافی مرۆڤ، لە کوڕو لە کچ، لە لایەن رێژیمی ئاخوندیی ئێرانەوە دەگیرێن‌و لە گرتووخانەکان دەخرێن‌و هەن نموونەی ئەو لاوانەی کە لە ژێر زەبری ئەشکەنجەو ئازاردا، گیانیان لە دەست دەدەن‌و بەپەتی سێدارە ئەسپێرێن.

لاوانی کورد، جگە لەوەی میکانیزمی گونجاویان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ رێژیمدا، لە کوردستان، دیوەتەوە، لە سەر ئاستی ئێرانیشدا، بە کردەوە سەلماندوویانە کە وەك

هێزێکـی کـاراو لێهـاتووە، رێبـەرو رۆڵگێـڕی بزووتنـەوە جیاوازەکـانی دیکـەی دژ بـە دیکتاتۆرین. لە خوێندنەوەیەکدا بۆ لاوانی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـرانو رۆڵـی ئـەوان لـە کۆمەڵگەو کاریگەرییان لەسەر رای گشتی، ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێت، کە ئـەوان خوڵقێنەری نوێترین شێوەی خەباتن لە ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی ئێراندا.

مانگرتنە یەك لە دوای یەکەکان، رژانە سەر شەقامەکان، بزووتنـەوە خوێندکارییـەکانو هەوڵدانی لاوانی کورد لە پێنـاو جێگیربـوونی دێموکراسـی لـە ئێـرانو گەیشـتنی کـورد بـە مافـەکانی خـۆی، ئـەو نموونانـەن کـە ئـەمڕۆ گـەواهی ئـەوەن، لـە لایـەن لاوانـەوە، رێـك دەخرێنو رێبـازو شـێوەیان بـۆ دیـاری دەکـرێنو هـەر لـەو پێوەندییەشـدا رۆڵـی لاوان لـە بەدەنگەوەهاتنی داواکانی حیزبی دێموکرات بۆ وەرێخستنی مانگرتنەکانو بەشدارییان لـە بۆنە جیاجیا نەتەوایەتیو سیاسییەکان، لە بەرچاوەو حیزبی دێموکرات شانازی بە بـوونی وەها توێژێکی چالاك لە کۆمەڵگای کوردستاندا، دەکات.

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چـاوەڕوانی ئەوەشـی لـە لاوانی کوردستان هەیە، لەو خەباتە جەماوەرییەی لە کوردسـتاندا پـەرەی گرتـووە، رۆڵـی چـالاکترو زیـاتر وەئەسـتۆ بگـرنو ئـەو خەباتـە، لـە رۆژو حـەوتوو و مـانگو سـاڵەکانی داهاتوودا، بە ورەیەکی بەرزترەوە، بەڕێوەبەرن.

**سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کوردو ئازادیخوازان، نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی**

**کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب بۆ ژنان

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سلاوی خەباتگێڕانەی خۆی پێشکەشی ژنانی کوردستانی ئێران دەکاو سەرکەوتنی ئەوان لە خەبات بۆ دابینکردنی مافو ئازادییەکانیاندا بە ئاوات دەخوازێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە چاوی هیواو هومێدەوە دەڕوانێتە خەباتو بەربەرەکانێیەك کە ژنانی کوردستان بەدژی ئیستبدادو سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی، بۆ لەنێوبردنی ئەو بێعەدالەتییانەی کە بە ژنانی رەوا دەبینێ، بەڕێوە دەبەن. خەباتو بەربەرەکانێیەك کە ئێستا بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆتە سەنگەرێکی گەورەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران.

ئێمە خوشحاڵو سەربڵندین کە دەبینین بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی گرتووەو خۆی سازمان داوەو تێکۆشەرەکانیشی شانبەشانی تێکۆشەرانی بزووتنەوە سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کوردستان، لە سەنگەری پێشڕەویی خەباتدان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستان لە پێناو مافو ئازادییەکانی خۆیاندا بە خەباتێکی رەواو عادڵانەو دێموکراتیك دەزانێو بە هەموو توانای خۆیەوە پشتیوانیی لێ دەکا.

حیزبی دێموکرات، لە تریبوونی بەرزترین ئورگانی خۆیەوە، جارێکی دیکە هاوپێوەندیی حیزبو خەباتگێڕانەی خۆی لەگەڵ ژنانی کوردستان، رادەگەیەنێو دڵنیاتان دەکا کە دەتوانن لەسەر هەموو جۆرە یارمەتیو هاوکاریو پشتییوانییەکی حیزبی ئێمە، لە خەباتی خۆتاندا، بۆ دابینبوونی مافی ژنانو لەنێوبردنی ئەو هەڵاواردنانە کە بە ژنان رەوا دەبینرێ، حیساب بکەن. هەر لەو کاتەدا داوا دەکەین کە بە بەشدرایی زیاترتان لە بزووتنەوەی کوردستاندا، جووڵانەوەی گەلەکەمان بەرینتر بکەنەوەو نەخشی کاریگەرتر بگرنە دەست.

# پەیامی کۆنگرەی گەشەکردن و بەجەماوەریترکردنی خەبات بۆ خوێندکارانی ئازادیخواز

**خوێندکارانی خەباتکار!**

**رۆڵە وشیارەکانی وڵات!**

ئێوە رێرەوانی رێگای زانست و فێربوون، هەڵگرانی مەشخەڵی ئاگاییو وشیاری، وەرگری دەسکەوتە نوێیە جیهانییەکانو بەڕێوەبەرانی داهاتووی وڵات، خوێندنو فێربوونتان لە شوێنێکی پیرۆزی وەك زانستگا، ئەرك و هەنگاوێکی پێشکەوتووانەو خزمەت بە داهاتووی وڵات و خەڵکە. بارهاتنتان لە زانستگا بە مێتۆدی زانستیو رەخنەگرانەو پرسیار وورووژێنەرانە، چاوی دیتنی راستییەکانیان تیژتر و بیرو هزرتان ئاوەڵاتر و هاوکات ئەرکی نەتەوەییتان قورستر دەکا. لە کۆمەڵگایەکی ژێردەستی دیکتاتۆریو سیستمی کۆنەپەرستیدا، ئێوە کڵاورۆژنەی هاتنە ژوورەوەی تیشکی زاناییو زانیارینو دەبێ ئاگاییو لەسەر هەست بوون بگوێزنەوە بۆ قوڵایی کۆمەڵگا.

هاوشان لەگەڵ ئەو ئەرکە، لە وڵاتی ژێردەستی دیکتاتۆریو چەوسانەوەدا، ئێوە توێژێکی لەسەرهەست و ئارمانجخوازن کە بۆ وەدیهێنانی ئازادیو دادپەروەری خەبات و تێکۆشان دەکەن.

هەروەك رابردوو بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران نیشانی داوە، لە برگە هەستیارەکاندا، ئێوە لە ریزی پێشەوەی سەرهەڵدان و رابووندا بوون و لەم چەند ساڵەی دوایەشدا، نیشانتان داوە کە هەروا کۆڵنەدەر و بەورەن. هێرشی درندانەی هێزەکانی رێژیم بۆ شوێنی خوێندن و فێربوونتان، دەرخەری ئەوپەڕی ترسی دەسەڵاتی نەزانپەرستی لە وشیاریی ئێوەیە.

دڵنیاین کە خەبات و رابوونتان دژ بە دیکتاتۆریو زۆرداریو ستەم، هەروا بەردەوام دەبێو ئێوە یەکێك لە هەڵگرانی ئەرکی دابینبوونی دێموکراسی لە ئێراندان و کۆنگرەی

چواردەیەمی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پشتیوانیی حیزب لە خەبات و تێكۆشانتان دووپات دەكاتەوە.

خوێندكارانی چاونەترسی كورد!

ئێوە رۆڵەی بەئەمەگی نیشتنمانو نەتەوەكەمان، سەرەڕای خەباتی ئازادیخوازیو دژ بە نەزانپەرستیتان، ئەركی گرنگی نەتەوەییتان لەسەر شان هەڵگرتووەو بەڕێوەی دەبەن.

ئێوە بە خوێندن و پەروەردەبوونتان و گواستنەوەی زانیاریو ئەندێشە بۆ نەتەوە بندەستەكەتان، دژ بە نائاگا هێشتنەوەی خەڵك خەبات دەكەن. رێژیمە پاوانخواز و تاریكبیرەكانی زاڵ بەسەر كوردستان هەردەم هەوڵی لە دواكەوتوویی و نائاگایی‌دا هێشتنەوەی نەتەوەی كوردیان داوەو ئێوە مۆمی رووناكیدەر لە كوردستانن كە بە هەڵكرانی بەهەزارانتان، ئاسمان و شاخ و شاری كوردستان چراخان دەكەن.

لەلایەكی دیكەوە ئێوە دەنگی مافویستیو ئازادیخوازیی نەتەوەیەكی ژێرستەمن و خەباتی ئێوە بە شوناسی كوردبوونتانەوە، دڕدان بە تاریكیو بە چۆك داهێنانی بێدەنگیی بە زۆر زاڵكراوەو خەباتی مافخوازانەو ئازادیخوازانەتان لە سەنگەری زانستگادا، درێژەی خەباتی نەتەوەیی ـ دێموكراتیكی كورد لە كوردستانی ئێرانە.

ئێوە بە خەبات و سەرهەڵدان و بەرخۆدانتان، پەردە لەسەر چەواشەكارییەكانی دەسەڵاتی زاڵ هەڵ دەدەنەوەو دیماگۆژی و فریوكاریی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، لە بیاڤی گشتیدا لەقاو دەدەن و سیاسەت دەكەنە رۆژەڤی جووڵانی جەماوەری.

ئێوە پێشمەرگەكانی كوردستان لەنێو سەنگەری ئازادیخوازی و هزرمەندیی زانستگادان كە سیڕەتان لەنێو چاوانی نەزانیو دیكتاتۆری گرتووە.

كۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، كۆنگرەی گەشەكردن و بە جەماوەریتركردنی خەبات، پشتیوانی لە خەبات و تێكۆشانتان دەردەبڕێو پێ

لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە خەباتی هەمەلایەنەی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان، هەرچی زیاتر پێویستیی بە بەشداریی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت توێژی وشیار و ئاگای خوێندکار، رۆڵە تێگەیشتوو و پێشکەوتووەکانی کورد هەیەو بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە خەباتی رەواو مافویستانەی کوردستاندا، وەدیهێنەری رزگاریو گەرەنتیی ئازادی و دێموکراسییە.

کۆنگرەی گەشەکردن و بە جەماوەریترکردنی خەبات، ئێوە خوێندکارانی خەباتکار بە پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری زانستگا و مەتەرێزی بەربەرەکانێ لەگەڵ رێژیمی نەزانپەرستی دەزانێو پشتیوان و هاورێتانە.

سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانەو رزگاریخوازانەتان

سڵاو لە هزری رەخنەگر و سەردەمییانەتان

سەرکەوێ ئازادیو دادپەروەری

**کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی حیزب و ڕێکخراوە

# کوردستانییەکان

# بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

# پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرمو برایانە!

بە بۆنەی بەستنی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبە خەباتگێڕەکەتانەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەختەوەرین گەرمترین پیرۆزباییو دەستخۆشیتان پێشکەشو سڵاوو ڕێزیش ئاراستەی نوێنەرانی کۆنگرەکەتان بکەین.

برایانی بەڕێز! دڵنیاین کە لەم کۆنگرەیەداو لە روانگەی هەستکردنی تەواوتان بە ئەرکی نەتەوایەتیو نیشتمانیو بەرژەوەندی گەلی کوردمانو هەستیاری قۆناغەکەو لە بەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکانی دونیا تاوتوێ کردنو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی وردتان دەبێت بۆ سەرجەم بارودۆخەکان، بۆیە هیوادارین کە دەرەنجامی کۆنگرەکە بەرنامەو بڕیارو راسپاردەی گونجاوی رەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی واقیعیانە بێت بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد لە رێگای ئاشتیو گرتنەبەری شێوازی شارستانیو دێموکراسیانەو بە دیالۆگو لێکحاڵی بوونو دوور لە هەر شێوازێکی توندوتیژی کە لەو بڕوایەداین گەلان دەگەیێننە مافو ئازادی.

هەر ئەم بۆنەیە بە هەل دەزانین کە ئاماژە بدەین بە پێوەندی برایانەو دۆستانەی پارتیمان لەگەڵ حیزبتانو ئارەزوومەندو خوازیاری بەردەوامیو بەهێزترکردنین لە روانگەی بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتیمان، لە کۆتایشدا دەڵێین هەریمی کوردستان بەرهەمی خەباتو قوربانیدانی بزووتنەوەی کوردایەتیمانو مایەی شانازیە بۆ سەرجەم گەلی کورد، بۆیە پاراستنی دەستکەوتەکانی پەرلەمانو حکوومەتی هەرێمو سەقامگیریو هێمنیو ئاسایشی ئەرکی گشت لایەکمانە.

**ئیدی بە ئومێدی گەیشتنتان بە ئاواتو سەرکەوتن.**

**لەگەڵ رێزماندا**

**دەفتەری سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان**

**٢٠٠٨/٨/٢١**

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

پاش ڕێز!

بە ناوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، پیرۆزباییەکی گەرمی بەستنی کۆنگرەتان لێدەکەینو هیواداریشین ئەم کۆنگرەیەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، کە لە هەلومەرجێکی دژواری هەستیاری پڕ لە شەپۆلی هەڵچوونو داچوونی سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا دەبەسترێ، لە داڕشتنی ستراتیژو ئایدۆلۆژیەتی دێموکراسیی هاوچەرخدا، سەرکەوتوو بێ.

ئومێدەوارین، ئەم گۆڕانکارییانەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەردەمی جیهانگیریدا ڕەچاو دەکرێن، چارەسەری دێموکراسیو ئاشتییانەی کێشەی هەموو بەشەکانی کوردستان بەدی بێنێ.

جارێکی دیکە، سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین.

**مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٨/٩/١٢**

## پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیو دێموکراسی!

سڵاوو ڕێز

بە ناوی خۆمانو سەرجەم شیوعییەکانی کوردستان، بە بۆنەی ئەنجامدانی کۆنگرەکەتان، پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەینو هیوای سەرفرازیو بەردەوامیو سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە کارەکانی کۆنگرەکەتان.

بەڕێزان! بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەتان لە کاتو ساتو قۆناخێکدایە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو گەلەکەمان بەتایبەتی، بە قۆناخێکی یەکجار ناسکو هەستیاردا تێپەڕ

دەبێتو هاوکێشە سیاسییە جیهانیو نێودەوڵەتییەکانی وڵاتەکەمانو ناوچەکەمانی خستۆتە بەردەم کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریی ریشەیی.

هەڵبەت ئەمەش بە شێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری بە ئاراستەی ئیجابیو سلبی دەبێت بەسەر دۆزی رەوای گەلەکەمانو بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی، هەربۆیەش داواکارو خوازیاری ئەوەین کە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەکەتان تێڕامانو هەڵوەستە کردنتان بێت لەسەر زیاترکردن بۆ یەکخستنەوەو پتەوکردنی ریزەکانی بزووتنەوەی خەباتگێڕانە لەم پارچەیەی نیشتمانەکەمان، هەروەها هەوڵدان بێت بۆ دۆزینەوەی ئالییەتو میکانیزمی نوێ بۆ کاراکردنی رۆڵە پەڵەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان لە چوارچێوەی بەرنامەو کارو پرۆژەی هاوبەش رووو بەرهەمهێنانی ئامانجە کوردستانییەکان. دیارە حیزبی شیوعیی کوردستان کە خۆی بە براو دۆستێکی راستقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانێت، هەر ئەمەش وامان لێ دەکات کە بە چاوێکی پڕبایەخەوە سەیری کۆنگرەکەتان بکەینو بە چاوی هیواو هومێدەوە لە دەرەنجامو ئاکامەکانی بڕوانین. دڵنیاشین لەوەی کە حیزبێك خاوەنی ئەو مێژووە دوورو درێژە بێت لە خەباتدا، سەرکردەی وەکوو قازی محەممەدو عەبدولڕەحمان قاسملووو دوکتور سادق شەرەفکەندیو هەزاران شەهیدی دابێت، سەربەرزانەو بەرپرسیارانەش ئەو قۆناخە تێدەپەڕێنێت، کە یەکبوونو تەباییو بەیەکەوە ژیانی دێموکراسییانەش مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنە لەم قۆناخەدا.

لەگەڵ رێزماندا

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان**

**٧ی ٢٠٠٨**

# پەیامی پارێزەر مستەفا ئیبراهیم،
# بەرپرسی مەكتەبی پێوەندییەكان ـ هەولێر

برای تێكۆشەر مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ بەڕێز!

برایانی بەڕێزو خۆشەویستی مەكتەبی سیاسی!

خوشكو برایانی بەڕێزی ئەندامی كۆنگرەی چواردە!

بە سوپاسو ڕێزەوە ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧، داوەتنامەی ئێوەمان پێگەیشت بۆ بەشداریكردنو پشتگیریكردن لە كارەكانی كۆنگرەی چواردەهەمی حیزبە تێكۆشەرەكەتان، كە لە قۆناغێكی مێژوویی دەبەسترێتو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانكاریی گرینگ بەخۆیەوە دەبینێت بە هۆی پێشهاتەكانی ئێستاو ئایەندەی نزیك. دیارە ئێرانو كوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەكەونە نێو بازنەی ئەو ڕووداوانە. بۆیە پێویستە لە سەر هەموو پارتو هێزە سیاسییەكانو ڕێكخراوە جەماوەرییەكانو كەسایەتیی نیشتمانیو كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لە ئاست بەرپرسیارییەتی نەتەوەییو مێژووییدا بنو بە یەكڕیزی تواناكانمانو خەباتی بەردەوامو كاری جیددی لە پێناو دامەزراندنی بناغەیەك بۆ گرێدانی كۆنگرەیەكی نەتەوەیی نیشتمانی كوردستانی گشتی بۆ دانانی ستراتیژییەتێكی دیاریكراو بۆ خەباتی نەتەوەیی كوردستانی تا هەموو هێزە خەباتگێڕەكان لەو چوارچێوەیەدا پابەندی بن.

خۆشەویستان، ئەندامانی كۆنگرە!

لە كاتێكدا گەلی كورد لە هەر چوارپارچەی كوردستان شانازی بە دەسكەوتی مێژوویی حیزبەكەتان دەكات بە دامەزراندنی یەكەمین كۆماری كوردی لە كوردستانی ڕۆژهەڵات كە لە سەر شانۆی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی لە نێو برا، سەری ڕێزو نەوازش لە بەرامبەر شەهیدانی حیزبەكەتان دادەنەوێنین لە پێش هەموویانەوە (پێشەوا قازی محەممەد، دوكتور قاسملوو دوكتور شەرەفكەندی)و سەرجەم شەهیدان. داواتان لێ دەكەین بۆ یەكڕیزیو كۆكردنەوەی هێزەكان لە گۆڕەپانی كوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ خەباتكردن لەتەك یەكو هاوشانی یەك بۆ گەیشتن بە هیواو ئومێدەكانی گەلەكەمان لە ژێر دەستی ڕێژیمی ئاخوندیی مێزەر بە

سەرەكانو بەرزكردنەوەی ئاڵای كوردستان. ئەو ئاڵایەی كە پێشەوا بە بارزانی نەمری سپارد لەگەڵ سروودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) لە گۆڕەپانی چوارچرا لە شاری مەهابادی قوربانیو فیداكاری.

خوشكو برایانی بەڕێز!

پارتیمان پارتی دێموكراتی كورد لە سوریا (پارتی) كە خەبات دەكات لە پێناو مافی گەلەكەمان لە كوردستانی رۆژئاوا، ئەو بەشەی لە رەوشو بارودۆخێكی زۆر ئاڵۆزدا دەژیت، لە ئاكامی ئەو چەوسانەوە نەتەوەییو رەگەزپەرستانە زۆرەی دووچاری هاتووە وەك تەعریبكردنی ناوی شارو شارۆچكەو شوێنەوارو، بێبەشكردنی لە سادەترین مافی نەتەوەییو مرۆڤایەتیو هاونیشتمان بوون تاوای لێهات گەلی كورد لە خاكی بابو باپیرانی بە بێ خال بە بێ ناسنامە وەك پەناهەندە بژیت.

لە سەر بنەمای یەك چارەنووسو یەك ئامانج ئێمە سەرجەم هێزو توانای خۆمان دەخەینە خزمەت حیزبە تێكۆشەرەكەتانو پشتگیری لە خەباتی ئێوە دەكەینو بە توندی دستتان دەگوشین، ئومێدی سەركەوتنو سەرفەرازی بۆ كۆنگرەكەتان دەخوازین، بە هیوای بەهێزكردنی پێوەندیی ستراتیژی لەگەڵ حیزبە تێكۆشەرەكەتان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.

نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی نەتەوەی كورد

بژی كورد، بژی كوردستان

**پارێزەر مستەفا ئیبراهیم**

**بەرپرسی مەكتەبی پێوەندییەكان ـ هەولێر**

٢٠٠٨/٨/٢

# پەیامی حیزبی سوسیالیستی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوو ڕێزی گەرم

سەبارەت بە نووسراوتان لە بەرواری ٢٠٠٨/٣/١٧ کە داوای راو بۆچوونی ئێمەتان کردبوو بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبەکەتان، هیوادارین کۆنگرەکەتان بە بڕیارو راسپاردەی نوێ کارەکانی ئەنجام بدات، کۆنگرەکەتان لە کاتێکدایە کە هەلو مەرجی جیهانو ناوچەییو ئیقلیمیو سیستمی نوێی جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو پێویستە کۆنگرەکەتان هەڵسەنگاندنی واقیعیانەی بۆ بکاتو لە سەر بنەمای گونجاندنو چەسپاوی ناوچەکەو دوورکەوتنەوە لە گەمەی سیاسی جیهانی سوودی لێ وەربگیرێتو کاری لە سەر بکرێت.

ئەوەشی کە لە هەموو شت گرنگترە بۆ ئاراستە کردن لەگەڵ ئەو گریمانەو گۆڕانانەی بریتییە لە بەرنامەی راستو درووستو دیدی واقیعیانە لە بوارە جیاجیاکانی سیاسیو دیپلۆماسیو یەکڕیزیو یەك هەڵوێستیو یەك قەبووڵکردنو کارکردن لە سەر خاڵە هاوبەشەکان.

١ ـ پێویستە لەم قۆناغەدا بە باوەڕبوون بە پێکەوە ژیان لە ئێراندا لەگەڵ هەموو چینو توێژەکاندا.

٢ ـ زیاتر بیر لە خەباتی واقیعانە بکرێتەوە بە جۆرێك کە لەگەڵ هەلو مەرجەکەدا بگونجێت.

٣ ـ لەبەرچاو گرتنی تەرازووی هێزو ئەگەرەکانی گۆڕان لەو تەرازوویەدا، دیاریکردنی بەرامبەرو بەدیلەکانو لێکدانەوەی وردی پێکهاتەکان لە هەر حاڵو بارێکدا کە پێشبینی نزیكو دوورن زۆر هەڵوێستی واقعی دەخەملێنێت، ئەوەش بە لێکۆڵینەوەو لەبەرچاوگرتنی دیدی واقیعیانەو سوودوەرگرتن لە دەرکەوتە نوێیەکانی مەیدانی سیاسیی ناوچەکە دێتە دی کە ئەرکێکی گرنگی کۆنگرەکەتانە. لەگەڵ ڕێزماندا

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی سوسیال دێموکراتی کوردستان**

**٢٠٠٨/٨/١**

# پەیامی حیزبی رزگاریی کوردستان

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندی!

هێژایان، ئەندامانی چواردەهەمین کۆنگرە!

سڵاوی رزگاریو سەربەخۆبوونتان لێ بێ.

لە پێوەندی بە پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، بەختەوەرم کە بە ناوی خۆمو ئەندامانی سەرکردایەتیو سەرجەم کادیرانی حیزبی رزگاریی کوردستانەوە گەرمترینو جوانترین پیرۆزباییتان لێدەکەمو هیوای سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرەتان بۆ دەخوازم. بەڕێزان! حیزبە خەباتگێڕەکەتان لە کاتێکدا چواردەهەمین کۆنگرەی خۆی پێکدێنێ کە هێشتا ئاسۆی دۆزی کوردستان روون‌اك نەبۆتەوە، رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆزو ناجێگیرە، لە نێو ستەمو نابەرابەریدا تەکان دەدا، بەو هۆیەشەوە هاوسۆزییێکی گەورەتر پێکهاتووە، بەڵام بە داخەوە نەتوانراوە وەکوو پێویست دەکار بکرێ، ئێمە چاوەڕوانین کە حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەواو قاسملووو شەرەفکەندی وەك جاران خاوەنداریێتی لە دۆزی رەوای گەلەکەمان بکاتو رێبەرایەتی هەڵسانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆ بگرێو بە لووتکەی سەرکەوتنی بگەیەنێ.

بەڕێزان! ئەگەر وەك مەکۆی هەڵسەنگاندنو بە خۆداچوونەوەو داڕشتنەوەی کارنامەی نوێ چاو لە کۆنگرەی بکرێ، دەبێ بڵێین کە حیزبە تێکۆشەرەکەتان ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لەو بوارەدا هەیە، بەو هۆیەشەوە هیواخوازین کە کۆنگرەی چواردەهەم سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی بهێنێ، راسپاردەو بڕیاری بەسوودو بایەخدار بۆ بەرژەوەندیی دۆزی رەوای گەلەکەمان وەربگرێ.

لە کۆتاییدا سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوەو هیوای سەرفەرازیتان بۆ دەخوازین.

**رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتیی حیزبی رزگاریی کوردستان**

**٢٠٠٨/٨/٤**

## پەیامی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پەیام بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان، بەشداربووانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران!

سلاوێکی گەرم، بە بۆنەی پێك هاتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزباییتان لێدەکەینو هیوادارین کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێت.

گەلی کورد لە کورستانی ئێران هەرگیز شەرعییەتی هیچ ڕێژیمێکی ستەمکاری نەسەلماندووەو لە ٣ دەیەی رابردووشدا لە خەباتێکی بێوچانو ماندوویی نەناسانەدا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستو پەنجەی نەرم کردووە. ئەو گەلە شایستەی ئەوەیە کە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بگاتو لە ژیانێکی ئاسوودەو ئازاد بەهرەمەند بێت. خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەردی بناغەی ئەم مۆقاومەتە بوونو قورسایی ستەمی نەتەوایەتیش زیاتر لە هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵ بەسەر ئەواندا شکاوەتەوە. دواکەوتوویی ئابووری کۆمەڵگای کوردستان، نەبوونی لانیکەمی خزمەتگوزاری بۆ ژیان، پێشێل بوونی مافە سەرەتاییەکانیان، ئازارەکانی پێش هەموو کەس بۆ ئەوان بووەو هەر بۆیە سەرکەوتنی دوارۆژیش هەر بە دەستی بەهێزی ئەوان بینا دەکرێ.

بەڕێزان!

ئەزموونی سێ دەیەی رابردووی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێت کە خەڵکی کورد خوازیاری ئەوەیە کە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە چالاکەکانی، لە پێناوی خەباتی هاوبەشیاندا لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، زۆرترین هاوکاریو هاوئاهەنگییان پێکەوە هەبێ، لە کێشەو ناکۆکییەکانی سیاسییاندا هەرگیز دەست بۆ چەك دژ بە یەکتر نەبەن، لەسەر مافەکانی رەوای گەلی کورد بەسەرسەری خەڵکەوە نەچنە پێی هیچ ساتو سەودایەك، پابەندی هەموو سەرەتاکانی پێکەوە ژیانێکی دێموکراتیك بن، دەسەڵات بە مافی حاشاهەڵنەگری جەماوەر بزانن و ڕێز بۆ بڕیاری جەماوەر دابنێن. ئێمە بە سەهمی خۆمان بە هەموو ئەو سەرەتایانە پابەندینو لامان وایە کوردستانی شۆڕشگێڕو خۆڕاگر دەتوانێ مەڵبەندێکی نموونە بێ لە کەشو هەوایەکی ئازادو ئینسانی. حیزبو رەوتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە

پێكـەوە ژیـانێكی شارسـتانییانەدا بـۆ بـەرەوپێش بردنـی سـتراتێژی سیاسـی خۆیـان‌و بەجێگەیاندنی بەرنامەی خۆیان، خەبات بكەن.

هیوادارین كۆنگرەكەتان لەم پێناوەدا هەنگاوی بەنرخ هەڵبگرێ.

جارێكی‌تر داوای سەركەوتن بۆ كۆنگرەكەتان دەكەین.

**كۆمیتەی ناوەندیی كۆمەڵە**

**١٤ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی (٤ی ئووتی ٢٠٠٨ی زایینی)**

## پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بەڕێزان بەشداربووانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

گەرمترین سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە کۆنگرەکەتان دەکەینو هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار لە کۆمەڵگای ئێرانو کوردستاندا بەڕێوە دەچێت. قەیرانی ئابووری، جیهانیو ناوچەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروا بەردەوامەو بەرەو گرژیی زیاتریش دەچێت. ئابووریی ئێران، تەنیا بە هۆی نرخی زۆر بەرزی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا ڕاوەستاوەو لە هەموو بوارێکی دیکەی ئابووریدا روو لە داتەپینە. کێشەی چالاکییە ئەتۆمییەکان هەروا بەردەوامەو کۆدەنگیی جیهانی لە سەر پێشگیری لەو چالاکییە روو لە زیاد بوونە، پشتگیریی ئێران لە تیرۆریزمو ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکەدا گرژیو ئاڵۆزی لە بەشی زۆری ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پتر کردووە، سیاسەتی سەرکوتو تۆقاندنو ئێعدام، سیاسەتی داخستنی رۆژنامەکانو دەزگیرکردنی چالاکانی سیاسیو رۆشنبیریو مەدەنی توندوتیژتر لە جاران رەچاو دەکرێو لە بەرامبەریشدا وەستانەوەی خەڵکو بزووتنەوە جەماوەرییەکان درێژەی هەیە. بزووتنەوەی کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، لاوان، نەتەوە بندەستەکان بوونەتە بەشێکی نەپساوەی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی لە وڵاتی ئێرانو مەترسییەکی گەورەیان بۆ کاربەدەستانی ڕژیم خوڵقاندووە. هەمووان لە ئێران خوازیاری گۆڕانو بۆنی ئەو گۆڕانە هەست پێدەکەن.

لەم بارودۆخەدا، جێی خۆیەتی کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەنگاوی زۆر جیدیتر بۆ کاری هاوبەشو بەتایبەت بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانی هەڵگرن. هەروەکوو خۆشتان ئاگادارن، ئێمە لە مێژساڵە خوازیاری هەنگاوگەلی لەو چەشنەینو دەستی ئەو هاوکارییەمان بۆ لای ئێوە درێژ کردووە. ئەو هەنگاوانە ئێستا زیاتر لە هەمیشە پێویستنو زیاتر لە هەمیشەش لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە داوا دەکرێن. کاری هاوبەش لەگەڵ ئێوە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا یەکێك لەو هەنگاوانەیە کە ئێمە زۆرجار

داواکاری بوونو ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە. نزیکییەك کە خۆشبەختانە لە ساڵانی رابردوودا لە نێوماندا بەردەوامە رێگەی بۆ ئەم هەنگاوانە خۆش کردووە.

سەرەڕای گرینگیو کاریگەریی فراوانی ئەو بەرەیە بۆ گەشاندنەوەو متمانە بەخشین بە خەباتی خەڵکی کوردستان، وەها هەنگاوێك دەتوانێ دەورو نەقشی گەلی کورد لە نێو هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانو بزووتنەوەکانی ئێرانیش بەرزکاتەوەو کورد بکاتە مێحوەرێکی پتەو بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە هەموو ئێرانو هەروەها دەتوانێ سەرەنجی موسبەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەییش بۆ لای ئێمە راکێشێ . بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی ئەو هەنگاوەو خێرو قازانجی زۆر کە بۆ هەمووانو بۆ هەموو خەڵکی کوردستانو بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران هەیەتی، بە بڕوای ئێمە پێویستە لەم بارەیەوە هەنگاوی بوێرانە هەڵبگرینو تەنانەت زۆرێك لە پێوانەکانی رابردوو لەبەرچاو نەگرین. بە پێچەوانەش، نەبوونی وەها یەکیەتیو هاوکارییەك دەتوانێ زۆرێك دەرفەتمان لە کیس بداو تەنانەت لە ئەگەری گۆڕاندا ناهەماهەنگی لە نێوان هێزە کوردییەکاندا بهێنینە پێشەوە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازینو هیواداریین لە بواری ئەو هاوکارییانەشدا هەنگاوی گەورەو بەرچاو هەڵگرن.

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی بەرامبەر ٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٨**

# پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

زۆر بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرمی دۆستانە، هیوامان خۆشیو سەربەرزیتانە.

بەڕێوەچوونی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئێوەو هەموو ریزەکانی حیزبەکەتان پیرۆز بێ. هەروەتر لە رێگای ئێوەوە سڵاوی گەرمی خۆمان ئاراستەی هەموو نوێنەرانی کۆنگرە دەکەین. هیوادارین کۆنگرە هەموو ئەو ئەرکانەی وا خستوویەتە سەرشانی خۆی، بە سەرکەوتوویی بەڕێوەیان بەرێ.

بەڕێزان! کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێ کە هەم ئێرانو هەم کوردستان لە بەردەم ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەورەدان. ئەوڕۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا لە هەموو کاتێك زۆرتر تەریك کەوتۆتەوەو، وەك رێژیمێکی دژی ئینسانیو داڵدەدەری تیرۆریسم ناوبانگی دەرکردوەو، ئاواش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەم بە پانتایی هەموو کوردستان هاتۆتە مەیدانو، هەم خەباتی مەدەنیو ئەوڕۆیی تێیدا جێگەو پێگەیەکی زۆرتر لە جارانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. بزاڤی رووناکبیری، خەباتی ژنان بۆ یەکسانی، خەباتی جەماوەریو دێموکراسیخوازی، هەموویان ئێستا ئیتر بوونەتە پێناسەی بزووتنەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو راستیانەی سەروتر ئاماژەیان بۆ کرا، ئەرکی مێژوویيو گەورە دەخاتە ئەستۆی حیزبە سیاسیەکانو چالاکوانانی سیاسی. دڵنیاین حیزبی ئێوەو کۆنگرەکەشتان هەست بەو بەرپرسیاریەتە دەکەن، بۆیە چاوەڕوانی هەموو ئەوەیە کە کۆنگرەی چواردەهەم، لە لایەکەوە، رێگاخۆشکەر بێ بۆ تەباییو یەکگرتوویی زۆرتر لە نێو ریزەکانی حیزبیتانو، هەم ببێتە پاڵپێوەنەر بۆ هاوکاریو تەبایی نێو حیزبە سیاسیەکانی کوردستانو بە دڵگەورەيیو سینگ فراوانی لەو بارەوە بڕیارو پەسندکراوی هەبێ.

ئێمە وێڕای دووپاتکردنەوەی دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لای خۆمانەوە حەوڵی پتەوکردنی ئەو هاوخەباتییە دەدەین. بە پێویستی دەزانین لێرەشدا ئامادەگی خۆمان بۆ هاوکاریو هاوئاهەنگی بەرینتر لەگەڵ ئێوەو، لە پێناو گەشەی بزاڤی نەتەوەییو رزگاریخوزانەی خەڵکی کوردستان، رابگەیەنین. پێمانوایە دیالۆگو هاوکاری دوو فاکتەری سەرەکین کە دەتوانن بزووتنەوەی کوردستان بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێش بەرنو ئێمەو ئێوە دەتوانین لەوبارەوە دەوری گەورەتر بگێڕین.

جارێکی دیکە سڵاوی گەرممان ئاراستەی بەشداربوانی کۆنگرە دەکەینو ئاواتی سەرکەوتنو یەکگرتوویی بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

لە گەڵ رێزماندا

**دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**٢/٨/٢٠٠٨ی زایینی بەرابەری ١٢ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی**

# پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان

سڵاوێکی برایانەی گەرم

هەواڵی خۆ ئامادەکردنتان بۆ بەستنی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبەکەتان خۆشحاڵی کردین. ئاواتەخوازین کاروبارەکانی خۆسازدان و بەڕێوەچوونی کۆنگرەو ئاکامەکانی بەشێوەی دڵخوازی خۆتانو سەرکەوتووانە کۆتایی پێ بێت.

دۆستانی بەڕێز!

ئێمە لە پارتی ئازادیی کوردستان لەو باوەڕەداین کە گرینگترین ئەرکی هەنووکەیی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێککەوتنێکی نەتەوەییو پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ هاوکاریی نێوانیانە. سەرخستنی ئەم ئەرکە گوتاری سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەخا، هێز و تواناکان گردوکۆ و پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانیش دیاریی دەکا.

بۆیە، هیوادارین و چاوەڕوانین کە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بایەخێکی تایبەتی بدا بە دۆزینەوەی ڕێگاو میکانیزمێك بۆ ئەم پرسە گرینگە.

دۆستانی بەڕێز!

پارتی ئازادیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستان لە ٣٠ی گوڵانی ١٩٩١ەوە تا ئێستا، پێوەندییەکی دۆستانەیان لە نێواندا هەبووە. هەر لەو کاتەدا کە ئاواتەخوازین پێوەندییەکانی نێوان هەموو هێزەکان بگەنە ئاستی دڵخواز، لەسەر پتەوترکردنی زیاتری پێوەندیی دۆستانەمانو هاوکاری لە هەموو ئاستەکاندا پێدادەگرینەوە. هیوادارین کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گوڕوتینی زیاتر بە پێوەندیو هاوکاریی خەباتگێڕانەی نێوانمان بدا.

**بەڕێزەوە**

**کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان**

**٧ی گەلاوێژی ٢٧٠٨ (٢٨ی جولای ٢٠٠٨)**

# پەیامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە سڵاوێکی گەرم

بەبۆنەی بەستنی چواردەهەمین کۆنگرەکەتانەوە سەرەتا گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایی خۆمانتان لە (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) پێشکەش دەکەین، بەو هیوایەی ئەم کۆنگرەیە وەك لێی چاوەڕوان دەکرێ، کۆنگرەی دیاریکردنی واقیعیانەی ئەرکە هەنوکەییو ستراتیژییەکانی حیزبە تیکۆشەرەکەتان بێت لەپێناو سەرخستنی بزووتنەوەی رزگاریی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستانو گەیاندنی بە مافە نەتەوەییو دێموکراتیەکانی.

جێگەی داخە کەوا ریزەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵات ئاوا بە پەرشو بڵاوی دەبینین، بەڵام لەگەڵ قبوڵکردنی ئەم واقیعە تاڵەش پەرۆشی سەرخستنی ئەرکە نەتەوەییو دێموکراسییەکان لە هەموو لایەك دەخوازێ کە کێشەو گرفتەکان بە دیالۆگ کە زمانی سەردەمە، چارەسەر بکرێو پێوەندییەکی دۆستانەو خەباتگێرانەش لەنێواندا هەبێت.

بەستنی کۆنگرەکەتان بە هەل دەزانین کە لەسەر پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانەو دێرینی نێوانمان وەك هەمیشە جەخت بکەینەوە.

پیرۆزباییمان دووبارە دەکەینەوەو هەر سەرکەوتوو بن لە راپەڕاندنی ئەرکەکانتاندا.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**٢٠٠٨/٧/٢٦**

# پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لەگەڵ سڵاوی گەرمو رێزدا

هەواڵی بەستنی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە گەیێنەری هەواڵی ئاڵوگۆڕی پێویستو شیاو بۆ داهاتووی خەباتو هەڵوێستی هاوسەنگەرانەو هاوچارەنووسی لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕو خەباتگێڕەکانی کوردستانە، بوو بە هۆی دڵخۆشیی ئێمەی هاوسەنگەرو دڵسۆز بۆ هەموو لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردستان.

ئومێدەوارین کە بڕیارەکانی کۆنگرەکەتان ببنە هۆی نزیکیی زیاتر لە جەماوەری کوردستانو هاوکاریی زیاتر لەگەڵ هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان.

ئاواتەخوازین کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێو بەسەر کەندو کۆسپەکاندا زاڵ بن.

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ـ کومیتەی ناوەندی**

**٢٧ی پووشپەڕی ١٣٨٧**

# پەیامی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بۆ بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دوای سڵاوو ڕێز

سەرەتا کۆنگرەکەتان پیرۆز و هیوادارین لە کاروبارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

لەسەر داوای بەڕێزتان ئەم چەند سەرنجە دەخەینە بەردەست کۆنگرەی حیزبتانەوە.

بەڕێزان پێمان وایە تا رادەیەکی زۆر ئەو مەسەلەو باس و خواسانەی چاوەڕێ دەکرێ ببنە تەوەری کۆنگرەی حیزبەکەتان روونن، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئێمەش پێشنیار دەکەین ئەم خاڵانەی خوارەوە بەشێ لە تەوەرەو کارنامەی کۆنگرە پێك بێنن:

١ـ وەستان لەسەر پرسی یەکیەتیی ناوخۆیی حیزب و دەستنیشان کردنی ریشە رێکخراوەیی‌و دەروونییەکانی تایبەت بە کەرتبوونەکان و هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی ریزەکان.

٢ـ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بەگشتی‌و شێوازەکانی خەباتی ئاشتیخوازانەو دەرفەتەکانی بەردەمی‌و تێڕوانینی جەماوەر.

٣ـ هەڵوێست دەربڕین دەربارەی ئەم شێوە چەکداریەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەکرێت بەتایبەتیش کوردستانی ئێران داخۆ چەند دەچێتە خزمەت بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی گەلی کورد؟

٤ـ یەکلاکردنەوی شوناسی ئایدۆلۆژیکی حیزب لەبەر تیشکی گۆڕانەکانی ناوخۆی ئێران‌و دونیا.

٥ـ دیاریکردنی چوارچێوەی تیۆری‌و عەمەلیەکان بۆ پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دەستنیشان کردنی گۆڕاوەکان لەم رووەوە.

٦ـ دەسنیشانکردنی سیناریۆکان‌و ئاسۆکانی ئایندەو خوێندنەوەیان لەبەر تیشکی بەرەوپێش بردنی خەباتی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

لەگەڵ رێزداو جارێکی‌تر هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

**مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان**

٢٠٠٨/٨/٣

# پەیامی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز لێژنەی سەرپەرشتی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوی خەبات و تێکۆشان

سەرەتا بە بۆنەی گرێدانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبە تێکۆشەرەکەتانەوە بە ناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوادارین ئەم کۆنگرەیەتان گوڕوتینی زیاتر بداتە خەباتەکەتان و بە بەرنامەو پەیڕەوێکی نوێ و سەردەمیانە درێژە بە تێکۆشانتان بدەن.

گومانی تێدا نیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرقافڵەی خەباتی کوردایەتی دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قوربانییەکی زۆری لەو پێناوەدا بەخشیوە. حیزبەکەتان خاوەنی شەهیدانی سەرکردەو پێشەوای وەك قازی و قاسملوو و شەرەفکەندییە، بۆیە دەبێت هەمووومان بە چاوی ڕێزەوە سەیری مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات بکەین.

برایانی بەڕێز و ئەندامانی کۆنگرە!

ئێوە لە کاتێکدا کۆنگرەکەتان دەبەستن کەوا بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکەش پێشبینی گۆڕانکاری زۆری لێدەکرێ بۆیە پێویستە ئەم کۆنگرەیەتان ببێتە مایەی زیاتر لەیەکتر نزیکبوونەوەتان لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنەکانی‌تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتیش وەك دۆستێکی نزیکی حیزبی دێموکرات ڕێگا بە خۆمان دەدەین کەوا داواتان لێ بکەین هەر لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری جوامێرانە بدەن لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کەوا ئێستا کەوتۆتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان. بێگومان بەو کارەتان دەتوانن سەرکەوتنی زیاترو بەرچاوتر وەدی بێنن و نێومالّی خۆتان یەك بخەن چونکە بە یەکگرتوویی و یەك ڕێبازیتان دەتوانن پلانی دوژمنان پەك بخەن و گەلەکەشمان بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی ببەن.

دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

**مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان**

**هەولێر - ٢٨/ ٧/ ٢٠٠٨**

## پەیامی د. جەواد مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لەگەڵ سڵاوی ئازادیو سەربەخۆیی

بەڕێزان، نامەکەتان لە برواری ٢٠٠٨/٦/٣ گەیشتە دەستمانو، تێیدا ئاماژەتان کردووە، لە داهاتوویەکی نێزیکدا، کۆنگرەی چواردەهەمینی حیزبەکەتان دەبەستن.

بە ناوی خۆمو ئەندامانی سەرکردایەتیو هەموو ئەندامانو هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، پیرۆزبایی کۆنگرەی ١٤تان لێدەکەین.

لەسەر داوای ئێوەی بەڕێز، تێبینیو پێشنیازی خۆمان بۆ کۆنگرەکەتان دەنێرینو لەو باوەڕەدایین، پەسندکردنیان لە خزمەتی خەباتو قوربانیدانی بێئەژمارو ئامانجەکانی لەمێژینەی نەتەوەکەماندا دەبێت. بۆ ئەمەش، ئاماژە دەکەین بە دوو بەڵگەنامەی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

١- هەروەك هەموولایەك ئاگادارین، رۆژی ٢ی بەهمەن ١٣٢٤ هەتاوی (١٩٤٦/١/٢١ میلادی) کۆگرەی یەکەمی حیزب لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو. لەو کۆنگرەیەدا، بڕیار درا نێوی حیزب، "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بێت.

داوا لە کۆنگرە دەکەین، نێوی "ئێران" لە پاشکۆی نێوی حیزبەوە لابەرێتو، بگەڕێتەوە سەر نێوە راستەکە خۆی کە " حیزبی دێموکراتی کوردستان"ە، ئەمەش راستەوخۆ گەڕانەوەیە بۆ ئەو راستییە مێژووییە، کە نەتەوەی کوردو نیشتمانەکەی کوردستان، بەشێکی قانونیو سیاسیو جوگرافی نیە لە ئێران، یان لە وڵاتانی دیکەی وەك عێراقو تورکیاو سوریا، بەڵکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، کە نیشتمانەکەی داگیرو دابەشکراوە. لەبەر ئەوە، ئەو سنوورانەی ئێستا، بە دەستکردو نایاسایی دەزانێت.

٢ـ لە کۆنگرەی یەکەمدا کە پێشەوا قازی محەممەد بۆ سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا، بڕیارێکی گرینگو مێژووی دەرکراو، کۆماری سەربەخۆی کوردستان راگەیەندرا. پاش تێپەڕبوونی ٦٣ ساڵ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتو، هەموو گەلی کورد، شانازیی بەو

سەردەمەوە دەکەن، کە لە بەشێکی گچکەی نیشتمانەکەماندا، کۆماری سەربەخۆی کوردستان دامەزرا.

لەبەر ئەوە، داوا لە کۆنگرە دەکەین، هەڵسەنگاندنێکی بابەتانە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆکەی کوردستانو ناوچەکە بکات. دروشمی "رفراندۆم بۆ کوردستان"، لەسەر بنچینەی "مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد"، پەسند بکات، کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی جیهانیدا بڕیاری لەسەر دراوەو دەیان نەتەوە، بە سوودوەرگرتن لەو یاسا نێونەتەوەییە بە رزگاریو سەربەخۆیی گەیشتوون.

بە باوەڕی ئێمە، دروشمی ئێستای حیزب کە "فیدراڵی بۆ کوردستان ـ لە چوارچێوەی ئێران"ـە، خزمەتی ستراتیژو ئامانجەکانی نەتەوەکەمان ناکات. ئەزموونی گرێدانی خەباتی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکرات بە چوارچێوەی ئێرانەوە، ئەم راستینەیەشی سەلماندوە کە فیدراڵی، یان ئۆتۆنۆمی، یان هەر داوایەکی دیکەی رەوای گەلی کورد، لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەریدا بە تەنێ نایەتەدی، بەڵکوو دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە ئامانجو پرنسیپە نەتەوەییەکانیشی، کە رزگارکردنی نەتەوەو نیشتمانەکەیەتی لە چەوسانەوەو داگیرکاریی.

٣ـ داوا لە "کۆنگرەی چواردە" دەکەین، لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە، دەنگ بدات بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزب، کە ئێستا بە نێوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"ـەوە خەبات دەکەن. بێگومان، بڕیارێکی وا لە لایەن کۆنگرەوە، هێزو توانای زیاتر بە حیزبی دێموکرات دەبەخشێ. هاوکات دەبێتە هۆی دڵخۆشیو گەڕانەوەی هیواو باوەڕو متمانەی تێکڕای گەلی کورد، بە خەباتو تێکۆشینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەرتاسەری کوردستان.

جارێکی دیکەش، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەکەمان، لە پێناوی ئازادیو سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!

**براتان د.جەواد مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٨/٦/٢٠**

# پەیامی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاو

بەڕێزان! بەبۆنەی بەستنی چواردەهەمین کۆنگرەتان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و یەکەیەکەی ئەندامانی کۆنگرە دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

بەڕێزان بەستنی چواردە کۆنگرە خۆی لەخۆیدا نیشانەی پشوودرێژیو سووربوونی ئەم حیزبە دەگەیەنێ لە خەبات و تێکۆشان، لە هەمان کاتیشدا دەست گرتنە بە پرەنسیپەکانی دێموکراتی کە حیزبی دێموکرات لە مێژووی خەباتیدا کردوویەتیە شارێگەی خەباتی رۆژانەی.

بەڕێزان! ئۆمێد دەکەین کۆنگرەی چواردە، شێواز و میکانیزمی جوان دەسنیشان بکات و بڕیار و راسپاردەکانی وەڵامدەرەوەی پێداویستیی ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی خەباتی رەوای میللەتەکەمان بێ.

لێکگرێدانو ئاراستەکردنی ئەم رابوونە فیکریو رۆشنبیرییە مەدەنییەی ئەمڕۆ لە ناوەوەی وڵات هەیە، کە جەماوەری میللەتەکەمان بەتایبەت توێژی لاوان کە وەك کاردانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی رەگەزپەرستانەو کۆنەپەرستانەی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردویانەتە چەکی خەبات، شێوازێکی سەردەمیانەیەو گرِوتین دەداتە بەر خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتی.

لە هەمان کات بۆ ئەوەی کورد لەهەر ئەگەرێکی گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو ئامادەگی هەبێو ئەم گۆڕانە لە خزمەت ستراتیژیی نەتەوەییو پرۆسەی دێموکراتیدا بکشێتەوە پێویستە کۆتایی بەم پەرتەوازەییەی نێوان هێزە سیاسییەکان بهێنرێو لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە.

بەڕێزان، ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە هەموو لایەنە چاکیو خراپەکانیەوە نموونەیەکە لە دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی، بۆیە پێویستە بە مەبەستی سوودوەرگرتن بەوردی

هەڵبسەنگێندرێ لەبەر رۆشنایی ئەم ئەزموونە بۆ هەر ئەگەرێكی گۆڕانكاری لە رۆژهەلاَت بەرنامەرێژی بكرێ.

لەگەڵ رێزمان

دووبارە هیوا سەركەوتن بۆ كۆنگرەكەتان دەخوازین و

هەر شاد و سەركەوتووبن

**مەكتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێموكراسیخوازانی كوردستان**

**٢٠٠٨/٨/١**

***

## پەیامی پارتی ئازادیی كورد لە سووریا

برای هێژا مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

برایانی هێژا ئەندامانی مەكتەبی سیاسیو كومیتەی ناوەندی!

برایانی هێژا ئەندامانی كۆنگرەی چواردەهەم!

سلاَوێكی شۆڕشگێڕانە

سەرەتا سوپاسی بۆ ئەو بانگهێشتەی حیزبەكەتان دەكەین كە تایبەت بوو بە بەستنی كۆنگرەی چواردەهەمی حیزبە تێكۆشەرەكەتان. بەم بۆنە گرنگەشەوە خۆشحاڵم كە گەرمترین سلاَوتان بە ناوی خۆمو سەركردایەتیو ئەندامانی پارتیەكەمان، پارتی ئازادی كورد لە سووریا، ئاراستە بكەم. هەروەها بە ناوی جەماوەرانی لە گەلی كوردو لە رێگەی ئێوەشەوە بۆ تێكۆشەرانو كادیرانی حیزبەكەتانو پێشمەرگە قارەمانەكانتان سلاَو بنێرین. لەگەڵ سەركەوتن بۆ بەستنی كۆنگرەكەتان.

برایان!

بەستنی كۆنگرەكەتان لەم هەلومەرجە نێوخۆییو هەرێمایەتیو نێونەتەوەییە ئاڵۆزو تێكچڕژاوەدا، بایەخی گەورەی هەیە، كە هاوكاتیشە لەگەڵ ئەو پێشكەوتنو بەرفراوانەی

سـەرجەم بوارەکـانی لـە خـۆی دەگرێـت، هاوکـات ئـەو قوربانیدانـە گەورانـەش کـە حیزبـە تێکۆشەرەکەتان داویـەتی، حیزبـی شـەهیدانی قـازی محەممـەدو دوکتـور قـاسملووو دوکتـور سادق شەرەفکەندیو هەڤاڵانیو هەزاران پاڵەوانی دیکەی گەلی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران، خوێنیـان بـۆ رشـتووەو لـە تێکۆشـانو خەباتیشـدا بـەردەوامن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـازادیو دێموکراسیو فیدراڵی.

بـە تـەواوی پاڵپشـتی لـە دۆزی نەتەوایـەتی دێموکراتیکخوازانـەتان دەکـەین، دۆزی گـەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران لـە پێنـاو وەدەسـتهێنانی مافـە نەتـەوەییو رەواکـانی خـۆیو دیاریکردنی مافی چارەنووسین، هەروەها بە توندیش ئیدانەی ئەو سیاسەتە شۆڤینیە دەکەین کە رژیمی ئێران دەرهەق بـە گـەلی کـوردو بزووتنـەوە نیشـتمانییەکەی پـەیرەوی دەکـات لـە داپۆشینو تیرۆرکاریی بەردەوامو لە سێدارەدانی گەلانی ئێران.

جارێکی دیکـە سـڵاوتان ئاراسـتە دەکـەینو هیواخـوازین کۆنگرەکـەتان سـەرکەوتو بێـتو پێوەندیی نێوان هەردوولامان پتەوترو پێشکەوتووتر بێت.

**براتان خەیرەدین موراد**

**سکرتێری پارتی ئازادی کورد لە سووریا**

**٢٠٠٨/٧/٣٠**

## پەیامی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان ـ مەکتەبی سیاسی

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دوای سڵاوی گەرم

بەختەوەرین، بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبە تێکۆشەرەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی دۆستمان، پەیامی پیرۆزبایی خۆمانو تێکڕای ئەندامانو دۆستو لایەنگرانی بزووتنەوەکەمان (بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان) پێ ڕابگەیەنین. هیواخوازین کۆنگرەی چواردەهەم هەڵوەستەی جیددی لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکان بکاتو بارودۆخی هەستیاری ناوچەکەو کوردستانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت بکات. هەروەك پێمان وایە دەبێ دەست لە نێو دەستی هەموو لایەنە سیاسییەکان بنرێت بۆ پێکهێنانی بەریەکی کوردستانیو نیشتمانی لە پێناو بەدیهێنانی خواستو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەروەها چاوەڕوانیی ئەوەش لە ئێوەی تێکۆشەر دەکرێ کە لایەنێکی بنەڕەتی بن لە کۆکردنەوەی سەرجەم هێزو توانای گەلەکەمان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی. هەروەك چۆن ئاواتمانە کە ڕۆژێك یەکگرتنەوەی هەموو کەسو لایەنە شۆڕشگێڕو دێموکراتەکان لە چوارچێوەی یەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ببینینو لەو پێناوەشدا ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەر ئەرکی سەرەکیتان هەیە.

جارێکی دیکەش پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین.

هەر شادو سەرکەوتوو بن

**مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان**

**٢٠٠٨/٧/٢٥**

# پەیامی ئەنجومەنی فەرهەنگیو مەدەنیی کوردەکانی خوراسان

دۆستانی بەڕێز!

لەگەڵ سڵاو

ئەنجومەنی فەرهەنگیو مەدەنیی کوردەکانی خۆراسان پێکهاتنی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناخی دڵەوە بە رێبەرانو تەواوی ئەندامانو لایەنگرانی ئەم حیزبە، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی دەڵێت.

کۆنگرەی حیزبی ئێوە لە رەوشێکدا بەڕێوە دەچێ کە ئێرانو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین لە گۆڕنکاریی گەورەدایە کە خۆی دەتوانێ موژدەدەری بنیاتنانی دێموکراسیی مۆدێڕن لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیە جیهانییەکان لە ئێرانو ناوچەکەدا بێ، بە پێی ئەوەی کە حیزبەکەتان خۆی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای جیهاندا گونجاندووە، ئەم گرینگە خۆی دەتوانێ وەك چرایەکی رووناك بە سەر نەتەوەی کوردو کوردستاندا تیشك بڵاو بکاتەوەو شانازیگەلی بە تەواوی بەنرخو بۆ میللەتی کورد بە دیاریی بێنێ.

هەروا کە کوردەکان لە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتی عێراقدا دەوری سەرەکیو زۆر گرینگیان لە بنیاتنانی دێموکراسی لەم وڵاتەدا گێڕاوە، کوردەکانی ئێرانو بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە تێگەیشتوویيو رێنوێنیی پێویست لە رێگەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵەوە دەتوانێ ئەم گرینگە لە ئێرانیشدا بە ئاکامی کۆتایی بگەیەنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەم ٦٢ ساڵەدا هەورازو نشێوی جۆراوجۆری تێپەڕ کردووەو هەمیشە توانیویەتی بە خۆڕاگریو ماندوونەناسیی تەواو، مەیدانەکانی داخوازییە رەواکانی نەتەوەی کورد درێژە پێبدات.

هیوادارین چواردەهەمین کۆنگرەکەتان زۆر بە کەڵك، پڕدەسکەوتو دەسکەوتی شیاوی بۆ نەتەوەی کورد هەبێو ببێتە هۆی نزیکبوونەوەی سەرکەوتنی رۆژانە پەرەگرتووی ئێوە.

**ئەنجومەنی فەرهەنگیو مەدەنیی کوردەکانی خۆراسان**

**ئینگلستان، لەندەن، ١٠ی جوولای ٢٠٠٨**

# پەیامی پارتی دێموکراسیی بەشدار (KADEP)

بەڕێز سەرۆکایەتیی دیوانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

KNDEP (پارتی دێموکراسیی بەشدار)، سڵاو و ڕێزی خۆی ئاراستەی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی ئێوە ئازادیخوازانو تێکۆشەرانی بەڕێزی کوردستانو شەهیدی نەمر قازی محەممەدو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات.

تێکۆشانی نەتەوەی کورد بۆ دێموکراسیی، یەکسانیو ئازادی درێژەی هەیە. لەم تێکۆشانەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرخۆدانو خەباتو بیرو بۆچوونەکانی دەرنەچووەو ڕێبازی ون نەکردووەو لە تێکۆشانیدا بەردەوام نرخی گەورە دەداتو داویەتی. لەم تێکۆشانە ڕەوایەدا، بە هەزاران شۆڕشگێڕی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو سەرۆکی بێوێنەو بێهاوتا وەك قازی محەممەد، د.عەبدولڕەحمان قاسملووو د. سادق شەرەفکەندی گیانیان لە دەست داوەو شەهید کراون. ئێمە ئەوان بە ڕێزو خۆشەویستیو حورمەتەوە وەبیر دێنینەوە.

دۆستایەتیو پشتیوانیی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە یەکتر، ئازادیی کوردستان بەهێزترو ئاسانتر دەکات.

با کۆنگرەی چواردەهەمتان ببێتە هەنگاوێکی گەورە بۆ تێکۆشانی یەکسانی، دێموکراسیو ئازادیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

KNDEP پشتیوانیی خۆی لە ئێوەو خەباتەکەتان دەردەبڕێو پێشکەوتنو سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

KNDEP بە داواکاریی دۆستایەتیو برایەتی، سڵاو لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات.

**سەرۆکایەتیی پارتی دێموکراسیی بەشدار**
**KADEP**

# پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوی گەرمو برایانە

ئێمە پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور (PDK- Bakur)، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گرتنی ١٤هەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان لێدەکەین. هیوادارین کۆنگرەکەتان بە بڕیارگەلی باش بۆ گەلی کوردو وڵاتەکەمان کوردستان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێ بێ. لە هەمان کاتدا هیوادارین کە ئێوە بە بەرپرسایەتییەوە ئەم رەوشە نەخۆشەی کە بەسەر بزاڤی کورددا هاتووە، ناکۆکیو ناتەباییەکان هەڵسەنگێننو بەسەریاندا زاڵ بنو ببنە رێنیشاندەر بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

ئەمڕۆ دەرفەتێکی باشە کە بە خۆشییەوە دەتوانین ببینین کە لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا بوارو بەستێنی شەڕی نێوخۆیی نەماوە. لە هیچ پارچەیەکدا کورد لەگەڵ یەکتردا شەڕ ناکەن (هەرچەند پێوەندییەکانی هەموومان گەرمیش نەبێ) ئەمە دەلیلێکی باشە بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوەو پێکەوە کار کردن.

ئێمە وەك PDK-Bakur بە باشی دەڕوانینە ئەم رەوشەو لە سەر ئەو باوەڕەین کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبەردەم هێندێك ئاڵوگۆڕی گەورەدایە. پێویستە ئێمە کوردەکان هەموو هێزی خۆمان بۆ ئەوکاتە ئامادە بکەینو بتوانین پێکەوە ناکۆکیو کەموکوڕییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، تاکوو هەم بۆ نەتەوەی کوردو هەم بۆ هێزە نێونەتەوەییەکان ببن بە جێگای متمانەو بڕوای تەواوی کوردستانییەکان.

بۆ ئەمە کاتی لەیەك نزیکبوونەوەو پێکەوە کارکردنی هەموو هێزو حیزبە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی وڵاتەکەماندا بۆ دانانی ئێستراتێژییەکی هاوبەشی کوردستانی لەسەر پرنسیپە ریالیستەکان هاتووە. هەروەها دەبێت هێزە کوردستانییەکان شانبەشانی یەك بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی کورد تێبکۆشنو بۆ ئەمەش پێویستە کۆنسیپتێکی

هاوبەش پێك بێنن، چوونکە هەموو دوژمنو نەیارانی گەلەکەمان بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە دەکەونە دژایەتی لەگەڵ خەباتی رەوای گەلەکەمان.

ئێمە هیوادارین کە کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی بێنێتو ببێتە خاڵی سەرەتایەکی نوێ لە ئاستی رووداو و پێشهاتە هەرێمییەکان دا.

**بژی کوردو کوردستان**

**PDK-Bakur، کۆمیتەی بەڕێوەبەری**

## پەیامی کۆمیتەی سیاسیی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریا ( یەکیەتی )

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی!

هەڤاڵان، دۆستانو لایەنگرانی حدکا!

بەشدارانی بەڕێز!

بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبەکەمانەوە، پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە (یەکێتی) و هەموو دوست، ئەندامانو لایەنگرانییەوە، پیرۆزبایی پێکهێنانی کۆنگرەکەتانو هیوای سەرکەوتن بۆ کاروبارەکانی دەخوازین.

بێگومان ئێستا نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوە لە جیهاندایە کە لەسەر خاکی وڵاتی خۆی، بێدەوڵەت دەژیو لە مێژوودا تووشی هەموو مێتۆدێکی چەوساندنەوە، دەسبەسەرکردنو کوشتوبڕی درندانە بووەو هێشتاش لەسەری بەڕێوە دەچێ، بێجگە لەوەی کە لە هەموو مافێکی نەتەوەییو مرۆڤی بێبەش کراوە. گەلی کوردیش وەکوو هەموو گەلانی جیهان مافی خۆیەتیو شایستەی ئەوەیە کە بە ئازادیو سەرفرازی بژی. وەدەستهێنانی ئەو ئارمانجە پیرۆزەش، خەباتێکی بەرفراوانو بەردەوامی دەوێ.

**هاوڕێیانی خۆشەویست، بەشدارانی بەڕێز!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوای نەمر قازی محەممەدو ڕێبەرانی فیداکاری وەکوو دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندیو هاوڕێیانی لە سەراسەری کوردستاندا جێگای ڕێزو حورمەتە. ئەو کە بە وشیاریی، دڵسۆزیو هەستێکی بەرپرسیارانە خەباتی گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێوە دەبا، چارەسەرییەکی دێموکراتیک، عادڵانەو ئاشتییانەی بۆ کێشەی کورد دەخوازێ. هەروەها پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکەی ئێرانی لە سەر بناغەی باوەڕ بەیەکتربوون لە کارو خەباتدا دامەزراندووەو بەیەکەوە بۆ دێموکراسیو پاراستننی مافی مرۆڤو مانی گەلانی ئێران تێدەکۆشن.

لەم پێوەندییەدا هەنگاوی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە گەڵ ١٥ هێزو ڕێکخراوی ئێرانیدا گرینگو بەرچاوەو ڕوانگەو هەڵوێستەکانیشی سەردەمییانەن.

بەڕێزان!

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەراسەری وڵاتو بە تایبەتی کوردستاندا ڕێگەی کوشتوبڕو تێرۆریان گرتووتە بەرو بە بێ هیچ تاوانێک ئاشتیخوازانو چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ دەگرنو زیندانیان دەکەنو زۆربەشیان ئێعدام دەکەن. لە لایەکیترەوە ئەو لە بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆمدا بە مەبەستی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بەردەوامەو بێگومان دەستپێڕاگەشتنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی، جێگای مەترسییە بۆ هەموو گەلانی ناوچەو ئاشتیی جیهانی.

لە کۆتاییدا ئێمە جارێکیتر هیوای سەرکەوتنتان لە کاروباری کۆنگرەدا بۆ دەخوازینو خۆمان بە پشتیوانیی دۆزی ڕەوای گەلەکەمانو خەباتی ڕەوای حیزبەکەتانە دەزانین.

**کۆمیتەی سیاسیی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریا (یەکیەتی)**

**٢٠٠٨/٨/١**

# پەیامی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە

کۆمیتەی ئامادەکردنی چواردەهەمین کۆنگرەی PDKI!

خەباتگێڕو تێکۆشەرانی هێژا ئەندامانی کۆنگرە!

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی!

سلاوی گەرم پێشکەش بە هەمووتان

بە ناوی خۆمو بە ناوی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتخوازی کورد لە سووریە، لە ناخی دڵمانەوە پیرۆزبایی ١٤هەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین. هیوادارین کە کۆنگرەکەتان ببێتە قۆناغێکی گەورە بۆ بەرەوپێشبردنی کارو خەباتەکەتان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، رێکخستن، رۆشنبیری، راگەیاندنو... و بۆ بەهێزکردنی رۆڵی ئێوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی ئێراندا... .

هەروەها ئاواتە خوازین حیزبی برامان، بتوانێ بڕیارو پێشنیاری گرینگ بدات، تاکوو خەباتەکەی بەرەوپێش بباتو ئەو ئاستەنگیو ئاڵۆزییانەی کە هەن بە شێوەی بەربڵاوو بەهێز چارەسە بکاتو رێگا بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتیو یەکگرتوویی نیشتمانی لە ئێران بە گشتی بکاتەوەو لەم پێناوەدا بۆ دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکو وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییو دێموکراتیکەکانی کورد تێبکۆشێ.

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە سەرجەم ئێوە بەڕێزان دەکەینو هیوای بەهێزو بەرفروان کردنی ئەو پێوەندییە مێژووییو برایەتییەمان دەکەین کە لە نێوان ئێمە هەر دوو حیزبی برادا هەیە.

**حەمید دەروێش**

**سکرتێری گشتی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە**

**رێکەوت: ٢٠٠٨/٨/٥**

## پەیامی کوردیناسیۆنی ڕێککەوتنی دێموکراتیکی کوردی سووریە

بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان، کادر، ئەندامانو بەشدارانی کۆنگرە!

ئەمڕۆ لە جیهاندا زۆر ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنی گرینگ لە هەموو بوارەکانی تێکنۆلۆژیو شۆڕشی ئینترنێتیو پەیوەندییەکاندا روو دەدەن، واتە ئێمە لە سەردەمی گلۆبالیزمدا دەژینو ئەمانە هەموویان کاریگەریی خۆیان دەخەنە سەر هەرێمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە نێو پێشڤەچوونی گرینگدا دەژی، بە تایبەتی لە دەیەکانی رابردوو کە بە شێوەیەکی بەردەوام هەتا ئەمڕۆ، بە تایبەت لە بوارەکانی سیاسیو بەرەوپێشڤەچوونی فیکریو فەرهەنگیدا دەردەکەوێ. ئەویش بە شێوەی ڕێژیمو شەپۆلەکانی کلاسیکو موحافیزەکار، شەڕی گۆڕانو هێزە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکان دەکەن. ئەوانەی وا خەباتو تێکۆشان بۆ گۆڕانکاری دەکەنو دەیانهەوێ گەلەکەیان بگەیەننە قۆناخی ئازادیو رزگاری.

ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، یەکێك لەو ڕێژیمانەیە کە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئاڵوگۆڕەکانو دژی ئازادی، رزگاریو بەرژەوەندیی گەلانەو نوێنەرایەتی بیری گشتگیرو ئوسوولگەرا دەکات.

ئێوە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم رەوتو قۆناخە مێژووییەدا کۆنگرەکەتان دەبەستنو لە بەرانبەر ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا خەبات دەکەنو تێدەکۆشن، ئێمە هیواداریـنو لەم بڕوایەداین کە حیزبەکەتان دەتوانێ بگاتە بڕیارو پرۆژەی سیاسیو بەو بڕیارانە ئێوە دەتوانن لە بەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا سەرکەوتوو بن.

حیزبەکەتان بە مێژووی درێژو پرشنگدار خۆی دەناسێت، لە کۆماری کوردستانەوە هەتا شەهید دوکتور قاسملوو، د.شەرەفکەندی وەك حیزبی ئەو شەهیدانە هەتا ئەمڕۆ بۆ خزمەت بە دۆزی گەلی کورد خەباتو تێکۆشان دەکاتو لە مەیداندایەو بە هەزاران شەهیدو قوربانی داوەو لە بەرانبەر هەموو جۆرە ئاستەنگو زەختو زۆرێکدا راوەستاوەو خۆڕاگر بووە، ئێمە لەو بڕوایەداین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خۆڕاگریو بەربەرەکانێو بە

ئیرادەو هێزی گەورەی خۆی دەتوانێ هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەجێ بگەیەنێ.

ئێمە وەك ڕێككەوتنی دێموکراتیکی کورد لە سوریە، پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕێبەرایەتییەکەیو سەرجەم کادرو ئەندامانی دەکەینو بۆ درێژەدان بە خەباتو بەردەوامیی تێکۆشان بۆ ڕزگاریو وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

سەرکەوتنو سەربەرزیتان بۆ بە ئاوات دەخوازین، بۆ کۆنگرە پیرۆزو حیزبە مێژووییەکەتان ئاواتی سەرکەوتنو سەربەرزی دەخوازین.

سلاوو ڕێز

**کوردیناسیۆنی ڕێکەوتنی دێموکراتیکی کوردی سووریە**

# پەیامی پارتی وڵاتپارێزی دێموكراتی كوردستان

بۆ چواردەهەمین كۆنگرەی پارتی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

پیرۆزبایی‌یەكی گەرم ئاراستەی چواردەهەمین كۆنگرەی پارتەكان دەكەینو هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازین.

پارتی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە مێژووی كوردستاندا جێگایەكی تایبەتیی خۆی هەیە.

پارتی دێموكراتی كوردستانی ئێران نەك تەنها كۆنترین پارتی كوردییە، بەڵكوو یەكێك لەو پارتانەیە كە بیری نەتەوەییو مەشخەڵی ئازادی لە هەر چوار پارچەی كوردستاندا بەرز كردۆتەوەو پێشەنگایەتی كردوە. لەو بڕوایەداین هەر وەك چۆن لە رابردوودا پارتەكەتان لە تێكۆشینی رزگاری نەتەوەییدا رۆڵێكی كاریگەری هەبووە، لە داهاتووشدا بە هەمان شێوە جێ پەنجەی دیار دەبێت.

لە كاتێكدا كە ئەمریكا دەستێوەردانی ئێرانی كردۆتە رۆژەڤ، بەستنی كۆنگرەكەتانو ئەو بڕیارانەی كە وەری دەگرنو ئەو نەخشەی رێگایەی كە دەستنیشانی دەكەن واتایەكی مێژوویی پێ دەبەخشێت.

گومانمان لەوەدا نیە كە هەلومەرجی رزگاربوون لە رێژیمی دەسەڵاتداری ئیسلامیی ئێران رەخساوەو پارتی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە قۆستنەوەی هەلومەرجە لەبارە نێوخۆو دەرەكییەكان قەڵەمبازێكی نوێ تۆمار بكات. هەر لێرەوە متمانەی خۆمان دووپات دەكەینەوە كە تێكۆشینی ئازادی بەسەركەوتوویی بەئەنجام دەگەیەنن.

دووبارە لە ناخەوە پیرۆزباییەكی گەرم ئاراستەی كۆنگرەكەتان دەكەین.

كۆمیتەی رێكخستنی - پارتی وڵاتپارێزی دێموكراتی كوردستان PWD

# پەیامی یەکێتیا کۆمەڵێن کوردستان KOMKAR

بەرێزان کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

نوێنەرانی رێزدار!

خوشکو برایانی تێکۆشەر!

میوانانی دلۆڤان!

بەر لە هەموو شتێك، بە ناوی بەڕێوەبەریی گشتیو هەموو ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتیا کۆمەڵێن کوردستان ـ KOMKAR، پیرۆزبایی چواردەهەمین کۆنگرەکەتان لێ دەکەینو لە بەڕێوەبردنی کارو تێکۆشانی ئێوە لەم پێناوەدا سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

هێژایان! بێگومان ئێوە کونگرەی چواردەتان لە قۆناغێکی هەستیارو لە نێو بارودۆخێکی زۆر دژواردا دەبەستن. هەتا ئەمڕۆش رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەستی رێژیمی خوێنرێژو کۆنەپەرەستدا دەناڵێو خەباتو بەرخۆدانی قوتابییانی تێکۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی بۆ ئێمە جێگای رێزو شانازییە.

پێپێشەنگیی حیزبەکەتان لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستاندا سەلماندوویەتی کە لە رێگای ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەی کورد لا نادا‌و هەتا بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، درێژە بە کارو تێکۆشانی خۆی دەدات.

حیزبەکەتان لە خەباتی نیو سەدەی رابردوودا، زۆر قوربانیی داوەو هەروەها زۆر جاران لە سەنگەری خەباتدا زەربەی قورسی لێکەوتووە، بەڵام قەت سەنگەری بەرگریو بەرخۆدانی چۆڵ نەکردووەو لە رێبازی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی دەرنەچووە.

ئێمە وەك KOMKAR بە دۆستایەتیو برایەتیتان هەست بە سەربەرزی دەکەین.

رێزداران! کۆنگرەی ١٤هەمی حیزبەکەتان، لە قۆناخی ئەمڕۆدا زۆر رۆڵێکی گەورەو بەرچاو دەگێڕێو هیوادارین بریاری شیاوو گونجاو لە کۆنگرەکەتاندا بدرێتو بۆ بەرفراوانو رێكو پێککردنی ریزەکانتان هەنگاوی بەجێو پێویست هەڵێننو رۆڵی مێژوویی حیزبی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی سەربەرزانە بگێڕدرێت.

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی چواردەهەمتان

بژی یەکیەتیی هێزە کوردستانییەکان

بژی ئازادیی کوردستان

**یەکێتیا کۆمەڵێن کوردستان ـKOMKAR**

**بەکر تۆپگیدەر، سەرۆکی گشتی**

**٢٠٠٨/٦/٢٣**

# پەیامی یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

سڵاوی سەرخۆبوون‌وئازادی

بەبۆنەی بەستنی چواردەمین کۆنگرەی حیزبتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بەناوی خۆمان و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیمان YNDK، پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەتان لێدەکەین‌وخوازیارین کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت.

بەڕێزان: کۆنگرە وێستگەیەکە بۆ تاوتوێکردنی کارەکانی نێوان دوو کۆنگرە، بۆیە سازدانی کۆنگرە لە ژیانی هەموو حیزبو ڕێکخراوێکدا گرنگیی تایبەتیی هەیە، تیایدا خاڵە لاواز و بەهێزەکانی نێو ئۆرگانەکانی حیزب دەستنیشان دەکرێو لەژێر ڕۆشناییان بەرنامە بۆ کارو خەباتی داهاتوو دادەنرێو ڕەوشی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی وڵات شی دەکرێتەوەو بەو هۆیەوە حیزب پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ لە کارو خەباتدا. ئێوەی بەڕێز و تێکۆشەریش کۆنگرەکەتان لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا ساز دەدەن و کۆنگرەکەتان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسی چارەنووسساز و پێوەندیدار بە داهاتووی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێتەوە، بۆ زیاتر سەرخستن و دەوڵەمەندکردنی کۆنگرەکەتان، ئەم سەرنج و ڕێنوێنیانە دەخەینە بەردەم ئەندامانی بەڕێزو تێکۆشەری کۆنگرەکەتان:

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی پێشەنگو ڕێبەراتی هەبووە، بۆیە پێویستە لەم قۆناغەدا ڕۆڵی هەبێت لە کۆکردنەوەی پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات و لەژێر چەترێك بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسی ـ نەتەوەییمان.

٢ـ کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوە بەسەر چەند دەوڵەتێك و بە زۆریو زۆردارەکی کەلتووری نەتەوەکانی سەردەستی (تورکو فارسو عەرەب) بەسەرماندا سەپێنراوە، ئێمەش وەکوو هەموو نەتەوەکانی دنیا مافی خۆمانە کیانو دەوڵەتمان هەبێت بۆیە پێویستە گوتاری سەربەخۆیی کوردستان لە کۆنگرەکەتان گرنگی پێبدەن.

٣ـ لە رووی راگەیاندنەوە پێویستە کەناڵە ئاسمانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

ئەلف ـ ئاراستەیەکی نەتەوەیی راست و دروستی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.

ب ـ پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران دەرهەق بە نەتەوەکەمان بە زمانە زیندووەکانی جیهان پەخش بکرێ تاوەکوو رای گشتیو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

ج ـ ئاراستەکردنی جەماوەر بۆ بەستنی کۆڕو سازدانی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان بەشێوەی ئاشتی لە ناوەخۆو دەرەوەی وڵات بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات و زیاتر کردنی پیشتگیری وڵاتان بۆ دۆزی نەتەوەییمان.

٤ـ پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران کە دەرهەق بە نەتەوەکەمان دەیکات ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لە هەموو دنیادا لێ ئاگادار بکرێتەوەو بەشێك لەم پێشێلکارییانە وەکوو سکاڵا لە دادگا نێودەوڵەتییەکان تۆمار بکرێت.

٥ـ شاندێکی پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوە ناوە پێکبهێنرێو سەردانی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکات لەپێناو زیاتر کردنی پشتگیری بۆ خەباتی رەوای نەتەوەکەمان.

٦ـ گرنگیدانی زیاتر بە ڕۆڵی ئافرەتان و لاوان و خوێندەڤانان، چوونکە ئەمانە بەشێکی گرنگی خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەییمانن لە ئێستاو داهاتوودا.

٧ـ پێویستە سەرکردایەتییەکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پارتو لایەنو کەسایەتیی وڵاتپارێزان پێك بهێنرێو هەر ئەم سەرکردایەتییە، خوێندنەوەو پێشبینی بۆ بارودۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات، چوونکە ئێستا خەریکە گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی ناویندا ڕوودەدات، بۆ ئەمەش پێویستە ئامادەکاریمان هەبێت، تا سوود لەم گۆڕانکارییانە وەربگرین.

٨ـ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بە بەشداریی سەرجەم ڕێکخراوو حیزبو لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتیو وڵاتپارێزەکان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن، تاوەکوو بە وردیو لە هەموو وارێکەوە شیکردنەوە بۆ بارودۆخی کوردستان بکەین و لەژێر ڕۆشنایی ئەم شیکردنەوانە گوتاری سیاسیمان یەکبخەین و بەرنامە بۆ خەبات و بەرخودانی داهاتوومان بۆ هەر بەشێکی کوردستان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی دابڕێژین.

٩ـ توندو تۆڵکردنی پێوەندیی حیزبی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە کارێکی گرنگ دەزانین بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان سوود لە ڕاوبۆچوونی یەکتر وەربگرین لەپێناو بەرەوپێشەوەبردنی خەباتو تێکۆشانمان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

لە کۆتایی خوازیارین بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەتان ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو زیاتر بەرەوپێش چوونی خەبات و تێکۆشانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

هەر بژین و سەرکەوتووبن

بۆ کوردو کوردستان

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK**

**٢٠٠٨/٧/٢٦**

# پەیامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئێد

بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فەرانسە!

سڵاوتان لێ بێت

بەناوی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئێد جوانترین پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنیش بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

بەڕێزان، دیارە بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانسەکان جگە لەوەی کە پیادەکردنی پرۆسەی دێموکراتیە لە هەڵبژاردن و ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن و هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان، ئەوە لە هەمان کاتیشدا وەرچەرخان و گۆڕانکاریەکە لە سیستمێکی کارکردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کە سەریان هەڵداوە، هیوادارین کە کۆنگرەکەتان هەموو ئەو خاڵانە ڕەچاو بکات و کوردایەتی بکاتە دروشمی خەبات و تێکۆشانی داهاتووتان. داواکاریشین کە کۆنگرەکەتان هەوێن و هاندەرێکی بەهێز بێت بۆ یەکیەتیو یەکگرتنەوەو یەکڕیزی ماڵی کورد، چونکە هەر ئەمانە تاکە زامنی سەرکەوتنەکانی گەلەکەمانن کە بە سەدان ساڵە رۆڵەکانی لە سەنگەری بەرگریدا خەبات دەکەن و بە هەزاران شەهیدی سەربەرزیشی کردۆتە قوربانی بۆ رزگاری کوردستان.

بەڕێزان: ئەمرۆ کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر ناسك و هەستیاردا تێدەپەڕێ، بۆیە لە هەموو رۆژان زیاتر پێویستیمان بە یەکگرتن و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان هەیە، هیوادارین بڕیارەکانی کۆنگرە قاڵبێکی نەتەوایەتی لەخۆ بگرێت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەشدا خۆیان بگونجێنن و دەربڕی خواستو ویستەکانی گەلەکەمان بن.

بەڕێزان: لە مێژووی شۆڕشگێریی نەتەوەکەماندا گەلێ دەرفەتی باشمان بۆ ڕەخساوە کە نزیکترینیان کۆمارە ساواکەی کوردستانە، بەڵام مخابن لەبەر دڕندایەتیی وڵاتانی دەوروبەرو بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکانو ناتەباییو ناکۆکیی ناوخۆییمان سەریان نەگرتووە، ئەمڕۆش

لە باشووری كوردستان دەرفـەت و دەسـكەوتێكی مـەزن وەدەسـت هـاتووە كـە پێمـان وایـە یـەكگرتن و یـەكرێزی گەلەكـەمان و یەكهەڵوێسـتیو یـەك وتـاری سیاسـی زامنـی پاراسـتن و سەركەوتنی ئەو ئەزموونەیە، سەركەوتنی ئەو ئەزموونەش دەبێتە چرایەك و رێگـای رزگـاریی پارچەكانیتری كوردستان رۆشن دەكاتەوە. لـە كۆتاییـدا دووبـارە پیرۆزباییتـان لێدەكـەین و هەر سەرفراز و سەركەوتوو بن.

**فیدراسیۆنی كۆمەڵە كوردستانییەكان لە سوئێد**

**٢٠٠٨/٦/١٦**

# پەیامی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

حیزبی دۆستو هاوخەبات!

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

ئاگادار کردنەوەمان سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبە تێکۆشەرەکەتانو داخوازیتان بۆ ناردنی پەیامو دەربڕینی راوبۆچوونی یەکیەتیمان، خۆی لە خۆیدا نیشانەی پێوەندیی قووڵی نێوانمانەو رێزگرتنە لە ١٧ ساڵ دۆستایەتیو هاوخەباتیی بێپسانەوەی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بەڕێزان:

خەباتو تێکۆشانی پتر لە ٦٣ ساڵی حیزبەکەتانو بەردەوام سەربەرزانە دەرچوون لە تەنگو چەڵەمەکانی رۆژگاری دژ بە کوردو زاڵبوونتان بە سەر کەندو کۆسپەکانی سەر رێگای ئازادیو دێموکراسیو شێلگیربوونتان لە سەر رێگای پڕ لە سەرەوەریی شەهیدان لە لایەکو، لە لایەکی ترەوە هەر چوار ساڵ جارێك سیستماتیك بەستنی کۆنگرە، وێڕای نالەباربوونی هەلومەرجی سیاسیو ئەمنیو پەسەندکردنی بڕیاری شیاوو پێداگرتنتان لە سەر دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی نەتەوەکەمان، کۆنگرە لە دوای کۆنگرە، پێگەی تایبەتی پڕ لە خۆشەویستی بۆ کردونەتەوە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. ئێستاش خۆ ئامادەکردنتان بۆ بەستنی کۆنگرەکەتان، کۆنگرەی ١٤ی حیزبە خەباتکارەکەتان، لە هەلومەرجێکی تایبەتیدایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران، داگیرکەری رۆژهەڵاتی کوردستان، دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەی کوردو نەیاری گەورەی ئازادیو دێموکراسی لە قەیرانێکی جیهانیو ناوچەییو نێوخۆییدایە، لە هەمانکاتیشدا دەستی داوەتە شەپۆلێکی دیکەی گرتوبەندو کوشتو بڕی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەرچی کۆدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ملکەچکردنی ئەو رێژیمە دڕندەو تیرۆریست پەروەرە بۆ ویستو داخوازییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان هێندێك گەشبینی لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ئێران درووست کردوە، بەڵام پەرتەوازەییو ناکۆکبوونی حیزبو رێکخراوە

سیاسییەكانی كورد دژ بەو رێژیمە لـە گەشـبینیو دڵخۆشـیی خـەڵكی كوردسـتان رۆژ بـە رۆژ كەمتر دەكاتەوە. لە وەها كاتو ساتێكدا بەستنی كۆنگرە ئەركەكانی ئێوەی قورستر كردوەو هەستكردن بە بەرپرسیاریەتیتان بۆ بریاری شیاو رێگـە چـارەی گونجـاو بـۆ وەڵامدانـەوە بـە هەلومەرجی تایبەتی هەنووكە زیاد دەكات.

هەر لەو پێوەندییەدا یەكیەتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان وێڕای پیرۆزبایی كردنی گـەرم بـۆ بەستنی كۆنگرەكەتانو ئاواتی سـەركەوتنتان لـەم كۆنگرەیـەدا سـەرنجتان بـۆ چـەند خاڵێـك رادەكێشێت.

١ ـ كۆماری ئیسلامیی ئێران لە قەیرانێكی فراواندایە، چالاك بوونی زیاتری ئێوە لـە بـواری دیپلۆماسـی لـە دەرەوەی وڵات بـۆ ناسـاندنی زیـاتری سیاسـەتی دژە مرۆڤایـەتی كۆمـاری ئیسلامیی ئێرانو زیاتر لەقاودانی كردارە تیرۆریستییەكانیو زیندووكردنەوەو بە دواداچـوونی كارەساتەكەی ویەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، زۆر لە جیدیدایە كە ببێتە تـەوەرێكی گرینگـی باسەكانی ناو كۆنگرەكەتان.

٢ ـ هەر وەكوو هەموو لایەك ئاگاداری لە یەك دووركەوتنـەوەی رۆژ لـە دوای رۆژی حیـزبو رێكخراوەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانن، بەڵام بـۆ جـارێكی دیكـەش شـرۆڤەكردنی هۆكارەكـانی دووركەوتنـەوەكانو گـەڕان بـە دوای چارەسـەرێكی گونجـاو بـۆ لـە یـەك نزیكبوونـەوە ببێتـە تەوەرێكی پڕبایەخ لە قسەو باسی نێو كۆنگرەكەتان.

ئێمە هیـوادارین لـە پـاش كۆتـایی سـەركەوتووانەی كۆنگرەكـەتان دۆسـتایەتی نێوانمـانو هاوكارییەكانمان بگاتە ئاستێكی بەرزتر.

**كۆمیتەی ناوەندیی یەكیەتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان**

**٢٠٠٨/٧/٢٤**

## پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە ئامەد

ڕێزدار مستەفا هیجری!

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەندامانی بەڕێزی کومیتەی ناوەندی!

دۆستانی هێژا!

لە پێتەختی وڵاتی پارچەکراو لە ئامەد، لە ناخی دڵمەوە چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵی کورد بە گشتیو بەتایبەتی لە کوردەکانی کوردستانی ئێران پیرۆز دەکەم.

بەو هیوایە کە کۆنگرەکەتان ببێتە سەرەتای جێگرکردنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێرانو هەوەها وەدیهاتنی سەربەخۆییو ئازادیی کوردستانی ئێران...

ئێمە لە تەڤگەرو کەسایەتیی ئێوەی تێکۆشەرو خۆڕاگردا، پەیڕەویکردن لە خەونەکانی قازی محەممەد دەبینین.

لەگەڵ گەرمترین سڵاوی برایانەمان

**دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە ئامەد**

٢٠٠٨/٩/١ ـ ئامەد

## پەیامی سەرۆکایەتیی پارتی مافو ئازادی ـ هاك ـ پار

بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حدکا!

ئەو شنەبایەی کە ٢٠ ساڵە جیهان بەرەو گۆڕانکاری حەرەکەت دەدا، بۆتە باهۆزو پایەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەهەژێنێ.

ئەو پایەو ستاتکۆیانەی کە بە سەدان ساڵە گەلەکەمان لە ژێر زوڵمو زۆری ئەوان دا دەناڵێنێ، لە بەریەك هەڵوەشانەوەدان.

گەلی ئێمە لە باشووری کوردستان ئیتر لە رەوشێکی ئازاددایەو سەرلەنوێ پاشەرۆژو داهاتووی خۆی بونیاد دەنێ. هەروەك تێکۆشانو خەبات بۆ ئازادیو رزگاری، لە باکوورو رۆژئاوای کوردستان دا بێراوەستان درێژەی هەیە.

خەباتی گەلەکەمان لە رۆژهەڵات بە دەیان ساڵە دژی رێژیمە هۆڤو داگیرکەرەکان بەردەوامەو بۆ هەموو پارچەکانیتر بووەتە لابراتوارێکی بێوێنەو بەرهەمدار. ئەو ئاگرە ئازادیو سەربەخۆییە کە لە مەیدانی چوارچرا روشن کرابوو، هێشتاش لە چیاکانی کوردستاندا شەوق دەداتەوە.

ئەمڕۆش تێکۆشان لە پێناوی ئازادیی گەلی کورد لە رێو رێبازی شەهیدانی نەمر قازی محەممەد، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندیو شەهیدانیتری کوردستاندا بەردەوامەو یادو بیرەوەریی ئەوانە کە هێزمان پێدەداو رێگامان رووناك دەکاتەوە.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە خەباتو تێکۆشان بۆ ئازادی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەریو پێشەنگیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردەکەوێ.

ئێمە لە سەر ناوی ئەندامو بەرێوەبەرانی پارتی مافو ئازادی، بە رێزو حورمەتەوە سڵاو لە بەشداترانی کۆنگرەی ١٤ حدکا دەکەینو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

ئێمە هیواداریبن کۆنگرەی چواردەهەمتان بە یەکیەتیو یەکدەنگیو سەرکەوتووانە کۆتایی پێ بێو بە هێزێکی زیاترەوەو لە رێبازی شەهیدانی نەمردا بەرەو ئازادی هەنگاو هەڵ بگرێ.

لەگەڵ رێزو سڵاوی برایانە

بژی یەکیەتیو هاوکاریی گەلی کورد

**سەرۆکایەتیی پارتی مافو ئازادی ـ هاك ـ پار**

**ئامەد، باکووری کوردستان**

# پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی چەپی کورد لە سووریا

بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سلاوو ڕێز

لە لایەن مەکتەبی سیاسیو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکەمانەوە (پارتی چەپی کورد لە سووریا)، پڕبەدڵ پیرۆزبایی پێکهێنانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبەکەتان لێ دەکەینو هیوادارین کە کۆنگرەی چواردەهەم سەرکەوتوو بێو جێگای هیواو ڕەزامەندیی گەلی کورد بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران بێ.

هاوڕێیانی بەڕێز!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی شەهیدانی سەرکردە قازی، قاسملووو شەرەفکەندییە، ئەو حیزبەیە کە یەکەمین کۆماری دێموکراتیکی کوردی بە نێوی کۆماری کوردستان دامەزراندووە. مێژووی دوورو درێژی حدکا هیواو ئومێدێکی تایبەتی بە هەموو کوردێك دەداو دڵنیاین کە بڕیارەکانی کۆنگرکەشتان، مێژوویی‌و چارەنووسساز دەبن.

ئاواتمانە کە پێوەندییەکانمان بەهێزتر بن، هەروەها چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە کۆنگرەی ئێوە هەڵوێستی لەمەڕ گرتنو زینداننیکردنی سکرتێری حیزبەکەمان بەڕێز محەممەد موسا محەممەد هەبێ کە لە ٧/١٩وە لە بەندیخانەی سووریەدایە.

ڕێزو سلاوی دووبارە لە هەموو بەشداران‌و سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزبەکەتان

**مەکتەبی سیاسیی پارتی چەپی کورد لە سووریا**

**قامیشلوو ـ ٢٠٠٨/٧/٣٠**

# پەیامی کوردیناسیۆنی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لەگەڵ سڵاوێکی گەرمو دۆستانەدا

پێش هەموو شتێك ئەوپەڕی سوپاسو پێزانینی خۆمان وەك "یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان" ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ ئەوەی کە ئێمەتان بەو شێوەیە بەسەر کردەوە، هیواداریین ئەمە سەرەتایەك بێ بۆ هەرچی زۆرتر قووڵبوونی پێوەندییەکانمان بە مەبەستی خزمەت بە گەلەکەمان.

لەمەڕ بەڕێوەچوونی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ بڵێین:

بەو پێیە کە سەدەی بیستو یەکەم، سەدەیەکی جێی بایەخە بە نیسبەت پێشکەوتنە هزرییەکانەوەو بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر چەمكو پێناسەکان بە نیسبەت هەموو شتێکەوە تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ، بۆیە پێویستە لە سەر ئەساسی بیرۆکەیەکی نوێخوازو دێموکراسییەتێکی هاوچەرخ، سەرلە نوێ پێناسەیەکی تازە لە سیستمی بەڕێوەبەری، چۆنیەتیی پێکهاتەی بەڕێوەبەری، عەلاقاتو دێپلۆماسیو ئەوەی بەسراوە بە سیاسەتی نەتەوەییمانەوە بکرێ.

لەو رووەوە کە " حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" مێژوویەکی پڕ لە شانازیو فەخری تێپەڕ کردووەو هەنووکەش لە کەشو هەوایەکی لەباری سیاسیدایە، دەتوانێ هاوکات لەگەڵ هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی هێزە کوردییەکان، بە یارمەتیی پرێسپێکتیڤێکی نەتەوەییو داڕشتنی بەرنامەی نوێو بەسوود، دوای پەسەندکردنی لە کۆنگرەی چواردەهەمیدا، وەك پێشەنگێك جمو جۆڵێکی ئێگجار بخاتە نێو بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە. ئەمەش ناکرێ مەگەر بیرو رامانێکی پیرۆزی نەتەوەیی کەشو هەوای کۆنگرە بتەنێتەوە.

هەوڵ بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی ئارامو ئازاد کە گەنج تێیدا بتوانێ گوفتمانی خۆی پێشکەش بکاو بە مەبەستی بە یاساییکردنی، هەوڵو تەقالا بدات جێی سەرنجو بایەخە.

" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" هەر لە سەرتاشەوە لەگەڵ بەهاو بایەخدان بە ژنان هاتە ناو ساحەی سیاسییەوە، بۆیە هەنووکەش پێویستە ڕێژەی بەشداری ژن لە کۆنگرەدا ڕەچاو بکرێ،و پاڵپشتی لێیان بۆ جێگرتن لەو شوێنانەی مافی خۆیانە، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و پیرۆز هەوڵی بۆ بدرێ.

هەوڵ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ماددی ـ مەعنەوییەکانی نەتەوەی کورد، دەبێ بەردی بناغەی هەر دیدو بۆچوونێك بێ، لەو رووەوە کە کۆنگرە وەك باڵاترین شوێنی بڕیارو پەسەندکردنی ستراتژییەکانی حیزبی دەژمێردرێ، پێویستە دوور بکەوێتەوە لەو پرۆسەو حەرەکەتانە کە زیانیان بە نیسبەت سوودیانەوە گەلێك سەرسوورهێنەرترە.

ئارەزووی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووانەیە بۆ ئێوەی بەڕێز

**کوردیناسیۆنی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان**

**٢٠٠٨/٧/٣١**

# Peyama Partiya Azadî Ya Kurdî Li Sûriya

Birayê hêja û birêz Mistefa hicrî
Sekreterê partiya Demukrata Kurdistana Îranê
Birayên hêja, endamên Polîtbîro û komîteya Navendî
Biraderên hêja, endamên kongirê çardemîn
Rêz û silavên germ li we bin

Berî hemû tiştî, em sipasiya we dikin, li ser wê vexwendina ku ji partiya me re hatibû rêkirin, bi boneya kongira çardemîn ya partiya we ya xebatkar û em ji aliyê xwe ve vê derfetê bi dilgermî werdigirin, da bi navê komîteya sereke ya partiya xwe – Partiya Azadî ya Kurdî li Sûriyê- û hemû endamên wê û her weha bi navê alîgirên partiyê, rêz û silavên xwe, ji we û hevalên têkoşer û pêşmergeyên qehreman, endamên partiya we re birê kin, tev hêviyên serkevtinê ji gongira we re Hêvîdar dikin.

Birayên hêja!

Diyare ku gongirê we di çarçoveya hin nîrên aloz de tê girêdan, çi li ser asta herêmê an ya navnetewî de bin û di hembêza bûyer û pêvajoyên girîng de dest bi kar dike û ew jî wê stûbariyê dide ser kar û xebata kongirê, da rahêje erk û pêdiviyên qonaxê û rêça lehing û qehremanên mîna nemiran: QAZÎ, QASIMLO, ŞEREFKENDÎ, û bi hezaran hevalên wan bişopîne, çimkî em dizanin ku partiya we, partiya nemir û têkoşeran e, ji ber wê jî, em di wê baweriyê de ne ku hûn cihê hêviya gelê xwe ne û wê ala xebatê di destên we de bilind û serfiraz bimîne ta bigihîjine armancên ku bi xwîna nemiran hatibûn xemilandin, û hûnê karibin tîrêjên azadiyê li ser bingeha demokrasî û federalîzmê, bi hevkarî û piştgiriya miletê kurd yê xeabtkar, di asoyên Kurdistanê de bineqşînin, çimkî sermayên azadiyê miltin û miletê me jî tucarî xwe ji rêça azadiyê nade alî.

Birayên hêja!

Em wek Partiya Azadî, armanca wê ew e ku miletê kurd, li Rojavayê Kurdistanê, di bin bandora pirojeyên tunekirin û nijadperestiyê de rizgar be, piştgiriya xwe ji kar û xebata we re nîşan dike û her weha, mafê miletê kurd li Rojhilatê Kurdistanê, di hembêza mafê çarenûs de dinirxîne û alîkî din ve jî pirojeyên rijîma Îranê yên ku li ser tunekirina pirsa kurd û hemû miletên Îranî, bi rêya girtin û kuştin û bidarvekirinan tên domandin, şermezar û pirotesto dike.
Cardin, em piştgirên ji têkoşîna azadiya kurd re, rêz û silavan bo we dubare dikin û çav li rê ne ku kongira we serkeftî be û bi hêvîne ku birayên we sûdeyê bidin pêşketina têkiliyên di navbera bizava rizgarîxwaziya kurd de û ji wan jî têkiliyên di navbera partiya me û ya we de.
Hûn bimînin di xweşiyê de

03.07.2008
Komîta Polîtbîro
Ya Partiya Azadî ya kurd li Sûriyê

***

## Peyama PARTİYA DEMOKRATA PÊŞVERÛ Ya KURD Lİ SÛRİYA

**Hejmar: taybet**
**Bervar.5.8/.2008**
Komîteya amadekar ya kongireya 14’mîn ya PDKÎ
Xebatkar û tekoşerên hêja, endamên kongirê..
Berêz: kak Mistefa Hicrî, Sekreterê Giştî..
Silavên germ bo we tevan:
Bi navê xwe û bi navê Partiya Demokrata Pêşverû ya Kurd li Sûriyê, em bi dilgermî kongireya 14’mîn ya partiya we, Partiya Demokrat a Kurdistana Îranê, pîroz dikin û serkevtinê ji kongireya we re dixwazim û hêvîdarim ku ev kongireya we

bibe qonaxek mezin ji bo: pêşvebirina kar û xebata we di hemû warên: siyasî, rêxistinî, rewşenbîrî, ragihandinî.. de û ji bo xurtkirina rola we di nav miletê Kurd li Kurdistana Îranê de..
Her wiha em hêvîdar in ku partiya we ya bira, bikare bi biryar û pêşniyarên girîng derkeve ku xebata we ber bi pêşve bibe û aloziyên ku hene bi xurtî çareser bike û rê veke li ber pêkanîna yekîtiya tevgera Kurdî li Kurdistana Îran bi taybet û ya nîştimanî li Îran bi giştî, ji bo avakirina rejîmek demokratîk û bidestxistina mafê miletê Kurd yê netewî û demokratîk..
Di dawiyê de carek din em we tevan pîroz dikin û hêviya xurtkirina wan pêwendiyên dîrokî û biratî dikin ku di navbera her du partiyên me yên bira de hene..
Serkevtin bo kongireya 14'mîn ya partiya we
Hemîd Derwîş Sekreterê Giştî yê Partiya Demokrata Pêşverî Kurdî li Sûriyê

## Peyama Partiya Yekîtiya Kurd Li Sûriya

Birayê têkoşer birêz Mistefa Hicrî Sekreterê Giştî yê Partiya Demukrata Kurdistana Îranê, Birayên têkoşer endamên Deftera Siyasî,
Spasiya we dikin, bo nameya ku we arasteyê me kiriye, ji bo lidarxistina kongireyê we ya çardehemîn, ya partiya hevkar.
Bi vê helkefta girîng, em pîrozbahiyê li tevahiya endamên kongire dikin û daxwaza serkeftin ji kongirê dikin, di kar û erkê xwe de.
Birayên hêja, kongireya we di rewşeka herêmî û navdewletî ya gellek girîng de tê lidarxistin, ji ber ku rejîma meleyan çareserkirina pirsa neteweyî li Îranê ret dike û azadiyên takekesî û giştî û mafê mirovan binpê dike, digel destêwerdana kar û barên navxweyî yên dewletên cîran û yên herêmê û herwiha hewildana wê ji bo bibe dewleteka xwedî çekên etomî, ji aliyê herêmî û navdewletî ve, nema tê qebûlkirin, ev yek jî, tirsê ne tenê li ser dewletên cîran û yên herêmê dirust dike, lê

belê li ser aştiya cîhanê jî, lewra civata navdewletî vê yekê ret dike.
Di vê rewşa han de, win kongireya xwe li dardixînin, kongireya partiya ku, me naskiriye, xebatên xwe yên Kurdistanî û bi şehîdên xwe yên nemir wek Pêşewa Qazî Mihemed, Dr. Ebdulrehman Qasmilo û Dr. Şerefkendî, ev şehîdan ne tenê sembolên we ne, lê belê yên me hemûyan in.
Em di vê baweriyê de ne ku hûn wan kelem û tengahiyên li pêş pêvajoya xebata xwe ji holê rakin û hûn dê bikaribin biryar û rênemayên bixenger bo pêşvebirina xebata xwe di vê dema niha de û her wisa bihêzkirina partiya xwe.
Hevalno, endamên kongirê, Em li benda wê yekê ne ku kongireya we biryara handana tevgera Kurdistanî bide, bo ku kongireyekî kurdistanî lidarxîne, ji bo dîtina çarçoveyekê ji hêzên Kurdistanî re, pişt bi nêhrîneka hevbeş li ser pirsên kurdistanî girê bide, ji bo ku bibe lêvegerek û nûneryatiya gelê Kurdistanê bike, di meydanên herêmî û navdewletî de. Birano, partiya me Partiya Yekîtiya Kurd li Sûriya, di wê baweriyê de ye ku doza Kurd li Sûriyayê ne tenê mafên welatî ne, lê belê doza xake jî, ji ber ku Bakurê Sûriya parçeyeke ji Kurdistana hatî parçekirin, her wisa xebat dikin ji bo ku Sûriye bibe dewletekî demokrat û ne navendî û tê de doza kurdî were çareserkirin û deverên kurdan bibe yekeyeka îdarî, kurd li deverên xwe, bibin xwedî desthilata teşrî, û tenfîzî û dadgehî û li gor rêjeya gel, di hikumeta navendî de pişkdar be.
Birano, em hewl didin bo pêkanîna peywendiyên herî baş, di navbera herdu partiyan me de û cardin serkeftinê bo kongirê we dixwazin.

Lîjneya Siyasî ya
Partiya Yekîtî Ya Kurd li Sûriya

# Peyama PARTİYA DEMOKRATA KURDİSTAN-BAKUR

Ji bo Deftera Siyasî ya Partiya Demokrata Kurdistana Îranê
Silavên germ û birayane
Em PDK-Bakur, pir bi dilgermî pîrozbahiya girêdana 14'mîn Kongireya we dikin. Em hêvîdarin Kongireya we bi biryarên baş ji bo Kurd û welatê me Kurdistan bi serkevtin dawî bi kongireya xwe bîne. Di heman demê de em hêvîdarin ku hûn bi berpirsiyariyê ev rewşa nexweş ya ku bi ser bizava Kurd hatiye ji nakokî û ji lihevnekirinê helsengînin û bi ser wan de zal bibin û bibin rênîşander ji bo parçeyên din yê Kurdistanê jî. Îro derfetek başe ku bi kêfxweşî em dikarin bibînin ku li hîç parçeyekî Kurdistanê, zemînî şerê navxweyî nemaye. Li hîç parçeyek Kurd şerê hevdu nakin -Her çend pêwendiyên me hemûyan germ jî nebe- eva başe ji bo lihevnêzîkbûn û bihevre karkirinê. Em PDK-Bakur bi başî li wî rewşê dinêrin û hizir dikin ku Rojhilata Navîn li ber guhartinên mezin de ye. Pêwîst e em Kurd bi hemû hêza xwe ji bo wê demê amade bibin û bikaribin bi hevre nakokî û kêmasiyên xwe çareser bikin. Da em hem ji bo miletê Kurd jî ji bona hêzên navneteweyî bibin cihê bawerî û hêvîya tevaya Kurdistaniyan. Ji bo wê çendê dema nêzîkbûn û bihevre karkirina hemû hêz û partiyên Kurdistanê li hemû parçeyên welatê me hatiye ji bo danîna stratejiyek hevpar a Kurdistanî li ser prensîpên realîst. Her wiha, divê hemû hêzên Kurdistan mil bi mil ji bo berjewendiya giştî ya miletê Kurd têbikoşin û ji bona vî jî konseptekî hevbeş pêk bînin. Ji ber ku tevaya dijmin û xêrnexwazên miletê me bi hemû hêz û teqeta xwe dikevin pêşiya xebata rewa ya miletê me. Em hêvîdarin ku kongireya we bi serketî dawî bi karên xwe bîne û bibe xala destpêkirinek nû di asta rûdan û pêşhatên herêmî de.
Bijî Kurd û Kurdistan

PDK-Bakur - Komîteya Rêveber

## Peyama Civata Çandî Û Sivîl Ya Kurdên Xorasanê

Hevalên hêja!

Digel silavan.

Civata Çandî û Sivîl a Kurdên Xorasanê lidarxistina çardehemîn Kongreya PDKÎ bi dil û can ji rêberî û hemû endam û alîgirên wê partiyê pîroz dike.

Kongreya Partiya we di rewşekê de birêve diçe ku Îran û devera Rojhilata Navîn di halê guhartinên mezin de ye ku dikare mizgînîderê cihgirkirina demokrasiya nûjen be bi taybetmendiyên nû ên cîhanî di Îran û herêma Kurdistanê de. Ji ber ku partiya me herdem xwe li gor rewşên rojavê cîhanê nîşan daye, eva bi xwe dikare weke çirayeke ronî ji bo gelê Kurd û Kurdistanê biçiriske û şanaziyên mezintir ji bo neteweya Kurd bidest bixe.

Her wekî ku kurd di cîbicîkirina desthilata siyasî di welatê Îraqê de rola eslî û gellek girîng di avakirin û cigirkirina demokrasiyê di wî welatî de dilîzin. Kurdên Îranê û nemaze PDKÎ bi lêzanîna hewce û rêveberîkirina jêhati, ji rêya Kongreya Neteweyên Îrana Federal ve dikare vê pêvajoyê li Îranê bigehîne encamê.

PDKÎ di heyamê van 62 salên xebat û têkoşîna xwe de avraz û nişîvên zaf derbaz kirine û hertim karî ye bi payedarî û xebata bêrawestiyan pêvajoya xwestekên rewa û berheq ên neteweya kurd bidomîne. Em hêvêdar in ku çarde hemîn kongreya partiya me pirr dewlemend be û deskevtên mezin û girîng û jêhatî ji bo gelê Kurd bigire û em ji bo we hêviya serkevtinên bêtir dikin.

**Civata Çendî û Sivîl a Kurdên Xorasanê**
**Îngilîstan, London, 10'ê Tîrmeha 2008**

## Peyama Rêkeftina Demokratîk Ya Kurdên Sûriyê

Ji bo Kongira çardemîn ya Partiya Demokrata Kurdistana Îranê
Berêzan Kadir û endam û beşdarvanên Kongirê

Îro di cîhanê de gellek guhertin û pêşveçûnên girîng çêdibin li ser hemû astên teknolojî û şoreşa enternetî û pêwendiyan, yanî em îro di serdema gilobalîzmê de dijîn û ev hemû bandorê xwe li ser herêma Rojhilata Navîn dike ê ku pêşveçînên girîng dijî û bi taybet di deh salên dawî de yê ku berdewamin heta roja îro de, bi taybet di warên siyasî û bihevçûna fikrî û çandî de, ev jî diyar dibe bi şêweyên rejîm û şepolên kilasîk û muhafizekar û şerê guhertin û hêzên demokrat û pêşverû dikin. Yê ku tekoşîn û xebat ji bo guhartina dikin û dixwazin gelê xwe bigihînin qonaxa azadî û rizgarî. Rejîma Îslamî li Îranê yek ji wan rejîman e ku astengan li pêş guhertina derdixin û li dijî azadî û rizgarî û berjewendiya gelin û temsîla fikrên şimûlî û isûlî dikin.

Hûn Partiya Demokrata Kurdistana Îranê, Kongireya xwe li dar dixin, divê pêvajo û qonaxa dîrokî de û hûn beramberî rejîma Îslamî li Îran xebat û tekoşîn dikin, em bi hêvî û bawerin ku partiya we wê bikaribe bigehe biryar û pirojeyên siyasî û bi van biryaran hûnê karibin li hember rejîma Îranê bisekinin. Partiya we tê naskirin bi dîroka xwe ya demdirêj, ji Komara Kurdistanê heta şehîd Dr. Ebdulrehman Qasimlo, Şerefkendî, wek partiya şehîdan heta dema îro bi xebat û tekoşîn doza gelê Kurd dike û bi hezaran şehîd û qurbanîdan li hember hemû curên astengî û zor û zehmet, lê belê Partiya Demokrata Kurdistanê li ber xwe da bi îrade û hêzên mezin, baweriya me ev e ku hûn dikarin hêviyên gelên Kurdistana Rojhilat bi cih pêk bînin.

Em wek **Rêkeftina Demokratîk ya Kurd li Sûriya**, Partiya Demokrata Kurdistana Îranê û serokatiya wê û hemû kadro û endaman pîroz dikin, li ser xebat û berdewamiya tekoşînê ji bo rizgarî û bidestxistina mafên gelê Kurd li Rojhilatê Kurdistanê.

Ji Kongireya we re ya bi rûmet û partiya we ya dîrokî serkevtin û serfirazî dixwazin.
Silav û rêz

Kordînasiyona Rêkevtina Demokratîk ya Kurd li Sûriyê

***

## Peyama Seroka Buroya Kurdî ya Pêwendî û Agahdariyê Li Brukselê

Bruksel, 09.06.2008
Mîrza Xusro Ebdullahî
Berpirsiyarê Buroya pêwendiyên navneteweyî yê Partiya Demokrat a Kurdistana Îranê- Parîs
Hevalê hêja Xusro!

Gelek spas ji bo vexwendina kongireya 14'emîn a partiya we. Em we ji dil pîroz dikin û di xebata we ya zor û giranbuha ji bo gelê Kurd serfiraziyê hêvî dikin.

Em dizanin ku rê hîn li ber me Kurdan dûr û dirêj e û ku bi tenê bi vîzyon û bîneke fireh emê karibin rojekê bigihêjin mafên xwe. Guhertinên cîhanî yên ku îro gelek zû dibin, şandek in ji Kurdan re, ji bo ku ew wan ji tenêtiyê dûr dixin û dehf didin navenda cîhanê. Loma, divê ku em jî xwe hinek biguherînin û li gora cîhana nuh bilivin. Em bawer dikin ku Partiya we ev tişt baş têgihîştiye û xebata xwe di vê çarçevê de dajo.

Tevî gelek silavan,

Pervîn Cemîl
Seroka Buroya Kurdî ya Pêwendî û Agahdariyê
Bruksel

## Peyama Enistîtuya Kurdî ya Brukselê Ji Bo Kongreya 14'hem A PDKÎ

Xusro Ebdullahî
Berpirsiyarê Buroya pêwendiyên navneteweyî yê PDK-Î
Min vexwendina we ya ji bo Civîna Giştî ya PDK-Î stend. Ez ji dil pîroz û serfiraziyê ji we re hêvî dikim. Rêzdarên hêja, berpirsiyar û endamên PDK-Î û beşdarên bi rûmet, min gelekî dixwest di vê roja qedirbilind de beşdarî vê civîna we ya giştî bikim. Lê mixabin ezê nikaribim. Pirr xemgîn im.
Her çende nikarim beşdar bibim jî, dilê min bi we re ye û ji we re mezintirîn serketin hêvî dikim.
Weke birayekî we yê piçûk û saziyeke Kurdistanî ji Civîna we ya Giştî hêvî dikim ku hun her derfetê xwe ji bo yekbûnê pêk bînin. Ez û Enistîtuya Kurdî ya Brukselê her tim di xizmeta Kurdistaniyan de ne. Eger tiştek hebe û li me bikeve, di çarçewa derfetên xwe de, ser seran ser çavan pêk tînin.

Derwêş Mihemed. FERHO
Serokê Enstituya Kurdî ya Brukselê
Bruksel, 08.06.2008

***

## Peyama Serokatiya Partita Maf û Azadiyan HAK-PAR

Bayê ku ev 20 sal e dinyayê ber bi guhartinê ve diherikîne, bûye baxoz û hemê statukoyên Rojhilata Navîn dihejîne. Ew statukoyên ku bi sedan sal e gelê me di bin zilma wan de dinale, terrk lêketiye û li ber hilweşandinê ne. Gelê me yê li Başûrê Kurdistanê êdî di rewşek azad de ye û ji nû ve pêşeroja xwe ava dike. Tekoşîna azadî û rizgariyê, li Bakûr û Rojavayê Kurdistanê jî bênavber dom dike. Tekoşîna gelê me yê

Kurdistanê ku bi dehan sal e li dijî rejîma hov û dagirker didome, ji bo hemû perçeyên din bûye labaratuwareke bêhempa û berhemdar. Ew agirê azadî û serxwebûnê ku li meydana Çarçirayê hatibû vêxistin, hê jî şewqa xwe li çiyayên Kurdistanê belav dike.

Îro jî tekoşîna azadiya Gelê Kurd di rê û şopa ku ji aliyê şehîdên nemir Qazî Mihemed, Qasimlo, Şerefkendî û şehîdên din yên Kurdistanê ve hatiye vekirin, tê meşandin û yadên wan e ku hêz dide me û riya me ronî dike. Em li ser wê baweriyê ne ku dê tekoşîna azadiyê ya li Rojhilatê welatê me, bi rêberî û pêşengiya Partiya Demokrata Kurdistana Îranê bi serkeve.

Em bi navê endam û birêveberên Partiya Maf û Azadiyan bi rêz û hurmet silav li beşdarên Komcivîna Partiya Demokrata Kurdistana Îranê dikin û ji Komcivînê re serkevtin hêvî dikim.

Em hêvîdar in ku dê Komcivîna 14'an ya Partiya Demokrata Kurdistana Îran di nav yekîtî û yekdengiyê de bi serkevtî derbas bibe û bi hêzeke xurt û rêkeftî di riya şehîdên nemir de ber bi azadiyê ve bimeşe.

Ligel rêz û silavên biratî.

Bijî yekîtî û hevkariya Gelê Kurd

**Serokatiya Partita Maf û Azadiyan-HAK-PAR**
**Amed-Bakûrê Kurdistanê**

# Peyama Desteya Reveber ya Komela Nivîskarên Kurd li Amedê

Rêzdar Mustafa Hicrî
Sekreterî Giştî Yê Partîya Demokrat a Kurdîstana Îranê
Endamên Payeberz Yên Rêveberiya Navendî
Dostên Qedirgiran;

Ji payîtextê weletê perçebûyî ji Amedê, bi hestên herî nazenîn, 14emîn Kongra Partiya Demokrat a Kurdistana İranê bi tevahî li Gelê Kurd, bi taybetî li Kurdên Kurdistana Îranê piroz be.

Bi hêviya ku ev Kongre bibe detpêka bicîhkirina pergelake demokratîk li Îran û herweha cibicîkirina serxwebûn û azadiya Kurdistana Îranê…

Em di tevger û kesayeta we ya tekoşer û bexwedêr de peyrewiya xewna Qadî Muhammed dibînin.

Bi germtirîn silavên birayene re…

**Desteya Reveber ya Komela Nivîskarên Kurd li Amedê**
**Amed 01/09/2008**

# Peyama Desteya Reveber ya
# Komela Nivîskarên Kurd li Amedê

Rêzdar Mustafa Hicrî
Sekreterî Giştî Yê Partîya Demokrat a Kurdîstana Îranê
Endamên Payeberz Yên Rêveberiya Navendî
Dostên Qedirgiran;

Ji payîtextê weletê perçebûyî ji Amedê, bi hestên herî nazenîn, 14emîn Kongra Partiya Demokrat a Kurdistana İranê bi tevahî li Gelê Kurd, bi taybetî li Kurdên Kurdistana Îranê piroz be.

Bi hêviya ku ev Kongre bibe detpêka bicîhkirina pergelake demokratîk li Îran û herweha cibicîkirina serxwebûn û azadiya Kurdistana Îranê…

Em di tevger û kesayeta we ya tekoşer û bexwedêr de peyrewiya xewna Qadî Muhammed dibînin.

Bi germtirîn silavên birayene re…

Desteya Reveber ya Komela Nivîskarên Kurd li Amedê
Amed 01/09/2008

# پەیامی کەسایەتییە کوردستانییەکان

# بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

# پەیامی بەڕێز نەسرین قاسملوو

سڵاو لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی خۆشەویست، لە کاتێکەوە کۆنگرەی سێی حیزب بەڕێوە چوو، واتە ٣٥ ساڵ پێش، حیزبی دێموکرات بە مەودای دوو تا چوار ساڵ بە شێوەی رێكو پێك کۆنگرەکانی خۆی پێك دێنێ، نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە رێکەوتی کۆنگرەی سێوە تا ١٩ ساڵ لەمەوبەر لە پلەی یەکەمی حیزبدا بووەو پاش کوژرانی ناوبراو و دوکتور سەعید، حیزب سەرەڕای تەواوی کێشەکان توانیویە بە باشی لەسەر پێی خۆی راوەستێ. ئەم راستییە هێزی تەشکیلاتیو دێموکراتیك بوونی حیزب دەسەلمێنێ.

مۆڵەت بدەن لێرەوە وەبیری بهێنمەوە کە مێژووی حیزب، مێژوویەکی پڕ لە جووڵەیە، پاش ئەوەی کە شای ئێرانو سوپاکەی توانیان زەبرێکی قورس لە حیزب بدەن، بەو هیوایەی کە حیزب لە نێو ببەن، چەند کەسی نیشتمانپەروەر بڕیاریان دا کە حیزب زیندوو رابگرن. ئەوان ساڵگەلێکی زۆر دژواریان تێپەڕ کردو زۆربەیان لەم رێگەیەدا شەهید بوون.

خەبات بۆ ئازادیو دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان، خەباتێکی دژوارە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوێنێکی زۆری بۆ ئازادیی کوردستان داوە. تا ئێستاش کۆتایی بەم خەباتە نەهاتووە. دۆستانی خۆشەویست، دنیای ئەمڕۆ بە خێرایی بەرەوپێش دەچێ بەڵام حکوومەتی ئاخووندەکان بەرنامەیەکی جیا لە پێشکەوتنی نەتەوەیی هەیە. هیوای نەتەوەی کورد بە ئێوەیەو چاوەڕوانیی ئەوان ئەوەیە کە خەباتی خۆتان تا سەرکەوتنی کۆتایی درێژە پێبدەن.

هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێوە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن، دەبێ ئەوە بێ کە دەنگی هاونیشتمانانی خۆتان دەبیستنو ئامادەن وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانیان بن.

ئاواتی من بۆ ئێوە، ئەوەیە کە گوللەکانی دوژمن هیچکات پێتان نەگاتو تا زیندوون، سەرکەوتن ببینن.

**نەسرین قاسملوو، پاریس ـ ١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

## پەیامی بەڕێز عەزیز محەممەد

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان ئەندامانی چواردەمین کۆنگرەی حیزب!

سڵاوێکی گەرم

لە ناخی دڵەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتانو هیوای سەرفرازیو سەرکەوتنتان بۆ دەخوازمو رووەو پتەوکردنی کولتووری بە یەکەوەژیانی دێموکراسییانەو قووڵکردنەوەی پرۆسەی تەباییو هاوکاریو یەکدەنگیتان لەسەر رێگای یەکخستنەوەی ناوماڵی حیزبیو سیاسیتان لە پێناوی زیاتر کاراکردنی رۆڵی بزووتنەوەی حیزبیو سیاسیتان، لە پێناوی زیاتر کاراکردنی رۆڵی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران.

بەڕێزان، بەچاوی ئۆمێدو بە خۆزگەی زۆرەوە لە کارو چالاکیو دەرەنجامەکانی کۆنگرەکەتان دەڕوانمو چاوەڕوانی هەواڵی خۆشو ئیجابیتان لێ دەکەم.

ئازیزانم، کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کەوا ناوچەکە بەگشتیو گەلەکەمانو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکەی بەتایبەتی بە قۆناخێکی هەستیارو چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبێت، دیارە ئەگەر تەباییو یەکڕیزی زەروورەتی هەموو قۆناخەکانی ئەزموونی تێکۆشان بێت، ئەوا لە سەردەمی ئێستادا پتەوکردنو قووڵکردنەوەی گیانی ئەو تەباییو یەکڕیزییە زیاتر وەکوو پێداویستی زەروورەتی خۆی دەسەلمێنێت.

لە کۆتاییدا سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان دادەنەوێنمو منیشو هەموو کوردێکیش بە چاوی پڕ لە بایەخو هیواوە لە حیزبەکەی قازی محەممەدو عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی دەڕوانین.

**دڵسۆزتان، عەزیز محەممەد**

**٢٠٠٨/٧/٢٨**

# پەیامی بەڕێز مامۆستا شێخ عێزەددین حوسەینی

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لەگەڵ ڕێزو سڵاوێکی گەرمی کوردانە.

لەو کاتەدا کە ئێوە بەرەو کۆنگرەی چواردەهەم خۆتان ئامادە دەکەن، دەمهەوێ تەبریکو پیرۆزبایی خۆم بە ئەندامانی کۆنگرەو لەوێشەوە بە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات پێشکەش بکەم.

لەو کاتە پڕهەستو چارەنووسسازەدا ـ بۆ نەتەوەی کورد ـ بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموومان دەبێ زۆر دڵسۆزانەو بە هەستی مەسئوولییەتەوە، زیاتر لە رابردوو بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردمان لەبەرچاو بێ.

بە پێی خێرایی ئاڵوگۆڕەکان کە ڕۆژبەڕۆژ لە دنیاو بەتایبەت لە ناوچەی ئێمە روو دەداو بۆ هەماهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی نێوخۆیی ئێران زۆر گرینگی بدرێ بە رۆڵی خوێندکاران، جەوانانو ژنان.

هومێدەوارم کە کۆنگرەی چواردەهەم پڕ بێت لە پیتو بەرەکەتو سەرکەوتوو بێ.

**سەید عێزەدین حوسەینی**

**١٣٨٧/٣/٢٢**

## پەیامی دوکتور محەممەد سدیق خۆشناو، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین

بۆ برایانی بەڕێزم لە سەرۆکایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوو ڕێز...

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبە ئازادیخوازەکەتان، بە ناوی خۆمو زانکۆی سەلاحەدینەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم.

بەڕێزان...

ئەگەر لە روانگەی بیری نەتەوەیی‌یەوە بە وردی سەرنجی مێژووی گەلانی سەر رووی زەمین بدەین، دەبینین هەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیو سەربەخۆ هەروەها خەباتی ئازادی بۆ گەیشتن بە مافە رەواکان، بە قووڵی لە لای ئەم گەلانە ئامادەییان هەیە.

وەك تێبینی دەکرێت هەر لە کۆنەوە زۆربەی گەلانی جیهان لە دوو رێگەوە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان داوە، ئەوانیش بریتین لە رێگەی دیالۆگو دێموکراسییەت یاخود خەباتی چەکداریو توندوتیژی.

بەڵام لە دونیای ئەمڕۆدا، خەباتی رزگاریو پتەوکردنی گیانی برایەتیو بەیەکەوەژیان لە داوایەکی مرۆڤدۆستییەوە، پەرپوەتەوە بۆ فەزایەکی فراوانتر. ئەمەش بووەتە یەکێك لەو پرنسیپە بنەڕەتییانەی کە دونیای ئەمڕۆو سیستەمی نوێی جیهانی تەنیوەتەوە. کە ئەویش بیری دێموکراسیو ئازادیخوازیو بەیەکەوەژیانە. دیارە ئەمەش هەموو فیکرو پانتاییە داخراوو دۆگماکانی خستۆتە بەردەم حەتمیەتی گۆڕانو چاکسازیی.

من لەم دەرفەتە مێژوویی‌یەدا، دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم، کە زۆر بەختەوەرم دەبینم ئەمڕۆ هوشیاریی نەتەوەیی نەوەی نوێ گەیشتۆتە ئەو رادەیە، کە بە راشکاوییو قەناعەتەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کۆ دەبنەوە، بەڵێ ئەمڕۆ بوونو مانەوەی هەر گەلێك پەیوەستە بەو چەترەی کە لە ژێریدا کۆ دەبنەوەو، لە رێگەی لێکحاڵیبوونو بە یەکەوە ژیاندا مافەکان بەدەست دەهێنرێت.

هیـوادارین بەسـتنی کـۆنگرەی چـوارده ببێتـه هـۆی کردنـەوەی دەرگـا داخراوەکـان. هەروەها ببێته مایەی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی. هەروەها ببێته مایـەی بـەهێزکردنی هەستی نیشتمانی له کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی.

له کۆتاییدا هیـوادارین لـەو ئامـانجو لـەو دروشمـه سـتراتیژییانەی خـەباتی لـه پێنـاودا دەکەن، هەنگاوی جیددیو کاریگەر بهاوێژن.

هەر شادو سەرکەوتووبن.

**د. محەممەد سدیق خۆشناو**

**سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر**

**٢٠٠٨/٨/١٤**

## پەیامی سەلاح بەدرەدین

**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

مـن وەکـوو دۆسـتێکی دڵسـۆزی حیزبـی دێـموکرات، حیزبـی پێشـەواو هـەژارو هـێمنو قـاسملووو شـــەرەفکەندی، ســـڵاڤێن گـــەرمو برایانـــه بـــۆ هـــەمی ئەنـــدامی کـــۆنگرەی چواردەهەمین دەنێرم. هیوادارم سەرکەوڤتانه بی بۆ بەرژەوەندیی گەلی مه له کوردستانی ئێران. هەروەها چاودێری هەنگاوی چاك دەکەین بەرەو یەکگرتنی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کورد له ڕۆژهەڵاتی وڵات.

**جارەکتر سلاڤێن برایانه، سەلاح بەدرەدین**

**هەولێر ٢٠٠٨/٧/٢٠**

# پەیامی بەڕێز د.گوڵموراد مورادی

دۆستانی خەباتکاری ڕێبەرایەتیی حیزب!

هاوڕێیانی خۆشەویستو بەشداربووانی بەڕێز!

ئەگەر ئەم پەیامە بە زمانی زگماکی خۆمو ئەو جۆرەی کە کۆنگرەی ١٤ دەیهەوێ، نانووسم، دەبێ لەعنەت لەو کەسەی بکەم کە ڕێگرم بوو لە بەردەم فێربوونی نووسین بە زمانی زگماکیو، سەرەڕای هەوڵی زۆرم لەو پێناوەدا هێشتا نەمتوانیوە لە نووسیندا بە زمانی زگماکی وەك فارسی فێر بم، کەوابوو ببورنو هەر بەو زمانی فارسییە کە دەینووسم لێم وەربگرن. پێش هەموو شتێك، گەرمترینو دۆستانەترین سڵاوەکانی خۆم پێشکەشی هەموو خەباتکارانو درێژەدەرانی ڕێگای نەمران قازی محەممەدی دامەزرێنەرو دوکتور قاسملووی بووژێنەری حیزبو دوکتور شەرەفکەندی (کاك سەعید)ی هێمای ئاشتی دەکەم. هیوادارم لە لایەن ئێوە، درێژەدەرانی ڕێبازی ئەو گەورە پیاوانەوەی کە گیانی خۆیان لە ڕێگای ئامانجە بەرزەکانی حیزبدا بەخت کرد، لەم کۆنگرەیەدا هەنگاوی ئەرێنی بۆ نزیکبوونەوەو یەکگرتنەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبو بە قازانجی نەتەوەی کورد هەڵ بگیرێت.

دۆستانو هاوڕێیانی بەڕێز!

هەروەها کە زۆربەی ئێوە شارەزای بیروبۆچوونی منو هەزاران کوردی دڵسۆزی دیکەنو وەك نووسراوەکانی من کە پاش کۆنگرەی ٨و ٩ بۆم ناردبوونو لە دوایین وتارمدا کە ماوەی ساڵێك لەمەو پێش بڵاوم کردەوە، بە هیچ شێوازێك لەگەڵ جیابوونەوە لە نێو ریزەکانی ئێوە خەباتکارانو کادرو ئەندامەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبدا نەبوومو نابم. لە راستیدا ئەم جیابوونەوەیە گەورەترین زەبری دەروونیی بۆ هەموو دۆستانی حیزبو زیاتر لە هەموویان بۆ من بووەو پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك هێشتا نەمتوانیوە ئەو راستییە قبووڵ بکەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە بە دوو حیزب، ئەگەرچی ئیدی کار لە کار ترازاوە.

ئێستا لە لایەکەوە دەبێ دان بەو راستیەدا بنێین، بەو مەرجەی کە بە هەر شێوەیەك پێش بە پەرەپێدانی دوژمنایەتی لە نێو بەدەنەی حیزب دا بگیرێتو رێبەرایەتیی هەردوولا دەستی هاوکاریو هاوخەباتیی یەکتر بگرنو نابێت هیچ پاساوێکیش بهێنرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە دوو رەوتی حیزب لەباری ئیدئۆلۆژییەوە کەمترین کێشە لە نێوانیاندا هەیە.

دۆستانی خۆشەویست!

ئەم بابەتە ئۆلتیماتۆم نیە، بەڵکوو داخوازو تکا لە کەسایەتییە شارستانییەکانی نێو حیزبە. من بە ناچار ئەوەم قبووڵ کردووە کە حیزب ئێستا بۆ دوو باڵی جیاواز دابەش کراوەو ئێمە تەنیا ئاوات دەخوازین کە هەر دوو باڵەکە لە رێگای خزمەت بە ئامانجەکانی گەلدا هەنگاو هەڵبگرن.

لە لایەکی دیکەوە منو کەسانی وەك من کە بە ئارمانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەفادار ماوین، نامانهەوێ لە هیچ لایەکەوە بڵێین یا ببیستین: "کۆمەڵێك لە حیزب چوونە دەرەوەو لە دواڕۆژدا دەگەڕێنەوە"، یان وشەی کوردیی "لادەران" لە نێو هێندێك لە ئەندامەکاندا ببیسترێ. لە راستیدا ئەم وتانە، لە باری دەروونییەوە کاریگەریی خراپ لەسەر ورەی کادرەکانو ئەندامانی حیزب دادەنێت. بۆیە دەبێت هەموومان لەو جۆرە رادەربڕینانە خۆ بپاریزرن. دۆستانی خۆشەویست! ئەگەر هەموو دنیا دۆستی ئێمە بن هێشتا کەمە، بەڵام ئەگەر لە هەموو دنیادا تەنیا دوژمنێکمان هەبێت زۆرە.

ئەو رستەیە وتەی دایکی نەخوێندەواری منە کە تەنانەت زمانی فارسیی نەدەزانیو ٥٦ ساڵ لەمەوپێش وەك پەندو وانەیەك بە منی گوتۆتەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست! بۆ من هەمووی ئێوە لە تێکۆشەرانی بە شەرەفی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن کە هێندێك لە ئێوە پێشینەی زیاتر لە پەنجا ساڵ خەباتی ماندوویی نەناسانەتان لەم حیزبەدا هەیە کە خۆڕاگریی ئێوەو ئەو هاوڕێ خەباتکارانەی کە دواتر هاتوونەتە نێو ریزەکانی حیزبەوەو لێهاتوویيو شارەزایی خۆیان نیشان داوە، شایانی رێزلێنانە. بەو حاڵەشەوە من لە خۆڕا ناڵێم کە هەموو چالاکییەکانی تاك بە تاکی

ئێوە ١٠٠٪ ئەرێنی بووەو هیچ هەڵەیەك رووی نەداوە، قەد وانەبووەو لێمان روونە هەر كەسێك كە خەبات دەكات تووشی هەڵە دەبێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی كە لەخۆبردوویی ئێوە، پێشمەرگەكانی گەلی كورد لە بەرچاو نەگیرێت. هەرگیز وانیە.

هەر جۆرە بە لارێدا چوونێك كە بۆ ئێمەی مرۆڤ لە رێڕەوی رێبازی كۆمەڵانی خەڵكدا روو بدات بابەتێكی سروشتیە. دڵنیام هیچ كام لە ئێوە بەرێزان بۆ گەیشتن بە پۆستو ئامانجی تاكەكەسی ئامادە نین تووشی هەڵە بن. بێگومان هەموو ئێوە دڵسۆزانە لە پێناوی ئارمانجی بەرزی گەلدا هەنگاو هەڵ دەگرنو ئەگەر هەڵەیەكیش رووبدات ـ كە بێگومان رووی داوە ـ بە بەشێك لە ئەزموونە تاڵەكانی دەزانینو وانەی لێوەردەگرین. لە راستیدا ئەگەر من تووشی هەڵە نەبووم، بێگومان چالاك نەبوومە، كەوابوو هەر كەسێك خەبات نەكات تووشی هەڵەش نابێت.

هاوڕێیانی بەڕێز!

من نە هەڵپەرستمو نە دەمهەوێت لە لای رێبەرانی هەركام لە باڵەكانی حیزب، خۆم خۆشەویست بكەم، بەڵكوو بەم بابەتەو بابەتەكانی پێشتووترم وەك فیلسۆفی بە ناوبانگی ئێرانی دەڵێت، كارێكم كردووەو دەیكەم كە رەنگە "دوو سوپا لە دژی خۆم بخرۆشێنم". من ئەو كارە دەكەم بە هۆی ئەوەی كە بڕوام وایە بە هەڵەدا ناچمو بە جێگەو پێگەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە ئاستی جیهانیدا بایەخ دەدەم، لەبەر ئەوەی كە دەمهەوێ بە رێبازو ئارمانجی ئەم حیزبە وەفادار بمێنم. من دەزانم لە كۆتاییدا سەركەوتن بۆ گەلی كورد دەبێتو ئێوەش بێ هیچ پێچو پەنایەك كۆڵەكەی ئەو گەلە دەبن. هەربۆیە پێداگری لەسەر ئەو بڕوایە دەكەمو نامهەوێ دوژمنان چەپڵەمان بۆ لێبدەن، جیابوونەوەو لێكترازان لە نێو كۆمەڵەو حیزبی دێموكراتو حیزبەكانی دیكەی نەتەوەی كورددا، كارێكی دوژمن شادكەرەو دەبیت دان بەو راستییەدا بنێینو نەهێڵین دوژمن لە پەرتەوازەیی ئێمە شاد بێت.

هاوڕێیانی بەڕێز!

لـە هـەموو ئێـوە بەشـداربووانو بـە تایبـەت ئەنـدامانی بـەڕێزی ڕێبەرایـەتیی حیـزب، دڵسۆزانە داوا دەکەم کە هەنگاوێك هەڵ بگرنو بەندگەلێك لە کۆنگرەدا پەسند بکەن کە بوار بۆ یەکگرتنەوە یان هاوکاریی نێزیکی چالاکانی حیزب خۆش بکەن. بێگومـان بـۆ ئـەو مەبەستە دەبێت فیداکاری بکەنو تەنانەت لە بەشێك لە مافە بێئەملاو ئـەولاکانی خۆتـان چاوپۆشـی بکـەن. دڵنیـا بـن دۆڕاوی ئـەو کایەیـە، ئەوانـەن کـە نایانـەوێ تۆسـقاڵێك لـە هەڵوێستەکانیان پاشگەز ببنەوەو لەم پێناوەدا کارشکێنی دەکەن.

هیوادارم کۆنگرەکەتان سەرەتایەك بێت بۆ دۆستایەتیو یەکگرتنەوە لە نێوان دوو بـاڵی حیزبو هەروەها لە نێوان ئێمەی کوردو زۆرتر لە هەمووان ئەندامانی بەڕێزی ڕێبەرایـەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەردوو باڵییەوە.

من دوو مانگ لەمەو پێش دەقی ئـەم پەیامـەم بـۆ کـۆنگرەی ١٤ی باڵەکـەیتری حیـزب ناردوە.

وێڕای گەرمترین سڵاوەکان

**براتان گوڵموراد موورادی**

**هایدلبرگ ٢٨ی ئاڤریلی ٢٠٠٨**

# پەیامی بەڕێز کەریم ئەحمەد

**هاوڕێیانی بەڕێز لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**سلاوی هاوڕێیانە!**

بە دڵخۆشییەوە نامەکەتان بە دەستم گەیشتن، سەبارەت بە بڕیاردانتان بۆ گرێدانی کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان کە خەباتێکی نەپساوەو لە خۆبووردوانە دەکات لە پێناو چارەنووسی گەلی کوردستان لە ئێران، سەرەڕای ئەو کۆسپو بەربەستانە کە رووبەڕووی دەبنەوە.

چەندم پێخۆشبوو یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی خشتەی کاری کۆنگرە، ئەو بابەتە گرنگو هەستیارە بوایە کە ئەویش یەکیەتیی حیزبە تێکۆشەرەکەتانە، کە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستانی رۆژهەلات، بۆ وەدەستخستنی مافە نەتەوەییە رەواکانیو دێموکراسییەت.

کاتێك حیزبە سەربەرزەکەتان بەهێزو یەکگرتوو بێت، ئەوە بێگومان بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیش لە بارێکی شیاوو باشتر دەبێو دواجار بزووتنەوەی دێموکراتیك لە ئێران دەبێتە جێگای باوەڕی جەماوەری ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە.

بە ئەنجام گەیاندنی یەکیەتیی حیزبە تێکۆشەرەکەتانو پێکەوەنانی بەرەیەکی کوردستانی بۆ وەدیهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی لە ئێراندا، دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ رێکخستنو جۆشدانو ئامادەباشی کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئێران بۆ رابوونی گەل بە هەموو چینە پێشکەوتنخوازو نەتەوە زوڵملێکراوەکان لە پێناو دێموکراتییەتو مافی نەتەوەکان بە ئامانجی دابینکردنی شێوازێکی شیاو بۆ چارەی دێموکراتی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا، لە کاتێکدا رێژەی نەتەوە چەوساوەکان لە ئێران زیاتر لە ٦٠٪ی گەل پێك دێنن، بە بەراورد کردن لەگەڵ نەتەوەی فارسی دەسەڵاتدار کە رێژەکەی لە کۆی گشتیی ئەم نەتەوانە کەمترە.

لە کاتێکدا ئەو سەرەتاو راستییانە بەرچاو دەخەم، بەڕێزتانیش باش دەزانن‌و دەرکی پێ دەکەن، بەڵام وەبیرهێنەرەوەیان سوود بە خەباتگێڕان دەگەیەنێ.

لە کۆتاییدا ئاواتی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەخوازم لە ئەرکە پیرۆزەکەیدا.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێران بۆ وەدیهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی لە ئێراندا.

**هاوڕێتان کەریم ئەحمەد**

**٢٠٠٨/٨/١**

## نامەی پیرۆزبایی‌و دووپاتکردنەوی پشتگیریی دوکتور پەری مستەفا قەرەداغی

بەبۆنەی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتیی حیزبەکەتان و گشت کادیرو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و هەروەها پیرۆزبایی‌و سەرفرازی لە بنەماڵەی شەهیدان‌و کەسوکاری پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم و بە دەرفەتی دەزانم کە بەناوی خۆم و رێکخراوەکەمان، رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان و لە ئەمریکا پشتگیری‌و هاوپەیمانیەتی‌و دۆستایەتیی خۆمان بۆ حیزبەکەتان دووپات بکەینەوە کە ئەنجامدانی کۆنگرەی حیزب پێوەر و رەنگدانەوەی پرنسیپەکانی دێموکراسی‌و مافی مرۆڤە.

هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

**خوشکتان د. پەری مستەفا قەرەداغی**

**رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ**

# پەیامی بەڕێز عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

خوشك و برایانی خۆشەویستو تێکۆشەر!

ئەندامانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرمی برایانەو تێکۆشەرانە

پڕبەدڵ پیرۆزبایی کۆنگرەی چواردەهەمینی حیزبە تێکۆشەرە بەردەوامەکەتانتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بڕیاری سوودمەندم بۆتان هەیە.

بێگومان سێ پەیکەری پێشەوا ـ قاسملوو ـ شەرەفکەندی، پەیکەری سەربەرزیو شەرەفمەندیەو لە یاد و دڵو دەروونی هەموو کوردێکی بەشەرەفدا و چرای ڕێی بینینە لای هەموو کوردێك.

کە باسی کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان دێت، هەموو دڵسۆزێکی ئەو حیزبەو مەسەلەکەی باسکردنی یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە بە یاددا دێت. بەڵام بۆ کەسێکی وەك من کە لە پەنجا ساڵ زیاترە ئەو حیزبەم ناسیوەو دۆستی ئەو و ڕێبازەو زۆربەی سەرکردەکانیو ئەندامانیم و شەرەفی ئەوەم هەیە کە خوێنی نزیکترین کەسم لەپاڵ خوێنی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوودا ڕژاوەو دڵنیام لەوەی کە خۆی کردبوو بە سوپەر بۆ پاراستنی، ئەوا ڕایەکیترم هەیە. من لام وانیە ئەوەی پێی دەڵێن دوو باڵی حیزبی دێموکرات، دوو باڵی یەك حیزب بن. با سەرکردەکان و ئەندامانی هەردوو لا ساڵانێکی زۆری تێکۆشانیان لە قەوارەی یەك حیزبدا بردبێتە سەر.

ئێستا ئەو برایانە حیزبێکی ترن. خۆیان جیابوونەوەیان لە (بەدەنە)ی حیزبە یەکگرتووەکە هەڵبژارد. زۆربەیان هەر ئەو کەسانەن کە جاری پێشووش جیابوونەوە. بەندە شەرەفی ئەوەشم هەبوو کە لە بارێکی زۆر مەترسیدا لەپاڵ هاوڕێیانمدا هاتووچۆیەکی زۆرم بۆ یەکگرتنەوە کرد.

بەڵام ئێستا بە قەناعەتەوە دەڵێم ـ یەکگرتنەوە هەر جیابوونەوەی بەدواوەیە. با ئێستا لەڕووی ئایدیۆلۆژیو دروشمەوە جیاوازی کەمتریش بێت.

با دان بەوەدا بنێین کە ئێستا دوو حیزب هەیە. با یەکێکیان لەویتر جیابووبێتەوە. وا ئەو برایانە بە لابردنی ناوی (ئێران) ناوی خۆیان جیا کردۆتەوە. بە گۆڕینی ناوی رۆژنامەو کلێشەکەشی ـ تەواو گۆڕینێتر دێتە پێش چاو. با شەڕ لەسەر ئەوە نەکەین کە کێ میراتگری ئەو پەیکەرە سێکوچکەیەیە. ئەوە مێژوو و دوارۆژی خەبات دەیسەلمێنێ. با دان بە دوو حیزبیدا بنێین و وردەوردە رێگای دانوستاندنی هێمانە بگرینە بەرو وەك کەسێکی ئەوتۆ سەیری یەکتر بکرێت کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە بوون و ئێستا دوو حیزبن بەناوی جیاوازەوەو بڕیاری میراتگریش بدرێتە دەست جەماوەری بەشەرەفی کوردستان، ئەگەر ئەو سیفەتە میراتگرییە سوودێکی هەبێت. کە بێگومان هەیەتیو لەبەر ئەوەیە ئێستا ئەو برادەرانەش بە بەرزی باسی شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی دەکەن. (کە جاری پێشوو وا نەبوو). خەڵکی تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی بەئەمەگی گەلانی ئێراندا چاوەڕێی گۆڕانی گەورەن و کوردستانیش بەرەو ئاسۆی هیوا دەڕوا. با بەو چاوەوە سەیری ئێستاو دوارۆژ بکەین وکاری بۆ بکەین. بێگومان ئێوەش بەو رێگەیەی هەموو شەهیداندا، بەتایبەتی بە رێگەی قاسملوودا وا دەڕواننە کارەکەو کۆنگرەی چواردەهەمتان هەر ئێستگەیەکی گەورە دەبێت لەسەر رێگەی ئەو کاروانە مەزنەدا.

پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هیوام وایە هەر وەك ئەو دۆستە دێرینەی حیزبی دێموکرات و شەهیدان دوکتور قاسملوو دوکتور شەرەفکەندیو شەهیدانیتری حیزبە بەشەرفەکەتان تەماشام بکەن.

رێی خەبات دوورەو ئاسۆ دیارە

هەر سەرکەوتوو بن

جارێکیتر سڵاو بۆ هەمووتان، بۆ حیزبەکەتانو بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

هەر بژین

**برای دڵسۆزتان، عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ٢٠٠٨/٨/١٢**

# پەیامی دوکتور نەجمەدین کەریم، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە واشنگتۆن

برای بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری!

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە!

بە ناوی ئەنستیتۆی کورد لە واشنگتۆن بە بۆنەی دەستپێکردنی کۆنگرەکەتان پیرۆزبایتان لێ ئەکەینو لە خزمەت بە گەلەکەمان سەرکەوتنتان بۆ ئاواتە خوازین.

کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا ئەگیرێ کە رژێمی فاشیستی ئێران لە هێرشی دڕندانەی بۆ سەر گەلەکەمان بەردەوامە بۆیە ئەمڕۆ بۆ سەرکەوتنمان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە هێزی گەلەکەمان هەیە.

ئێمە دڵنیاین کە حیزبی دێموکرات بەردەوام ئەبێت لە خەباتو کۆششی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستانی ئێران وەدەست بێنێتو بەردەوام ئەبێت بۆ بەدیهێنانی بەرەی کوردستانی.

لە کۆتاییدا هیوام سەرکەوتنتانە،

سەرکەوتن بۆ خەباتی گەلی کوردستان

**براتان دوکتور نەجمەدین کەریم**

**سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی واشنگتۆن**

**٢٩ی مای ٢٠٠٨**

## پەیامی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوور

ڕێزداران!

جەنابی کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتیکی کوردستانی بندەستی ئێران، ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزب، ئەندامانو بەشدارانی کۆنگرە، مۆڵەتتان لێ دەخوازم کە پیرۆزبایی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکووریتان پێرابگەیەنمو هومێدی سەرکەوتنی کۆنگرەی چاردەی حیزبتان بۆ بخوازم. بەو هیوایەی کە ئەو کۆنگرەیە بکەوێتە چارچێوەی بە خۆداچوونەوەو پێداچوونەوەی فەرهەنگی ڕێبەرایەتیی پێشەوای نەمر بە جۆرێك کە ڕەویشی لەخۆبووردەییو لێبووردەیی وی وەبیر بهێندرێتەوەو جارێکی دیکە بکرێتە سەرمەشقی خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانێ.

فەلسەفەی ڕێبەرایەتیی پێشەوا، فەلسەفەی ڕاوەگواستنی ڕێبەرایەتیی نەتەوایەتی بۆ قۆناخێکی شکۆمەندترو کوردستانیتر بوو - بە شێوەیەك مەرامە نەتەوایەتییەکان لە لای وی لە سەرووی هەموو مەرامنامەو تێزی حیزبایەتیو تێڕامانینی شەخسیی بوو - هەر لە بەر هەندێشی داخوازی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوورێ لە کۆنگرەی چواردەی حیزب ئەوەیە کە فەرهەنگی ڕێبەرایەتیی ئەو پێشەوا مەزنە جارێکی دیکە بکرێتە هزری قوتابخانەی کوردایەتیو حیزبایەتیش بە گیانی لێبووردەیی وی دە نێو ئەو قوتابخانەدا ئەدا بکرێ. تەنێ دە نێو ئەو فەرهەنگەدایە کە جارێکی دیکە ئومێد بە ئایندەکی ڕووناك لە نێو میللەتی ستەمدیدەمان لە کوردستانی بندەستی ئێرانێ دەگەشێتەوە!

بەشدارانی ڕێزدار لە کۆنگرە، ئاشکرایە هەتا ئەو ڕۆژەی حیزبی دێموکراتیك دوولکانە کاری خۆی بکا، ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانێ سەرکەوتووانەتر کاری خۆی دەکا. چونکە، ئەو دوولکییە درێژە بە لاوازکردنی دینامیكو مکانیزمی خەباتی نەتەوایەتیمان لەو بەشەی کوردستانێ دەداو بە هەندێش مەلاکانی تارانێ خۆشکام، و ڕووحی پێشەوای مەزنی کوردانیش ناخۆشنوودتر دەبێ.

لـە بـەر هەنـدێ رێبـەرانی دڵسـۆزی خـەباتی بزاڤـی ئـازادیی نیشـتمانیی کوردسـتانی بندەستی ئێرانێ ئەرکێکی گرانی مێژوویی‌و ئەخلاقییان دە ئەستۆدایەو بەرپرسن بەرامبەر بـە پاراسـتنی یـەکڕیزیی حیـزبو شـکۆمەندراگرتنی میراتـی شـەرافەتمەندانەی پێشـەواو وەسیەتو ئامۆژگارییەکانی وی کە لە دواساتەکانی ژیانی خۆی، روو لە میللـەت فـەرمووی "یەك بگرن!"

ئیـدی بـەو ئومێـدەی ئـەو کـۆنگرە بنـەمای پرۆسێسـی وەدۆزینـی چـارەیەك بـۆ کۆتاییهێنـان بـەو دووبەرەکییـە بـەنا بکـا کـە تێیـدا یەکگرتنـەوەی هەمیشـەیی حیزبـی دێموکراتیك سەقامگیر بکاو بە هەندێ پەیامی دڵسۆزانەی نەتـەوەیی بـۆ پێشـەوای نـەمر، سەیفو سەدری قازی بهەنێرین.

لـە کۆتاییـدا، جـارێکی دیکـە هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم. هـەر سـەربەرزو سەرکەوتووو یەکگرتوو بن.

**کرمانج گوندی،**

**سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوورێ June21/2008**

## پەیامی خاتوو دۆڕیە عوونی

بەڕێز کاك خۆسرەو!

لە میسرەوە گەرمترین سڵاوەکانم بە بۆنەی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش دەکەمو هاوپێوەندیی خۆم لەگەڵ خەباتی ئەو حیزبە لە ڕێگای بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد مافی ئەم گەلە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دەردەبڕم.

هیوادارم کە ئەم کۆنگرەیە، سەرەتایەك بێ بۆ یەکگرتووبوونی هەرچی زیاتری ریزەکانی گەلی کوردو کۆنگرەی داهاتووی حیزبەکەتان لە سەر خاکی کوردستان بەڕێوە بچێ.

بژی کوردو کوردستان!

**دۆڕیە عوونی، ڕۆژنامەڤانو نووسەر**

**قاهێرە ـ ١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

## پەیامی بەڕێز کەمال بورکای

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هاوڕێیانی هێژاو خۆشەویست!

هیواخوازو داواکارم کە کۆنگرەی چواردەتان بە سەرکەوتن کۆتایی بە کارەکانی بێنێت، بۆ کارو خەباتەکەتانو هەروەها ئازادیی گەلو وڵات بڕیاری گونجاوو پێویست بدرێت.

سڵاوی گەرم لە هەموو بەشدارانی کۆنگرەو هەموو هاوڕێیانی خۆشەویستی PDKI.

**کەمال بورکای، ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٨**

**ستۆکهۆڵم**

# پەیامی بەڕێز ئارژەن ئاری

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەندامانی بەڕێزی رێبەرایەتیی حیزب!

دۆستانی هێژا!

ماوەیەکی کەم لەمەوبەر، ئێوە بە شکۆیەکی گەورەوە ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان جێژن گرت. بە هیوای داهاتوویەکی تەمەن هەزار ساڵو گەش بۆ ئێوەو حیزبەکەتان.

من وەك کوردێك لە پێتەختی وڵاتی پارچە پارچەکراو لە ئامەدەوە لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو گەلی کورد بە گشتیو بەتایبەتی لە کوردەکانی کوردستانی ئێران دەکەم.

هیوادارم ئەم کۆنگرەیەتان ببێتە هەنگاوی وەدیهاتنی سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێران داو هەروەها دەستەبەربوونی سەربەخۆییو ئازادیی کوردستانی ئێران...

من لە بزووتنەوەو کەسایەتیی تێکۆشەرو خۆڕاگری ئێوەدا، پەیڕەوکردنی خەونەکانی قازی محەممەد بەدی دەکەم.

لەگەڵ گەرمترین سڵاوی برایانە

**ئارژەن ئاری ـ شاعیر**

**٢٠٠٨/٩/١ ـ ئامەد**

## پەیامی بەڕێز تۆسنێ ڕەشید

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، "کۆنگرەی چارەسەری" بە دڵو گیان لێتان پیرۆز دەکەم. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریی زۆرو گەورە پێك هاتوون کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر چارەنووسی گەلی کورد هەیە. لەم هەلومەرجەدا گەلەکەمان پێویستیی زیاتری بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە، حیزبێك کە زیاتر لە ٦٠ ساڵە پێشەنگی خەباتی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لێکدابڕانو پارچە پارچە بوون، گەلەکەمان نائومێد دەکا، هیوادارم کۆنگرەی ١٤، کۆنگرەی چارەسەری، ببێتە یەکیەتیو تەبایی ریزەکانی حدکاو چارەسەری پرسی کورد.

**بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بژی ئازادیی گەلی کورد**

**د. تۆسنێ ڕەشید**

## پەیامی بەڕێز پەروین جەمیل

بەڕێز خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی دەفتەری پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی PDKI!

هاوڕێی خۆشەویستم، خوسرەو!

زۆر سپاس بۆ دەعوەتنامەتان بۆ ١٤هەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان. ئێمە لە ناخی دڵمانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەینو لە تێکۆشانی بێوچان و پیرۆزتاندا بۆ گەلی کورد هیوای سەربەرزی بەئاوات دەخوازین.

ئێمە دەزانین کە ڕێگای بەردەم ئێمە کوردەکان دوورو درێژەو تەنیا بە پشوودرێژی دەتوانین ڕۆژێك بگەینە مافەکانمان. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئەمڕۆ زۆر بە خێرا دێنە پێش بە

شانسو بەختێکی باش بۆ کورد دەژمێردرێن. هەر بۆیە پێویستە ئێمەش هێندێك بگۆڕدرێینو بە پێی نۆرمەکانی سەردەم بجوڵێینەوە. ئێمە لەو باوڕەداین کە حیزبەکەتان بە باشی لەو راستییە تێگەیشتووەو خەبات لە چوارچێوەیەدا درێژە دەدا.

لەگەڵ رێزو سڵاو

**پەروین جەمیل**

**سەرۆکی ناوەندی کوردیی پێوەندیو ئاگاداری - برۆکسێل**

برۆکسێل، ٢٠٠٨/٦/٩

## پەیامی دەروێش محەممەد فەرهۆ سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی برۆکسێل

بەڕێز خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی PDKI

دەعوەتنامەی ئێوەم بۆ کۆنگرەی PDKI وەرگرت. لە ناخی دڵمەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەمو هیوای سەربەرزیو سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

بەڕێزان بەرپرسانو ئەندامانی PDKIو بەشدارانی هێژای کۆنگرە، زۆر حەزم دەکرد کە لەو رۆژە پیرۆزەدا لە کۆنگرەکەتاندا بەشداری بکەم. بەڵام بە داخەوە ناتوانمو بەم هۆیەوە زۆر غەمگینو نارەحەتم.

هەرچەند ناتوانم لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبەکەتاندا بەشداری بکەم، بەڵام دڵم لەگەڵتانەو بۆ ئێوە گەورەترین هیوا بەئاوات دەخوازم.

وەك برایەکی بچووکتانو رێکخراوێکی کوردستانی، ئاواتی ئەوە دەخوازم کە کۆنگرەکەتان لە هەر مەجالو دەرفەتێك کە بۆی دەڕەخسێت، بۆ یەکیەتیو یەکگرتوویی هەوڵ بدات. منو ئەنستیتۆی کوردی برۆکسێل هەموو کات لە خزمەتی کوردستانییەکان داین. ئەگەر ئەرکو کارێك بکەوێتە سەر شانمان، تاکوو لە سەر سەروچاو بەجێی بێنین.

**دەروێش محەممەد فەرهۆ، سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی برۆکسێل**

بروکسێل ٢٠٠٨/٦/٨

# پەیامی بەڕێز نەسرەدین سیلوانەیی

بەڕێز سکرتێری گشتی، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندیو ئەندامانی کۆنگرەی ١٤، ڕێگام پێ بدەن جوانترین پیرۆزباییەکانم بە هەڵکەوتی پێکهێنانی کونگرەی ١٤ی حدکا کە یەکێك لە گرینگترین کۆنگرەکانی مێژووی حدکا دەبێ، پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزان و خەباتگێڕان بکەم.

بەڕێزان، ڕەمزی سەرکەوتن، بەرەوپێشچوون و گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنیا بە یەك ڕێگادا مسۆگەر دەبێ، ئەویش یەکیەتی، یەکبوون و یەکڕیزییە، من لەو بڕوایەدام کە ئەو خاڵە دەبێ ببێتە جێگای باس و گەنگەشەی نێوان ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی هەمیشە زیندووی ئێمە، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی.

ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا لەگەڵ ڕەوشێکی زۆر ئاڵۆزدا بەرەوڕووین. نیشانەکانی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی خوازیاری درووستکردن و بەرەوپێشبردنی چەکی ئەتۆمییە، قسەکانی سەرۆك کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەیهەوێ دەوڵەتی ئیسرائیل لەنێو بەرێت و هەروەها پشتیوانیکردنی لە ڕێکخراوەکانی توندڕەوی تیرۆریستی دەبنە هۆی ئەوەی کە دەنگی ئێمە بەرزتر و گوێگرانی دۆزەکەمان زیاتر بن. بەڵام بۆ ئەوەیکە PDKI بتوانێ لەو ڕەوشەدا خاوەن هەڵوێست و کاریگەرییەکی ئەرێنیو پۆزەتیڤی هەبێ، پێویستی بە ڕیفۆرم و ئیستراتێژییەکی سەردەمییانەو مۆدێڕن هەیە.

هاوڕێیانی خۆشەویست! لە قۆناغی زۆر گرینگ و دەرفەتێکی زێڕین و مێژوویی کە ئەمڕۆ بە هەڵکەوتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزب لە دەستتان دایە، پێویستە کە شیکردنەوەی روون لە رابردووی PDK بکرێت و بەرنامەو ئیستراتێژییەکی سەردەمییانەو، مۆدێڕن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دابنرێ. بۆ ئەوە، من چەند پێشنیارێك دەخەمە بەرچاوتان:

سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی شەڕ و پێکدادانی چەکداری نیە، بەڵام سەردەمی رووناکبیریو دیپلۆماسییە. بۆ ئەم بوارە پێویستی بە کادرگەلی زۆر پسپۆر لە بوارەکانی دیپلۆماسیو پێوەندییەکانە لە ئاستەکانی ناوخۆو نێونەتەوەییدا بکەونە نێو ریزی

ڕێبەرایەتی. ئەمڕۆ لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوادا PDKI خاوەنی دەیان کچ و کوڕی لێهاتوو، خوێنگەرم و نیشتمانپەروەرە کە دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە دیپلۆماسیدا بگێڕن. بەڵام بەداخەوە لە ئاستی پێویستدا نەتەنیا کار لەسەر ئەوان نەکراوە، بەپێچەوانە بەهۆی بیرتەسکیی هەندێك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیو ڕێوەبەر کە ڕێبەرایەتی وەك هیوای خۆیان و تاقمی خۆیان دەیانبینێت، هیچکات ڕێگایان بەو کەسانە نەدەدا کە بە ساڵانە وەك باڵوێزی کوردستان و بەتایبەت PDKI خەبات دەکەن و تێکۆشاون، بکەونە نێو ریزی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە. ئەمەیە کە دەبینین ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات نزیك بە ٢٠ ساڵە لەنێو بازنەیەکی بچووکدا هەڵ دەبژێردرێت. بۆ ئەوەیکە حیزبێکی سیاسی بتوانێ درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی بدات و ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت، پێویستی بە ڕیفۆرمی ئەرێنی، ڕێبەرایەتییەکی ئەکتیڤ، شارەزاو، کراوەی هەیە. بەداخەوە، پاش شەهیدابوونی ڕێبەرانی ناڤدار و هەمیشە زیندووی کورد و PDKI، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، ئەم مەرج و پێوانەیە نەماوەو PDKI زیاتر خۆی لە (خەڵك) دوور خستووەو بازنەی ڕێبەرایەتیی بچووکتر بووە.

وەك ڕووبار (چەم)ێك ئاوی کانیو جووگەلەکان لێی جیا ببێتەوە بەرەو وشکبوون دەچێ. لەو کاتەوە تا ئێستا ڕێبەرایەتیی PDKI بۆتە مەیدانی ڕکەبەرایەتیی نیگاتیڤ، عەشیرەیی، ناوچەگەراییو نادێموکراتیك. بۆ وێنە لە کۆنگرەی ٨ تا ئەمڕۆ دوو جیابوونەوە دروست بوون و چەند کەسێکیش بەشێوەی سەربەخۆ لە ڕێبەرایەتی چوونەتە دەرێ.

ئەگەر کەسێك بە وردیو قووڵی بڕوانێتە ئەو سیناریۆیە، دەبینێ کە تەنیا ئەگەرێك کە PDKIی خستۆتە ئەو ڕۆژە، مەقامو پلەخوازییە، ئەویش تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە لەنێو ئەو بازنە بچووکەیەی ڕێبەرایەتیدان. لە حاڵێکدا کە هەموو ئەندامێکی PDKI شایانی مەقام و پلەی لێهاتووی خۆیەتی. بە مەرجێك کە ئەو پلەو مەقامە بە شێوەیەکی دێموکراتیك پێی درابێت. هەڵبەتە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە کە پۆست و بەرپرسایەتیو

پلە لەنێو PDKIدا، کەم بایەخ کردوە، ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی حیزبی بوونەتە قوربانیی بەرژەوەندییە تاکەکەسیو تاقمییەکان. بۆ ئەوەیکە ئەو رەوشە بگۆڕدرێت، پێشنیار دەکەم کە بەرپرسانی کۆمیتەکانی هەر وڵاتێك وەك نوێنەری رەسمیی PDKIو بە پلەی موشاویر (راوێژکار)ی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دیاری بکرێن کە وەك کەسایەتیی سیاسی بتوانن لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی وڵاتانی جۆراوجۆردا کۆ ببنەوە. بەم شێوەیە دەرگای داخراوی رێبەرایەتیی حیزب دەکرێتەوەو لاوانی وڵاتپارێزو شارەزاو بەهێز و تواناو وزەیەکی نوێوە دێنە مەیدان و بە زمانەکانی زیندووی جیهان دەکەونە نێو رێبەرایەتی. هەم PDKI دەبێتە خاوەن ئەندامی رێبەرایەتیی نوێو هەم ئەندامانی PDKI لە هەندەران بە دلگەرمی دەکەونە نێو خەباتێکی بێوچان و هەمیشە رێفۆرمەکانی نۆژەن و مۆدێرنکردنەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێ دەکرێن کە بێگومان ئەم کارە لە بەرژەوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردایەتی داویە.

لەگەڵ رێز و حورمەتی بێپایانم و ئاواتی سەرکەوتن بۆ ئێوە تێکۆشەران

**نەسرەدین سیلوانەیی**

**ئوستراليا ـ شاری Perth**

## Peyama Kemal Burkay

Hevalên Delal,

Hêvî û daxwaz dikim ku Kongira we ya 14'an bi serkevtin derbaz be, ji bo karên partiya we û ji bo azadiya gel û welat biryarên delal bistîne.

Ji hemû beşdarên Kongirê û hemû hevalên delal yê PDK Îranê ra silavên germ.

**Kemal Burkay**
**29 Hezîran a 2008**
**Stokholm**

***

## Peyama Arjen Arî

Rézdar Mustafa Hicrî Sekreterî Giştî Yé Partîya Demokrat a Kurdîstana Îrané

Endamén Payeberz Yén Réveberiya Navendî, Dostén Héja;

Di demeke néz de, bi coşeke mezin we 63yemîn salvegara damezrandina Partiya Demokrat a Îrané pîroz kir. Bi héviya dahtûyeke temen hezar sal, liserpémayîna ta ebed!

Weke kurdekî, ji payîtexté weleté perçebûyî ji Amedé, bi hestén herî nazenîn 14emîn Kongra Partiya Demokrat a Kurdistana İrané bi tevahî li Gelé Kurd, bi taybetî li Kurdén Kurdistana Îrané piroz dikim. Bi hévî û omîdewar im, ku ev Kongre bibe péngava bicîhkirina pergelake demokratîk li Îran û herweha cibicîkirina serxwebûn û azadiya Kurdistana Îrané…

Ez di tevger û kesayeta we ya tekoşer û bexwedér de peyrewiya xewna Qadî Muhammed dibînim.

Bi germtirîn silavén birayene re…

**Arjen Arî**
**Şair**
**Amed 01/09/2008/**

# Peyama Seroka Hînbûnê

Birêz Xosro Ebdullahî
Berpirsiyarê buroya peywendiyên navneteweyî
Yê Partiya Demokrat a Kurdistana Îranê
Xwîşk û birayên hêja!

Ez gelek şa û bextewer im ku yek ji partiyên me yên neteweyî û qedîm, Partiya Demokrat a Kurdistana Îranê, di van rojan da kongireya xwe ya çardemîn pêk tîne.

Sed heyf û mixabin ku ji tengbûna zeman û derfetan ez nikarim beşdarî kongireya we ya nirxbilind bibim.

Ez dê gelek dilxweş bim, ku hûn vê peyama min a nacîzane wek nîşaneya bi we ra parvekirina coş û heyecanê bipejirînin.

Bi van hestan kongireya we ya bilind û hemû beşdarên wê yên hêja ji dil û can silav dikim.

Rêzdaran,

Neteweya me bi giştî di nava pêvajoyeke zîz da ye. Nemaze di van salên dawî da di warê netewebûn û bihêzbûnê da serketinên girîng hatin bidestxistin.

Lê divê em ji bîr nekin ku ji çaran sêyên welatê me hîn di bin nîrên dewletên dagirker da dinale.

Xurtkirina hestên neteweyî û avakirina yekîtiyeke misoger, wek peywir ji her demê bêhtir li pêş me ye, ku Partiya Demokrat a Kurdistana Îranê, jiyeke dirêj terxan kiriye ji bo vê peywira giranbiha.

Mîna parçeyên din ên welatê me, Rojhilatê Kurdistanê jî di pêşengiya partiya we da gelek ewladên xwe şehîd daye ji bo vê rêya pîroz. Bîranînên Pêşewa Qazî Mihemed, pakrewan Dr. Ebdulrehman Qasimlo û Dr. Sadiq Şerefkendî, zindîtir in ji heman demê û ronahiyê didin rêya me ji bo gihîştina armancên mezin.

Ez serbilind im bi neteweya Kurd, hêviya min bihêztir e, ji hemû deman ku kongireya we dê bikare biryarên pêwîst

werbigire û hemû gelên me yên li rojhilatê welêt hilîne bin sîwana xwe û ji nû ve xwe ava bike, li ser xîmên xwe yên dîrokî.
Bi hestên ji dil, biserketinê dixwazim ji kongireya we ya hêja ra.
Digel rêz û silavan

**Aso Agace, Seroka Hînbûnê**
**Berlîn, 17.06.2008**

***

## Peyama Dr. Tosinê Reşîd

Kongreya XIV, ya Hizba Dêmokrata Kurdistanî Îran, Kongreya "Çareseriyê" bi dil û can pîroz dikim. Li Rojhilata Navîn guhastinên mezin pêk tên û raste-rasî tesîra xwe ser çarenûsa gelê Kurd. Di van şertan de pêvîstiya gel bêtir bi rêberiya Hizbî Dêmokratî Kurdistanî Îran heye, rêxistina ku bêtirî 60 salî pêşengiya gelê Rojhilata Kurdistanê kiriye.
Perçebûn gel bêhêvî dike. Hêvîdar im Kongra XIV, Kongra "Çareseriyê" bibe kongra yekîtiyê, kongra bihêzkirina cêrgên Hizbî Dêmokratî Kurdistanî Îran, kongra rênîş ji bo çareseriya pirsa Kurd. Bijî Hizbî Dêmokratî Kurdistanî Îran! Bijî Azadiya Gelê Kurd!

Dr. Tosinê Reşîd

# Peyama çend Lavên Devera Urmiyê

zor be rez u xodan qeder endamen reberayetiya pdki u lejneya bereve ber ya kongera 14e !
silav u hormet je vere em heviya serkevtene je boo ve u kongera14e dexazin
amade booyen berez!
kongera 14e ya pdki de haleke de te gerten ko rejima irane zedeter le heme jaran le ben zext u guvasha emrika u yeketiya evropa u be geshti
donyaya nav neteveyi daye be tavanen dest jere geheshten be cheken kom koj u ben pe kerena mafe merov u tepe ser kerena gelen azadi xwaz u … u le aliye den le nava velat ji be hevl u xabata gelen bendest yen irane u yek je van gele kord boo
jehgir kerena demokrasi u be dest ve inana mafen seretayi u insani toshi ters u dele ravke booye u grten u eadama lavan u xondkaran u mamostaya de isal de geheshte asteke heri zor , le gelen irane be tekrayi u gele kord be xasmani boo gehishten be azadiye be hevi neboone u eadam u bend kerena lavan u mamostayan u xebat kara ne kari gelen iran chav tersiyayi be ket,u gele kurd zede ter le gelen den de bereya deji rejime de vestiyaye u de ve reye de nerxeki heri boha anko qorbani kerena bashterin u xebatkar terin kesen xwe,
le nehe de ve qonagha nehe de xelke kordistane be avayeke lezgin chav le reya kongera 14 e ne u hevi daren ko ev kongereye bekare gorankariye berchav u hevce de bername u esasname u cora xebata pdki de cheket, em be korti parek le van teshten ko me baveri heye nehatine keren yan be qosori hatine keren:
1_diyar kerena shevazeke xebata no u karteker le deji rejima irane be berchav gertena egera deste verdan u heresha leshkeri ya emrika u velaten derve .

2_xebata teshkilata pdki zor levaze u tene be belav kerena terakt u cd yan xolase booye ev ji de rojen taybeti de,modern kerenu be roj kerena shevaza teblighate , xelke be tekrayi laven xondkar nekaren rojname u govar u … pdki be binen u bexonen tene be reya internete nebe ko ev ji zaf keshen ve hene u pareke kem le xelke dest perageheshten be internete heye.
3_hozora peshmerge de nava xelke kordistane teshtki peviste ko heta nehe boshatiyek zaf chekeriye u be goman henek partiyen den dexazen ve booshatiye be heboona xwe de nava kordistane de teji ken, hatena kader u peshmergen je hati boo nav axa kordistane de kare hem ve boshatiye teji beket u hem teshkilata nav xoo be hez beket u ger u tenek zedeter bed eve teshkilate u laven shoreshger.
4_sansora xeberi ko de nav ragehandena pdki de heye le hember partiyen den behe rakeren yan kem reng keren,boo nemone shehid boona 3 peshmergen pdk_i le 23e gelaveja isal ko peshter de nav refen pdki de boon le che ragehandenen pdki de nehat bas keren u zor be tefavet jee r der baz boon.
5_gertene pasha siyaseteke nerm u osoli le hember ev berayen le pdki joda booy vek: ve hevl dan boo zaverendena dobareya van boo nav partiya pdki deu eger her chenebe peyda kerena mekanizmeke boo tehemol kerena hev do u pekeve shol keren de bereyeke de.
6_pdki nekariye heta nehe veko hevce heye de nav xelke dervey velat veko evropa u ciyen den nefoze be ket u le heboona van estefade be ket ,
be hez kerena defteren nonerayetiya pdki le derveyi velat ko be Karen peyvendiyen xwe tevi xelke kord le derveyi velat zedeter u bashter beket ko bekaren le heboona xelke boo chekerena hereketen mezen veki re pivan u…

7_cheboona bereyeke partiyen kord le rojhelata kordistane de de qonagha nehe de  hevceyiyek heri mezene,hevl dan boo che kerena bereyeki kordi be cedi.
Ser keve tevgera gele kurd boo be dest ve inana mafen revayen xwe .
Ser kevti be kongera 14e.

**Chend laven devera urmiye.**

# پەیامی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان

# بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

# پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

هاوڕێیان‌و هاوخەباتانی خۆشەویست!

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، بەبۆنەی بەستنی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ گەرمترین سڵاوەکاندا، پیرۆزباییتان پێ دەڵێ.

چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قۆناخێکی زەمانیدا بەڕێوە دەچێت کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران لەگەڵ توندترین سەرکوتەکاندا بەرەوڕوون. لاوانی ئێمە زۆرتر لە جاران دەکەونە بەر هێرش‌و لە بەندیخانە ترسهێنەرە ئیسلامییەکاندا، پاش زیندانی تاکەکەسیی درێژماوە دەدرێنە بێدادگا رواڵەتییەکان‌و ئەشکەنجەو ئێعدام دەکرێن. لەو حاڵەشدا هەموو خەڵك‌و نەتەوە ئێتنیکی‌و فەرهەنگییەکانی دانیشتووی ئێران، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بەرەو یەکسانیخوازی‌و ئازادیخوازیی قووڵ، سەربەخۆو مۆدێرن هەنگاو دەنێن.

چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە حاڵێکدا بەڕێوە دەچێت کە هاوشان لەگەل نەتەوەکانی ئێراندا، ژنان، کرێکاران، لاوان، خوێندکاران‌و کەمایەتییە ئایینی، فەرهەنگی‌و زمانییەکانیش بۆ بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکانی خۆیان زیاتر لە جاران پێیان ناوەتە گۆڕەپانی خەباتەوە. بەڵێ، دەسەڵاتی دژەمرۆیی مەلاکان‌و هاوبەشەکانیان زیاتر لە جاران کەوتۆتە نێو گەمارۆی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی‌و مافخوازان، بەڵام بەو حاڵەشەوە، هێندێك راستی نەویستی نێو ئۆپۆزیسیۆن، بە بێ لەبەرچاوگرتنی راستییەکان بە داتاشینی شوناسێکی ناڕاست‌و داماڵراو لە خەڵکی ئێران، جارجار بۆ سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران، لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەبنە هاودەنگ‌و ئەمە لە حاڵێکدایە کە سیاسەتە ئابوورییەکانی رێژیم، خەڵکی ئێران‌و بەتایبەت نەتەوە ستەملێکراوەکانی گیرۆدەی هەژاری‌و رۆژرەشییەکی تاقەت پڕووکێن کردوە. سیاسەتی دەرەکیی دووڕووانەو بناژۆخوازانەی رێژیم، لە پاڵ زێدەخوازییە ناوکییەکەیدا، ئێران بەرەو ئاقاری مەترسیی بەرەنگاربوونەوەیەکی سەربازیی کاولکەر دەباتو بەو هۆیەوە، یەکگرتوویی هەموو هێزە پێشکەوتوو، ئازادیخواز،

مرۆڤتەوەرو مافخوازەكان بۆ رزگاریی نیشتمان لە هەڵوەشانەوەیەكی مێژوویی، زیاتر لە جاران بۆتە پێویستییەكی بەپەلە.

چواردەهەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، لە حاڵێكدا بەرێوە دەچێت كە حیزبو رێكخراوو پێكهاتە سیاسیو فەرهەنگییە ناوچەییەكانی سەر بە نەتەوەكانی ئێران، یەكتریان دۆزیوەتەوەو دەست لە نێو دەستی یەكتر، لە كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵدا، بۆ رزگاریی سەرانسەریی ئێران لە دەست سەرەڕۆیی، نایەكسانی، ستەم، نایەكسانیی یاساییو فەرهەنگی بوونەتە هاودەنگو هاوهەنگاوو هاوخەبات.

بێگومان حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، حیزبی قاسملووەكانو شەرەفكەندییەكان، كە یەكێك لە گەشەسەندووترینو كۆنترین حیزبەكان لە ریزی پێشەوەی خەباتی نەتەوەكانی ئێراندایە، هەروەك رابردوو، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەكانی خەباتی هەنووكەیی خەڵكانی ئێران، سەربەرزانە لە كۆنگرەكەی خۆی دێتە دەرەوەو داخوازییەكانی نەتەوەی خۆی دیسانیش روونتر دەخاتە بەرچاو.

**هاوسەنگەران!**

ئێمە هیواداریـن هەموو ئەو شتانەی لە چواردەهەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا پەسند دەكرێن، وەك بڕیارەكانی كۆنگرەكانی دیكەی حیزب، رچەشكێنی رێڕەوێك بێت كە هەموومان لە پێورانیدا هاوبەشین، تاكوو بەوپەڕی هێزەوە لە رێگا پیرۆزەكەمان كە ئازادیی خەڵكی ئێران بۆ ئێرانێكی ئازاد، ئاوەدانو گەشاوەیە، نێزیكتر ببینەوە.

**هاوسەنگەرانی خۆشەویست!**

باش دەزانین یەكگرتوویی ئێمە لە دژی سەرەڕۆیی سیاسی، ئەمنیەتیو فەرهەنگیی رێژیمی تاوانباری ئاخوندیی ئێران كە لە كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵدا خۆی دەنوێنێ، فاكتەرێكی بەهێزو جێگرەوەیەكی تۆكمە لە بەرانبەر ئەو رێژیمەدایەو ئەمڕۆ زۆربەی چالاكانو هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆو دەرەوەدا دان بە گرنگیو رۆڵو جێگەی شوێندانەری لە داهاتووی ئێراندا دەنێن. ئەوە بەهۆی هیممەتی ئێمەو سیاسەتە دروستەكانی

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بووە کە ئەوانیش روانگەو بۆچوونێکی وەهایان لەم هاوبەندییە مەزنە بۆ دروست بووە.

ئێمە هیوادارین چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گرنگییەکی تایبەتی بەم یەکگرتوویییە مێژووییە بدات تاکوو رێگەی هاوکاریی هەرچی زیاتری ئێمە رووناکترو ئاشکراتر بێت.

هاوخەباتانو هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە کۆتاییدا جارێکیتر پێکهاتنی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی قاسملووەکانو شەرەفکەندییەکان بە هەموو بەشدارانی کۆنگرەکە، هەموو ئەندامانو رێبەرایەتیی ئەو حیزبەو بەتایبەت خەڵکی چاونەترسی کوردستان، پیرۆزبایی دەڵێینو لە ناخی دڵەوە سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ**

**بریتانیا، لەندەن**

**١٠ی جوولای ٢٠٠٨**

# پەیامی لیژنەی سیاسی ـ بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران ( زۆرینە )

هاوڕێیانی خۆشەویست!

بەڕێوەچوونی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزب بە ئێوە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی دەڵێینو لە ناخی دڵەوە، سەرکەوتنتان لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی کە لە پێناو پەرەپێدانی دێموکراسیی نێوڕێکخراوەیی، نۆژەنکردنەوەی تیۆریکو ڕێکوپێککردنی بەرنامەی سیاسیی حیزب بە ئەستۆتان گرتووە، بۆ بەئاوات دەخوازین. ئێمە هیوادارین کۆنگرەی چواردەهەم لە پێناو بردنەسەرەوەی تواناو لێهاتوویی هەرچی زیاتری حیزب، بردنە سەرەوەی ڕێزی لە نێو خەڵکداو چالاکترکردنی ڕۆڵی حیزب لە هێنانە مەیدانو ڕێکخستنی هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکانی وڵاتەکەمان هەڵوێستی ڕچەشکێن بگرێتو بەش بە حاڵی خۆی بە دووربینیو بەرچاوکردنی هەلومەرجی گشتیی وڵات، بە کردەوەی شیاو، ڕێگای هاوکاری، هاوبەندیو یەکیەتیی کاری سیاسیی هاوبەش لەگەڵ ئەو هێزانەی کە بۆ دابینکردنی ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵك، یەکسانیی یاسایی نەتەوەکانی نیشتەجێی وڵاتو دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێراندا خەبات دەکەن، هەموارتر بکات.

دۆستانی خۆشەویست!

لە وڵاتی ئێمەدا بۆ هاوکاریی حیزبو ڕێکخراوەکان، یەکیەتیی کارو چێکردنی ئاڵترناتیڤی دێموکراتیکو سێکۆلار، تواناو بواری شیاو هەیە. زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە دێموکراتو چەپەکان کە خاوەن پێشینەو هێزی کۆمەڵایەتین بۆ بەدیهێنانی ئامانجو بەرنامەی سیاسیو کۆمەڵایەتی خەبات دەکەن. بەڵام لەم نێوانەدا جێگای هێزێکی یەکخەر، هێزێك کە کۆتایی بە پەرتەوازەییو پەرتەوازەکارییەکانی ئێمە بداتو دوورەدیمەنێکی گەشو هیوابەخش بخاتە پێش چاوی خەباتی بەردەوامی خەڵك لە سەرانسەری ئێراندا، بەتاڵە. درێژەدانی ئەم دۆخەو بۆشایی ڕێبەری بەدەر لەوەی کە بەدیهاتنی کام داخوازیی دێموکراتیك لە سەرووی بەرنامەکانی هەرکام لە ئێمەدا بێت، لە بەرژەوەندیی ڕێژیمو بە زیانی هەموو حیزبو

ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانو بزاڤی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێراندایە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە کۆی گشتیی هێزە کۆماریخواز، دێموکراتو سێکۆلارەکانی ئێران هێزو توانای ئەوەیان تێدایە کە ئاڵترناتیڤێکی وا پێک بێننو بەرەوپێشچوونی وڵات بە ئاراستەی بەدەستهێنانو دابینکردنی یەکسانیی یاسایی نەتەوەکان، دێموکراسیو کۆمارییەت مسۆگەر بکەن.

**هاوخەباتانی خۆشەویست!**

کۆی بارودۆخی سیاسیو ئابووریی وڵات پێویستیی تێکۆشانی هاوبەشی بۆ چێکردنی ئاڵترناتیڤی دێموکراتیکی دەسەڵات، دووقات کردووە. لە هەلومەرجی هەنووکەییدا ئەگەرچی ڕێژیم بە پتەوکردنی سەرکوتو پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی لە سەرانسەری وڵاتدا توانیویەتی تا رادەیەك پێش بە بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتییە گشتییەکان بگرێت، بەڵام سەرەڕای بەکاربردنی توندترین گوشارەکان نەیتوانیوە دەنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کپ بکاتەوە. بزووتنەوەی خوێندکاران، ژنانو کرێکاران هێشتا هەر زیندووو چالاکەو خەباتی ئەوان بە شێوازگەلی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. لە ناوچە نەتەوەییەکاندا کە یەکێکە لە گرنگترین ناوەندەکانی مشتومڕی خەڵك لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، حیزبەکان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانو چالاکانی مافی نەتەوایەتی بوێرانە لە داخوازەکانی خەڵکی ئەم ناوچانە بەرگری دەکەن. بە کورتی، ئێران لە نێوخۆدا لەجۆشو کوڵدایەو بە زیادبوونی هەڵاوسانو پەرەگرتنی خێرایی هەژاریو بێکاری لە کۆمەڵگادا هەلومەرجێك پێك هاتووە کە شیمانەی سەرهەڵدانی شۆڕشگەلی لەناکاو لە سەر بنەمای ناڕەزایەتیی گشتی لە زیادبووندایە. لە بەستێنی ئەم هەلومەرجەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توێژو گرووپەکان زیاتر بەو ئاکامە دەگەن کە کۆماری ئیسلامی داهاتوویەکی نیە، بەڵام لە هەمان حاڵدا بۆ تێپەڕین لە ڕێژیم، ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیك نابینن کە دوورەدیمەنێکی روونیان بۆ بخاتە بەرچاو. دووپاتبوونەوەی ئەزموونی عێراقو ئەفغانستان بۆ خەڵکی ئێران نەك هەر هیوابەخش نیە بەڵکوو نیگەرانی لە مەڕ ئەو شتەی کە بە ناوی دێموکراسی لەو وڵاتەدا ڕوویداوە، بۆتە فاکتەرێکی بەربەست بۆ لێڕوانینی خەڵك.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

پێداگریی ئێمە لە سەر پێویستیی چێکردنی ئاڵترناتیڤ، هەم بە هۆی سەرنجدان بە هەلومەرجی بەرچاوی خەباتی خەڵکو ئاستی پێشکەوتنی بزووتنەوەو هەم رۆڵو گرینگیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئێمەدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یەکێك لە حیزبە خاوەن پێشینەکانی وڵات لە یەکێك لە ناوچە نەتەوەییە گرینگەکانی ئێران لە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان داکۆکی دەکاتو بە درووستی لە سەر چارەسەری دێموکراتیكو یەکسانیخوازانەی پرسی نەتەوایەتی لە ئێرانی یەکگرتوودا پێداگری دەکات. بەم هۆیشەوە کۆنگرەی ئێوە هەر بڕیارێك لە سەر داهاتووی حیزب بدات، کارتێکەریی دەبێت لە سەر بزووتنەوەی دێموکراتیکی خەڵکی ئێمە.

ئاشکرایە کە لە ئێراندا هیچ ئاڵوگۆڕێکی دێموکراتیك ناتوانێ رووبدات بە بێ ئەوەی کە ویستی دێموکراتیكو رەوای خەڵکی کوردستانو نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی وڵات دابین بکات. ئەمڕۆ پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا کەتوارێکە کە هەر هێزێك بیهەوێ نکۆڵی لێ بکاتو پێویستیی چارەسەری دێموکراتیکی لە بەرچاو نەگرێت، ئاکامێکی بێجگە لە تەریککەوتنەوەی لە کۆمەڵگادا نابێت. ئێمە پێکەوە بەستراویو بەهێزکردنی متمانەی نێوان خەڵكو مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی وڵات لە دانپێدانان بەم راستییەو بەدەستهاتنو دابینکردنی یەکسانیی یاسایی نەتەوەکانو پەرەپێدانی هەرچی زیاترو قووڵتری دێموکراسیو ئازادیدا دەبینین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکیتر، وێڕای دەربڕینی ئاواتی خۆمان بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەی ئێوەو راگەیاندنی گەرمترین سڵاوو پیرۆزباییمان، هیوادارین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بتوانێت لە ژێر تیشکی ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملووی نەمردا دەسکەوتگەلی زیاترو بەنرختر بەدەست بێنێت.

وێڕای سڵاوی هاوڕێیانە

**لیژنەی سیاسی - بەڕێوەبەریی رێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (زۆرینە)**

**چوارشەممە ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٧٨ - ١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی حیزبی خەڵکی بەلووچستان

دۆستانو هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

شێلگیریو لەخۆبردوویی کادرەکان، ئەندامان، پشتیوانانو سەرجەم پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی خەباتی ٦٣ ساڵەی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی کورد نە تەنیا وێردی سەر زمانی دۆستو دوژمن بووە، بەڵکوو وەك کۆڵەکەو هێمای خۆڕاگریو خەباتی دێموکراتیکی نەتەوەیی بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێرانیش بووە کە خۆی دەسکەوتێکی شیاوی ستایشو ڕێزلێنانە.

دۆستانو هاوڕێیان، لەم قۆناخە هەستیارەدا لە سەردەمی مێژووییمان کە هاوپێوەندیو یەکپارچەیی حیزبو ڕێکخراوەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بە کەمایەتیو گرینگی تایبەتی هەیە، بە دڵنیایی‌یەوە بوونی پرسگەلێکی گرینگ بۆتە هۆی پێکهاتنی ناکۆکی لە حیزبی دێموکراتدا کە پێویستی بە هێنانەئارای گەلاڵەیەکی نوێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە کە ئەویش بە هەبوونی فیداکارگەلێکی مۆعجزە خولقێنی وەك ئێوە چارەسەر دەکرێ.

بەم هۆیەوە هیوادارین کە لەم کۆنگرەیەدا بتوانن بە تێگەیشتوویيو وردبینی ئاستەنگو کەموکوڕییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەلا بنێنو ڕێکارگەلێك بهێننە ئاراوە کە نەتەنیا ببنە هۆی نزیکیو هاوپێوەندیی هەرچی زیاتری دوو تیکەی جەستەی حیزبی قازی محەممەد، قاسملوو، شەرەفکەندیو هەزاران پێشمەرگەی ناوونی ڕێگای ئازادیی خەڵکی کوردو کوردستان، بەڵکوو ڕێگە بۆ یەکیەتیی بە کردەوەو نزیکیی هەرچی زیاتر لە نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دیکەدا بکاتەوەو هێمایەك بۆ ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی بەندکراو لە ڕێگەی خەبات بۆ دێموکراسیو لابردنی ستەمی نەتەوەیی لە ئێراندا بێ.

یەكگرتوویی‌و هاوپێوەندیی دووبارەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەو رادەیە دۆستانی خەڵكی كوردستان شاد دەكات كە دوو تیكەبوونی دوژمنانی نەتەوەی كوردی شاد كرد.

لە ناخی دڵەوە هیوای سەركەوتن بۆ پێكهێنانی چواردەهەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران‌و دەستڕاگەیشتن بە رێكارەی كردەكییەكان دەخوازین.

**حیزبی خەڵكی بەلووچستان**

**٢٠٠٨/٧/١**

# پەیامی کۆمیتەی هاوئاهەنگیی شوورای کاتیی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران

دۆستانی بەڕێز!

پێکهاتنی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزب، لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی دەڵێین و بۆ ئێوە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزب و بڕیاردان لە ڕێڕەوی ئەو ئەرکە گرینگانەی کە لە بەردەمتاندایە هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر دەخوازین.

دۆستانی بەڕێز!

کۆنگرەی ئێوە لە رەوشی ئاڵۆزی رۆژانە پەرەگرتووی بارودۆخی ئێران و شەڕو قەیران و کێشەو بەرەی مەترسیدار لە ناوچەدا بەڕێوە دەچێ. لە ئێراندا، گوشارە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، هەڵاواردن و زۆرداری لە شێوازی جۆراوجۆردا، هەڵاوسان، بێکاری، هەڵاتنی مێشکەکان و سەرمایەکان، هەڕاجی سەرچاوە و سامانە نەتەوەییەکان، گەندەڵی و بەرتیلخۆری هەر رۆژە و رەهەندێکی بەرینتر بە خۆیانەوە دەگرن و وەڵامی دەسەڵاتدارانی نیزامی ویلایەتی فەقیە بە داخوازییەکانی خەڵك، بە پشێوییەکان و دژەبایەخەکانی ئێستا، پەرەدان بە سەرکوت و توندوتیژی و قەیرانخولقێنی نێوخۆیی و دەرەکییە.

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، گرەکانی ئاگرێك کە پێنج ساڵ لەمەوبەر بە هۆی لەشکرکێشیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هەڵایسا، هەروا بڵێسەیان دێ و شەڕو کوشتوبڕو ئاڵۆزی و ناسەقامگیریی تەواوی ناوچەی گرتۆتەوە.

لە وەها رەوشێکی ئاڵۆزو دژواردا، درێژەدان بە خەبات زیاتر لە پێش پێویستی بە وشیاری، تێگەیشتوویی، دووربینی و رووناکبینییە و هەر حیزب و رێکخراوێکی سەربەخۆ و ئازادیخواز دەبێ سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی بە لەبەرچاوگرتنی ئەم رەوشە و بە سەرنجدان بە رووداوەکانی ساڵەکانی ئەم دواییانە و ئێستا و ئەزموونە بەنرخەکانیان و بە جووڵان لە دادەکان و راستییەکانی هەنووکە دابڕێژێ.

بردنەپێشی سەرکەوتووانەی خەبات لە هەمان کاتدا پێویستیی بەوە هەیە کە ڕیزە نێوخۆیی‌یەکانی خۆمان هەرچی زیاتر یەکگرتوو بکەین. پاراستنی یەکیەتیی نێوخۆیی، پاراستنی یەکگرتوویی حیزبیو پێشگرتن لە جیابوونەوە، پێویستیی نەرمی نواندنو تێگەیشتنو رەچاوکردنی بنەما دێموکراتیکەکانی بەشدارکردنی هەمووان لە چوونە پێشەوە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانە.

سەرەڕای ئەوە، رەوشی هەنووکە ئەوە دەخوازێ کە لە هێزە پەرشو بڵاوەکانی ئێستای کۆماریخوازەکان یەکیەتییەکی بەهێز بۆ بەربەرەکانێی کاریگەر لەگەڵ نیزامی دواکەوتوو ـ مەزهەبیی ویلایەتی فەقیهدا پێك بێت. یەکیەتییەك کە بتوانێ وەك ئامرازێکی بەکەڵك لە بردنە پێشو سەرکەوتنی خەباتدا کار بکات. پێویستی یەکیەتیی هێزەکان لە راستیدا ئاکامی لۆژیکیی پێویستە ئاشکراکانی خەباتو بارودۆخێکە کە تێیداین.

خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی، کۆتاییهێنان بە دواکەوتوویی، هەژاری، گەندەڵیو هەڵاواردنو زەبروزەنگێ لە رێگەی ئەوە پێك هاتوو، پێویستی بە رێکخستنی خەباتی هاوبەش، یەکیەتیی هێزەکانو هاندانی خۆڕاگریی گشتی دژی ئەم نیزامەو دەستدرێژییەکانی بۆ سەر مافو ئازادییەکانی خەڵکە. ئەم یەکیەتییە لە لایەکەوە لەسەر پێك گەیشتنو نەرمی نیشاندانو لە لایەکی دیکەوە لە سەر بنەمای ئوسووڵیو روون دابرێژرێو بەرنامەکەی زایەڵەی پێداویستییەکانو ئەو پرسانە بێت کە بزاڤی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران هەنووکە لەگەڵیدا بەرەوڕووە.

ئەم یەکیەتییە دەبێ هەم لەگەڵ نیزامە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتمەندیی دژە دێموکراتیكو کۆنەخوازانەی لە چەشنی کۆماری ئیسلامیو پاشایەتی سنووربەندیی هەبێو هەم دوورەدیمەنێکی روون لە نیزامی جێگرەوە واتە کۆماری دێموکراتیکی داهاتوو لە بەرامبەر خەڵکدا بکاتەوە.

بە بڕوای ئێمە کۆماری فیدراڵو دێموکراتیك ئەو دوورەدیمەنو جێگرەوەیەیە کە دەتوانێ وەڵامدەری پێویستییەکانی دێموکراسی لە ئێراندا بێ. کۆماری فێدراڵ دەبێ بە شێوەیەك بێ کە بتوانێ بەرابەریی مافەکانی گشت هاووڵاتییان، نەتەوەکانو ئێتنیکە ئێرانییەکان دابین

بکاتو پێکەوەژیانی لەمێژینەو پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان تەواوی خەڵكو نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران پتەو بکات. ئەم نیزامە فێدراڵییە دەبێ لە سەر پێکهاتەیەك دابمەزرێ کە هەم لە لایەك ئیمکانی بەرابەریی مافەکانو بەشداریی تەواوی خەڵك لە سەرجەم ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی‌و یاساداناندا لە کاروباری ناوچەییدا دەستەبەر بکاتو هەم لە لایەکی دیکەوە گەشەسەندنی ڕێكوپێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی لە سەرانسەری وڵاتدا دابین بکات.

دۆستانی بەڕێز!

هاوتەریب لەگەڵ هەوڵی ماندوونەناسانە بۆ دابینکردنی مافە مرۆڤی، نەتەوەیی‌و فەرهەنگییەکانی هاووڵاتییانی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵگەلێکی درێژدا لە ڕێگەی دامەزرانی ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیکدا خەباتی کردووەو لەم ڕێگەی هەوڵو خەباتەدا نرخگەلی زۆری داوە. هەوڵو خەباتێك کە لە ساڵەکانی ئەم دواییانەدا لەگەڵ خەساری گەورەی لە دەستدانی ڕێبەرانی وەك قاسملوو و شەرەفکەندی بەرەوڕوو بووە. هەوڵو خەباتێك کە بێدوودڵی لە ڕەوشی هەستیاری ئێستاشدا بێ لەرزۆکبوون درێژەی دەبێ. گەیشتن بە ئازادی‌و مافی شارۆمەندی‌و دابینکردنی مافە نەتەوەیی‌و فەرهەنگییە تایبەتییەکانی ئیتنیكو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، تاکە ئامانجی هاوبەشە کە لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا لە ڕێگەی خەباتی هاوبەشی تەواوی ئازادیخوازانی کۆماریخواز بۆ گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێراندا دەتوانێ بە ئاکام بگات. پرشو بڵاویی‌و جیایی هێزەکان لە خەبات بۆ دامەزرانی ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیك نە بە قازانجی دابینکردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانو نە لە ڕێڕەوی یارمەتیدان بە جێگیربوونی ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێراندایە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە پێویستە سەرجەم هێزە ئازادیخوازە نیشتمانپەروەرەکان لە بەرانبەر هەوڵو بەرنامەکانی هێزە هێژموونخوازە دەرەکییەکانو هێزە ڕەوش ناسراوە نێوخۆیی‌یەکان بۆ پەرەدان بە ناکۆکییە ئیتنیکی، نەتەوەیی‌و مەزهەبییەکان بە وشیاری‌و هەستیارییەوە بەربەرەکانێ بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رابردوودا ئەم هەستیارییەی نیشان داوەو لە خەباتی دوورو درێژدا دژی ئیمپریالیزم، سەرەڕۆیی‌و دواکەوتوویی زاڵ بەسەر ئێراندا بە ئاگاداربوون لە تێکەڵیی قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی گشت خەڵك، دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"ی هێناوەتە ئاراوە. ئەمڕۆش چاوەڕوانین‌و دڵنیاین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەفادارییی بەم نەریتانەو وەفاداری بە ئارمانەکانی قاسملووو پێداگری لەسەر ئەوە کە چارەنووسی ئێران بە دەستی خەڵکی ئێرانەو لە رێگەی خەباتی هاوبەشیان بۆ گەیشتن بە ئازادی، سەربەخۆیی‌و یەکپارچەیی وڵات دیاری دەکرێ، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە بۆتان لە بەڕێوەبردنی ئەرکە گرینگەکانی بەردەمتاندا، سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بە ئاوات دەخوازین‌و ئاواتە خوازین کۆنگرە بە لێکدانەوەی رێئالیستانەی رەوشی ئێران‌و ناوچەو بەگرتنەبەری سیاسەتگەلی پێویست‌و داڕشتنی رێنوێنیگەلی سیاسی‌و رێکخراوەیی، هەنگاوگەلی گەورەو کاریگەر لە رێڕەوی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا هەڵ بگرێت.

**کۆمیتەی هاوئاهەنگیی شوورای کاتیی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران**

**٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٧**

# پەیامی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران

دۆستانی بەڕێز!

پیرۆزبایی پێکهاتنی کۆنگرەی چواردەهەم لە تەواوی ئێوە، ئەندامان، کادرەکان‌و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین‌و لە ناخی دڵەوە سەرکەوتنی کۆنگرە بە ئاوات دەخوازین.

دۆستانی خۆشەویست!

کۆنگرەی ئێوە لە رەوشێکدا بەڕێوەدەچێ کە وڵاتەکەمان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لەگەڵ قەیرانە نێوخۆیی‌و دەرەکییەکاندا بەرەوڕووییە. رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ‌دەیە حکوومەتی سەرەڕۆیانەیدا هەمیشە هەوڵی داوە بە پەرەدان بە قەیران لە سیاسەتی دەرەوەیدا، تێغی سەرکوتی خۆی تیژتر بکات، بەڵام بە تایبەتی لەم چەند ساڵەدا بە پەرەگرتنی قەیران لە سەر پرۆژەی ناوکی، وڵاتی ئێمە زیاتر لە پێش تەریك کەوتۆتەوەو لە بەرانبەر گەمارۆ ئابوورییەکان‌و تەنانەت مەترسیی هێرشی نیزامیدایە. دەزانین کە کێشەو بەرە لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا هەمیشە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەڵکی نێوخۆیی لێ‌وەرگیراوە. لە ماوەی ساڵانی ئەم دواییانەدا هاوتەریب لەگەڵ پەرەگرتنی قەیران لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی‌دا گوشاری حکومەت بۆ سەر خەڵك زیاتر بووە. سەرکوتی خەباتی خەڵك بە گشتی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران‌و چالاکانی بزاڤە نەتەوەیی‌یەکان رەهەندێکی بەرینتری گرتووە. ئێعدامە سیاسییەکان جارێکی دیکە پەرەیان سەندووە. دەستبەسەرکردنەکان، ئەشکەنجەو دادگایی کردنەکانی پشتی درگا داخراوەکان زیاتر بوون. رۆژێك نیە هەواڵی دەستبەسەرکردن‌و دادگایی‌کردنی خەباتگێرانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان‌و چالاکانی ئۆرگانە مەدەنییەکان بڵاو نەبێتەوە. داکۆکیکارانی مافی بەرابەر بۆ ژنان، چالاکانی سەندیکایی‌و پارێزەرانی مافە کرێکارییەکان‌و یان خوێندکاران، مامۆستایان‌و ئوستادەکان زەبریان لێ‌نەدرێ، ئەمڕۆ ئیتر لە کۆمەڵگای ئێمەدا سڕینەوەی مافە سەرەتایی‌یەکانی گشت خەڵکی ئێران بۆتە کارێکی رۆژانە.

ئێستا هەموومان لەگەڵ ئەو پرسیارەدا بەرەورووین کە بۆ سەرەڕای ئەو هەمووە خەباتە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی نزیکەی سێدەیە بە سەر چارەنووسی خەڵکی ئێراندا زاڵ بێ؟ رێگای کۆتاییپێهێنانی ئەوە، کامەیە؟ ئێمە هەمیشە پێداگریمان کردووە کە کۆماری ئیسلامی لەمپەری سەرەکیی جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندایە. لابردنی ئەم کۆسپە بێ خەباتی یەکگرتووانەی تەواوی هێزە ئازادیخوازەکان شیاوی وێنا کردن نیە. بە یەکگرتوویی لە بەرەیەکی بەرین لە هێزو رەوتەکانی چەپو دێموکراتی کۆماریخوازە کە دابینکردنی داخوازییە رەواکانی کرێکارانو زەحمەتکێشان، دەستبەرکردنی مافە دێموکراتیکو بەرابەرەکانی نەتەوەکانی ئێران، بەرابەریی ژنانو پیاوانو جێگیربوونی ئازادییە سیاسییەکان دەتوانێ لە ئێراندا جێگیر بێ.

هاوخەباتانی بەڕێز!

ئێمە شانازیی بەوەوە دەکەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێك لە یەکەمین رەوتەکان بووە کە پێی لەسەر پێوەندیی خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەباتی سەرانسەریی ئێراندا داگرتووە ئەوە لە سەردەمی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا، لە درووشمی دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستاندا رەنگ دەداتەوە. بۆ ئێمە جێگای هیوایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێراندا، یەکێك لە بەهێزترین هێزە ئازادیخوازەکان بووە. حیزبی ئێوە، ئەم هاوپەیمانییە لەمێژینەیەی ئێمە، نەتەنیا لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی داخوازییە مێژووییەکانی خەڵکی کوردستان دەورێکی بەرچاوو مێژووی گێڕاوە، بەڵکوو مەرجی سەقامگیرکردنی دەستکەوتەکانی خەباتی خەڵك لە کوردستاندا بە جێگیربوونی دێموکراسی لە ئێراندا، زانیوە.

رێکخراوی ئێمە کە داکۆکیکاری دێموکراسیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێراندایە لە حیزبی ئێوەدا لە مێژەیە هاوپەیمانێکی دۆزیوەتەوە کە روونکردنەوەی چارەنووسی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بە مافی بێئەملاو ئەولای خەڵکی ئێران زانیوە.

هاوپەیمانێك لەسەر ئەوە پێی داگرتووە کە دێموکراسی لە ئێراندا نەتەنیا لە رێگەی دەستێوەردانەکانی زلهێزەکانەوە، تەنیا بە ئیرادەو هەڵوێستی خەڵکی هەموو نەتەوەکانو

سەرجەم خەڵکی ئێران جێگیر دەبێ. هاوپەیمانێك کە بێهیچ چەشنە بەرچاوتەنگییەك لە هەوڵدا بووە کە هێزی شکڵدان بە یەکیەتییە بەرینەکان لە رێگەی گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێراندابێ.

دۆستانی بەڕێز!

ئێمە پێشتریش رامانگەیاندووە کە رێکخراوی ئێمە وەك دۆستو هاوڕێو هاوسەونگەری حیزبی ئێوە، لەوەی کە درز کەوتۆتە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە قووڵی بە داخە. هەنووکە لە هەر هەوڵێك بۆ یەکپارچەییو یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی ئێوە پێشوازی دەکات، خۆشمان ئامادەین لەم چەشنە هەوڵانەدا هاوڕێو یار لەپاڵ ئێوەدا بین. ئێمە بە باشی دەزانین کە کلیلی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە دەستی خۆتاندایە. هەوڵی ئێمە دەتوانێ تەنیا لە خزمەت یارمەتیدانی بەدەستهێنانی داخوازیی دۆستەکانمان لە هەردوو لایەندابێ نە زیاتر. پێشنیاری ئێمە وەك دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی ئێوە ئەوەیە کە سەرەڕای گشت ناکۆکییەکان، جیایی لە تەشکیلاتدا نابێ شوێن لەسەر درێژەی ئەو رێگا هاوبەشەی کە هەموومانو لەوانە بەشی دیکەی بەدەنی بنەماڵەی گەورەی حیزبی ئێوە بەڕێوەی دەبا، دابنێ. ئاواتی ئێمە ئەوەیە کە حیزبی ئێوە بەسەر پرشو بڵاویی لە ریزەکانی خۆیدا زاڵ بێو لە چوارچێوەی حیزبێکی بەهێزو یەکگرتوودا دەربکەوێ. هیوادارین کۆنگرەی ئێوە بە رووکراوەییەوە رێوشوێنێك بگرێتە پێش کە جیایی لە ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئاستەنگی سەر رێگای هاوکاریو هاوڕێی ئەوان لە خەبات بۆ ئارمانی هاوبەشو مێژوویی حیزب نەبێ.

دۆستانی بەڕێز!

ئێمە چاوەڕوانین کە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ئێوە رێگە نەتەنیا بۆ یەکیەتی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵکوو سەرتر لەوە، بە پێداگریی زیاتر لەسەر هەڵوێستە سەربەخۆ، ئازادیخوازانەو خەباتگێڕانەکانی تا ئێستای خۆتان، بۆ یەکیەتیی بەرینی هێزەکانو لایەنە ئازادیخوازەکان لە بار بکات.

ئەگەر تا دوێنێ یەکیەتی بۆ دێموکراسی پێویستیی کۆمەڵگای ئێمە بوو، ئەمڕۆکە ئیمکانی دەستێوەردانی نیزامی پەرەی گرتووەو ئاڵترناتیڤ سازیی لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە کاری بۆ دەکرێ، بۆتە کارێکی حەیاتی. ئێمە بۆ لەبارکردنی ئەم ڕێگەیە هیوامان بە کۆنگرەی ئێوە هەیە.

جارێکی دیکە بۆ ئێوەو هاوسەنگەرانی بەڕێزو کۆنگرەکەتان ئاواتی سەرکەوتن دەخوازین.

**کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران**

**مانگی پووشپەڕی ١٣٨٧**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتیكی ئەلئەهواز

هاوڕێیانو هاوسەنگەرانی بەڕێز!

مۆڵەت بدەن بە بۆنەی پێكهاتنی ١٤هەمین كۆنگرەی حیزبەكەتانەوە، حیزبی قازی محەممەدەكان، قاسملووەكانو شەرەفكەندییەكانو ... لە لایەن خۆمانو خەڵكی عەرەبی بندەستی هەرێمی عەرەبستان (ئەلئەهواز یان خووزستان) پیرۆزبایی خۆمان بە رێبەریی حیزبو هاوڕێیانی دیكەی بەشدار لە كۆنگرەدا پێشكەش بكەین. ئاواتەخوازین كە ئەم كۆنگرە گرینگە وەك كۆنگرەكانی دیكەی پێشووی حیزب ببێتە هۆی سەركەوتنو سەربەرزیی زیاتر لە پێشی حیزبی ئێوەو خەڵكی قارەمانی هەرێمی كوردستان.

دۆستانو هاوڕێیانی هاوسەنگەر!

كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە كاتێكدا پێك دێ كە دەستە خوێناوییەكانی رێژیمی ئێستای تاران هەروا سێبەری لەسەر جەستەی كوردستانەو نیشتمانی ئێوەی، وەك هەرێمی عەرەبستانو هەرێمەكانی دیكەی شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوە ژێردەستەكان بەتەواوی مێلیتاریزە كردوە. كۆنگرەكەتان لە كاتێكدا بەرێوە دەچێ كە نەتەوەی كورد لە ئێران وەك نەتەوە غەیرە فارسەكانی دیكەو دووخراو لە حكوومەتكردن لە ئێراندا، لە ناڕەزایەتییە خەڵكییەكان دژی زۆردارانی ئاخووندی سەرڕێژ بووە. رێژیمێك كە سەرەتاییترین داخوازییە رەواكانی نەتەوەی كورد بە توندی سەركوت دەكات. بەڵام راستیی سێ ساڵ لەمەوبەر لە كۆنگرەی ١٣ەوە نیشانی داوە كە ئەم سەركوتانە ویستی خەڵكو هێزە پێشڕەوەكانیان - وەك حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران - بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، پتەوترو قایمتر كردووەو بەم هۆیەشەوە حیزبی ئێمەو حیزبی ئێوە بە پێی رەساڵەتو بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆیان لەو بڕوایەدان كە دەست لە دەستی یەكداو هاوڕێ لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەی نیشتەجێی ئێران هاوكاریو یەكیەتیی خۆیان پتەوتر بكەن تا بتوانین لە رێگەی هێزێكەوە كە پشتیوانی گەلانی ژێردەستەی ئێرانە، بۆ پێشخستنو جێگیركردنی دێموكراسی، دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، فێدراڵیزم، حكوومەتی یاسا، مافەكانی مرۆڤ،

بەرابەریی مافەکانی ژنانو دەستەبەربوونی مافەکانی کەمینەکان لە ئێراندا خـەباتی هاوبـەش بکەین.

هاومەتەرێزان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران تـا ئـەمڕۆ لـە ڕێگـای ئازادیـدا نرخـی زۆری داوە کـە یـەکێك لـە دیارترینیـان نـەمر دوکتـور قـاسملووە، کـە حیزبـی ئێمـە لێبڕاوانـە چـەندین جـار رایگەیاندووە - و هەنووکـە رادەگەیـەنین - کـە نـەمر دوکتـور قـاسملووو شـەهیدانی ناسـراوی دیکەی کوردستان تەنیا بۆ نەتەوەی کورد نین، بەڵکوو ئەم هاوڕێ شەهیدانە، هێمای خەباتی خـەڵکی عـەرەبی ئـەهوازو هێـزە پێشـڕەوەکانیان بـوونو، ئێمـەش وەك ئێـوە بـە هـەبوونی خەباتگێڕانێکی ئازا کە مێژووی سیاسیی کوردستانیان دەوڵەمەند کردووە، شانازیی دەکەن.

هاوڕێیانی بەڕێز!

هەروا کە دەزانن رەوشی سیاسیی ئێستای ئێرانو ناوچە بە تەواوی قـەیراناویو لەوپـەڕی هەستیاریدایە - بەم پێیە هاوکارییەکانی ئێمە لە نێوخۆو دەرەوەدا دەبێ رێکخراوترو پتـەوتر بێ.

دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە فێوریەی ٢٠٠٥ کە حیزبی ئێمەو ئێوە لە دامەزرێنەرانین، یـەکێك لـە دیـارترین خـەباتو هاوکـاریی هاوبـەشمان بـووەو نموونەیـەکی ئاشـکرای یەکیـەتیی بـەکردەوەی ئێمـە دژی رێـژیمی ئێرانـە. هاتنـەئارای جیـددی کـۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانـی فێـدراڵ لـە نێـو ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆو دەرەوەی ئێرانـداو هـەروەها لـە ئاسـتی نێونەتەوەییـدا، شـایەتی بەرچـاوی درووسـتیی دروشمـەکانو رێگاکەمانـە. حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یەکێك لە لەمێژینەترین حیزبە سیاسییەکانی مێژووی نوێی ئێران، دەتوانێ حیزبی ئێمە، حیزبـی هاوپێوەنـدیی دێمـوکراتیکی ئەلئـەهواز وەك هاوبـەشو هاوڕێ لـە خـەبات دژی دیکتـاتۆریی مەزهـەبیو تۆتـالیتێری ئێـران بێنێتـە ئـەژمارو ئێمـە بـە دڵنیایییەوە رادەگەیەنین کە یەکگرتوویی نەتەوەکانی کـوردو عـەرەبو نەتـەوەکانی دیکـەی نیشتەجێی ئێران وەك فارس، تـورك، بـەلووچ، تورکمـەن، لـۆڕو نەتـەوەکانی دیکـەو گرووپـە ئیتنیکی - زمانی - عەشیرەییەکان سەرکەوتنی ئێمە دەستەبەر دەکات. لە کۆتاییدا جارێکی

دیکە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەری، کادرەکان، ئەندامان، لایەنگرانو بە تەواوی ئەندامانی حیزبو لە هەموو گرینگتر بە نەتەوەی خەباتگێڕو قارەمانی کورد پیرۆزبایی دەڵێینو هیوامان سەرکەوتنتانە.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەلئەهواز**

**جوولای ٢٠٠٨**

# پەیامی حیزبی میللەتی ئێران

هاونیشتمانان! هاوڕێیانی بەڕێز!

گەرمترین سڵاوەکانی حیزبی میللەتی ئێران پێشکەشتان بێت. لەگەڵ ڕێزماندا بۆ هەموو گیانبەختکردووانی مەزنی نەتەوەکەمان لە هەموو شوێنێکی ئێرانی خۆشەویستدا، لە کوردی دلێر، ئازەرییە خەباتگێڕەکان، بەلووچە بەغیرەتەکان، تورکمانە بوێرەکان و هەموو ئەو هاونیشتمانانەی کە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و یەکسانیی سەرتاسەریدا گیانی شیرینی خۆیان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد. گەرمترین پیرۆزباییەکانی ئێمە لە نێوخۆی نیشتمانە بریندارەکەمانەوە، بە بۆنەی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەتان قبووڵ بکەن.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئێمە لە حیزبی میللەتی ئێراندا بە پێڕەوی لە وانەکانی ڕێبەرانی سەربەرزمان داریووش و پەروانە فرووهەر، گیانبەختکردووانی ڕێبازی دێموکراسی، یەکگرتوویی نەتەوەیی، سەربەرزیی هەموو نەتەوەی ئێران و ژیانی ئابڕوومەندانەی دوور لە هەر جۆرە هەڵاواردنێك لە نێوان هەموو قەومە ئێرانییەکاندا، لەو باوەڕەدایین: ئێران موڵکی هاوبەشی هەموو ئێرانییەکان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئێران تێکەڵاوێك لە فەرهەنگی کوردەکان و قەومەکانی دیکەی ئێرانە و ئەو یەکیەتی و تێکەڵاویی بە سرووشتی ـ مێژووییە بە درێژایی هەزاران ساڵ پێت و زیندوویی ئەو فەرهەنگەی زۆرتر کردووە تا ئەو ڕادەی کە کوردەکان بەردەوام لە ڕیزی پارێزەران و بەرەڤانانی ڕاستەقینەی هەبوون، سەربەخۆیی و یەکیەتیی نیشتمانەکەمان بوونە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

ئەگەرچی جیاوازیی ڕەنگ، زمان، ئایینزا، بیرو ... نکۆڵی هەڵنەگرن، بەڵام هەرگیز ناتوانن پاساوێك بۆ هەڵاواردن و نایەکسانیی ڕەگەزی، قەومی و کۆمەڵایەتی بن. هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان بەتایبەت ناوچەکە زۆر هەستیارە، بەهۆش بین لە هەڵوێستی دووبەرەکیساز خۆمان بەدوور بگرین کە ئاو بە ئاشی سەرەڕۆیی و ئێستێعماردا ڕشتنە، بەو پێیە ئێمە هەنگاوی یەکەم بۆ دەرچوون لە بنبەستی هەنووکەیی کۆمەڵگاو گەیشتن بە دەسەڵاتێکی

دێموکراتیکو فرەلایەن بە هاوبەندیی نەتەوەیی هەموو ئێرانییەکان، بەدەر لە توندوتیژییە خاکو خەڵک فەوتێنەکان دەزانین.

هاوڕێیانی بەڕێز!

هەروەك ساڵانی پێشوو، بۆ کۆنگرەکەتان سەرکەوتنو بۆ هەموو ئێرانییەکان، یەکیەتی، ئازادیو یەکسانیی کۆمەڵایەتی بە ئاوات دەخوازین.

هاوبەندیی نەتەوەیی ئێرانییەکان هەنگاوی یەکەم لە پێناوی رزگاریی نەتەوەییدا

بە هیوای دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکو فرەلایەن

شادو سەرکەوتوو بن

**سکرتاریای حیزبی میللەتی ئێران ـ تاران**

**٢١ی جۆزەردانی ١٣٨٧ی هەتاوی**

# پەیامی کەسایەتییە ئێرانییەکان

# بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

# پەیامی بەڕێز دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە

برایانو خوشکانی سەربەستم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

خۆشەویستەکانم بەوپەڕی شادییەوە لە پێکهاتنی کۆنگرەی حیزبی خەباتگێڕ، سادق، پاکدڵو سەربەرزی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار بووم.

بۆ من جێگای شانازییە کە ئەمساڵیش پەیامێك بۆ کۆنگرەتان بنێرم. حیزبێك کە زیاتر لە نیو سەدەیە بە شێوەی عاشقانە ئاڵای خەباتی لە ڕێگای ئازادیو خەڵکسالاریدا لە دەستدایەو لەم ڕێگەیەدا ژمارەیەك لە لێهاتووترین ڕێبەرانو کادرەکانی خۆیو لە سەرووی هەموویانەوە نەمر دوکتور قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی لە پاڵ هاوڕێیانی قارەمانو لەخۆبوردوویان کاك عەبدوڵڵا قادری، نووری دێهکوردی، ئەردەڵانو ... و هەڵبەت قازیی گەورەی کوردستانو ئێرانی پێشکەش کردوە.

هەڵبەتە کە بۆ هەر ئێرانییەك بەدەر لە تیرەو مەزهەب حیزبێکی شانازی خوڵقێنەو من کە لە مێژەیە لە دوورو نزیکەوە خەباتی حیزبم لەژێر چاوەدێریدا بووە لە ناخی دڵەوە حیزبی ئێوە ستایش دەکەمو لە هەبوونی پێوەندیی ڕۆحی لەگەڵ ئەم حیزبەدا پڕ لە غۆروورو سەر بەرزیم. لە ساڵی ڕابردووەوە جیابوونەوەی ژمارەیەك لە هاوڕێیانی ئێوە ماوەیەکی زۆر کەڵکەڵەی بیری منو هۆکاری دڵەڕاوکێو نیگەرانیم بوو، بەڵام بەخۆشییەوە دیم کە حیزبی ئێوە بە چاوکراوەیی هاودەنگ لەگەڵ هاوڕێیانی جیابۆوەدا مۆڵەتی نەدا کۆماری نەزانیو ستەمو گەندەڵی ویلایەتی فەقیە لەم جیاوازییە کە بە گومانی من هەوری بەهارەو زۆر درێژە ناکێشێ، کەڵکی خراپ وەربگرێ. دەزانم کە ئێوە دەتوانن مۆری کۆتایی لەسەر ئەم جیابوونەوەیە بدەنو، جارێکی دیکە یەکدڵو یەکدەنگ بۆ بەدەستهێنانی داخوازییە ڕەواکانی هاونیشتمانانی ئێرانیی خۆتان لە لایەکو، خەڵکی مەینەت چێشتووی کوردستانی ئێران لە لایەکی دیکەوە هەوڵەکانی خۆتان زیاد بکەن.

ئەمڕۆ ڕێژیمی دواکەوتوویی و گەندەڵیو فریوکاری لە لووتکەی زەبوونیو سووکیو بێئابڕوویدا، بە سەرکوتی بەربڵاو، ئێعدام، ئەشکەنجەو تۆقاندن هەوڵ دەدا تەمەنی ناپیرۆزی خۆی وەك زالوو درێژ بکاتەوە. بەڵام من لەو بڕوایەدام هەروا کە ئێوەش لەگەڵمدا هاوڕان،

هەوڵــە بــێ فایــدەکانی رێــژیم بــە جێگایــەك ناگــەن. ویلایــەتی فەقیــە درندانــەترین، دواکەتووانەترینو گەندەڵترین سیستم لە ماوەی مێژووی درێژی نیشتمانی ئێمەدا بووە. ئەمڕۆ تەنانەت زۆربەی رۆحانییەکان رێژیم بە زاڵمو گەندەڵو تاوانبار دەزانن، ئاواتەخوازم لە کۆنگرەی خۆتاندا بە لەبەرچاوگرتنی روانینی پڕ لە هیوای خەڵکی ئێرانو دڵەکانی پڕ لە خۆشەویستیی خەڵکی کوردستان، بە ژەنینی ئاوازی دۆستایەتیو هاوپێوەندیو هاودەنگیی، جارێکی دیکە نیشانی بدەن کە قاسملوو هەرچەند لە ژێر خاکدا نوستووە بەڵام رۆحی ئەو، دەرسەکانی ئەو زایەڵەی پڕ لە مۆسیقای ئەو لە دڵەکانو یادەکانی ئێوەدا هەرمان دەبێو ئێوەش هەروا کە تا ئەمڕۆ لە پاڵ خەباتگێڕانی دیکەی ئێراندا بۆ رووخاندنی کۆماری نەزانیو ستەمو گەندەڵی ئیرادەی خۆتان پتەوتر کردوە.

**لەندەن**

**دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە**

**١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٧ (٣٠ی ژووئەنی ٢٠٠٨)**

# پەیامی بەڕێز ئەبولحەسەن بەنیسەدر

بەشداربووانی بەڕێزی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

وێڕای سڵاوێکی گەرم

ڕاستە کە ڕێژیمی مافیا سەربازیی ـ ماڵییەکان کە بەرهەمی ویلایەتی ڕەهای فەقیهە، باشترین دەرفەتێك کە بۆ گەشەکردنی ئێران لە بواری ئازادیو سەربەخۆییدا بەدەست هاتووە، لە کیس دەدات. ڕاستە کە تەنیا بە فەوتاندنی دەرفەتەکان ڕازی نابێت، بەڵکوو بەردەوام بە خولقاندنی قەیرانە نێوخۆییو دەرەکییەکان خەڵکی ئێران لە نێوخۆدا، لە نێو بازنەی هەژاریو توندوتیژیو لە دەرەوەش لە نێو بازنەی ئاگردا دەهێڵێتەوە. ڕاستە کە لەگەڵ ڕەوتە شەڕخوازەکانی ناوچەو جیهاندا بۆ بردنی وڵاتو ناوچەکە بەرەو هەڵدێری شەڕ هاوکارەو هەنووکەش وڵاتی خستۆتە ژێر گوشاری ئابووریی بەردەوام. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە خەڵکی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر لەو ڕاستییە تێدەگەن کە دەتوانن بۆخۆیان هەستنەوەو دەسەڵاتی سەرەڕۆیان بڕووخێننو ویلایەتی کۆماری خەڵکی دامەزرێنن.

ئێستا ئێرانییەکان تێدەگەن کە گۆڕانکاریی لە نێوخۆداو بە هەستکردنیان بە بەرپرسایەتی بۆ بەهرەمەندبوون لە سەربەخۆییو ئازادیو مافەکانی خۆیان وەك مرۆڤە کە لە ئاکامدا بە دەستی دێنن. ئێرانییەکان نەك هەر ڕۆژلەدوای ڕۆژ زیاتر تێدەگەن کە لە ئاستی نەتەوەییدا، ئازادی بە بێ سەربەخۆیی بەدی نایەت، بەڵکوو لەو ڕاستییە گرینگەی دیکەش تێدەگەن کە لە نێو هەر تاکێکی مرۆڤیشدا، ئازادی بە بێ سەربەخۆیی هێزی بڕیاردەر بەدی نایەت. باوەڕمەندبوونی ویژدانی گشتی بە جمکایەتیی سەربەخۆییو ئازادیی تاکو کۆمەڵگا، دابینکەری دێموکراسییە کە دەبێ هیوادار بین و تێبکۆشین هەرچی زووتر ئێرانییەکان پێی بگەیەن. لەڕاستیدا، تا کاتێك هەموو ئێرانییەك لە بڕیاردانی بەتاکی خۆیو لە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگاکەیدا سەربەخۆیی بەدەست نەهێنێ، سەرەڕۆیی گشتیی خەڵكو بەو پێیەش دێموکراسی بەدی نایەت. ڕێکخراوە سیاسییەکان کە دامەزرانی دێموکراسییان کردۆتە ئامانجی خۆیان، بێگومان دەزانن کە ئەگەر لە نێو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا، بنەمای سەربەخۆییو ئازادیی ئەندام لەبەرچاو بگرن، نەك هەر یارمەتیدەری بەدیهاتنی ئاڵترناتیڤی

شیاوی بەڕێوەبەریی وڵات بە شێوازی دێموکراتیك دەبن، بەڵکوو کۆمەڵگاکەیان لەوە دڵنیا دەکەنەوە کە دەتوانن بە شێوازی دێموکراتیك وڵاتەکە بەڕێوە بەرن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئاراستەی گشتی کە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگای ئێرانی، لە ئیتنیکە پێکهێنەرەکانیدا گرتوویەتە بەرو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوچەو سەرنجدان بەو راستییە کە رێژیم بوونی خۆی لە ترس خستنە نێو دڵی کۆمەڵگادا دەبینێ، گەڕانەوە بۆ نێوخۆ، بە واتای گرنگیدان بە رووخانی سەرەڕۆیی، لە رێگەی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای سەربەخۆییو ئازادی، پێویستییەکی تەواوی هەیە. ئەزموونەکانی وڵاتانی دراوسێی ئێران، ئێرانییەکانی بەو باوەڕە گەیاندوە کە دەستێوەردانی دەرەکی - تەنانەت ئەو کاتەی کە رێژیم سەرەڕۆییەکی نێزیك بە سەرەڕۆیی گشتگیر بێت - زیادکردنی کێشەیەك بە کێشەکانو بۆ ماوەیەکی نادیار، نیشتمانی خۆت بە وڵاتی خوێنڕێژیو کاولکاریکردنە. ئەو خەڵکە بۆیان هەیە پرسیار بکەنو دەپرسن: ئەگەر ئێران بۆتە خاوەن ئەو پێگە نێونەتەوەییە کە دەتوانێ بێباك لە دەستێوەردانی هێزی بێگانە، لە باری سەربەخۆییو ئازادیدا گەشە بکات، بۆچی خەڵك نەتوانن بە پشت بەستن بە خۆیان هەستنەوەو جارێك بۆ هەمیشە دەوڵەتی خەڵکسالار بنیات بنێن؟

لەڕاستیدا، هەرکاتێك کە تاقمێك بانگەشەی ئەوە بکەن کە خەڵك هێزی ئەو کارەیان تێدا نیە، بێگومان پێی وایە خەڵك توانای ژیان لە سێبەری دێموکراسییاندا نیەو بەم بۆچوونە، چییەتیی خۆی ئاشکرا دەکاتو دێموکراسی بۆ ئەو تاقمە زیاتر لە بیانوویەك نیە. ئامانجی سەرەکیی گەیشتن بە دەسەڵاتە، ئەوەش بەنرخی زاڵبوونی بێگانە بەسەر وڵاتداو گۆڕینەوەی بە نیشتمانی مەرگو وێرانی، گومانی تێدا نیە کە پرسی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی هەڵگری سەربەخۆییو ئازادیو توانا لە بەڕێوەبردنی وڵات لە نێو ئاشتیی نێوخۆییو دەرەکیدا بە پرسی سەرەکی دەزانن کە حیزبی ئێوەو هەموو ئەو رەوتە سیاسییانەی کە دەیانەوێ لە ئێرانێکی ئازادو سەربەخۆدا بژین، دەبێ بە شێوازێکی جیددی کاری بۆ بکەن.

سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە خوای مەزن بۆ بە ئاوات دەخوازم

**٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٧**

# پەیامی بەڕێز دوکتور حسێن لاجوەردی

کردنەوەی کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تاکە تاکەی ئێوە پیرۆزبایی دەڵێمو ئاواتەخوازم دەسکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە موژدەدەرو دیاریهێنەری ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ تەواوی خەڵکی ئێران بێ.

هاونیشتمانان، دۆستانو دێرینترین خاوەنانی نیشتمانی ئێران!

لەمڕۆدا هیچ مرۆڤێکی خەباتگێڕو ئازادیخواز ناتوانێ لە خۆبووردەییەکانو گیان لەسەر دەستدانانەکانی ئێوە لە ڕێگای ئازادیو دێموکراسی لە ئێراندا لەبەرچاو نەگرێ.

یەکێك لەو خاڵە پڕ بایەخانەی کە من هەمیشە قامکم لەسەر داناوە پێڕەویو درێژەدان بە سیاسەتێکە کە دەبێ بەهەق نەمر دوکتور قاسملوو بە بنیاتنەری بزانینو، ئەوەش سیاسەتو ئامانجێکی درێژماوەیە کە بنەماکەی لەسەر یەکپارچەیی ئێرانو ساوکەکردنی دێموکراسی لە وڵاتدا داڕێژرا بوو و هەمیشە ئەم ئامانجەی گرتبووە بەرو لەو بڕوایەدا بوو کە بە بەڕێوەچوونی، گشت خەڵکی ئێران دەتوانن بە مافی بەرابەری خۆیان بگەن. بێ دوودڵی یەکێك لە گەورەترین هۆیەکانی تێرۆری دوکتور قاسملوو دەبێ لەوەدا بزانین کە ئیدەکان، ئەندیشەکان، کردووەو خۆشەویستیی روو لە زیادیی رۆژانەی ئەو بوو کە رێژیمی ترساندبوو، چوونکە ئەو لەمێژە بوو کە چیدیو تەنیا موڵکی کوردەکان نەبوو و زۆرێك لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو رزگاریدەرو بەرزکەرەوەی هاواری ئازادی لەسەرانسەری ئێراندا دەبێ.

ئەمڕۆ تاکە تاکەی ئێوە لە جێگای ئەودا دانیشتوونو سەرەڕای مەسەلەو کێشەگەلی زۆرو لەبەردەمدا کە بۆ هەموومان روونە، ڕێگاکەی درێژە پێدەدەن. هەوڵو گیان فیداییەکانتان بەرز دەنرخێنمو دەستی هەمووتان بە گەرمی دەگووشمو نەوتراو ناهێڵمەوە کە:

نابێ لەبیری بکەین کە ئەم پەڵەڕەشو سووکایەتیو بێشووناسییە کاتێك لەنێو دەچێ کە گشتمان قەبووڵی بکەین کە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەت، گشتییەتو هەبوونیدا، گەورەترین کۆسپی سەر رێگای دامەزرانی دێموکراسیو بەرابەرییەو، دەبێ لە نێو بچێ.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی ئێوەو بە ئاواتی ئازادیی ئێران

**دوکتور حسێن لاجوەردی ـ لەندەن، ٥ی پووشپەڕی ١٣٨٧ (٢٥ی جوولای ٢٠٠٨)**

# پەیامی بەڕێز دکتور حسێن تاهێری

بەڕێز سکرتێری گشتی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندی، ئەندامانو نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سلاو

سەرەتا ڕێگام پێبدەن پیرۆزبایی هاتنی کۆنگرەی چواردەهەمتان لێ بکەم. ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ ئێوە هەتا لە دەستکەوتەکانی رابردووتان سوود وەربگرن بۆ داڕشتنی سیاسەتو ستراتیژیی داهاتووتان. من بڕوام بەوە هەیە کە ئێوە ئەو کارە بە باشی ئەنجام دەدەن.

دەمەوێ سوپاستان بکەم بۆ ئەوەی دەرفەتتان پێ داوم تێڕوانینەکانی خۆمتان لەگەڵ باس بکەمو تیشك بخەمە سەر هێندێك بابەت، بەو هیوایە لە باسەکانتاندا لەبەرچاویان بگرن.

ئێمە لە کوردستان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو جیهاندا لەگەڵ قەیرانێکدا بەرەوڕووین. دەوترێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵی گەشەدان بە چەکی ناوکیدایە. ئەم کێشەیە نیگەرانیی زۆری لێ کەوتۆتەوە. پەیامە بەردەوامەکانی سەرکۆماری ئێران کە دەڵێ: "ئیسرائیل دەبێ لە نێو بچێ"، نیگەرانیی زیاتری پێك هێناوە. ئێرانی خاوەن چەکی ناوکی، مەترسییەکی گەورەتر دەبێ بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا. رۆژئاواییەکان دەزانن کە ڕێگەدان بە ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی، دەبێتە هەڵەیەکی ستراتیژی. وڵاتە یەکگرتووەکان لە بارودۆخێکدا نیە هێرش بکاتە سەر ئێران، بەو حاڵەش ڕێگەدان بە ئێران بۆ گەشەدانو دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، مەترسییەکە زیاتر دەکا. بە بڕوای من ئێران ڕێگای پێ نادرێ گەشە بە چەکی ناوکی بدا. پرسیارم لە ئێوە ئەوەیە، ئایا ئەگەر ئەمریکا بڕیار بدا ڕێژیمی ئێران بگۆڕێ، ئێوە ئامادەیی ئەو ململانێیەتان هەیە؟

ئەم بارودۆخە دەرفەتێکی باشیش بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك دێنێ هەتا بە شێوەی گونجاو کێشەی کورد بەرێتە ئاستی نێونەتەوەییو تیشك بخاتە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. ئەم کۆنگرەیە دەبێ گەشە بەو ستراتیژییە بدا.

هەڵبەت ئەمە پێویستیی بە دیپلۆماسییەکی بە ئێعتێبارو شوێندانەر هەیە. دیپلۆماسی ڕێگای سەرکەوتنی هەموو بزووتنەوەکانە. چەندین دەیەو لە ماوەی خەباتی چەکدارانەدا، کوردەکان کوژراون‌و یەکتریان کوشتووە. جگە لەوە گرفتی ئەوان بە باشی نەگەیشتۆتە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. دیپلۆماسی بە تایبەت لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەم سەردەمەدا، زۆر گرینگە. ئەگەر من لە جێگەی ئێوەدا بوایەم‌و تەنیا ٥ کەسم هەبوایە، سێ کەسیانم بۆ کاری دیپلۆماسی دادەنا.

داهاتووی کوردستان لە مەترسیدایە. حکوومەتی ئێران بە پێی نەریتی چەوسێنەرانەی خۆی هەوڵ دەدات داهاتووی هەر جۆرە خەباتێکی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە نێو بەرێ کە تێوەگلاندنی لاوان بە ماددە هۆشبەرەکان یەك لەوانە. ئەو ماددانە بوونەتە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان‌و مەترسییان خستۆتە سەر بناغە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری. داهاتووی کوردستان بەستراوەتەوە بە لاوانەوە. ئەم نەوەیە بەرەو رووخان دەچێ‌و مەواد بەکار دێنێ‌و موعتاد دەبێ. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یان هەر ڕێکخراوێکی کورد دەیەوێ داهاتووی هەبێ، لەڕاستیدا ئەگەر کوردستان دەیەوێ داهاتووی هەبێ، پێویستە لاونمان رزگار بکرێن. ئەمە ئەرکی ئەم کۆنگرەیەیە کە دەبێ ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی لە خەباتی نەتەوایەتیدا سەرکەوتوو بێ، پێویستە داهێنان‌و گۆڕانکاری بکا. لەم جیهانە لە حاڵی گەشەسەندنەی ئێستادا، ئەگەر کەسێك بە جیددی کار بکاو هەوڵ بداو بە باشترین شێوە کارەکە بەڕێوە بەرێ، سەرکەوتوو دەبێ.

سەرکەوتنی ئێوە بەستراوەتەوە بە داهێنانەکانتانەوە. هەموو رۆژێك دەبێ بیر لەوە بکەنەوە پێویستە چی بکەن بۆ ئەوەی بەرەوپێش بچن‌و شتەکان باشتر بکەن.

بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستیتان بە کاری هاوبەشە. ئێوە پێویستیتان بەوەیە ئەندامانتان پەروەردە بکەن‌و تواناکانیان بەرنە سەرێ هەتا بتوانن لە پرۆسەی بڕیاردانندا هاوکاریتان بکەن. لاوان دەتوانن لەو حاڵەدا رۆڵێکی گرینگ بگێڕن. ئێوە دەبێ نەوەی نوێ

باش پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی توانای ڕێبەریکردنیان تێدا درووست بێ. ئەزموونی نەوەی بەساڵداچوو لەگەڵ وزەو نەوەی لاو هاوکارییەکی باش دادەڕێژێ. سەرکەوتنی ئێوە بە تێکەڵکردنی ئەو دوو نەوەیەوە بەستراوەتەوە.

سەرەنجام، دەمەوێ سەبارەت بە باسی ئیدئۆلۆژی لە کۆنگرەدا ئاگادارتان بکەمەوە. ئەوە باشە کە لە ئاستی ڕووناکبیریدا هێندێك باس سەبارەت بە تێڕوانینە ئیدئۆلۆژیکە جیاوازەکان بکرێ. لە هەر حاڵدا باسی ئیدئۆلۆژی لە نێو حیزبە سیاسییەکاندا جیایی‌و لاوازبوونی خەباتی نەتەوەیی کوردی لێ دەکەوێتەوە. سەردەمی باسی ئیدئۆلۆژی بەسەر چووە. پێم خۆشە ئەوەتان لێ بپرسم کە ئایا جیاوازییەك دروست دەبێ ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شوێن "سانترالیزمی دێموکراتیك"، "سوسیال دێموکراسی" یان "سوسیالیزمی دێموکراتیك"دا بچێ. من لەو باوەڕەدام کە ئەم کۆنگرەیە زیاتر واقعبینانە دەبێ‌و ئەو بابەتانە کە پێبەندن بە باسە ئیدئۆلۆژیکەکانەوە، دەخاتە ژێر گوشار.

هیوای سەرکەوتن‌و کۆنگرەیەکی باشتان بۆ دەخوازم. هیوادارم بڕیارەکانتان لەم کۆنگرەیەدا ڕێگای سەرکەوتن بۆ خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد خۆش بکەن.

**سەرکەوتوو بن**

**دوکتور حسێن تاهێری - میلبۆرن - ئوسترالیا**

**٢٠ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی بەڕێز بەهمەن نیروومەند

هاوڕێیانی خۆشەویست!

وێڕای سڵاو بۆ گیانی پاکی هاوڕێیان عەبدولڕەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندی‌و هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە پێناو ئازادی‌و سەربەخۆیی ئێراندا گیانیان بەخت کرد، پیرۆزبایی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان لێ دەکەم. بەو هێوایەی کە ئەو کۆنگرەیە بە داڕشتنی بەرنامەی گونجاوو دەرکردنی بڕیارگەلی پێویست، بتوانێت هەنگاوێکی نوێ لە ڕێبازی پڕشانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بەرەو پێشبردنی بزاڤی یەکسانیخواز، دێموکراتیک‌و ئازادیخوازیی نیشتمانەکەماندا بهاوێژێ.

کۆنگرەی ئێوە لە هەلومەرجێکدا پێکدێ کە قەیرانێکی قووڵ‌و سەخت، هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌و دەوروبەری گرتۆتەوە. دوو وڵاتی دراوسێی ئێمە، ئەفغانستان‌و عێراق، ئێستا لە لایەن سوپای ئامریکاو هاوپەیمانانەوە داگیر کراون، نیشتمانی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین، پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ هێشتا لە ژێر داگیرکاریی ئیسراییلدایەو لوبنان لە مەترسیی شەڕێکی نێوخۆیی تازەدایە. نیشتمانی ئێمەیش لە بەرامبەر مەترسیی هێرشی سەربازیدایە کە ئەگەر ڕووبدات نەك هەر ئێران، بەڵکوو هەموو ناوچەکە دەکاتە پارچەیەك ئاگرو لەوانەیە شەڕی سێهەمی جیهانیی لێ هەڵ گیرسێت.

لە نێوخۆی ئێراندا، ڕێژیمی گێچەڵخوازو سەرکوتکەری ئیسلامی بە شێوازێکی بێ‌وێنە بۆتە ڕێگر لە بەردەم ئازادی‌و تەناهیی خەڵکدا. هەژاری، گرانی، ئێعتیادو لەشفرۆشی هەرا دەکات‌و دەسەڵاتێ کە بانگەشەی ئەوە دەکات بڕیارەکانی لە لایەن خوداو محەممەدو مەهدی‌یەوە وەردەگرێت، کۆمەڵگای ئێرانی بە جۆرێك تووشی گەندەڵی کردووە کە لە مێژووی چەندین هەزار ساڵەی ئێمەدا بێ‌وێنەیە. لە حاڵێکدا کە دەسەڵاتی دووڕوو بانگەشەی یەکسانیی خوداوەندی دەکەن، کەمینەیەکی چووك بۆ پاراستنی هێزو دەسەڵاتی خۆی لە هیچ تاوانێك خۆ نابوێرێ، ئێعدامەکان، دەستبەسەرکردنەکان، ئەشکەنجە لە نێو گرتووخانەکان‌و دەستدرێژی بۆ سەر مافی ژنان، پیاوان، منداڵان، دەستدرێژی بۆ سەر مافی کەمینە

نەتەوەیی‌و ئایینییـەکان، لـە پـاڵ تـاڵانی سـامانی نەتـەوەیی ئێمـەدا ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پـەرە دەسـتێنێ. لـە بەرامبـەردا ـ ئەمـە لـە شـانازییەکانی نیشـتمانی ئێمەیەـ مێـژووی ئێمـە سەلماندوویە کە ئێرانییـەکان هـیچ کاتێك نەچوونەتە ژێـر بـاری کـۆتی سـەرەڕۆیی‌و، ئەگـەر سەرکوت بووە، بەرخۆدانیش بووە. ئێستا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە هەر بەو جـۆرەی کە نەتەوەی ئازای ئێمە خۆی لە دەسەڵاتی مەغوولەکان، عەرەبەکان‌و سەرەڕۆیی پەهلەوی ـ ئەو ڕێژیمە دەستنیشان کراوەی ڕۆژئاوا ـ ڕزگار کرد، ڕێژیمی ئیسلامیش دەهاوێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە. ئەرکی ئێمە، واتە ئەرکی هەموو ئێرانییەکان ـ کە دڵیان بۆ چارەنووسی ئەم وڵاتە لێ دەدات ـ پتەوترکردنی خەبات‌و ڕێکخستنی بەرخۆدانی هاوبەشە.

هاوڕێیان ئەگـەر لـە شۆڕشـی دژە سـەرەڕۆیی ڕێبەندانـدا کـە تۆمـاری پاشـایەتی پێکـەوە هەڵپێچا، دوورە دیمەنی بزووتنـەوە روونـاك نـەبوو. ئێسـتا سـی سـاڵ ئـەزموونی سـەرەڕۆیی ئیسـلامی هێڵـەکانی جێگـرەوەی ئـەو ڕێژیمـەی بـە روونـی کێشـاوەو هێـزە نەتـەوەیی‌و پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە دروستی تێگەیشتوون کە ڕێگای ڕزگـاریی ئێمـە بێجگـە لە کۆمەڵگایەکی سەربەخۆو ئازادو دێموکراتیك‌و بەدەر لە هەر جۆرە ئیدئۆلۆژییەکی ئـایینی‌و نائایینی نیە کە لەوێدا خەڵك بێ لە بەرچاوگرتنی پێکـەوە بەسـتراوەییە ڕەگـەزی، ئـایینی‌و نەتەوەییـەکانیان، راسـتەوخۆ لـە دیـاریکردنی چارەنووسـی خۆیـان‌و چارەنووسـی هـەموو کۆمـەڵگادا بەشـدار بـن. سیسـتمێك کـە تێیـدا هـیچ بەربەسـت‌و هـەڵاواردنێك لـە بەرامبـەر پەرەپێـدانی زمـانی زگمـاکی‌و فەرهـەنگ‌و نـەریتی نەتـەوەیی‌و خۆجێییـدا نـەبێت. ئـەو خەیانەتکارو نیشتمانفرۆشانە کە ئـەمڕۆ دڵیـان لـە گرێـوی پشـتیوانیی دەوڵەتـە بێگانـەکان‌و لەوانـە ئامریکادایـەو تەنانـەت بـە راشـکاوی، یـان بـە نهێنـی، لـە ئەگـەری هێرشـی ئامریکـاو ئیسراییل بۆ نیشتمانەکەمان پێشوازی دەکەن، دەبێ بزانن کـە خـەڵکی نیشـتمانی ئێمـە، لـە کوردو بەلووچ‌و فارس‌و ئازەرییەوە بگرە تا عەرەب‌و تورکمەن لە هیچ کاتێکدا ئامـادەی وڵات فرۆشی نین‌و ئێستاش کاری وا ناکەن. ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە خودموختـاری، دێموکراسـی‌و ئازادی هەیە، دەبێ بزانین کە ئەم ئامانجانە تەنیاو تەنیا بە هێزی لـە بـن نـەهاتووی خـەڵکی ئازای وڵاتەکەمان بەدی دێت‌و چارەنووسی خەڵکی ئێمە نە لە واشنگتۆن‌و لەندەن‌و برلین‌و نە

لە پێکەن‌و مسکۆ، بەڵکوو لە تاران‌و تەورێزو مەهابادو زاهێدان‌و شیرازو خوڕەمشارو مەشهەددا دیاری دەکرێت. هیوادارم کۆنگرەی ئێوە لەم رێڕەوەداو لە پێناو پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمانی ـ کە خەڵکی بەغیرەتی کورد هەمیشە لە پارێزەرانی بەهێزی بوونە ـو هەروەها لە بەرەوپێشبردنی خەبات بۆ سەربەخۆیی، ئازادی‌و دێموکراسیی وڵاتی خۆشەویستمان ئێراندا رچەشکێن بێت.

**بەهمەن نیروومەند**

# پەیامی بەڕێز پرۆفیسور دوکتور حەسەن شەتەوی

پەیام بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

لە هەلومەرجی ئێستای خەبات بۆ پێداویستییەکانی شۆڕشی نەتەوەکەماندا سەرکەوتنی کۆنگرەی چواردەهەم ئاواتەخوازم. کۆنگرە پێویستە وەڵامدەری پرسیارەکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بەگشتیو بەتایبەتی گەلی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

لەم کۆنگرەیەدا جێی دەستەیەك لە ئەندامانی حیزب کە ساڵیانی ساڵە پێکەوە هاوسەنگەر بوون، بەتاڵە. ئەو بۆچوونە سێبەری لەتبوونی خستووتە سەر هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو بەمجۆرە خەباتی ئازادیخوازانەی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژبەرۆژ لاوازتر دەبێت. میوانانی بەڕێز، هۆی سەرنەکەوتنی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد تەنیا سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان نیە، بەڵکوو پارچەپارچە بوون، ناکۆکیی ناوخۆیی، نەبوونی ستراتێژیو پلاتفۆرمێکی سیاسی هەموو هێزە سیاسیەکانو هەرێم پەرەستی هۆیەکی بەرچاوی ئەم سەرنەکەوتنانەیە. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا رووداوە سیاسییەکان ئەوەندە خێراو بەپەلەو رۆژانە دەچنە پێش، کە هێزی سیاسیی زیندوو پێویستە بۆ رووداوکان، تاکتیكو میکانیزمی سیاسی بە پێی ساتو کاتی رووداوەکان، دارێژێ.

زیاتر لە ٢٠ ساڵە حدکاو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوپێکەوتن لە پشت دەکات. بەڵام تاکوو ئێستا نەمانتوانیوە ئەگەر لەسەر کاغەزیش بێت پێکەوە ئالترناتیوێك بۆ خەباتەکەمان بدۆزینەوە. پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی هەموو هێزەکانی فارس وەکوو حیزبی توودە، فیدائیەکانی ئەکسەرییەت، ئەقەلییەت، موجاهدین و تاکوو تاقمێکی لە شاپەرستان چوونە باوەشی حکوومەتی شوینیستی کۆماری ئیسلامیو هەوڵیان دا نیشان بدەن کە کۆمونیستی ئیسلامی پێویستە، یان ئیسلامی چەپی پێویستە. یارمەتیی بەنرخی ئەم هێزانە بوو بە سەقامگیرتر بوونی حکوومەتی فارسی شوینیستو لەبەینچوونی ئۆپۆزیسیۆن کە تاکوو ئێستا دەوامی هەیە.

ڕێـژیمی كۆنەپەرسـتی تـورك و ئێـران بـە سـەدان بەهانـەو بـە سـەدان هـەزار سـەرباز و مـودێرنترین فرۆكـەو تانـك و تـۆپ، هێرشـی هێناوەتـە سـەر كوردسـتان و بـە سـەدان ڕۆڵـەی نەبەزی كورد، لە كوردسـتانی بـاكوور شـەهید كـردووە. ئەگـەر لـە بـەینی هێزەكـانی كـورددا یەكیەتی ببایە دەبا هەموومان پێكەوە بەرەنگاری ئـەو دوژمنانـەی گـەلی كوردمـان كردبایـە؟ جوابەكەی مەعلوومە.

هاوڕێی شەهید، دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە پەیامی خـۆی لـە ڕێبەنـدانی ١٣٦٧ ـ فێوریەی ١٩٨٩ لاپەڕەی ٥ی كوردستان دەفەرمێ: "چوونكە دەزانین كە ڕێژیمێكی دیكتاتۆر، تەنیا بە دانی دروشمی توندوتیژ ناڕووخێ، بۆ ئەم مەبەسـتە هێزێكـی ڕێكخـراو و بەدەسـت و برد پێویستە. بۆیە دەبێ لە هەموو دەرەتانێك بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی بەرین لە هەموو هێزە دێموكراتیكـەكان كـەڵك وەربگیرێ. حیزبـی ئێمـە ئێشـتاش لـەو بڕوایەدایـە كـە هەلومـەرجی پێكهێنانی بەرەیەكی تەواو بەرەبەرە ئامادە دەبێ".

پـاش نزیكـەی ٢٠ سـاڵ پێكهێنـانی بەرەیـەكی یـەكگرتووی نیشـتمانی لـە كوردسـتانی ڕۆژهەڵات لەبـەینی حیزبـە كوردییەكانـدا، حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران، یەكیـەتیی شۆڕشـگێرانی كوردسـتان، ڕێكخـراوی خـەبات، پـارتی ژیـانی ئـازادی كوردسـتان، پـارتی سـەربەخۆیی كوردسـتان، حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتان، ئـەركێكی مێژووییـە. بـۆ ئـەم مەبەستە پێویست نیە هەموو ڕێكخراوە سیاسییەكانی بەشدار ئیدئۆلۆژی، بەرنامەی سیاسیو ستراتژییان هەبێت. هەر حیزبو ڕێكخراوێك دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. بـە بـڕوای من زۆر دروشمی هاوبەش هەن كـە دەتـوانن بناغـەی دامەزرانـدنی بەرەیـەكی یـەكگرتوو دژی ڕێژیمی خوێنمژی كۆمـاری ئیسـلامی بـن. ئەگـەر ئـەو ئیمكانـە لـە ڕۆژئـاوا نیـە دەتـوانین لـە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ڕووناكبیرانو كەسایەتیی كورد و نیشتمانپەروەر بۆی هەوڵ بدەین.

بەو هیوایە كە كۆنگرەی ١٤ بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەركە مێژووییە هـەوڵی ڕاسـتەقینە بـداو كۆنگرە سەركەوتوو بێت.

بەسپاسەوە

**پرۆفسور دوكتور حەسەن شەتەوی**

# پەیامی حیزبە بیانییەکانی

# دۆستی حیزبی دێموکرات

# بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

# پەیامی ڕێکخراوی نەتەوەو گەلە بێنوێنەرەکان

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

بە بۆنەی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، خۆشحاڵم کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەو گەلە بێنوێنەرەکانەوەو بە ناوی گشت ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەوە، هاوپێوەندی لەگەڵ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەربڕمو پێلەسەر پشتیوانی لە هەوڵو خەباتی چەندین دەیە ئاشتیخوازانەی ئێوە دژی زوڵمو سەرکوتەکانی ڕێژیمی ئێران داگرم.

ڕێکخراوی نەتەوەو گەلە بێنوێنەرەکان پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە، لەوانە لەژێرپێنانی مافی ئازادیی ڕادەربڕینو خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە مەحکووم دەکات.

UNPO، ناڕەزایەتی لەسەرکوتی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراندا کە لە ژێر سەرکوتو زۆردارییی بەردەوامدا، لەوانە کوشتنو دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوەن، دەردەبڕێو داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکا خێرا لە هەمبەر ڕەوشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا سەرنجێکی زیاتر نیشان بداو بە بانگهێشت کردنی حکوومەتی ئێران بۆ دامەزرانی حکوومەتێکی خودموختاریی بەربڵاو لە کوردستاندا، دەروەستیو پێبەندیی خۆی بە مافەکانی مرۆڤ دەربڕێ.

UNPO، بانگ لە گشت ئەندامانی خۆی دەکات لە ڕێگای پشتیوانیو هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕەوشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا لەگەڵ حیزبی هاوسەنگەری خۆیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوپێوەندیی دەربڕن.

بەو پەڕی ڕێزەوە

**ماریۆ بووسفاچین، Mario Busfachin، سکرتێری گشتیی UNPO**

**لاهە (هولەند) - ١٠ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە

بەڕێز خۆسرەو عەبدوولڵایی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هاوڕێی خۆشەویست!

لە ڕێگای نامەی ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٥/٢٨ی ئێوەوە لە پێکهاتنی نزیکی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار بووین، زۆر سپاستان دەکەین.

حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە گرینگییەکی گەورە بۆ پێوەندییە دۆستانەکانی کە ماوەیەکی دوورو درێژە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیەتی دادەنێ. ئەم پێوەندییە لەسەر بنەمای پشتگیریی پتەوی حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە لە مافەڕەواکانی گەلی کورد لە ئێراندا داڕێژراوە. ئێمە هەمیشە، هەم لە خەباتی ئێوە بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی کوردەکان لە ئێرانداو هەم لە ڕۆڵی ئێوە لە بزاڤی دێموکراتیزەکردنی ئێراندا پشتیوانیمان کردووە. ئاگاداری ئەو کێشەو لەمپەرانەی کە بە هۆی سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕێژیمی ئێرانەوە لە گەڵیاندا بەرەوڕوون، هەین. بۆیە هیوای یەکگرتوویی‌و سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

وێڕای پێداگری لەسەر هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، داوامان لێتانە کە گەرمترین سڵاوەکانی حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە بە بەشدارانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبەکەتان بگەیەنن.

مووریس برود، **Maurice Braud**

پاریس ـ ٢٠٠٨/٧/٤

# پەیامی حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

بۆ حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە جێگای خۆشحاڵیی زۆرە كە بە بۆنەی چواردەیەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە سڵاوە زۆربرایانەكانی خۆیتان بۆ دەنێرێ. ئێمە بە باشی ئاگاداری خەباتی ئێوە لە رەوشێكی دژواردا كە ئاكامی بوونی رێژیمی دیكتاتۆرو تێئۆكراتی جێگیر لە تاراندایەو هەروەها رەوشی بە تەواوی ئاڵۆزی ناوچەیی هەین. ئێمە جارێكی دیكە جەخت لەسەر هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ خەباتێكی ئازایانە كە ئێوە بۆ جێگیركردنی دێموكراسیو رەچاوكردنی مافەكانی مرۆڤو هەروەها دژی رێژیمێك كە هیچكات لە دەستبردن بۆ كردەوەی توندوتیژانە، بێبەزەییانەو سەركوت دژی هێزە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكانی ئێران خۆی نەپاراستووە دەكەین.

تاوانی ئەم هێزانە تەنیا ئەوەیە كە خوازیاری حكومەتێكن كە پێبەندی یاسا، دەستبەركردنی ئازادییە بنەڕەتییەكان، بە تایبەتی ئازادییە سیاسییەكانو هەروەها ئازادییەكانی مافو كەرامەتی مرۆڤ بۆ ژنان بێ.

هیوای سەركەوتنی تەواو بۆ كارەكانی كۆنگرەكەتان دەخوازینو جارێكی دیكە پێ لەسەر مەیلو ویستی خۆمان لەسەر درێژەدان بە هاوكاریو پێوەندیی لەمێژینە لەگەڵ حیزبەكەتاندا دادەگرین.

لەگەڵ گەرمترین سڵاوی دۆستانە

**حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە**

**پاریس - ٢ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی حیزبی سەوزەکانی فەڕانسە

دۆستانی خۆشەویست!

کۆنگرەکەتان لە هەلومەرج و بارودۆخێکی تایبەت و هەستیاردا دەبەسترێت. لە لایەک ڕێژیمی ئێران بە سەرۆکایەتیی مەحموود ئەحمەدی نژاد، هیچکات بە ڕادەی ئەمڕۆکە، لە پەراوێز و تووشی ناکۆکی و ئاریشە نێوخۆیی‌یەکان نەبووە. سەرەڕای ئەوەیکە، ئەحمەدی نژاد وەك یەکێك لە خراپترین و گوێ لە مستترین مۆرەکانی ڕێژیمی ئاخووندی، وەکوو یەکێك لەو مۆرانەی کە لە سەردەمانی پاش خومەینیدا لە جینایەتە بێ‌ئەژمارەکاندا دەستی هەبووە، وەك مۆرەیەکی بەرچاوی شێوازی سەرکوتی ئاشکرا کە بە پشتیوانیی بێ‌ئەملاوئەولای خامنەیی بە دەسەڵات گەیشتووە، هەروا درێژە بە سەرکوت و کوشتاری تەواوی ئەو کەسانەی کە ئامادەی ملکەچبوون و قبووڵی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە مەزهەبی ـ نیزامییە نین، دەدا. لە لایەکی دیکەوە، کۆنگرەی ئێوە، پاش پێنج ساڵ دوای هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق، وەك یەکێك لە مەسەلە ئیستراتێژیکەکان لە ئاستی جیهاندا، بەڕێوە دەچێت. لەو کاتەوە کە ئامریکا، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەو زلکاوەی کە بە دەستی خۆی تێی کەوتووە ڕزگار بکات، لە هەوڵی ناسەقامگیرکردنی تەواوی ناوچەکە، بە تایبەت ئێران دایە. "جۆرج بووش" سیاسەتی یەك بان و دوو هەوای بەکار هێناوە. دەست بە سەر سامانی وڵاتە داگیرکراوەکاندا دەگرێ، لە تەواوی ناوچە هەستیارەکان دا بنکەی نیزامی و سەربازی دادەنێت.

شەڕی سەلیبی دژی تەوەری شەڕ وەڕێدەخات کە سنوورەکانی ناڕوونن! جیهان بەرەو شەڕێك دەباتە پێش کە نە کۆتایی دیارە و نە سنوورەکانی. ستراتێژیی جۆرج بووش کە لە سەر بنەمای ناردنی دێموکراسی لە ڕێگای چەکەوەیە، خۆی لە بیچمی پرۆسەیەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەدا دەبینێتەوە، بەرەوپێش دەبرێ. دیکتاتۆریی مەلا کۆنەپەرستەکانی ئێرانی بە دەردی شەڕی سەلیبی و پێشگیرانەی "نێئۆ کۆنسرواتۆرەکانی" ئامریکا دێت. هەردوولایەن، دەزانن کە چۆن لەگەڵ یەکتری هاوکاری بکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هێزە نیزامییەکانی لە ناوچەکەدا سەقامگیر دەکا و گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا هەڵسوکەوت دەکا. ئەگەر ئەو بەرژەوەندییانە لە لایەن

دیكتاتۆریی مەلاكانەوە دابین بكرێ، وڵاتە یەكگرتووكان كارێك ناكات كە ئەو بەرژەوەندییانە لە درێژخایەندا بكەونە مەترسییەوە. بەڵام بە پێچەوانە، ئەگەر رێژیمی مەلاكان ببێتە لەمپەری سەر رێگایان، وڵاتە یەكگرتووەكان بە گوشارو كەرەستەی پێویست دژیان هەڵوێست دەگرێ.

هەر بەم هۆیەوە ئامریكایی‌یەكان لە بەكارهێنانی ئەو بیانووانەی كە بۆ شەڕ دژی "سەدام حوسێن" كەڵكیان وەرگرت، دوو دڵی نیشان نادەن، ئەڵبەت بە گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی تازەدا لەو چوارچێوەدایە باس لە سەر بەرنامەی ناوكیی ئێران گرینگییەكی تایبەتی هەیە.

حیزبی سەوزەكانی فەڕانسە، لایەنگری رۆژهەڵات ناڤینێكی بێ چەكی ناوكییەو ئەو هەڵوێستە هەموو وڵاتانی ناوچەكە لەوانە: ئیسرائیلو پاكستانیش دەگرێتەوە كە پێویستە دەست لە دروستكردنی چەكی ناوكی بكێشنەوەو بە پێی پەیماننامەی پەرەنەدان بە چەكی ناوكی كار بكەن.

هەر ئەو زلهێزانەی كە لە ساڵەكانی ٧٠ی زایینی‌دا، ئێرانیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەكی ناوكی هان دا، هەنووكە بانگەشەی ئەوە دەكەن كە دەیانهەوێ ئەو چەكە لە كۆماری ئیسلامی قەدەغە بكەن. گومانی تێدا نیە كە ئەحمەدی‌نەژاد بە كەڵكوەرگرتنی ئەبزاری، لە غرووری خەڵكی ئێران دەیهەوێ ئەو چەكە لە خزمەت بەرژەوەندییەكانی رێژیم دا بەكار بێنێ.

لە نێوان ماوەشدا، ئاغای بووش لە هەوڵی ئەوەدایە كە جۆرێك ئیمپراتووریی عوسمانی دروست بكات كە لە ژێر چەتری ئامریكادا بێ. ئەو سیاسەتە، وەك دەیبینین لە مەڕ عێراق درێژەی هەر ئەو سیاسەتی ژێر پشتگیرییەی بریتانیاو فەڕانسە لە ساڵەكانی ٢٠دایە. لە راستیدا نێئۆ ئیمپرالیزم، فۆرمۆلە ئامریكایەكەی هەمان سیاسەتی داگیركەرییە كە لە سەدەی بیستەمدا بەكار براوە. ئامانجی راستەقینەی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئامریكا لە ئێراندا، بە هیچ شێوەیەك پەرەدان بە دێموكراسی نیە، بەڵكوو دەستپێكردنەوەی هەمان كارە كە رێكخراوی سیا لە ساڵەكانی ٥٠ی زایینیدا دەیكردو ئەویش لە ژێر كۆنترۆڵ گرتنی سەرچاوەگە ستراتێژیكەكانی ئێران. یانی زاڵبوون بە سەر رێگاكانی ناردنی نەوتو گازەدا.

ئــەو سیاســـەتە، سیاســـەتێکی مەترســـیدارە، چـــوونکە دەبێتـــە هـــۆی بـــەهێزکردنی ئوولتراکۆنسـ‌ـرواتۆرەکانی ڕێـژیم. بـەو مانایـە کـە ڕێـژیم لـە ژێـر نـاوی خـەبات دژی دەسـت تێوەردانەکانی ئامریکادا، کەش‌و هەوای چوونە پێشەوە بـەرەو دێموکراسـی، بـە زیـاترکردنی سەرکوت دادەخات.

ئەم سیاسەتە مەترسیدارە، چوونکە مافە نێونەتەوەیی‌یەکان دەخاتە ژێر پێ‌و هیچ ڕۆڵێـك بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێشگیری لە پێکۆڵەکان دانانێ. ئـەو سیاسـەتە، ئیـزن بە هەر وڵاتێك دەدا کە وەکوو ئامریکا لە عێراق دا، لە ژێر ناوی هەنگاوی پێشگیرانەدا هێـرش بکاتە سەر دراوسێکانی خۆی. ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران کە لە شـەڕی ئێـران‌و عێراقـدا گیـانی ڕزگار بوو، دەتوانێ لە کـاتی مەترسـیی نێوخۆییـداو لـە بەرامبـەر شۆڕشـێکی دێموکراتیکـدا، شەڕ لە سنوورەکانی خۆیدا هەڵ گیرسێنێت.

کۆمـەڵگای نێونەتـەوەیی دەبـێ یارمـەتیی گـەلانی ناوچـەکە بـدا. بـە بـێ دەسـتێوەردانی وڵاتانی بێگانەو شەڕ کە لە راستیدا چەندین دەیەیە بۆتە ئازارو برینی سەرەکیی ناوچەکە، تا بتوانن چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن‌و لە شەڕی دیکتاتۆرەکـان ڕزگاریـان بێـت. لـەو بوارەدا، ئورووپا دەتوانێ بە گرتنە بەری سیاسەتێکی وشیارانەو گوشاری دێموکراتیکانـە بـۆ سەر ڕێژیمی ئێران، ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ئورووپا نابێ ڕێژیمی ئێـران لـە پـەراوێز بـاوێ، نابـێ تـەنیا خۆشـی بـە دیـالۆگی بنیاتنـەرەوە ببەسـتێتەوە. ئورووپـا دەبـێ جیـا لـە تـەواوی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، پشتیوانی لە هێزە دێموکراتەکانی ئێران بکات.

حکوومەتی فەڕانسەو پارلمانی ئەو وڵاتە، بـە هاوکـاریی یەکیـەتیی ئورووپـا پێویسـتە کـە سەرەنجی تایبەت بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران بدەن‌و دەست بە داهێنانگـەلێك بکـەن کـە بـەم شـێوەیە نیشـانی بـدەن کـە داهـاتوو پێوەندییـەکی بـە یـاریی فراکسـیۆنەکانی نێـو ڕێژیمەوە نیە. بەڵکوو بۆ ئەوان هەنگاوو هەڵوێسـتەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی کـە هێـزو وزەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەوانەوە سەرچاوەی گرتوو لە پلەی یەکەمدایـە، جێگـای سـەرنجە. کۆمپانیا فەڕانسەیی‌یەکان بۆ نموونە: کۆمپانیای تۆتاڵ (TOTAL) دەبێ لـەو بـوارەدا زیـاتر وشیار بن‌و ئاگایـان لـە بەرپرسـایەتیی خۆیـان لـە هەمبـەر پێشـهاتە سیاسـی، کۆمەڵایـەتی‌و

ژینگەیی‌یەکانی دەرەنجامی چالاکییەکانیان بێ. ئاڵترناتیڤی دێموکراتیك لە بەرامبەر ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران‌و کێشەی دەستێوەردانی ئامریکادا، تەنیا تایبەت بە ئێران‌و ئێرانییەکان نیە. کۆمەڵگای مەدەنی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا تووشی ئاریشەو گیرو گرفتی هاوشێوەیە کە یەك لە سێی خەڵکی شارنشین لە خۆ دەگرێت. بەشێك لە چینە مامناوەندییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەبوو لە سێبەری بە جیهانیبووندا بە نان‌و ئاوێك بگەن نەك تەنیا هیچیان دەست نەکەوتووە، بەڵکوو هێزو دەسەڵاتی ئەوانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی کەمبوونەوەدایە.

دۆستانی بەڕێز!

خەباتی ئێوە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆتان، بە روونی دەری دەخات کە هەتا تەواوی گەلانی‌ئێران بەتایبەت گەلی کورد بە هەموو مافە فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی نەگات، لە سەقامگیری‌و گەشەسەندنی راستەقینە لە ئێراندا، هەواڵێك نیە. خەباتەکەتان کە دێموکراسی لەگەڵ مافەکانی کورددا گرێداوە، لەو بوارەدا نموونەیەو هەروەها خۆتان دەزانن ئێمە بە تەواوی پشتیوان‌و پشتگیری خەباتەکەتانین.

دۆستانی خۆشەویست!

مەبەست پشتیوانی لە گرووپێك دژی گرووپێکی دیکە نیە، بەڵکوو مەبەست یارمەتیدانی گەلانی ئێرانە، بۆ ئەوەی بتوانن بە قۆرتنەوەی تەواوی هەلەکان، ویستی خۆیان لە ڕێڕەوی سیاسەتێکی جێگای پەسەندی زۆربەی خەڵکدا بێننە دی. سیاسەتی پێشکەوتن بەرەو دێموکراسی، حکوومەتی یاسایی‌و جیایی دین لە دەوڵەت.

بە پاراستنی ئەسڵی ویلایەتی فەقیه، کە بە شێوەی دوگمێکی نەگۆڕی لێهاتووە. ڕێژیمی ئێران شیاوی گۆڕان‌و گۆڕانکاری نیە، چوونکە لە سەر ئەو بنەمایەیە کە فلان‌و فیسار کەس، دژبەری لە خۆ بەربژارکردن لە هەڵبژاردندا بێ بەشی دەکات. دێموکراسی تەنیا لە کاتێکدا لە ئێراندا ساوکە دەبێ پرسی لائیسیتە واتە جیای دین لە دەوڵەت‌و پرسی دارشتنی دێموکراتیکی دەزگای دەوڵەت چارەسەر کرابن .

ریفۆرمخوازان رەوایی خۆیان لە ئاکامی دۆڕاندنی ململانێکاندا لە رێرەوی دەستەبەرکردنی مافە دێموکراتیکەکانیاندا، لە دەست دا. بەڵام ئەوە کۆتایی کێشەو گرفتەکان نیە، ویستو داخوازییو دەنگگەلێکی دیکە بەرز دەبنەوە، هەروەك دەبینین کە دەنگی بووتیمار لایەنگری ژینگە بەرز بۆتەوە ئێوەش لە ژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا، لەگەڵ هەموو ئەو رێکخراوانەی کە بۆ خەبات دژی رێژیمی دیکتاتۆری ئاخوونـدیو دابینکردنی مافە دادپەروەرانەکانی گەلانی ئێران راپەڕیون لە دەوری یەکتری کۆ بوونەوە، نیشانتان داوەو نیشانیش دەدەن کە ئەو هاوارە دادپەروەرانەیە هیچکات کپ نابێ.

دۆستانی بەڕێز!

هیوادارین کە کۆنگرەی داهاتووی حیزبەکەتان لە کەشو هەوایەکی ئازاد لە کوردستانی رزگارکراودا بەڕێوە بچێتو ئێمەش بە بەشداری لە کۆنگرەکەتان بیرو بۆچوونی خۆمان دەربڕین.

بژی یەکگرتووی نێونەتەوەیی

لەگەڵ سڵاوی برایانەدا

**پاتریك فاربیاز، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانو**

**نوێنەری حیزبی سەوزەکانی فەڕانسە**

**لە فۆرمە نێونەتەوەییەکان بە ناوی Altermondialisation**

## پەیامی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی بەڕێزی سوسیال دێموکرات!

لەگەڵ ئاراستەی سڵاو بۆ کۆنگرەکەتان پشتیوانیی خۆمان لە خەباتی بێوچانتان لە پێناو ئازادیو دێموکراسی، ئەویش لەو هەلو مەرجە دژوارەی کە ئێوەی تێدان دەر دەبڕین.

گرتنی کۆنگرەکەتان لە خۆیدا سەنەدێکیترە بۆ ئیسباتی دێموکراتبوونی حیزبەکەتان.

ئێمە وەك حیزبی سوسیال دێموکراتی وڵاتی سوئێد لەگەڵ هەموو ئۆرگانەکانی سەر بە حیزب داوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەکەین.

**ماریا ئولوسکوگ، سکرتێری حیزب**

**ئان لیندە، بەرپرسی پێوەندیی نێونەتەوەیی حیزب**

**٢٠٠٨/٦/٢٧**

## پەیامی حیزبی سیناسپیمۆس

## (حیزبی هاوپەیمانیی بزاڤەکانی چەپو لایەنگری ژینگە)

بەڕێز خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان لە دەرەوەی وڵات!

هاوڕێی بەڕێز!

وێڕای گەرمترین سڵاوەکان بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزبو ئاواتی سەرکەوتن لە کارەکانی کۆنگرەدا. هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی ڕەوای حیزبەکەتان لە ڕێڕەوی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، دێموکراسی، دادپەروەریو ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینداو هەروەها دژی ڕێژیمی سەرەڕۆو دەستێوەردانە دەرەکییەکان رادەگەیەنین.

لەگەڵ سڵاوگەلی دۆستانەدا

**دێپارتمانی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی سیناسپیمۆس، Synaspimos**

**ئاتێن - ١٨ی ژوئیەی ٢٠٠٨**

# پەیامی یەکیەتیی چەپی فینلاند

دۆستانی بەڕێز!

ئاواتی باشترین سەرکەوتن بۆ هەوڵو خەباتێك کە لە ڕێڕەوی دامەزرانی جیهانێك لەسەر بنەمای دادپەروەرییو هاوپێوەندی بەرەوپێشی دەبەن، دەکەینو خوازیاری باشترین دەستکەوتەکان بۆ کۆنگرەی چواردەی حیزبەکەتانین.

هاوپێوەندی لەگەڵتاندا دەردەبڕین.

**مارتی کوورهوونێن،** Martti Korhonen

**سەرۆکی یەکیەتیی چەپی فینلاند**

**سیریپا پووهاکا،** Siripa puhakka

**سکرتێری گشتیی یەکیەتیی چەپی فینلاند**

**هێلسینکی ـ ١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی پارتی سوسیالیستی گەلی دا نمارك

دۆستانی بەڕێز لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئێمە لە پارتی سوسیالیستی گەلی دانمارك، سەرفرازین بەوەی کە دەتوانین گەرمترین سڵاوی خۆمان پێشکەش بە ئێوە بکەین و ئاواتەخوازین کە کۆنگرەی چواردەتان لەم هاوینەدا پڕ لە سەرکەوتن بێ.

هیوادارین کە دوارۆژ سەرکەوتن بۆ حیزبی ئێوە، ئاشتی بۆ ناوچەکەتان و ئەمنییەت بۆ گەلی کورد بەدیاری بێنێ. ئێمە هەروا درێژە بە پێوەندیمان لەگەڵ حیزبی ئێوە دەدەین و بە جیددی هەوڵ دەدەین بە هەموو توانامانەوە پشتیوانی لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ئێران، تورکیەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەین. پارتی سوسیالیستی گەل، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازێ لە تێکۆشانی داهاتووتاندا.

بە نوێنەرایەتی لەلایەن بەڕێز "ویلی سوێندال"

سەرۆکی پارتی سوسیالیستی گەل

بە گەرمترین سڵاومان

**ئینگێ دووس یۆرتلۆند، سکرتێری کاروباری نێونەتەوەیی**

# پەیامی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ، SV

سـڵاوی حیزبـی سوسیالیسـتی چـەپو بەرپرسـی پێوەندییـە نێونەتەوەیی‌یـەکانی SV، (Ivar yohansen) بۆ حدکاو کۆنگرەکەی.

کوردەکانی ئێران ئەمڕۆ لە دۆخێکی دژوار و چەتووندا دەژین. مـافی خوێنـدن بـە زمـانی زگماکیو پەرەپێدانی فەرهەنگی بۆ کوردەکانی ئێران نیـەو لەلایـەن کاربەدەسـتانی ئێرانـەوە بەتوندی دژایەتی لەگەڵدا دەکرێت.

لەو وڵاتەدا کوردەکان مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی خۆیانیان نیەو میدیای ئازادیش هەلو دەرفەتی کارکردنی پێ نادرێت. هەر کوردێك کە خوازیاری مافە بنچینەیی‌یەکانی خـۆی بێت، لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە تووشی توندوتیژی، ئەشـکەنجە، گرتووخانـەو تەنانـەت ڕووبەڕووی مەرگیش دەبێتەوە. ئێمە وەك حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ لەو باوەڕەداین کە، بارودۆخی کوردەکانی ئێران جێی نیگەرانییە.

ڕێژیمی ئێران دەبێ ڕێز لە مافەبنەڕەتییەکانی کوردەکان کە لە جاڕنامەی جیهـانیی مـافی مرۆڤـی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا هـاتووە، بگرێـت. حیزبـی سوسیالیسـتی چـەپ و کوردەکانی ئێران پێکەوە، حەز و ویستێکی هاوبەشیان لە خەبات بۆ دابینکردنی مـافی مـرۆڤ لە ئێراندا هەیەو، هەروەها باوەڕی هاوبەشیان بـۆ چارەسـەری کێشـەکان، بـەر لەهـەر شـتێك لەڕێگای ئاشتییەوە هەیە.

هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی یەکێك لەو ئەسڵەسەرکیو بنەڕەتییانە بـوو کـە حیزبـی ئێمـەی لەسەر دامەزراوەو هەنووکەش یەکێ لەو مژارە گرینگانەیە کە SV بایەخی پێدەدا.

هاوپێوەنـدیی SV و کوردەکـانی ئێـرانو بـاوەڕ بـەوە کـە ئێمـەو ئێـوە تێکۆشـانێکی هاوبەشمان بۆ ئازادیو ئاشـتی لـەنێوان گـەلانی جیهانـدا هەیـە، بابـەتێکی بنەڕەتییـە. ئیڤـار یووهانسـن Ivar Yohansen، بەرپرسـی پێوەندییـە نێونەتەوەییـەکانی SV، وێـڕای هـەموو ئەنـدامانی SV، پیرۆزبـایی بەسـتنی کـۆنگرەی چـواردەیەمی PDKI دەکـاو هیـوادارین کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و پڕبەرهەمتان هەبێ.

٢٠٠٨/٨/٢٤

# پەیامی ئیلیزابێت دێکری وارنێر، سەرۆکی ژنێڤاکاڵ

بەڕێزان نوێنەرانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ژنێڤاکاڵ، پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە حیزبی دێوکراتی کوردستانی ئێران دەکاو بە بۆنەی گرتنی چواردەهەمین کۆنگرەی‌و ئاواتەخوازە ئەم کۆنگرە هەنگاوێکی بەسود بێ بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاشتی‌و مافی مرۆڤ بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران.

ژنێڤاکاڵ لەم دەرفەتە کەڵك وەردەگرێ‌و پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا بە هۆی ئیمزاکردنی پشتگیری لە قەدەغەکردنی تەواوی مینی دژە نەفەرو هەروەها هاوکاریکردنی بۆ خاوێنکردنەوەی مین لە ڕێکەوتی ٤ی دێسامبری ٢٠٠٧ لە ژنێڤ لە لایەن بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو ئیمزایەو دەستهەڵگرتن لە بەکارهێنانی ئەو چەکە کوشەندەیە، هۆگریی تەواوی خۆی بۆ پشتگیری‌کردن لە خەڵکی مەدەنی پیشان داوە. سەرەڕای ئەوەیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نۆرمە مرۆڤایەتییەکان بە تایبەت یاسا نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤایەتی‌و مافەکانی مرۆڤ پێبەند بووەو لە هەموو قۆناخەکانی خەباتدا ڕێزیان لێدەگرێ.

ژنێڤاکاڵ بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هان دەدا هەتا ڕێبەرایەتییەکەی‌و ئەندامانی ڕابێنێ‌و بۆ خاوێنکردنەوەی ئەو ناوچانەی مینی تێدایە، هاوکارییان دەکا. ژنێڤاکاڵ داوا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا لە ڕێگای پێوەندییەکانی‌و کاریگەریی خۆیەوە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی‌و ئێرانی بە قەناعەت بگەیەنێ کە بەو پرنسیپە پێبەند بن‌و بە ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستە بچنە چوارچێوەی شوورای نەتەوەکانەوە یان هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە.

جارێکی دیکە بە بۆنەی پێداگریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر نۆرمە مرۆڤایەتییەکان پیرۆزبایی لەو حیزبە دەکەین. ژنێڤاکاڵ ئاواتەخوازی سەرکەوتنی کۆنگرەی چواردەهەمی ئەو حیزبەیە.

**ئیلیزابێت دێکری وارنێر، سەرۆکی ژنێڤاکاڵ، ١ی جوولای ٢٠٠٨**

# پەیامی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

لەوەی کە ئێمەتان لە گرتنی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاگادار کردەوە، لە لایەن حیزبی سوسیال دێموکراتو خۆمەوە، زۆر سپاستان دەکەم. حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش خراپیی بارودۆخی وڵاتەکەی ئێوە بە وردبینییەکی زۆرەوە رەچاو دەکاتو لەگەڵ ئێوەدا دۆستایەتیو هاوپێوەندیی خۆی دەردەبڕێت. ئێمە بە تەواوی لەو پرنسیپو نەریتە دێموکراتییانە ئاگادارین کە بە سەر ژیانی نێوخۆییو رێکخستنی ئێوەدا زاڵن. ئەگەرچی ناتوانین لە کۆنگرەکەتاندا ئامادە بین بەڵام بۆ حیزبەکەتان ئاواتی گرتنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووو پڕبەرهەم دەخوازینو دڵنیاین کە کۆنگرە بناخەکانی سەرکەوتنی حیزبەکەتان لە داهاتوودا دادەڕێژێت.

وێڕای سڵاوی برایانە

**ئاندرەئاس شیدێر**

**سکرتێری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش**

**وییەن - ٢٥ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی کەسایەتییە

# بیانییە دۆستەکانی

# حیزبی دێموکرات

# بۆ کۆنگرەی چواردەهەم

# پەیامی دوکتور بێرنارد گرانژۆن

دۆستانی بەڕێز!

لە شوێنە دوورەکاندا، لە نێوان چیاکانی کوردستاندا، ئەو چیایانەی کە بۆ ئێمە سەرچاوەی بیرەوەرییە شیرینەکانن، چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک دێ. ژمارەیەک لە مرۆڤە خاوەن ئیرادەکان کە بە ئازایی بۆ جەهانێکی باشتر لە ڕێڕەوی دادپەروەری، ئاشتیو دێموکراسیو پێبەندیی بە مافەکانی مرۆڤو بە فەرمی ناسینی تایبەتمەندییە فەرهەنگیو شوناسییەکان خەبات دەکەن. لە دەوری یەکدی کۆ دەبنەوە تا ئەم ئوسوولو بایەخانە لە شێوەی بەرنامە بۆ چالاکیی داهاتوو بخەنە ژێر تیشکی باسو لێکدانەوەوە. خەبات بۆ جەهانێکی باشترو کوردستانێکی ئازاد کە ئەم بایەخو ئوسوولانەی تیا ڕەچاو بکرێن، بەرنامەیەکی بەرینە کە شایەت بۆ کەسانێکی زۆر لە خەونێك زیاتر نەبێ، بەڵام بۆ خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات کە ئێمە لە نزیکەوە ئاشنای ئازایەتی، بەردەوامیو ڕاوەستاوبوونیانین نەتەنیا خەون نیە، بەڵکوو شیاوی بەدەستهێنانو دەستڕاگەیشتنە. گرێک کە ئەم خەباتگێڕانە لەسەر گردەکانی کوردستان وەك گڕەکانی نەورۆز هەڵیان گرساندووە، سەرتر لە کوردستانی ئێران هێمای هیواداری بۆ سەرجەم گەلانی جیهانو هەڵگری بەرپرسایەتییەکی قورس بۆ دەستپێکردنی بڵێسەی ئەم گڕەیە.

ئێمە لە ناخی دڵەوە ئاواتەخوازین کۆنگرەی ئێوە لە کەشێکی هێمنو بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پڕ بەرهەم لە ڕێڕەوی بەدەستهێنانی ئامانجەکانو بایەخەبەرزەکانتان بەرەوپێش بچێو ببێتە هۆی یەکیەتیی ئێوە لە دەوری ئامانجە بەرزەکانی ئازادیو دێموکراسی کە دوکتور قاسملوو هەڵی بژاردبوو.

لەگەڵ پێشکەشکردنی سڵاوەکانی تەواوی ئێکیپی پزیشکانی جیهان

**دوکتور بێرنارد گرانژۆن، سەرۆکی پێشوو و سەرۆکی ئیفتیخاریی ئێستای ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان - مارسی**

**١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

## پەیامی خاتوو "کلاودیا رۆت" Claudia roth،

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حدکا !

بەشدارانی بەڕێز،

دۆستانی خۆشەویست،

کۆنگرەی ١٤ی حدکا لە کاتێکی دژواردا بۆ وڵاتەکەتانو خەڵکی ئەوێ بەڕێوە دەچێ. دەسەڵاتی ناوەندی دیارە هەموو ئەهرۆمەکانی ئابووریو سیاسی لە ئیختیاردایە بەڵام توانای چارەسەرکردنی خێرای موشکیلە ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی نیە.

بێجگە لەوەش شایەدی پێشێلکارییە بەربڵاوو نەهادینەکراوەکانی مافی مرۆڤین کە رۆژانە لە هەموو بەشەکانی وڵات دا دەخولقێندرێن.

بێحورمەتیو پێشێلکردنی مافەکانیمرۆڤ لە ئێران دا تەنیا بە بواری سیاسی مەحدوود نابنەوە بەڵکوو مافە تەواو سروشتییەکانی کولتووریش دەگرنەوە. لەوانە مافەکانی کەمایەتییە قەومییەکان لە ئێرانو هەروەها کەمایەتییە مەزهەبیو جینسییەکانیش.

حدکا یەکێك لە رەسەنترینو بەرابردووترین خەباتگێڕان بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کەمایەتییە قەومییەکان لە ئێرانە. بە لە بەرچاوگرتنی پەرەئەستاندنی گلوبالیزمو ئۆگریی گشتیی هەموو هێزە دێموکراتەکانی ئێران، ئێوە بە پێداگرتن لە سەر بایخە دێموکراتیکەکان لە بەرامبەر وەدیهینانی ئەو ئامانجامە دا بەرپرسایەتییەکی تایبەتیتان لە سەر شانە. رەدکردنەوەی ماجراجوویی نیزامیو سووربوون لە سەر ئەسڵی دووری لە توندو تیژی بە شێك لەو بایەخەن.

رەوتێکی باشو بڕیاراتی روو لە داهاتووو رێنوێن بۆ کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازم.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانە

**کلاودیا رۆت، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمانو**

**ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئاڵمان**

**ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی بەڕێز كریستۆف پێرۆن

بەڕێز كاك مستەفا هیجری!

كاك خوسرەوی بەڕێز!

وەك سەرۆكی پێشووی ڕێكخراوی هاوكارییە دەرمانییە نێونەتەوەییەكانو ئەندامی ڕێكخراوی پزیشكانی جیهانی، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بۆ ئێوەو تەواوی ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هیواخوازم كە كۆنگرەكەتان كۆنگرەیەكی چارەسازو پڕدەستكەوتو پڕبەرهەم بێت.

بارودۆخی كوردستانی ئێران بە شێوەی ئێستا جێگای خۆشحاڵی نیە، هەڵبەت لە بەراورد لەگەڵ كوردەكانی عێراق كە بە خودموختاری گەیشتوونو توانیویانە هێدی هێدی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایدا ئاشتیو ئازادی سەقامگیر بكەن. مخابن كوردەكانی كوردستانی ئێران تاكوو هەنووكە ئەو دەرفەتو شانسەیان بۆ نەڕەخساوە.

بۆ نەتەوەكەتان سەقامگیربوونی ئاشتیو ئازادی لە چوارچێوەی كوردستانێكی ئازادو خودموختاردا هێواخوازمو دڵنیاشم كە ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ دەستەبەركردنی مافەكانیان لە هیچ خەباتو تێكۆشانێك درێغ ناكەن.

نەبوونی ئیمكانی چالاكیی ڕێكخراوە ناحكوومییەكان لە نێوخۆی ئێراندا، ئەو ئیزنە بە ئێمە نادات كە لە پاڵ خەڵكی كورد، لە ئێراندا بین وەك رابردوو چڕتر لە جاران یارمەتیتان بدەین. بەڵام دڵنیا بن كە ئەگەر ڕۆژێك وەها هاوكارییەك پێویست بكات، ئێمە بە شانازییەوە هەموو ئیمكاناتی دەرمانی لە ئیختیاری گەلی كوردن دەنێین.

بە هیوای گرتنی كۆنگرەیەكی پڕدەستكەوتو پێشكەشكردنی گەرمترین سڵاوەكان

**دوكتور كریستۆف پێرۆن** D. Christofhe perrok

**سەرۆكی پێشووی ڕێكخراوی هاوكارییە دەرمانییە نێونەتەوەییەكان** (A.M.I)

**پاریس ـ ٢٢ی ژووئیەی ٢٠٠٨**

# پەیامی بەڕێز خاتوو "ئووتا تساپف" Uta Zapf

زۆر بەڕێز مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حدكا!

بە بۆنەی پێكهێنانی ١٤هەمین كۆنگرەی حدكاوە سڵاوی هاوپێوەندیی فراكسیۆنی حیزبی سوسیال دێموكرات لە پارلمانی ئاڵمانو هەروەها سڵاوی دۆستانەی شەخسیی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم.

ئێشو ئازاری گەلی ئێوەو خەباتتان بۆ ئاشتیو ئازادی، هەمیشە هاودەردیو هاوپێوەندیی ئێمەی لەگەڵە.

گەلی ئێوە دەیان ساڵە بە هیوای گەیشتن بە ئازادی، ڕێزلێنانو پاراستنی كەرامەت، بە هیوای ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤو ئاشتی تێدەكۆشێ. ئێمە لە هەوڵەكانتاندا بۆ وەدیهێنانی ئەو بایەخانە لە پەنای ئێوەداین.

باسو لێكدانەوەی باشو بڕیاری ژیرانە بۆ كۆنگرەكەتان بە ئاوات دەخوازین.

هیوای قووڵم ئەوەیە كە وڵاتانو گەلانی ناوچەكەتان چارەسەرێك بۆ موشكیلاتەكانیانو ڕێگا بۆ پێكەوەژیانێكی ئاشتیخوازانە بدۆزنەوە.

لە پشتگیریو هاوپێوەندیو دۆستایەتیی ئێمە دڵنیابن.

**لەگەڵ سڵاوی هاوپێوەندییانە**

**ئووتا تساپف، (حیزبی سوسیال دێموكراتی ئاڵمان)، سەرۆكی "كۆمیسیۆنی چاكداماڵینو كۆنترۆڵی تەسلیحاتی"و هەروەها ئەندامی "كۆمیسیۆنی پێوەندییەكانی دەرەوەی پارلمانی ئاڵمان"**

**١٩ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

## پەیامی بەڕێز دوكتور كریستینا كۆیڤوونێن

سڵاو لە كۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانو خەباتی گەلی كورد لە ئێران لە پێناو ئازادیدا.

وڵاتانی رۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ كێشەی كورد بەتایبەت كێشەی كورد لە ئێراندا بێدەنگن. هیوادارم ئەو بێدەنگییە بە زوویی كۆتایی پێ بێت. هیوای سەركەوتن بۆ چواردەهەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران دەخوازم.

**هێلسینكی - ٢٦ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

**دوكتور كریستینا كۆیڤوونێن، كۆمەڵناسو نووسەر لە پێوەندی لەگەڵ كێشەی كورددا**

*******

## پەیامی رێزدار كریس هانا، ئەندامی پارلمانی ئوستralیا

بەڕێز مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

سكرتێری گشتیی خۆشەویست!

بە بۆنەی چواردەیەمین كۆنگرەی حیزبەكەتانەوە، گەرمترین سڵاوەكانم بە ئێوەو گشت نوێنەرانی بەشدار لە كۆنگرەدا پێشكەش دەكەم.

هیوادارم ئەم كۆنگرەیە لە رێڕەوی یەكیەتیو دابینكردنی ئامانجەكانی گەلی كورد لە ئێراندا سەركەوتوو بێ.

دڵنیام ئەم كۆنگرەیە سەرچاوەی هاوكاریی سەرجەم نوێنەران بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەكانی كورد لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكو فێدراڵدا دەبێ.

بە تەواوی هاوبیرتانمو ئاواتی پڕ بەرهەمترین سەركەوتن بۆ كۆنگرەی چواردەی حیزبەكەتان دەخوازم.

دۆستی وەفاداری ئێوە

**كریس هانا، Kris hanna، ئەندامی پارلمانی ئوسترالیا**

**٢٤ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی ئوولریکه لووناچێك

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز جەنابی سکرتێری گشتی!

پارتی سەوزی ئوتریش زۆر بە وردی بەداوداچوونی ڕووداوەکانی ئێران دەکات. لەو پێوەندییەدا، نەتەنیا کێشەی پرۆگرامی ناوکیی ئێران ئێمەی بەو خۆوە خەریك کردووە، بەڵکوو پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بە تایبەت مافی ژنان، کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانو کۆمەڵایەتییەکان (هۆمۆ سێکسوێلەکان) و ڕۆژنامەوانانو بەرتەسکبوونەوەی هەرچی زیاتری جموجۆڵی سیاسیی جیابیران لەو وڵاتەدا بۆتە هۆی نیگەرانیی زۆری ئێمە.

وەك بینیمان هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی پارلمان لە ئێراندا، زۆر نادێموکراتییانە بەڕێوە چوون. هەموو ئەو کاندیدانەی کە وەك ڕێفۆرمخواز نێویان لێدەهێنرا مافی خۆپاڵاوتنیان پێنەدرا. پارتی سەوزی ئوتریشیش وەك حدکا لەو باوەڕەدایە کە تەنیا ڕێگاچارە بۆ ئێران، پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتو ئازادیخوازی ئەو وڵاتەیە کە دەتوانێت ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێك بێنێت.

بەڕێزان، پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی ١٤ی حدکا دەکەمو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.

ئێرانێکی پلۆرالیستو دێموکراتیك نەتەنیا لە بەرژوەندیی وڵاتانی ڕۆژئاوادایە، بەڵکوو پێش هەموو کەس لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندایە، کە ڕۆژانە مافەکانیان پێشێل دەکرێن.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانەم

**ئوولریکه لووناچێك، ئەندامی پارلمانی ئوتریش، فراکسیۆنی سەوز جێگری وتەبێژی نێونەتەوەیی پارلمان، وتەبێژی پارتی سەوز لە بواری نێونەتەوەییو سیاسەتی گەشەپێدان**

**٢٠٠٨/٦/٢٧ ـ ڤیەن**

# پەیامی کاترین کامێرۆن پۆرتێر
# سەرۆك شووڕای ڕێبەریی مافی مرۆڤ

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

وەك لایەنگری لەمێژینەی کورد، ئاشنا بە هەموو زەجرو مەینەتییەکانی خەڵکە سەربەرزەکەتان کە ساڵانێکی زۆرە دەیانچێژن، هەم. هەروەك ئاگادارن، ئەو سەرکوتە مێژووییەیە لە ئاستێکی بەربڵاودا لە ئێران بەردەوامەو ڕێژیمی تاران کەمایەتییە نەتەوییو ئایینییەکان کە لە ڕاستیدا زۆرینەی هاووڵاتییانن لە مافەکانیان بێبەش دەکات. کارەساتانە، ژنان دووقات سەرکوت دەکرێن بە هۆی ئەوەیکە هەڵاواردنی جێنسی بنیادینەو هەمەلایەنە کراوە.

من هاوشان لەگەڵ ڕێکخراوەکەم، شورای ڕێبەری بۆ مافی مرۆڤ، دەبمە پاڵپشتی خەڵکی کوردو هەموو ئێرانییەکان کە تەنیا بەهۆی شوناسیان خراونەتە پەراوێزو قۆڵبەست کروان. پیرۆزبایی لە هەوڵو تێکۆشانی ئێوە بۆ باشترکردنی ڕەوشی چەوساوەکان دەکەم کە بۆ ئامانجی بەرزی مافی مرۆڤو ئەرکەکان تێدەکۆشن.

تکایە دڵنیا بن کە دەتوانن لەسەر شورای ڕێبەری بۆ مافی مرۆڤ بۆ گەیاندنی هانای کوردو هەموو خەڵکانی دەنگ کپکراوی دیکەی ئێران بۆ واشێنگتۆن حەسێب بکەنو هەر وەك ئێمە بە کۆمەڵ بۆ تیشك خستنەسەر ناعەداڵەتییە شاردراوەکان تێدەکۆشینو ئاجێندای مافی مرۆڤی جیهانی بەرز ڕادەگرین.

**بەڕێزەوە**

**کاترین کامێرۆن پۆرتێر**

**سەرۆکی شورای ڕێبەری بۆ مافی مرۆڤ**

## پەیامی بەڕێز تیلمەن سوێلخ، Tilman Zulch

بۆ دەفتەری سیاسی، بەشدارانی کۆنگرەی ١٤و هەموو ئەندامانو لایەنگرانی حدکا !

بەڕێزان، دۆستان !

بۆ من جێگای شانازیو هاوکات خۆشحالییە کە لە ئێوەو بەشدارانی کۆنگرەی ١٤، بە بۆنەی دەستپێکردنی کۆنگرەکەتان پیرۆزبایی بکەمو سەرکەوتنی زۆرتان بۆ داهاتوو بۆ بە ئاوات بخوازم.

حدکا کە لە ١٦ی ئووتی ١٩٤٦ لە مەهاباد دامەزرێنرا خاوەنی رابردوویەکی تراژیکو خەمهێنەرە، چوونکە ئەندامانو رێبەرانی بە شێوەیەکی ترسناک خراونەتە ژێر چاوەدێری، سەرکوتو ئەشکەنجەکراون، رفێندراون، زیندانی کراونو کوژراون.

ئێمە قەت ئەو ٥٠ هەزار خەڵکی بێدیفاعو پێشمەرگانە لە بیر ناکەین کە پاش دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی خومەینی کوژران.

بەڵام حدکا خاوەنی سوننەتێکی بەرزیشە، سوننەتی خەبات بۆ ئازادیو خودگەردانی گەلی کورد لە ئێرانەو نوێنەرێکی ناسراو و لە رادەی نێونەتەوەیی جێگای رێزی پتر لە ١٠ میلیۆن کوردی ئێرانە. رێکخراوی مافی مرۆڤی ئێمە ٤٠ ساڵە پشتگیری لە مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانو داواکانی بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری و دێموکراسی، دەکا.

سەرۆکانی حدکا د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو و د.سادقی شەرەفکەندی کە لە لایەن مەئموورانی ئێرانەوە ترسنۆکانە لە ڤیەنو بێرلیندا کوژران، بۆ ئێمە لەبیر نەکراون.

چەندە قابیلی دەرکە کە گەلی کورد لە بارودۆخی ترسناکی جیاوازدا بە چەک دژی دیکتاتۆرانو بکوژانی بەکۆمەڵ داکۆکی لە خۆی کردووە، ئەوەندەش ژیرانەیە کە لە هەلومەرجی دیکەدا لە رێگای ئاشتیخوزانەوە بۆ ئامانجەکانی تێبکۆشێ.

ئێران وڵاتێکی فرەگەلییە، کورد، ئازەربایجانی، تورکمەن، عەرەب، بەلووچ، قەشقایی، لوڕی خزمی کورد، ئاسووری، ئەرمەنیو هتد... زۆرایەتیی خەڵك پێك دێنن. بەو جۆرە نیشانەگەلێك بەدی دەکرێن کە ئێران لە داهاتوودا بەسەر شوینیزمدا زاڵ ببێو ببێتە فیدراسیۆنێکی راستەقینە.

بێجگە لەوەش، زۆرایەتیی گەورەی لاوانی ئێران خوازیاری ئازادیو دێموکراسین. بۆیە داهاتوو هی خەباتی ئاشتیخوازانەی ئێوەیە. لەو پێوەندییەدا حکوومەتی هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق رێنیشاندەری داهاتوویەکی باشترە.

رێکخراوی نێونەتەوەیی داکۆکی لە گەلانی لە مەترسیی کەوتوو (GfbV) لە داهاتووشدا لەگەڵ حدکا هاوکاری دەکاو چاوەڕوانی پێشنیارەکانی ئێوەیە.

لەگەڵ سڵاوی بە دڵەوە

**تیلمەن سوێلخ، سەرۆکی رێکخراوی نێونەتەوەیی داکۆکی لە گەلانی لە مەترسیی کەوتوو**

**ئەندامانی بەڕێوەبەریی رێکخراوی نێونەتەوەیی داکۆکی لە گەلانی لە مەترسیی کەوتوو**

**٢٠٠٨/٦/٢٥**

# پەیامی بەڕێز "پاولۆ کاساکا" Paulo casaca

بەڕێز سکرتێری گشتیی خۆشەویست!

دۆستانی خۆشەویست!

بەبۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی ١٤ی حدکا نەمتوانی ئەو دەرفەتە لەکیس بدەم بەبێ ئەوەی پەیامێکی پشتیوانی لە خەباتتان بۆ وەدیهێنانی بایەخە دێموکراتیکەکان و ئاشتی، کە هەموومان بڕوامان پێیانە، بۆ بنێرم.

ئەمن رێز لە هەموو ئەو کەسانە لە حیزبی ئێوەدا دەگرم کە گیانیان لەپێناوی بەرگری لە مافەکانی کوردەکانی ئێراندا بەخت کردوەو لەگەڵ باشترین ئاواتەکانم بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیک، ئازادو پێهەڵکەر (بردبار) کە تێیدا رێز لە مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەیییەکان بگیرێ، کۆنگرەیەکی زۆر موسبەت و سازندەتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

لەگەڵ رێزمدا

**پاولو کاساکا، ، ئەندامی "فراکسیۆنی حیزبە سوسیالیستو**

**سوسیال دێموکراتەکانی پارلمانی ئوروپا"و**

**هەروەها ئەندامی "هەیئەتی پارلمانی ئوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ ئێران"**

**٢٢ی مای ٢٠٠٨**

## پەیامی "ئێلێنا بالێنسیانۆ"، Elena Valenciano

پێم خۆشە بەناوی خۆم و حیزبی سوسیالیستی کرێکاری ئیسپانیاوە جوانترین سڵاوی خۆمتان پێشکەش بکەم و کۆنگرەیەکی پڕدەستکەوت و سەرکەوتووتان بۆ بەئاوات بخوازم.

وەك سوسیالیستەکانی ئیسپانیا لەو دەرفەتە کەڵك وەردەگرین بۆ ناردنی پەیامی هاوپێوەندی، دۆستایەتیو پشتیوانی لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە ئاواتی ئەوەی کە بتوانن بەتەواویو سەربەستییەوە لە ژیانی سیاسیی ئێراندا بەشدار بن، ئێرانێك کە ڕێز بۆ ئازادییەکانی تاکەکەسیو بەکۆمەڵو هەروەها مافی مرۆڤ و بایەخەکانی دێموکراتیك دابنێ.

بەڕێزەوە

**ئێلێنا بالێنسیانۆ، سکرتێری پێوەندییەکانی دەرەوە**

**مادرید ـ ١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

## پەیامی بوودیل سێ بلووس، پارلمانتار لە حیزبی ژینگەی سوئێد

لەگەڵ سڵاو

ئێمە وەك پارتی ژینگەی سوئید هیوادارین کە کۆنگرەیەکی زیندووو سەرکەوتووتان هەبێت. هاوکات هیوای ئەوە دەخوازین کە لە باسەکانتاندا ژینگەو کاریگەری لە سەر ژیانی مرۆڤ لە بیر نەکەن. بەتایبەتی کە ئێستا لە بەرامبەر کارکردی کەشو هەوا، مەترسیی کەمبوونی خۆراكو تێکەڵبوونو یەکسانی کە هەر سێکیان گرێدراوی یەکن.

لەگەڵ ڕێزدا

**بوودیل سێ بلووس، پارلمانتار لە حیزبی ژینگەی سوئێد**

# پەیامی بەڕێز بێرنارد دووران، باڵوێزی پێشووی فەڕانسەو ڕاوێژکاری کاروباری دەرەوەو هەیئەتی دەوڵەت

برای بەڕێز، کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی!

دەتوانی لە لایەن منەوە، پەیامی ژێرەوە بە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش بکەیت.

وەك داکۆکیکاری جیددیو لێبڕاوی گەلی کوردو گەلانی ژێر ستەمی دیکەی جیهان، بۆ کارەکانی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاواتی سەرکەوتنی تەواو دەخوازمو هیوادارم کە لە کوردستانو هەموو شوینەکانی دیکەی جیهاندا، ئوسوولی مافو دادپەروەری وەك بنەمای پێوەندیی نێوان گەلانی جیهان، سەرکەوێت.

من کە بە مافی دابینکردنی چارەنووسی گەلان بە دەستی خۆیان، وەك یەکێك لە بنەماکانی شۆڕشی فەڕانسە لەساڵی ١٧٨٩دا پێبەندم، هیوای هاتنی ئەو ڕۆژە دەکەم کە گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران، ئازادانە لە سەر بە چارەنووسی خۆی بڕیار بدات.

لەگەڵ ڕێزی برایانەم

**بێرنارد دووران**

**پاریس ٦ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی خاتوو ژوولیت مانس

دۆستانی خۆشەویست!

بۆ من زۆر جیگەی خۆشحاڵییە کە ئەو پەیامەتان کە هەڵگری دۆستایەتیو پشتیوانیکردنە بۆ بەڕێ دەکەم. ساڵانێکی دوورو درێژە کە من لەگەڵ خەباتو بەرخۆدانی ئێوەدا ئاشنام. ئەو دژواریو ناخۆشییانەی کە هەروا لە گەڵیاندا رووبەڕوون، من ئازار دەدا. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە حیزبێکی بەپرنسیپو دێموکراتیکن، هیچ جۆر گومانێکی تێدا نیە کە دەتوانن خەبات دژی ناعەداڵەتییەکانو زوڵمو زۆرەکان بە لووتکەی سەرکەوتن بگەیەنن.

سەرەنجام گەلی کوردیش رۆژێك دەبێ بە مافی رەوای خۆی کە بریتییە لە خودموختاریو بە فەرمی ناسینی شوناسی خۆی بگات.

تەنیا ئەو کاتەیە کە ئەم گەلە دەتوانێ وەڵامی شیاو بە ویستو داخوازیو پێداویستییەکانی ژنانو پیاوانێك کە کۆمەڵگای کوردەواری پێکدێنن، بدات، بەرابەر بوونیان لە بەرامبەر یاسادا بە فەرمی بناسێو رەچاو بکاتو وڵاتی شیاوی خۆی پێك بێنێت.

لەگەڵ رێزی دۆستانەم

**ژوولیت مانس Juliette Minces**

**نووسەرو کۆمەڵناسو بەرپرسی رێکخراوی ژنان (Elle)**

**پاریس - ١١ی ژووئەنی ٢٠٠٨**

# پەیامی دوکتور مێریلا گاڵتی

بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز کاک خۆسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات!

دۆستانو ئەندامانی بەڕێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆر سپاستان دەکەم کە منتان بۆ بەشداری لە چواردەیەمین کۆنگرەکەتاندا بانگهێشت کردووە.

دڵنیام کە خەباتو تێکۆشانو فیداکاریی بێوچانی ئێوە، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتانو هەمیش بە ئاکام گەیشتنی خەباتو چالاکیی بەردەوامی ئێوە لە ڕێڕەوی پێکهێنانی ژیانێکی ئاشتیخوازانەو دێموکراتیکی هاوبەش بۆ کوردەکانو هەموو گەلانی ئێران.

حکوومەتو دەوڵەتەکان دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەن کە پرسی کورد، وەك یەکێك لە پرسە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تەنیا لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر دەبێ.

بۆ ئێوەو هەموو نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەدا، هیوای سەربەرزیو کۆنگرەیەکی پڕ دەستکەوتو سەرکەوتووانە دەخوازم.

لەگەڵ سڵاوگەلی دۆستاندا

**دوکتور مێریلا گاڵتی**

**ڕۆژنامەوان - لێکۆڵەرو نووسەر**

**ڕۆم (ئیتالیا) - ژووئەنی ٢٠٠٨**

***

# راسپاردەکانی

# چواردەهەمین کۆنگرەی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# ڕاسپاردەکانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژی ١٣٨٧/٦/٢٠، کارەکانی خۆی دەست پێکرد، لە کۆبوونەوەی دوارۆژی کاری کۆنگرەدا ئەم بە تێکڕای دەنگ ئەم بڕیارو ڕاسپاردانەی خوارەوە پەسند کردن:

١ــ ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کەوتە بەرباسو پاش هەڵسەنگاندنێکی قووڵو هەمەلایەنەو ڕەخنەگرانە، لەلایەن کۆنگرەوە بە تێکڕای دەنگ، پەسند کرا.

٢ــ لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا، داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران، واتە فێدرالیزم لەسەر بنەمای نەتەوەییو لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا نایەتە دی، کۆنگرە لەسەر وەلانانی کۆماری ئیسلامی وەك پێشمەرجی دامەزرانی دێموکراسیو دەستەبەرکرانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، پێدادەگرێتەوە.

٣ـ کۆنگرە سیاسەتو هەڵوێستی بەرپرسانەی کومیتەی ناوەندیی حیزب بەرامبەر بە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانیو کوردستانییەکان بەدروست دەزانێو هەر لەو کاتەشدا ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب ڕادەسپێرێ کە بۆ پتەوترکردنو بەهێزترکردنی دۆستایەتیو هاوکاریو هاوپێوەندیی هێزە نیشتمانپەروەرو دێموکراتو ئازادیخوازەکانی کوردستانو ئێران، درێژە بە هەوڵو تێکۆشانی خۆی بدات.

٤ــ بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی خەباتی ژنانی کوردستانو ئێران بۆ ئازادی، دێموکراسی، عەدالەتو یەکسانی، کۆنگرە داوا لە ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزب دەکا کە بەرنامەو پلانی کارسازو گونجاو بۆ گەشەپێدانو کاراترکردنی ڕۆڵی ژنان لە نێو حیزبو بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستاندا دابنێو کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانیان بە پێی ئێمکان، تەخت بکات.

٥ـ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب، راکێشانی هێزی زۆرتری لاوان بۆ نێو ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبو بزووتنەوەو دروستکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ هەڵدانو گەشەکردنیان "لە نێو تەشکیلاتدا لە هەموو بوارەکانی کارو بەرپرسایەتیدا"، بە ئەرکی رێبەرایەتیی تازەی حیزبو هەموو ئەندامانی حیزب دەزانێو داوا لە رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەهەم دەکا، کە بەرنامەو پلانی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دابرێژێ.

٦ـ کۆنگرە بە ئەرکی سەرشانی رێبەرایەتیی حیزبی دەزانێ، کە بۆ پەرەپێدانی راگەیاندنی حیزب، لە فۆرم نێوەرۆکدا، زۆرتر تێبکۆشێو لەو مەیدانەدا بۆ بەهێزترکردنو دەوڵەمەندترکردنی هەمەلایەنەی تەلەویزیۆنی تیشک، رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی کوردستانو بەربڵاوترکردنەوەی چاپەمەنیو تەبلیغاتیی حیزب هەوڵی کاریگەر بدا.

٧ـ کۆنگرە، رێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب رادەسپێرێ کە بۆ جێگیرکردنو بەهێزترکردنو بەجەماوەریترکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە هەموو تواناو زەرفییەتەکانی حیزبو بزووتنەوەی کوردستان کەڵك وەرگرێو بۆ لە نێوبردنی کۆسپەکانی سەر رێگای جێبەجێبوونی ئەم ئەرکە تێبکۆشێ.

٨ـ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب، بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی حیزب پەسند دەکاو داوا لە رێبەریی تازەی حیزب دەکا بۆ بەهێزترکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبو رێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهان، بزووتنەوە دێموکراتیكو ئازادیخوازو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییو مرۆڤدۆستەکان، وڵاتانی دێموکراتو پێشکەوتوو تێبکۆشێو بۆ راکێشانی پشتوانیی ئەوان بۆ لای خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان، هەوڵی زۆرتر بدا.

٩ـ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەستیاری ئێستای خەباتو تێکۆشانی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێرانو، لە راستای بەجەماوەریترکردنی خەباتدا داوا لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی حیزب دەکا کە لە سالانی رابردوودا بەهۆی جۆراوجۆر لە ریزەکانی حیزب دوور کەوتوونەتەوە، سەرلەنوێ تێکۆشانی خۆیان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەست پێ بکەنەوە تا بە یەکریزییەکی پتەوو بەرپرسایەتییەوە بەرەوپیری ئەرکە پیرۆزو مێژووییەکانی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی

گەلەکەمانەوە بچین. هەر لەو پێوەندییەدا، کۆنگرە رێبەریی تازە رادەسپێرێ کە بۆ چالاك کردنەوەی ئەو تێکۆشەرانەی کە خوازیاری تێکۆشانو خەبات لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندان، دەرفەتی شیاو پێك بهێنێو لەو بارەوە هەنگاوی پێویست هەڵبێنێتەوە.

١٠ـ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب، کومیتەی ناوەندیی تازەی حیزب رادەسپێرێ کە گرنگیی پێویست بدا بە رێکخراوە مەدەنییە جۆراوجۆرەکانی چالاك لە کۆمەڵگای کوردستانو جیهانداو پشتیوانی لە هەوڵو تێکۆشانی ئەوان بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوەی دێموکراتیكو حەقخوازانەی کوردستان، بکات.

١١ـ کۆنگرە، رێبەرایەتیی تازە حیزب رادەسپێرێ کە بە مەبەستی راگەیشتن بە سکاڵاو کێشە جۆراوجۆرەکانی کادرو پێشمەرگەو ئەندامو ئورگانەکانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان، کومیتەیەکی تایبەت پێك بێنێو زەمینەی کارو تێکۆشانی هەمەلایەنە بۆ ئەم کومیتەیە دەستەبەر بکا.

١٢ـ بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی سیاسیو ژێئۆپۆلۆتیکیی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان، کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب داوا لە رێبەرایەتیی تازەی حیزب دەکا کە گرینگیی تایبەت بەو ناوچانە بداو لە سیاسەتو بەرنامەکانی تێکۆشانی خۆیدا سەرنجی پێویستیان بداتێو لە زەرفییەتی ئەو پارێزگایانە، بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی کوردستان زۆرتر کەڵك وەربگرێ.

١٣ـ کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەهەم، پێویستە بایەخی زۆرتر بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بداو بۆ پتەوترکردنو چالاکترکردنی تێبکۆشێ.

١٤ـ بە مەبەستی جێگیرکردنی پرنسیپە تەشکیلاتییەکانو بۆ رێزنان لە زەحمەتو تێکۆشانی هەموو تێکۆشەرانی حیزب، میکانیزمو پێوانەیەك بۆ وەبەرچاوگرتنی خزمەتو تێکۆشانیان بدۆزرێتەوەو پلەی تەشکیلاتییان بۆ دیاری بکرێ.

١٥ـ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب، کومیتەی ناوەندیی تازەی حیزب رادەسپێرێ کە بایەخی زۆرتر بە رێکخستنو سازماندانی رێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بدات.

هەروەها پێداویستییەکانی بۆ دابین‌و دەستەبەر بکاو لە هێـزو توانـای تەشـکیلاتی حیـزب لـە دەرەوە زۆرتر کـەڵك وەرگـرێ‌و هەلومـەرجی بەشـداریکردنی ئەنـدامانی حیـزب لـە دەرەوەی وڵات، لە کاروباری حیزبدا، دەستەبەر بکات.




**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**